# دزەكان

ئەنتوان چيخۆف

هەڵبژاردەيەك لە چيرۆكەكانی چيخۆف

وەرگێڕانی:

ئازاد نەجم

http://chrakan.com

كەركووك - ٢٠١١


ليژنەی سەرپەرشتياری چاپ

بورهان ئەحمەد

حەمە سەعيد زەنگنە

سەباح ئيسماعيل

نەوزاد عەلی شێخانی



ناوی كتێب: دزەكان

بابەت: كۆمەڵە چيرۆك

نووسەر: ئەنتوان چيخۆف

ناوی وەرگێڕ: ئازاد نەجم

نەخشەسازی بەرگ: بتوێن عەلی

دەرهێنانی هونەريی: ئەنجام سەعيد

تايپ: وەرگێڕ

لە بڵاوكراوەكانی يەكێتيی نووسەرانی كورد- لقی كەركووك ژمارە (١٢٩)

چاپخانە: كارۆ

چاپی يەكەم- ٢٠١١

تيراژ: (٥٠٠) دانە

# پێرست


| | |
|---|---|
| لەبارەی چیخۆڤەوە | ٥ |
| ژیان جوانە | ٣٥ |
| پیاوێکی ناسیاو | ٣٩ |
| دو ڕۆژنامەچی | ٤٧ |
| ڕاوچی | ٥٥ |
| سەگی گرانبەها | ٦٥ |
| گەورەترین شاری ڕوسیا | ٧١ |
| لەخوێندنگای شەوانە ڕۆژیدا | ٧٣ |
| لەبیرەوەریەکانی کەسێکی ئایدیالەوە | ٨١ |
| کارێکی ناشیرن | ٨٩ |
| سەرکێشی | ١٠١ |
| تۆڵەسێن | ١٠٩ |
| دوژمنەکان | ١١٩ |
| ڕۆشنبیری بیر کۆڵ | ١٤٧ |
| عەریف پریشیبایێڤ | ١٥٧ |
| لە فەرمانگەی پۆستەدا | ١٦٧ |
| لەهاوینەواردا | ١٧١ |
| سواڵکەر | ١٨٣ |
| کارەسات | ١٩٣ |
| یەکێك وەك هەموان | ٢٠٧ |
| خۆشبەخت | ٢٢٣ |
| زاوا و خەزور | ٢٣٣ |
| چیرۆکی بێ ناونیشان | ٢٤٣ |
| هاوینەواریەکان | ٢٥٣ |
| ناکامی | ٢٥٧ |
| نەزانی | ٢٦٣ |
| دزەکان | ٢٧٣ |
| لێکۆڵەر | ٣٠٩ |
| لاوازی | ٣٢١ |
| ڕیشۆڵەکە لەسەر دارەکە فڕی | ٣٢٥ |
| خەسو | ٣٣٥ |
| بەداواکاری ڕۆژگار | ٣٤١ |
| یەك لە سێیان | ٣٤٣ |
| لەدەفتەری بیرەوەریەکانی کچێکەوە | ٣٥٧ |
| فرمێسکە شاراوەکان | ٣٦١ |
| ئەلبوم | ٣٧٣ |
| لای سەرتاش | ٣٧٩ |
| تۆڵەی ژن | ٣٨٧ |
| سەدەف | ٣٩٣ |
| قەڵەو و لاواز | ٤٠١ |
| منداڵی ساختەچی | ٤٠٧ |

# لەبارەی چیخۆفەوە

ئەنتۆن چیخۆف لەساڵی ١٨٦٠ لەشاری تاگانرۆگی ڕوسیا لەدایك بوە. باوكی دوكانی دانەوێڵەفرۆشی هەبو ، بەم كارە گوزەرانی ماڵ و منداڵەكانی بەڕێوەدەبرد و لەماڵەوەدا زۆربەی كات تورە و تۆسن بو ، لەهەمان كاتیشدا شەیدای موزیك بو ، هەر ئەم شەیداییەی بو كە سەرەنجام دواتر وایلێكرد ئاگای لەكار و كاسبیەكەی نەمێنێ و ڕوبەڕوی شكست ببێتەوە. بەڵام دایكی كە كچی كابرایەكی بازرگان بو ، بەپێچەوانەوە تا بڵێی ژنێكی هێدی و لەسەرخۆ بو. هەڵسوكەوت و مامڵەی لەگەڵ منداڵەكانیدا كە پێنج كوڕ و كچێك بون ، زۆر میهرەبانانە بو. خۆی جل و بەرگی منداڵەكانی دەدوری و باسی ئەو سەردەمەی بۆ دەكردن كە لەگەڵ باوكیدا بە سواری گالیسكەیەك ، سەرانسەری ڕوسیایان كوتاوەتەوە. هەست و سۆزێكی زۆری بۆ خەڵكی هەبو و زۆر وابەستەی دیمەنە جوان و دڵڕفێنەكانی گوند بو.

دەكرێ بڵێین چیخۆف ، جوانی و وشیاری و زرینگی لەدایكیەوە و توانای هونەری و شەڕكردن لەگەڵ كارەمەحاڵەكاندا و جۆرێك لە سەرسەختی ، لەباوكیەوە بۆ مابۆوە.

سەردەمی منداڵی ، لەدوكانەكەی باوكی و كلیسادا بەڕێكرد.كەچەندین جار لەگەڵ لێدان و مامڵە خراپەكانی باوكیدا



بەرەوڕو دەبۆوە. لە تابلۆی دوكانەكەی باوكی نوسیبو: ( چای ، قاوە ، سابون ، سۆسیج ، و بەرهەمی هاوردەی تر). مەبەست لە بەرهەمی هاوردەی تر ، حەڵوا و مێوژ و چەند شتێكی تربون كە لە دەرەوە دەهێنران. لە وەرزی هاویندا ناو دوكانەكە پڕدەبو لە مێش و مەگەز و لە وەرزی زستانیشدا تاریك نوتەك بو. خەڵكێكی زۆر لەبەردەم دوكانەكەیان ڕیزیان دەبەست بۆ شت كڕین. لێرەدایە كە چیخۆف سەرنج دەداتە ڕوخسار و سیما و ناخی خەڵكەكە و ئاشنای هەڵسوكەوت و شێوازی جل و بەرگ و شەڕ و كێشە و زۆر بڵێی و چەنابازی و سەرخۆشیەكانیان ، دەبێت. توانیبوی ناخیان بخوێنێتەوە.

سەرەنجام ئەمانە بۆی بونە كەرەستەی خاوی بەرهەمەكانی و توانی دواڕۆژ ، سودێكی زۆریان لێ وەرگرێ. دەبینین ئەمە زۆر بەجوانی لە چیرۆكەكانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

هەر لەمنداڵیەوە خاوەن توانایەكی گەورە بو ، بۆ زاڵبون بەسەر كرپارەكانیدا. هەر كاتێ دەرفەتی بۆ هەڵكەوتبا لاسایی كار و قسەكانیانی دەكردەوە.

لە تاگانرۆك گەڕەكێكی لێبو كە یۆنانیەكانی لێدەژیان و خوێندنگای تایبەت بە خۆیان هەبو. چیخۆف دەنێرنە خوێندگای یۆنانییەكان و توانی لەوێدا فێری زمانی یۆنانی بێت.

بەڵام چیخۆف حەزی بە خوێندن نەدەكرد ، تەنانەت ئەو قسانەی كە بڕیار بو بۆ خوێندن ڕەوانەی یۆنانی بكەن ، سەرەنجامێكیان نەبو.

ئیدی لەو ساڵانەدا ، توانای بەرزی چیخۆف لە لاساییکردنەوەدا گەشە دەکات و دەبینین ڕۆژێك جل و بەرگێکی شڕ لەبەردەکا و خۆی دەکاتە سواڵکەر و بەنێو شەقامەکانی تاگانرۆکدا دەگەڕێ و دەچێتە ماڵی مامی (میترۆڤان) و ئەویش نایناسێتەوە و سێ کۆبیکی دەداتێ. ئەم سەرکەوتنە دەبێتە هاندەرێك بۆئەوەی بتوانێ ڕۆڵی گاڵتەجاڕێکی سێرك بگێڕێ.

لەوتەمەنەدا چەند سیناریۆیەك دەنوسێ و لەگەڵ خوشکەکەی و براکانیدا لەعەمباری ماڵەکەیاندا کۆدەبنەوە و سەرگەرمی جێبەجێ کردنی دەبن. کە خۆی لەزۆربەیاندا ڕۆڵی کەشیشێك یان بەرپرسێکی باڵا دەبینێ و بەشێوەیەك قسە دەکا کە شایانی تێگەیشتن نەبێ.

لەم کارانەشیدا حەزی لە ڕیش و سمێڵی هەڵگەڕاوە دەکرد.

لەتەمەنی سێزدە ساڵیدا شەیدای شانۆ دەبێ و دەچێتە بینینی شانۆی ( هێلینی جوان ) ی فۆینباخ .هەر لەو سەروبەندەدا ، توانا و ئامادەیی نوسینی چیرۆك ، لەناخی چیخۆفدا گەشەدەکات.

دواتر لە ساڵی ١٨٧٤ بە هۆی شکستی باوکی لە کارەکانیدا و لە ترسی خاوەن قەرزەکان ناچار دەبن تاگانرۆك جێبێڵن و بەماڵەوە ڕوبکەنە مۆسکۆ ، بەڵام چیخۆڤ گەنج ، بە مەبەستی تەواو کردنی خوێندنی قۆناغی ئامادەیی ، بە تەنیا لە تاگانرۆك دەمێنێتەوە و سەرنوسەری گۆڤاری خوێندنگاکەیان لە ئەستۆ دەگرێ. کەتا ئەو ساتە توانیبوی چەندین بابەت بنوسێ.



خێزانەکەیان لە مۆسکۆ ، بۆ دابین کردنی ژیانیان ، پێویستیان بە هاوکاریە مادیەکانی چیخۆف هەبو ، ئەویش پاشەکەوتەکانی خۆی بۆ دەناردن. بەو مەبەستەی بڕێك لەخەم و نیگەرانیەکانیان کەمکاتەوە و ورەیان بەرز کاتەوە پارەی بۆ دەناردن و جگە لەوەش بەردەوام نامەی بۆدەنوسین ، کە خاڵی نەبون لە قسەی خۆش و نوکتە ، بۆئەوەی بتوانێ بۆ ساتێکی کەمیش بێت ، بەپێکەنینیان بێنێ.

چیخۆف درکی بەکەموکوڕیەکانی ژیانی خێزانەکەی دەکرد و لەم ڕاستایەشدا خۆی بە بەرپرسیار دەزانی ، لەو تەمەنە کەمەدا دەچوە ڕاوی باڵندەی سوهرەی زێڕین و لە بازاڕدا دەیفرۆشتنەوە. هەروەها لەپارەی پاداشتی نوسینەکانی هاوکاریەکی کەم تاکورتی خێزانەکەی دەکرد.

دوای بڕینی قۆناغی ئامادەیی ، بەرەو مۆسکۆ ، بەرەو ماڵەوە دەکەوێتە ڕێ. دایك و باوك و خوشك و براکانی ، تەواوی ئەو ماوەیە ، هەمو بیریان لای ئەو بو. چیخۆف ، گەنجێکی باڵابەرزی جوان و لەبەردڵان ، وەژور دەکەوێ. دایکی کە دەبینێ لەو ماوەیەدا ، ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەسەردا هاتوە ، هەست بە شانازیەکی زۆر دەکات و باوەشی پێدا دەکات.

بەڵام چیخۆف ، هەل و مەرجی ژیانی ئەندامانی خێزانەکەی – بە پێچەوانەی نامانەکانیانەوە – لەوپەڕی ناڵەباری وکوێرەوەریدا دەبینێ . خێزانەکەی لەناو ژێر زەمینێکدا دەژین ، دیوارەکانی تەڕ و شێدارن ، تاریك و تنۆکە ، چەند دانە پەنجەرەیەکی بچوکی بەرزی

تێدان ، کە جگە لە قاچی ڕێبوارەکان کە دێن و دەچن ، هیچ شوێنێکی تری لێوە بەدی ناکرێ. پاش کەمێکیش هات و هاوار و شەڕ و کێشەی دراوسێکان دەست پێدەکا ، بەبینینی ئەمانە زۆر نیگەران و دڵتەنگ دەبێت.

ئەلیکساندەر و نیکۆلای برا گەورەی ، هەردوکیان تا بینەقاقا بە نێو ژیانی پڕ لەزەرق و بەرقی مۆسکۆدا ڕۆچوبون و شەویان لە نێو بار و بالیکۆرە هەرزانبەهاکاندا ڕۆژ دەکردەوە. چیخۆف هەستی کرد باری سەرشانی ئەوەندە سوک نیە ، وەك خۆی مەزەندەی دەکرد.

لەدوای ناونوسی لەکۆلێژی پزیشکی مۆسکۆ ، هەفتەی جارێك خۆی دەگەیاندە شوێنی ڕۆژنامەفرۆشان و ژمارەیەکی هەفتەنامەی تەنزئامێزی (دەرزیلە) ی – کە لە سان پترسبۆرگ چاپ دەکرا – دەکڕی و خێرا دەگەڕایەوە ماڵ.

تاوەکو ڕۆژێك لەگۆشەی وەڵامی خوێنەراندا چاوی بەم ڕستەیە دەکەوێ: ( بەڕێز . ا . چ . چاوەڕوان بە بابەتەکەت چاپ دەکرێ بەهیوای بابەتی دیکەی بەڕێزتین). ئیدی لێرەوە نوسینەکانی چیخۆف سنوری مۆسکۆ دەبڕن و دەگەنە (سان پترسبۆرگ) ی پایتەختی ئەو سەردەمەی ڕوسیا.

دواتر لەماوەی نێوان ساڵەکانی ١٨٨٠ – ١٨٨٦ توانی سەدان نوکتە و بانگەشەی بازرگانی گاڵتەجاڕانە و کورتەچیرۆك و بابەتی تەنز ئامێزی تر بنوسێت.



لەو سەردەمەدا بەرهەمە باڵا و بەپێزەکانی خۆی بەناوی (ئانتوشا چیخۆنتە) ، بڵاو دەکردنەوە و بابەتە کەمبایەخەکانی تری بە چەندین ناوی خوازراوی وەك : کەللەپوت ، کوێرەموش ، برای براکەم ، پیاوێکی توندە تەبیات ، شاعیری غەمبار ، دکتۆری بێ نەخۆش ، بەدبەخت و چەندین ناوی تردا بڵاو دەکردەوە. کە بەشێکی یەجگار زۆری ئەو بابەتانە بەهۆی ئەو ناوە خوازراوانەوە فەوتان و کۆ نەکرانەوە و دۆزینەوە و کۆکردنەوەشیان ، بوە کارێکی ئەستەم.

لەسەرەتاکانی نوسیندا ، بەهۆی ئەوەی دەبوایا لەیەك کاتدا دڵی خوێنەر و سەرنوسەر و سانسۆر ڕابگرێ ، دەبینین کەم وایە توانیبێتی گوزارشت لە ناخی خۆی بکات. وە لەلایەکی تریشەوە بەر لە هەر شتێك ،پێویستی بەپارە بو ، تا بتوانێ ژیانی خێزانەکەی دابین بکا .کە لەبەرامبەر هەر دێڕێکدا سێ کۆبیکی وەردەگرت.

سەبارەت بە بیر و باوەڕی سیاسی چیخۆف قسەی زۆر کراوە. تا ڕادەیەك ڕەخنەیان لێ گرتوە و بەبێ هەڵوێست تۆمەتباریان کردوە.

ئەو کاتەی چیخۆف لە کۆلیژی پزیشکی مۆسکۆ دەخوێنێ ، ئەو کەش و هەوا گرژ و ئاڵۆزەی دوای کوشتنی ئەلیکساندەری دوەم ، بەچاوی خۆی دەبینێ و دەبێتە شاهیدی بینینی لە سێدارە دان و گرتن و ڕاوەدونان و دورخستنەوەی هاوڕێکانی.

گەرچی چیخۆف وابەستەی هیچ دەستە و گروپ و پارتێك نەبوە ، بەڵام پێدەچێ چیخۆف ئەرکی خۆی ، بۆ ئافراندنی کەش و هەوایەکی کراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی ، بەشتێکی تر زانیبێت.

جگە لەوەش هیچ کات متمانەی تەواوی بەهیچ کام لەو دەستە و گروپانە نەبوە.
لەیەکێك لە چیرۆکەکانیدا بەناوی ( بێدەنگی یا زۆربڵێیی ) کە بەسەرهاتی دو ئاشنایە لەنێو فارگۆنی شەمەندەفەرێك ، دانیشتون و کەوتونەتە قسەکردن ، یەکەم لەپەیوەندی بەستن لەگەڵ ژناندا کەسێکی سەرکەوتوە و بەختی باشە. دوەم بەختی باش نیە ، یەکەم بە دوەم دەڵێ ، کەرازی سەرکەوتنی ئەو لەم کارەیدا ، ئەوەیە کە زۆر قسە دەکات. دوەمیش پەند لەم قسەیە وەردەگرێ و دەیەوێ بیخاتە باری جێبەجێ کردنەوە. بۆیە لەگەڵ کەسێکی نەناسی تەنیشتیدا دەکەوێتە قسەکردن. دوای ئەم ڕوداوە ، کەسی دوەم دو ساڵ شوێنبزر دەکرێ. دواتر دەردەکەوێ کە یارۆ پۆلیسی نهێنی بوە و جل و بەرگی مەدەنی لەبەرکردوە.
لە سەرەتای ساڵانی ژیانیدا لەمۆسکۆ ، هەمیشە لەگەڵ سەرنوسەرەکاندا لە کێشەدا بوە ، کاتێ چوّتە نوسینگەکەیان ، دەرگاوانەکانیان کە ئاگادار کردوّتەوە ڕێگای هاتنە ژورەوەی پێ نەدەن ، هەرکاتێ توانیبێتیشی وەژورکەوێ ، پێیان دەگوت: ( بەمەش دەڵێی وتار ؟ خۆ ئەمە لەدەنوکی چۆلەکە بچوکترە ! ئێمە ئەم شتە تورهاتانە چاپ ناکەین). یان ئەو بڕە پارە کەمەی کە دەبوایا لەپاداشی نوسینەکەیدا بیدەنێ ، زۆر جاران نەیاندەدایە. دو سێ جار دەهات و دەچو تا سێ ڕۆبڵیان دەدایە. یان جاری وا بو دەیانگوت: ( بلیتێکی شانۆ چۆنە؟). (شانۆیەکی خۆشە !). ئەم هاتن



و چونانە جگە لە بەفیڕۆدانی کات ، شتێکی تر نەبو. چیخۆف بۆخۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: (وەرگرتنی پارەکە زۆر لە نوسینی چیرۆکەکە دژوار تر بو).
ئیدی بەو شێوەیە بەردەوام دەبێ تا ڕۆژێك کە بە شەقامێکی مۆسکۆدا پیاسە دەکات لە ناکاو یەکێك بانگی دەکات و خۆی پێ دەناسێنی کە ناوی (نیکۆلای لیکین) ە و خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەی تەنزئامێزی (لەت و پارچە) یە ، کەلە سان پترسبۆرگ دەردەچێ. سەرەنجام ڕێك دەکەون چیخۆف بابەتیان بۆ بنێرێ و لەبەرامبەر هەر دێڕێکدا هەشت کۆبیکی بدەنێ.
لە مانگی یانزەی ساڵی ١٨٨٢ یەکەمین چیرۆکی چیخۆف لە هەفتەنامەی لەت و پارچەدا بڵاو دەبێتەوە.
لیکین ، داوای لە چیخۆف دەکرد کە دەبێ چیرۆکەکانی کورت و کۆمیدی بن و لەسەد دێڕیش تێپەڕ نەکەن ، ئەمەش شتێکی خۆش نەبو بۆ چیخۆف.
لیکین ، چیخۆف دەخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە و هەرکاتێ ناوی ئانتوشا چیخۆنتەی بەسەر هەرگۆڤار ، یان هەفتەنامەیەکی ترەوە بینیبا ، توڕە دەبو.
چیخۆفیش لەوەڵامداپێی دەگوت : ( ئەوەی من لە شەوێکی زستاندا دەینوسم ، بەشی مانگێکی هەفتەنامەی لەت وپارچەیە ، من ناچارم بۆ هەڵسوڕاندنی گوزەرانی خۆم ، بابەت و چیرۆك بۆ گۆڤارەکانی تر

بنێرم. مانگانە بەلانی کەمەوە پێویستیم بە سەد وپەنجا تا سەد و هەشتا ڕۆبڵە).

سەرەنجام وردە وردە لە ڕێگای ئەم جۆرە نوسینانەوە ، ئەزمونێکی باشی بۆ دروست دەبێ وپەنجە دەخاتە سەر کەموکوڕیەکانی کۆمەڵگا و بۆچون و تێڕوانین و هەڵسو کەوتە نەشیاوەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لە چیرۆکی عەریف پریشیبایڤدا هاتوە: عەریفێك بەناوی پریشیبایڤ خانەنشین کراوە و لەماڵی خۆیدا دانیشتوە ، بەڵام لە دوای خانەنشین بونیشی ناتوانی دەستبەرداری بیرکردنەوە و ڕەفتاری سەربازیانەی جارانی بێت و چاوی بەهەرچیەك دەکەوێ قەدەغەی دەکات ، چەند ڕۆژ ێك لەوەبەر ماڵ بە ماڵی گوندەکە گەڕاوە وپێی گوتون: ( نابێ کەس چرا داگیرسێنێ و گۆرانی بڵێ). هەراسانی لەخەڵکی گوندەکە هەڵگرتوە. خەلکی گوند ، سکاڵایان لێ کردوە و ئەویش لە لەنێو دادگا و لەبەردەم دادوەر و لە شوێنی تاوانباران ڕاوەستاوە ، لەساتی بەرگری کردندا دەڵێت: (چ یاسایەك هەیە ڕیگای بە خەڵك دابێ گۆرانی بڵێن؟). دواتر دەردەکەوێ کە لەمێشکی خۆیدا ئەم کارانە لەبەرژەوەندی خەڵکدا دەبینێ ، بۆیە دەڵی : ( خۆ دەبێ کەسێك هەبێ ڕێگا نەدا خەڵك هەرچیەکیان پێخۆشبێ بیکەن). دواتر دادوەر سزای زیندانی بۆ دەردەکا ، بەڵام ئەو گێژ و وڕ بوە و نازانێ لەبەرچی ئەم سزایەیان داوە. ئەم چیرۆکە لە ژێر وردبینی سانسۆر ڕزگاری نابێت و ڕێگای بڵاو بونەوەی پێنادەن.



چیخۆف لە تشرینی یەکەمی ١٨٨٥ لەسەر بانگێشتی لیکینی سەرنوسەری هەفتەنامەی لەت و پارچە ، بەرەو سان پترسبۆرگ دەکەوێتەڕێ ، بێ دواکەوتن دەچێتە نوسینگەی هەفتەنامەکە و لەوێدا بەگوتەی خۆی وەك شای ئێران پێشوازی لێ دەکەن.

گۆڤاری (پترسبۆرگ) ماوەیەك لەوەبەر چەندچیرۆکی چیخۆڤ وەك ، ڕاوچی ، خەفەت ، تازیەباری ، بڵاو کردبونەوە. بڵاو بونەوەی ئەم چیرۆکانە ببونە جێگای سەرنجی خەڵکی و ببونە هۆکاری ناوبانگێکی باش بۆ گەنجێك کە ناوبانگی بە بەرهەمی کۆمیدی و گاڵتەجاڕی دەکردبو. ئەمە دەسکەوتێکی گەورە بو بۆ چیخۆڤ گەنج ، ئەم چەند چیرۆکە سەرنجی کەسانێکیان ڕاکێشا کە ئامادە نەبون تەنانەت هەفتەنامەی لەت وپارچە بەدەستیشیانەوە بگرن.

لەم گەشتەیدا چاوی بە دو کەسی تر کەوت کە یەکێکیان ( دیمتری گریگۆرۆڤیج) ی نوسەر و ئەوی تر (ئەلێکسی سۆرین) ی سەرنوسەری ڕۆژنامەی پڕ تیراژی (سەردەمی نوێ) بو ، هەردوکیان داوایان لە چیخۆف کرد کاتی خۆی بە بابەتی بچوك و کەم بایەخ ، بەفیڕۆ نەدات و دەست بکات بەنوسینی (بابەتی ئەدەبیی ڕاستەقینە) .

سۆرین کەسێکی زرینگ و وشیار بو ، لەو دیدارە کورتەدا درکی بە توانا و لێهاتوییە شاراوەکانی چیخۆف کردبو. بانگێشتی ڕۆژنامەکەی کرد و تەنانەت تەوەرێکی ڕۆژنامەکەی تایبەت کرد بە چیخۆف.

ئەم گەشتە دەرگای ناوبانگی بەڕوی چیخۆفدا کردەوە و لەهەمانکاتیشدا لەڕوی ئابوریەوە بۆ چیخۆف پشتیوانیەکی زیاتربو.
سۆرین بەڵێنی پێدا لە بەرامبەر هەر دێڕێکدا دوانزە کۆبیکی بداتێ.
چیخۆف گەڕایەوە مۆسکۆ و هێشتا پشویەکی ئەوتۆی نەدابو کە نامەیەکی لە گریگۆرۆڤیچەوە بەدەست گەیشت. ئەم نامەیە شتێکی چاوەڕوان نەکراو بو. گەرچی گریگۆرۆڤیچ لەدەرەوەی ڕوسیا کەمتر ناسراوە ، بەڵام بەیەکێك لە سیما دیارەکانی ئەدەبی ڕوسی دێتە ئەژمار.
ساڵانێکی زۆر لەگەڵ داستایڤسکی و تورگنێف و چەند نوسەری تر چیرۆك و بابەتیان بڵاو کردبوۆوە و چیرۆکەکانیان بە (چیرۆکی مرۆڤدۆستانە) ناوزەد کرابون و ناوبانگیان دەرکردبو و بەیەکێك لە داڕێژەرانی بناغەی ئەو بزوتنەوەیە دەهاتە ئەژمار کە ببوە هۆکاری گەشەسەندنی ڕۆمانی ڕیالیستی ڕوسی.
لەنامەکەیدا نوسیبوی کە یەکێك لە چیرۆکەکانی ئەوی بەناوی (ڕاوچی) خوێندۆتەوە زۆر پێی سەرسام بوە و هانیدابو لەسەر ئەم شێوازە نوسینە بەردەوام بێت.
هەروەها لەبەشێکی نامەکەیدا هاتبو: ( ئەگەر ئازایەتی ئەوەم تێدابێ کارەکانی تۆ هەڵسەنگێنم ، دەبێ بڵێم بێ هیچ شك و گومانێك توانا و ئامادەیی نوسەریت تێدایە ، ئەمەش ئەو شتەیە کە نوسەری ڕاستەقینە لە قەڵەم بەدەستەکان جودا دەکاتەوە. تایبەتمەندی بەرهەمەکانت ، شیکردنەوە دەرونیەکانت ، وەسفێکی مامۆستایانە و



بە هێنانەوەی چەند وشەیەك ، وێنەیەکی دروست و جوانی سەروەختی خۆرئاوابون بەدەستەوە دەدەیت. من دڵنیام تۆ لەو توانایە بەهرەمەندی ، کەدەتوانی بەرهەمی بالا بئافرێنی).
کاتێ لەکۆتایی نامەکەدا چاوی بە واژۆی گریگۆرۆڤیچ کەوت ، وەخت بو لە خۆشیان شاگەشکە بێت.
چیخۆف لەو کەسانە نەبو وەڵامی نامەکانی دوابخا ، بێ دواکەوتن وەڵامی گریگۆرۆڤیچ دەداتەوە و باسی ئەو ساتە دەکات کە نامەکەی ئەوی بەدەست گەیشتوە و لەخۆشیان گریاوە و کاریگەریەکی زۆری لە سەر ناخی داناوە و تا ئەو ساتە درکی بە توانا و لێهاتویی خۆی نەکردوە. چەندە بەکاری پزیشکیەوە سەرقاڵە و کاتی لەبەردەستدا نیە. هەروەها باسی ئەوە دەکات کە تا ئەو ساتە تێڕوانینی بۆ ئەدەب بەو شێوەیە نەبوە و بەوردی کاری لەسەر بەرهەمەکانی نەکردوە و تیایدا دەڵێ بە بیری نایەت نوسینی هیچ چیرۆکێکی لە بیست و چوار کاتژمێر زیاتری خایاندبێ و باسی ئەوە دەکات کە کاتی بەدەستەوە نیە و وەك چۆن پەیامنێرێك هەواڵی ئاگرکەوتنەوەیەك دەنوسێ ، ئەویش بەو شێوەیە چیرۆکەکانی دەنوسێ.
پاشان لە بەشێکی تری نامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت : ( نە متمانەم بەخۆمە نە بە خوێنەریش). پاشان بەڵێن دەدات لە هاویندا ئەو دەمەی کاتێکی باشتری لەبەردەستدا دەبێت ، بەرهەمی باشتر و بەپێز تر بنوسێت و دەڵێت: ( من ئومێدم بە داهاتوە ، تەمەنم تەنیا

بیست و شەش ساڵە ، تا ئەو کاتەش ئەزمونێکی باشتر وەدەس دێنم ، گەرچی دەبینم ڕۆژگار زۆر بەخێرایی تێپەڕدەبێ).

نامەکەی گریگۆرۆڤیچ ، کاریگەریەکی قوڵی لەسەر چیخۆف دانا و تێڕوانینی ئەوی لەبەرامبەر خۆی و ئایندەشیدا بە تەواوی هەڵگێڕایەوە و بوە هۆکاری ئەوەی دەست لە نوسینی ئەو جۆرە ئەدەبە ، واتا ( بەرهەمی داواکراو ) بێنێت.

لەگەڵ ئەو سەرکەوتنانەشیدا ، کە لەدوای گەشتەکەی پتروسبۆرگەوە وەدەستی هێنابون ، چەند هۆکارێك هەبون کەببونە بەربەست لەبەردەم ئەوەی کە ئاسۆی ئایندە ، بەڕونی نەبینێ.

چیخۆف لەبارەی نوسەری وپزیشکی خۆیەوە ، لەنامەیەکدا کە بۆ دۆستێکی نوسیویەتی ، دەڵێ: (گومانم لەوە نیە خوێندن و زانستی پزیشکی کاریگەریەکی جوانی لەسەر بەرهەمەکانم داناوە. زانستی پزیشکی ئاسۆی بیر و بینینی فراوانتر کردوم ، پێموایە جگە لە پزیشکەکان و ئەوکەسانەی شارەزاییان لەزانستی پزیشکیدا هەیە ، کەسانی تر بەسانایی ناتوانن درك بە بەها و بایەخی ڕاستەقینەی تەندروستی وپزیشکی بەرهەمەکانم ، بکەن ،).

دواتر دەڵێت: (هەوڵمداوە ئاگاداری یاسا و ڕێچکە زانستیەکان بم و بیان گونجێنم لە چیرۆکەکانمدا ، کەزۆر جار لەپێناو ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگیەدا ، قوربانیم بەخودی چیرۆکەکە داوە).

لەساڵی ١٩٨٠ دا خەڵاتی ئەدەبی پۆشکین وەردەگرێ.

ساڵی ١٨٨٢دوچاری نەخۆشی سیل دەبێت و خوێن هەڵدێنێتەوە.



ئەم نیشانە شومە ، مرۆڤەکانی توشی شۆك دەکرد. هەرکاتێ ئەندامانی خێزانەکەی ، ئەو دەسڕە سپیەیان بینیبا کە دەمی خوێناوی خۆی پێ دەسڕیەوە و دور لەچاوی ئەوان ، دەیخستەوە گیرفانی ، زۆر نیگەران دەبون. بەڵام ئەو دڵنیای دەکردنەوە کە شتێکی وا نیە: (هیچ نیە ! سیل نیە ! نیگەران مەبن).

بەڵام تا دەهات بارودۆخی تەندروستی خراپتر دەبو ، شەوانێکی زۆر خەو نەدەچوە چاوی ، کۆخەیەکی تاقەت پڕوکێن ، بەرۆکی بەرنەدەدا و ئاسودەیی لێهەڵگرتبو.

لە ساڵی ١٨٨٩ دا دوابەدوای ئاشنایەتی لەگەڵ شانۆی هونەری مۆسکۆ و دامەزرێنەرانی وەك (ئاستانیسلاڤسکی) و (فلادیمیر نیمرۆڤیچ – دانچینکۆ) ، بیرۆکەی چەپخوازی لەمێشکیدا سەر هەڵدەدا و ئیدی واز لە گۆڤاری محافەزەکاری (سەردەمی نوێ) ی ئەلێکسی سۆرین– کە دواتر لینین نازناوی (سەگی ئەڵقە لەگوێی تزار) ی بەسەردا بڕی – د ێنێ و بابەتەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە لیبراڵەکاندا بلاو دەکاتەوە ، ئەویش نەك بەو مانایەی لەگەڵیاندا هاوڕا بێت ، وەك چۆن پێشتر لەگەڵ موحافیزکارەکاندا هاوڕا نەبو. هاوکاری چیخۆف لەگەڵ بڵاوکراوە لیبراڵەکان ، تەنیا لەهەندێك ڕوەوە بو ، بەتایبەت لەدژایەتی لەگەڵ ئەو کەش و هەوا سەرکوتکارانەیەی کە بەسەر وڵاتەکەدا سەپێنرابو هتد...

لەساڵی ١٨٩١ گەشتێكی فراوان بەنێو زۆربەی وڵاتە ئەوروپیەكاندا دەكات و تێڕوانینی خۆی لەسەر بەشێك لە لایەنە باش و خراپەكانی ژیانی ئەوروپا دەخاتەڕو.

دوای چەند ساڵێك ، زەنگی مەترسی لێیدا و نیكۆلای برای ، بە نەخۆشی سیل كۆتایی بەژیانی دێت. چیخۆف ئەم برایەی زۆر خۆشدەویست و مەرگی نیكۆلای كاریگەریەكی زۆر خراپی بەسەر باری دەرونیەوە جێهێشت.

دوای ناشتنی تەرمی براكەی ، بڕیار دەدا لەگەڵ خوشكەكەیدا بچێتە قەفقاز و دوای كەمێك پەشیمان دەبێتەوە و بڕیاردەدا بچێتە (تیرۆل) یا (بیاریتس) ، یان بچێتە لای سۆرین. خۆی بۆ ئەم گەشتە ئامادەكات بەڵام جارێكی تر پەشیمان دەبێتەوە. دواتریش بڕیاردەدا گەشتێكی دور و درێژ بكات ، چونكە وا هەستیدەكرد لەگەشتێكی لەو شێوەیەدا ئەو ئارامی ئاسودەییەی پێشوی بۆ دەگەڕێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دورگەی ساخالین هەڵدەبژێرێ.

ساخالین ، كەوتۆتە نێو زەریای ئارام و دور لە كەنارەكانی سیبریا هەڵكەوتوە. لەو سەردەمەدا شوێنی كەسە سیاسیە دورخراوەكان و بەندیەكان بو . لەو سەردەمەدا هێشتا هێڵی ئاسنی سەرانسەری لەڕوسیادا دروست نەكرابو. ئەم گەشتە زیاتر لە هەشتا ڕۆژی دەخایاند تاوەكو كەسێك ، بەكەشتی یان بەگالیسكە ، بەنێو ئەو جادە چۆڵ و بەندیە هەڵاتوانەدا ، توانیبای خۆی بگەیێنێتە دۆزەخی ساخالین.



ئەم هەواڵە ، بۆ دۆست و ئاشنا و هاوڕێكانی چیخۆف ، جێگای سەرسوڕمان نەبو چونكە لایان وابو ، ئەمەش یەكێكە لە گاڵتەكانی چیخۆف. بەڵام دواتر بۆیان دەركەوت كە هەواڵەكە ڕاستە.

لە نامەیەكدا كە بۆ هاوڕێیەكی خۆی ، بە ناوی (شیچگۆلۆف) نوسیویەتی ، دەڵێ: (مەبەستم لەم گەشتە ، وێنە هەڵگرتنەوەی ئەدەبی نیە ، بەڵكو دەمەوێ ماوەی شەش مانگێك بەشێوەیەك بژیم ،پێشتر ئەو شێوە ژیانەم تاقی نەكردبێتەوە).

هەروەها لەنامەیەكیدا بۆ ئەلێكسی سۆرین دەنوسێ: ( وەك دەڵێن ئێمە ملیۆنان مرۆڤمان لە زیندانەكاندا ڕاگرتوە و بەشێوەیەكی ئاژەڵانە بەرەڵامان كردون تا لەزیندانەكاندا دابڕزێن ، لەم ڕوەوە ، هەمو ڕۆشنبیرانی ئەوروپا ئێمەی نوسەران و ڕۆشنبیران بەكەمتەرخەم دەزانن نەك پاسەوانەكان و سەرپەرشتیارانی زیندانەكان ،لەوڵاتەكەماندا هەندێك كار بۆ نەخۆشەكان ئەنجام دەدەرێن ، بەڵام بۆ دورخراوەكان هیچ! یاساناسەكانمان هیچ گرینگیەك بەم لایەنە نادەن ، كاتی ئەوەیە هەنگاوێك بۆ زیندانیەكان ، هەڵگرین. تەنیا ئەو شتەی لێی بەداخم ئەوەیە من دەچمە ئەوێ ، نەك كەسێكی لە من وشیار تر و بەئاگا تر ).

بەرلەوەی بەرەو ساخالین بكەوێتەڕێ ، دەكەوێتە كۆكردنەوەی ئەو بابەتانەی لە بارەی ساخالینەوە نوسراون. لەكۆتاییەكانی ساڵی ١٨٩٠ بەدوای زانیاری زیاتردا دەچێتە پترۆسبۆرگ و زۆربەی كتێبخانەكان دەگەڕێ. ئەركی كۆكردنەوەی بابەتی نێو گۆڤار و

ڕۆژنامەکانیش بە ماریا چیخۆڤ خوشکی و هاوڕێکانی ، دەسپێرێ.
کاتێ دەگەڕێتەوە مۆسکۆش ، ئەلێکسی سۆرین ، کۆمەڵێك وتار و کتێبی لەسەر ساخالین بۆ دەنێرێ.

سەرەنجام لە کۆتاییەکانی مانگی نیساندا بەرەو ساخالین وەڕێ دەکەوێ. دۆست و ئاشنا و هاوڕێکانی ، تا (یارۆسلاڤ) بەڕێی دەکەن.

دوای تێپەڕبونی نزیکەی سێ مانگ ، گەیشتە ساخالین.

تاکە هۆکاری پەیوەندی ئەو ، بەپایتەختەوە ، ئەو نامانە بون کە بەدرێژایی سێ مانگ دەیناردن و بۆی دەهاتن. ئەو یاداشتانەی لەبارەی ساخالینەوە دەینوسین ، بەنامە دەیناردن و بەزنجیرە و لەژێر ناوی ( لەسیبریا) دا ، چاپ دەکران. بۆ ئەوەی کاتی خۆی بەفیڕۆ نەدا شەوانە گەشتی دەکرد و باڵتۆ چەرمە لوسەکەی لەخۆیەوە دەپێچا و لەگۆشەیەکی گالیسکەکەدا خۆی کوشم هەڵدێنا.

هەرکاتێ بگەیشتایەتە شارێکی وەك (تۆمسك) یا (ئێرکوتسك) ، جل و بەرگە شڕ و چڵکنەکانی دادەنان و خۆی دەشوشت و (سەر و شکڵێکی ئەوروپیانە) ی بەخۆوە دەگرت.

کەش و هەوای سازگار و ئازادی دەوروبەری ، ببونە هۆکاری کەمتربونەوەی نەخۆشیەکەی و کۆخەکانی کەمتربببون.

سەرباری ماندوێتی و نەخۆشی ، بینینی دورخراوەکان و بەندکراوەکان و زڕەی زنجیرەکانیان ، لەنێو ئەو کەش و هەوا نامۆیەدا ، توشی خەم و خەفەت و نیگەرانیەکی زۆریان کرد.



لەنامەکانیدا ئاماژە بە بینینی ڕوبارەکان و جەنگەڵەکان دەکات.خۆشترین کاتی گەشتەکەشی ئەوە بوە کە بەکەشتی بەناو ئاوی ڕوبار و دەریاچەکاندا تێپەڕیوە و دەریاچەی بایکالیش یەکێك بوە لەجوانترین دیمەنەکان کە لەژیانی خۆیدا بینیبێتی. هەروەها کاتێ کە بەنێو ڕوباری ئاموردا تێپەڕدەبێ بۆخۆی باسی دەکا و دەڵێ خۆشترین کاتی تەمەنم بوە و هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە. جگە لەوەش لەم گەشتەیدا ئاماژە بە دوفاقی بونی سروشت و ژیانی مرۆڤ دەکات و دەڵێ دوفاقی سروشت جوانە ، بەڵام دوفاقی مرۆڤ بەپێچەوانەوە. کە ئەم دوفاقیەی کە باسی دەکات ، لە زۆرێك لە چیرۆکەکانیدا بەرچاومان دەکەوێ.

ئەوەی کە دڵی خۆش دەکات ، ئەوەیە کە لەوێدا کەش و هەوایەك دروست بوە ، تێیدا مرۆڤەکان بەئازادی قسەدەکەن و کەس ترسی لە کەس نیە و کەس لەوە ناترسێ بۆ شوێنێکی تر دوری بخەنەوە و کەس نیە سیخوڕی بەسەر کەسەوە بکات و ڕاپۆرت لەدژی کەس بنوسێ.

دورخراوە و بەندیەکان دابەش ببون بەسەر دو دەستەدا ، دەستەیەکیان ئەو بەندیە لەمێژینانە بون کەدوای چەندین جار هەڵاتن ، گیرابونەوە و کۆت و زنجیر کرابون. دەستەکەی تر بەندکراوانی پێشو بون ، کە ماوەی زیندانیان تەواو کردبو ، بەڵام لەدورگەکەدا مابونەوە و نیشتەجێ ببون و بەکاری کشتوکاڵەوە خەریك بون.

هەرجارێ دەستەیەك زیندانی ژنیان دەهێنایە ئەوێ ، زۆر زو هەواڵەكەی بەسەرانسەری دورگەكەدا بڵاو دەبۆوە و جۆش و خرۆشێكی تازەی بە دورگەكە دەبەخشی.

زۆرێك لەپیاوەكان بەشەڕ و كێشە و بەرتیل ، ناوی خۆیان لە لیستی داخوازیكەراندا دەنوسی. ژنەكان لەسەربازگەكەدا ڕادەگیران تا پیاوەكان بەجل و بەرگی جوانەوە ، دەگەیشتن. هەڵبژاردنەكە ، هەمیشە دڵەڕاوكێی بۆ هەردولایان دروست دەكرد. پیاوەكان هەوڵیان دەدا هاوسەرێكی بەدڵی خۆیان بدۆزنەوە و ژنەكانیش دانیشتبون و شەرمیان دەكرد و سەریان بەردەدایەوە.

ئیدی بۆخۆیان ڕێك دەكەوتن.

ئەم زەماوەندە ، جگە لەهەولێك بۆ لەبیر بردنەوەی ڕەنج و كوێرەوەریەكانیان – ئەگەر بۆ ماوەیەكی كەمیش بێت – شتێكی تر نەبو. كەسەرەنجام زۆربەی ژنەكان لەناچاریدا دەكەوتنە لەشفرۆشی.

چیخۆف لەچەند مانگێك زیاتر ، دەرفەتی نەبو. بەحەزێكی زۆرەوە كارەكەی خۆی دەستپێكرد ، لەگەڵ دانە دانەی كەسانی دورگەكەدا قسەی كرد ، هەروەك مەزەندەی كردبو ، تەوەری برسێتی و هەژاری ، سەرچاوەی هەمو كێشەكانیان بو.

بینینی منداڵەكانی دورگەكە – كەژمارەیان زۆر نەبو – بێ خوێندنگا و بێ سەرپەرشت ، كە بەشێكیان تەنانەت ناوی باوك و دایكی خۆشیان نەدەزانی و ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبون ، جێگای داخ و كەسەرێكی گەورە بو.



كوختەكانیان پیس و وێران و پڕبون لە زیندەوەری زیانبەخش. مرۆڤ بەبینینی ئەم هەل و مەرجە هێڵنجی دەهاتەوە.

ئەوان زۆر ئازادانە وەڵامی پرسیارەكانی چیخۆفیان دەدایەوە ، بەڵام وای بۆ دەچون چیخۆفیش یەكێك بێت لە بەرپرسە باڵاكان و هاتبێ شتە سنوردارەكان سنوردارتر بكات.

ژەنەڕاڵ (كۆنۆڤیچ) ی بەرپرسی دورگەكە ، هاوكاریەكی زۆری چیخۆڤی دەكرد ، چیخۆفیش ، جگە لەزیندانیە سیاسیەكان ، دەیتوانی لەگەڵ هەمو ئەوانەی تردا ئازادانە قسە بكات.

پێنج ساڵی خایاند تاوەكو توانی ئەو كتێبەی ، كە لەسەر هەل و مەرجی ژیانی بەندی و دورخراوەكانی ساخالین نوسیبوی ، تەواوی بكات و بە چاپی بگەیەنێ.

سەرەنجام ، ئەمە وەڵامێكی گونجاو بو ، بۆ ئەوكەسانەی ڕەخنەیان لێ دەگرت كە گوایا بایەخ بە ڕەنج و كوێرەوەری مرۆڤەكان نادات و لەئاستیاندا بێ هەڵوێستە.

ڕەخنەگرانی ڕوسی ، لەسەر ئەو باوەڕە بون: بۆ گەیشتن بە دادپەروەری كۆمەڵایەتی ، دەبێ نوسەر ببێتە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری خەڵكی.

بەوە تۆمەتباریان دەكرد بەرهەمەكانیدا بایەخ بە ئازار وكێشەكانی خەڵك و كێشە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی وڵات نادات.

چیخۆف ، سەرەتا ئەم ڕەخنانە بەهەند ناگرێ. بەڵام سەرەنجام لەوەڵامی ڕەخنەی گۆڤارێكدا بەناوی (ئەندێشە) – كە لەهەمو یان

نارِەواتر و نابەجێتر دەبێ – دەنوسێ: (لەڕاستیدا نەدەبو من وەلامی
ئەم تۆمەتانە بدەمەوە ، بەلام لەوانەیە بەم زوانە ڕوسیا بەجێ بهێڵم و
بۆی هەیە کە ئیدی هەرگیز نەگەڕێمەوە ، بۆیە نەمتوانی ئەم تۆمەتانە
، بێ وەلامدانەوە بەجێ بهێڵم ... لە کۆی بەرهەمەکانمدا دێڕێکم پێ
شك نایەت کە بەهۆیەوە هەست بە شەرمەزاری بکەم ، ئەگەر تۆ بە
دەستەواژەی نارِەوا و نابەجێی (بێ ویژدانی) ، ئاماژە بەم ڕاستیە
تاڵە دەکەیت کەمن کەسێکی خوێندەوار و خاوەن بەرهەمی زۆرم و
کارێکم بۆ ئەو کەسانە نەکردوە کە خۆشم دەوێن و بەرهەمەکانیشم
هیچ کاریگەریەکیان لەسەر ئەنجومەنەکانی گوند و یاسا تازەکانی
دادگا و ئازادی ڕاگەیاندن و ئازادی بەگشتیی ، دانەناوە. کەواتە دەبێ
لەم کارانەدا گۆڤاری ئەندێشە خۆی بەهاوکارم بزانێ ، نەك ڕەخنەم
لێ بگرێ. چونکە ئەوانیش لەم بوارانەدا ، کارێکی لەکارەکانی من
زیاتریان نەکردوە ، چی بکەم ئەمە تاوانی من نیە).

بەم شێوەیە چیخۆف بەم کارەی ، هەمو ئەو تێڕوانینە نادروستانەی
هەڵگێڕایەوە و بۆخۆیشی لەدوای ئەم گەشتەیەوە ، تێڕوانینی
لەبەرامبەر زۆر کێشەو ڕەهەندا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات.

لەنامەیەکیدا بۆ ئەلێکسی سوورین دەنوسێ: ( تۆ زۆر هەڵە بوی کە
دەتویست نەچمە ساخالین ... ئەگەر هاتبا و لەماڵەوە بومایە ، لە
زۆر شت بێ ئاگا دەبوم ، بەر لەو گەشتەم بلاوبونەوەی کتێبی (
سۆنات کروتز) ی تۆلستۆیم بە شاکار و ڕوداوێکی گەورەی ئەدەبی
ڕوسی دەزانی. بەلام ئێستا ، ئەو کتێبە بۆ من جێگای پێکەنینە).



تۆلستۆی لە سۆنات کروتزدا زەماوەند و موزیك و پەیوەندی
جەستەیی ، بە پیلانێك دەزانێت کە وردە وردە ژیانی پاڵەوانی
چیرۆکەکە ژەهراوی دەکات و وادەکا دەس لە ئامانجە بالاکان هەڵگرێ
و هەستی چاکەخوازانەی نێو ناخی بسڕێتەوە و سەرەنجام دەست بۆ
تاوانکاری ببا.

دوای ئەم گەشتە ، کاریگەری نوسینەکانی تۆلستۆی – کەچەند
ساڵێك بو مێشکی چیخۆفیان بەخۆیانەوە خەریك کردبو – وردە وردە
کاڵ دەبنەوە و فێرکردن و ئامۆژگاریەکانی تۆلستۆی بە ( نەزانیەکی
فریودەر) دەزانێ.

دواتر کاتێ چیخۆف لە ساڵی ١٨٩٧ لەنەخۆشخانەی مۆسکۆ
دەخەوێنرێ ، تۆلستۆی دێتە سەردانی و سەبارەت بەم ( نەزانیە
فریودەرە) ماوەیەکی زۆر ، بەسەختی لەگەڵ یەکتردا دەکەونە
مشتومڕەوە. کە لەنێوان قسەکانیاندا سیەکانی چیخۆف توشی خوێن
بەربون دەبن.

هەر لەم گفتوگۆیەدا چیخۆف ئاماژە بەخۆشبەختی دەکات و دەڵێ: (
ساتەکان بدۆزینەوە وبەحەز و مەیلی خۆمان بژین و لێگەڕێین با
کەسێتی مرۆڤەکان بەر لە گەشەکردن ، نەژاکێن.

دواتر هەر لەساڵی ١٨٩٧ لە شوێنی ژیانی خۆی و چەند گوندێکی تردا
چەند خوێندنگایەك لەسەر ئەرکی خۆی دروست دەکات و داو و
دەرمانیش بەخۆڕایی دەداتە نەخۆشەکانی. هەر لەو سەردەمانەشدا
ئاشنایەتی نزیك لەگەڵ ماکسیم گۆرکیدا پەیدا دەکات .

ئەکادیمیای زانستی ڕوسیا لەساڵیادی لەدایك بونی پۆشکیندا بەشێك لە کارەکانی خۆی تەرخان دەکات بۆ زانستی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیات. لەنێو نوسەرانی ڕوسیادا چەند کەسێکی وەك چیخۆف ، تۆلستۆی ،کۆرۆلینکۆف و چەند کەسی تر،لەساڵی ١٩٠٠بەئەندامی فەخری ئەکادیمیا هەلبژێردران.

ئەمە بوە هۆکاری خۆشحاڵیەکی زۆر بۆ چێشتلێنەرەکەی چیخۆف و جارێکیان لە میوانیەکدا گوتبوی: ( ئەنتۆن پاڤلۆڤیچی ئێمە بۆتە ژەنەڕاڵ) ، کەدواتر چیخۆف زۆر جاران بۆ پێکەنین ئەمەی دەگێڕایەوە.

لەساڵی ١٩٠١ لەگەڵ (ئۆلگا کنێپەر) ی ئەستێرەی شانۆی هونەری مۆسکۆ زەماوەند دەکا.

دواتر لە ساڵی ١٩٠٢دا ئەندامانی ئەکادیمیای زانستی ڕوسیا ، ناوی گۆرکی دەخەنە لیستی ئەندامانی فەخریەوە.حکومەتی ئەوسا زۆر بەوردی چاودێری کارەکانی گۆرکی دەکات. کاتێ لیستی ناوەکان دەچێتە بەردەستی تزار و ناوی گۆرکی تێدا دەبینی توڕە دەبێ و لە ئاستی ناوی گۆرکیدا دەنوسێ: (زیادڕەوی کراوە). ئیدی ناوی گۆرکی دەکێشرێتەوە و حکومەت بەیاننامەیەك بەناوی ئەکادیمیاوە دەردەکا.

ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی هاوکات لەگەڵ کۆرۆلینکۆ دا دەست لە ئەندامێتی ئەکادیمیا بکێشنەوە و هەروەها تۆلستۆی ڕایگەیاند هیچ کاتێ خۆی بە ئەندامی ئەو ئەکادیمیایە نەزانیوە تا دەس لە کار بکێشێتەوە.



جیخۆف لەگەڵ ئەوەی کە بۆخۆی دکتۆر بوو بەباشی ئاگاداری خراپی باری تەندروستی خۆی بو ، کەچی هیچ کاتێك دەستی لەنوسین هەڵنەدەگرت.

دواتر نەخۆشییەکەی توندتر دەبێت و دکتۆرەکان چەند جارێك ڕێنمایی دەکەن بچێتە فەرەنسا ، سەرەنجام داواکەیان قبول دەکات و بەرەو فەڕەنسا دەکەوێتە ڕێ ، بەڵام دوای بیستنی هەواڵی مەرگی باوکی ، دەگەڕێتەوە ڕوسیا.

لەوسەردەمەدا نەخۆشی سیل ، بەتەواوی تەنگی پێهەڵچنیبو ، ئەو دۆست و ئاشنایانەی کە چەند ساڵێك بو نەیانبینیبو ، بەبینینی توشی سەرسوڕمان دەبون ، تەنیا بەنیگاکانیدا هەستیاندەکرد ئەو بونەوەرە ڕەق و وشك هەڵگەڕاوەی بەرامبەریان ،جگە لە چیخۆف کەسێکی تر نییە. وە دەشیانزانی هێندەی لە ژیاندا نەماوە. دوای چەند هەفتەیەك بڕێك تەندروستی باشتر دەبێ و لەسەر ڕێنمایی دکتۆرەکان ، لەگەڵ ئۆلگای هاوسەریدا بەرەو (ڤایلربادن) ی ئەڵمانیا دەکەوێتەڕێ. لەوێ دەچێتەلای دکتۆری بەناوبانگ ئیڤالد و بڕێك تەندروستی باشتر دەبێ. لەنامەیەکدا بۆ ماریای خوشکی ، هەواڵی باشتر بونی بارودۆخی تەندروستی خۆی ، بۆ دەنوسێ.

سەرەنجام کۆتاییەکی خێرا و چاوەڕوان نەکراو گەیشت . لەیەکێك لەشەوەکانی ساڵی ١٩٠٤ ، دوای گێڕانەوەی چیرۆکێك بۆ ئۆلگای هاوسەری ، ماندو و بێ توانا ، چاوەکانی لەسەریەك دادەنێ و خەوی لێ دەکەوێ ، ئۆلگا بێدارە و چاوی لەسەر هەڵناگرێ ، هەتا جارێکی

تر وەئاگا دێتەوە و چاوەکانی دەکاتەوە ، لای نیوەشەو ئیدی بە یەکجاری چاوەکانی لێك دەنێ.هەفتەیەك دواتر کاتێ تەرمەکەی لە ئەڵمانیاوە دەگاتەوە مۆسکۆ ، مەراسیمی ناشتنی لە مۆسکۆ بۆ سازدەکرێ. ماکسیم گۆرکیش لە مەراسیمی ناشتنیدا ئامادە دەبێت و زۆر بەوردی ڕوداوەکان تۆمار دەکا.خەڵکێکی یەجگار زۆر بەشداری ڕێوڕەسمی ناشتنی دەبن ، هۆکارەکانی گواستنەوە و پۆلیس پەکیان دەکەوێ. بەتایبەت لەو کەش و هەوا گرژ و ئاڵۆزە سیاسیەی ئەوسەردەمەی ڕوسیادا ، حکومەتی تزار ترسی لێ دەنیشێ نەبادا ئەم جەماوەرە بێ ئەژمارە ، ئاراستەی مەراسیمەکە لە دژی حکومەت بگۆڕن و دەست بدەنە خۆپیشاندان و ڕاپەڕین. بەڵام خەڵکی ڕوسیا ، هێندە بەقوڵی کەوتبونە ژێر خەمی لەدەستدانی نوسەرەکەیانەوە ، ئاگایان لە هەل و مەرجە دژوارەکانی ژیانی خۆیان و کێشە و گیر وگرفتە سیاسی و نیشتیمانیەکانیش نەمابو.

چیخۆف تەنیا چل و چوار ساڵ ژیا ، بەلام کاتێ مرد ، توانی فۆڕم و ڕوخساری چیرۆکنوسیی لە جیهاندا بگۆڕێ وکاریگەریەکی گەورەش لە سەر شانۆنامەکان دابنێ.

سەرەنجام لەو تەمەنە کورتەدا ، سەرباری بەتەنگەوە هاتنی نەخۆشەکان و چارەسەرکردنیان ، توانی زیاتر لە ٦٠٠ چیرۆك و کتێبێك دەربارەی دورخراوە و بەندیەکانی دورگەی ساخالین بەناوی (دورگەی ساخالین) و چەندین یاداشت و نامە – کە دواتر کۆکرانەوە و خۆیان لەنزیکەی ١٥٠٠ لاپەڕە دەدەن – و چەندین شانۆنامەی وەك



،(ئیڤانۆڤ ١٨٨٧) ، ( بوکێنی) ، (ساڵرۆژ ) ، (باڵندەی دەریا) ، (ڕۆڵگێڕی تراژیدی بەپێچەوانەی حەزی خۆیەوە) ، ( سێ خوشك ١٩٠٠ ) ،( دێوی جەنگەڵ ١٨٨٩ ) ، (لە زیانەکانی توتن) ، (باخی گێلاس ) ، (لالۆ ڤانیا ١٨٩٩ ) ، ( تاتیانا ڕیپینیا) و چەندین شانۆنامەی تر بنوسێ. کە سەبارەت بەنوسینی باخی گێلاس دەڵێ : ( ڕۆژانە تەنیا چوار دێڕ دەنوسم ئەو چوار دێڕەش زۆر ماندوم دەکا).

خوێنەری بەڕێز ، ئەوەی کە هانیدام ئەم چیرۆکانەوە وەرگێڕم ، بەهۆکاری یەکەم دەبینین ئەم چیرۆکانە سەرتاپا لەقاودانی ناڕەوایی و بێدادی و هەمو ڕەفتار و کردارێکی نادروست و نەشیاوی مرۆڤەکانە. ئەو هەڵسو وکەوت و ڕەفتارانەیە کەپاڵەوانی چیرۆکەکانی چیخۆف هەیانە. بێگومان ئەمەش بەشێك بوە لە کار وکردەوەی ڕۆژانەی خەڵکی ، لەڕوسیای سەردەمی چیخۆفدا. دوای تێپەڕینی سەد و چەند ساڵێك ، ئەگەر بێت و سەرنج بدەینە ئەم چیرۆکانە ، لەیەکچونێکی یەجگار گەورە لەبیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژانەی تاکی ڕوسیی ئەوسەردەمە و کوردستانی ئەمڕۆی خۆماندا ، دەبینین. لەنێو کۆمەڵگای ئێمەشدا زۆر عەریف پریشیبایێڤمان هەن کە بەئەرکی خۆیانی دەزانن خۆیان لەکارەکانی خەڵکی هەڵقورتێنن و تائێستاش لەوە نەگەیشتون ئەوەی دەیکەن ، کارێکی نەشیاوە و پەیوەندی بەوانەوە نیە. زۆر دۆبۆڤمان هەن کەخاوەنی شتێکن خۆیان تا ئاستی فرێدان و لەکۆڵ خۆکردنەوە لێی بێزارن ، کەچی ئەگەر بتوانن و بۆیان بلوێ بەپارەیەکی باش بەسەر نزیکترین هاوڕێی خۆیاندا ساغی

دەکەنەوە. زۆر دێریاڤینمان هەن بۆ جێبەجێ کردنی مەرامەکانی خۆیان ، خۆمان لێدێننە پێشەوە و بەشان و باڵماندا هەڵدەدەن. هتد.
وەك چۆن ماکسیم گۆرکی ، لەبارەی چیخۆف و چیرۆکەکانیەوە ، دەڵێ: (مرۆڤ لە بەرهەمەکانی چیخۆفدا لەگەل خەڵکانێکی داماو و بێ چارەدا بەرەو ڕو دەبێتەوە کە ماڵەکانیان پڕکردوە لە تەوەزەلی و نائاسودەیی و بونەتە کۆیلەی گەمژەیی و بێکاریەکانی خۆیان و بونەتە کۆیلەی هەڵپە و تەماحی خۆیان ، هەمو شتێکیان بۆ خۆیان دەوێ ، کۆیلەگەلێکی ترسنۆکن کە خۆیان بەژیانەوە نوساندوە و سەبارەت بەداهاتو ، دنیا پڕدەکەن لەقسەکانی خۆیان. واهەست دەکەن کە ئیدی جێگایەك لەم دنیایەدا نەماوە ئەوان تێیدا بژین. زۆربەی ئەم خەڵکانە خەونی خۆش خۆش بەداهاتویەکی باشترەوە دەبینن ، بەڵام خۆیان ، سەبارەت بە ئاینده ، ئەگەر تا دوسەد ساڵی تریش دانیشن ، بیر ناکەنەوە و ناگەنە ئەو باوەڕەی لەخۆیان بپرسن: ئەگەر ئێمە ئاوا دانیشین و بکەوینە نێو خەون و خەیاڵاتەوە ، ئەی کێ ئالۆ گۆڕێك بەسەر ژیانی مرۆڤەکاندا بێنێ و لەخۆشیەکانی ژیان بەهرەمەندیان بکا؟چیخۆف بەو بیر تیژی و وردبینیەی خۆیەوە ، چاو دەبڕێتە هاوڵاتیە داماو و بێچارەکانی وڵاتەکەیی و بەزەردەخەنەیەکی خەمگین و دەنگێکی دڵسۆزانە و سەرزەنشتێکی قوڵەوە ، هاوکات بەڕوخساریکی پەرێشان و بە دڵێکی پڕلەژان و بەدەنگێکی دڵسۆزانەوە پێیان دەڵێ: (خۆشەویستەکانم ئەو شێوە ژیانەی ئێوە دروست نیە ! ژیان بەم شێوەیە شەرمەزاریە).



ماوەتەوە بڵێم تا ئێستا لەنێو ئێمەی کورد دا گەرچی هەمومان چیخۆف دەناسین ، بەڵام تا ئێستا وەك پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و کارێکی ئەوتۆ نەکراوە کەشایانی ئەو چیرۆکنوسە باڵایەبێ. کەپێموایە چیرۆکەکانی چیخۆف بۆ ئێمە ، گرینگی خۆیان هەیە و دەبێت. لەڕوی وەرگێڕانی شانۆنامەکانیەوە ، کە نزیکەی بیست شانۆنامە بەسەرەوەن ، جگە لەدو تا سێ شانۆنامەیەك ، زیاتر وەرنەگێڕدراون. چیرۆکەکانیشی کە لەشەشسەد چیرۆك بەسەرەوەن ، جگە لەچەند هەولێك – لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەمو ئەوکەسانەی کەلەوبوارەدا کاریان هەبوە و ئەگەر ئەوان نەبوایان ئێمەمانان چانسی خوێندنەوەی چیرۆکەکانی چیخۆف و ناسینی چیخۆفمان پێ نەدەبڕا – بەشێکی زۆریان چەندبارەن. تا ئێستا کەسێك نەبوە کۆی چیرۆکەکانیمان بۆ وەرگێڕێ. هەروەها جگەلەوەی کەچیرۆکەکانی چیخۆف ، دنیابینیەکی جیهانیان هەیە و لەقاودانی هەمو ئاکار و ڕەوشتێکی ناشیرن و نەشیاوی نێو کۆمەڵگاکانە ، بەڵام بەشبەحاڵی خۆم لێرەدا هەوڵم داوە ئەو چیرۆکانە هەڵبژێرم کەڕۆژانە بەبەرچاوی خۆمانەوە نمونەکانیان دەبینین.

هەروەها تا ئەوشوێنەی ئاگادارم جگە لە هەردو چیرۆکی ( لاوازی) و ( قەڵەو و لاواز) ، خۆم بواردوە لەوەرگێڕانی ئەو چیرۆکانەی کەپێشتر چەند جارێك وەرگێڕدراون. هیوادارم توانیبێتم کارێکم کردبێ و بەئومێدی ئەوەم ڕۆژێك دابێ کەسێك یان چەند کەسانێك

سـەرجەم بەرهـەماكانی چـیخۆفمان بـۆ بكەنـە كـوردی ، وەك چـۆن لەئەدەبیاتی ولاتانی دراوسێماندا ئەم كارە كراوە.

ئازاد نەجم
ڕانیە١٤/٤/ ٢٠١١

تێبـینی/ بـۆ ئامـادەكردنی ئـەم پێـشەكیە ، سـودم لەپێـشەكیەكەی كتێبی / انتون پـاڤلوویچ چـخوف/ ترجمـە احمـد گلـشیری /انتـشارات نگا/ چاپ ششم١٣٨٨/ وەرگرتوە.
هەروەها سودم لـە چـەند سـایتێكی ئینتـەرنێت و پیـشەكیەكەی ئـەم سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگرتـوە./ مجموعـە اسـار چـخوف/ ترجمـە سروژ استپانیان/ انتشارات توس/ ١٣٨٩ كە سەرجەم چیرۆكەكانیـشم هەر لەم سەرچاوەیەوە وەرگرتوە.

# ژیان جوانە

## ( بۆ ئەو کەسانەی نیازی خۆکوشتنیان هەیە )

ژیان شتێکی تاڵ و بە ئازارە ، بەڵام ئەگەر نیازی گۆڕینیت هەبێت کارێکی هێندە دژوار و ئەستەم نیە. بۆ ئەم کارەشت ئەوەندە بەس نیە دوسەد هەزار ڕۆبڵێکت بۆ دەرچێت ، یان میدالیای (هەڵۆی سپی) یت پێببەخشن ، یان لەگەڵ کچێکی جوانکیلەی دڵڕفێن ، زەماوەند بکەیت ، یان وەکو کەسێکی باش و دڵساف بناسرێیت و ناوو ناوبانگت چەندین ساڵان دەماودەم بکات. بێگومان ئەگەر بتوانی لە ژیاندا ئەمانە وەدەست بێنی ،خراپ نیە ، بەڵام هەمو ئەمانە ، شتێکن لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا ئەگەری نەمان و لە بەین چونیان هەیە و دەشێ لە چرکەساتێکدا لە دەستیان بدەی.

بۆ ئەوەی ئیدی لەمەودوا ، تەنانەت ئەو کاتانەش کە لەو پەڕی نیگەرانی دایت ، شادو بەختەوەر بژیت ، دەبێ ئەم دو هەنگاوەی خوارەوە جێبەجێ بکەیت: یەکەم ڕازی بیت بەوەی کە هەتە و دووەم باوەڕی تەوات بە دەستەواژەی (لەوانەیە لەمەش خراپتر ڕوبدات ) هەبێت. ئەمەش هێندە کارێکی ئەستەم نیە .

کاتێ قوتوی کبریت لە گیرفانتدا گڕ دەگرێ ، دڵ تەنگ مەبە و سوپاسی خودا بکە کە گیرفانت گەنجینەی باروت نەبوە. کاتێ



کۆمەڵێك خزمی لێقەوماو و بێچارەت لە ڤێللا هاوینیەکەتدا دێنە سەردانیت ، نێو چاوانت گرژ مەکە و شادو شوکربە و بڵێ زۆر سوپاس خودایە خزمان بەسەریاندا داوم نەك پۆلیس .

ئەگەر دڕکێك لە پەنجەت چەقی ، بڕۆ سوپاسی خودا بکە و بڵێ چاك نەبو لە چاوم نەچەقی . ئەگەر هاتو بینیت ژنەکەت یان خوشکی ژنەکەت ، لە بری گۆرانیەکی دڵڕفێن ، خەریکی ڕاهێنانە لەسەر نۆتەکانی ئامێرێکی مۆزیك و کردویەتیە درینگە درینگ ، دڵگیر مەبە و لە خۆشیان هەڵپەڕە چونکە گوێت لە موزیك بوە نەك لورەی چەقەڵ و مرو میاوی پشیلە.

بڕۆ سوپاسی خودا بکە کە نە ئەسپی ژێر باری ، نە میکرۆبی ،نە کرمی (تریشین*) ی ، نە بەرازی و نەوڵاخی و نەمێشولەیت و نە ورچی قەرەجە گەڕۆکەکانی. بڕۆ هەڵپەڕە لە خۆشی ئەوەی نە شەلی ، نە کوێری ، نە کەڕی ، نەلاڵی ، نە توشی نەخۆشی کۆلێرا بویتە .هەڵهەڵە لێدە لەخۆشی ئەوەی کە ئیستا لە دادگا و لەنێو قەفەزی تاوانباران دانەنیشتویت و بەرامبەر داواکاری گشتی ڕانەوەستاویت و بۆ وەرگرتنی پاداشتی نوسینەکەت ، لەگەڵ کابرای بڵاو کەرەوەدا نەکەوتویتە مشتومڕ.

ئەگەر ماڵت لەشوێنێکی دورەدەستە ، بیر لەوە بکەوە و بڵێ چاك نەبو ماڵم دوور تر نەبو. ئەگەر ددانێکت دێشێ ، دڵت بەوە خۆشکە و بڵێ چاك نەبو هەمو ددانەکانم نەدێشان. ئەگەر بۆت دەکرێ گۆڤاری (شارۆمەند) نەخوێنیتەوە ، یان لە سەر بەرمیلێکی زبڵی ماڵان

دانەنیشتویت ، یان لەونێوەدا سێ ژنت نەهێناون ، بڕۆ بۆ خۆت تێر هەڵپەڕە. ئەوکاتەی کە دەتگرن و ڕاپێچی کەلانتەریت دەکەن ، شاگەشکە بە لەخۆشیان ، چونکە دڵنیایت و دەزانی بۆ کەلانتەرییت دەبەن نەك دۆزەخی سوتێنەر ، کاتێ لەوێ بە قامچی کەوتونە سەرت ، هەڵهەڵە لێدە لەخۆشی ئەوەی بە قامچی لێتدەدەن نەك تەور .

ئەگەر ژنەکەت خیانەتت لێدەکات ، بڕۆ لەخۆشیان هەڵپەرە و بڵێ چاك نیە خیانەت لە من دەکات نەك لە نیشتیمان.

وقس علیهڑا ...ئەی مرۆڤ ! گوێ لە پەند و ئامۆژگاریەکانم بگرە تا لەمەودوا ژیانت لێوانلێو بێت لە شادی و بەختەوەری.

(کرمی تریشین*) کرمی نێو گۆشتی بەراز

تێبینی/ ئەم چیرۆکە پێشتر لە ژمارە ٨٧ ی گۆڤاری گزینگ بڵاو بۆتەوە

# پیاوێکی ناسیاو

(ڤاندا) ی جوانکیله ، که له ناسنامەدا نێوی (ناستاسیا کاناڤکینا) بو ، کاتێ له نەخۆشخانه دەرکرا ، خۆی له هەل و مەرجێکدا بینیەوه که پێشتر هەرگیز نەیبینیبو ، نەخاوەنی جێگا و ڕێگایەك ، نەپاره وپولێك ، نەپله وپایەیەك ، ئەمه چ چارەنوسێك بو؟

بەر له هەمو شتێك خۆی گەیانده بانکێکی ڕەهنی و ئەنگوستیله نقێم فیرۆزەییەکەی ،کە تاکه سەرمایەی ژیانی بو ، به بارمته دانا و ئەو پارەیەی که لەبەرامبەردا وەریگرت له ڕۆبلێك تێنەدەپەڕی ... بەم پارەیه چ شتێك دەکڕدرا؟ نه بەشی کڕینی بلوزێکی کورتی مۆدی سەردەم ، نه بەشی کڕینی کڵاوێکی درێژ و نەبەشی کڕینی جوتەپێڵاوێکی برۆنزی دەکرد ... لەبەر ئەوەی ئەم شتانەی نەبون ، وایدەزانی بەڕوت و قوتی دەگەڕێ.

لەهزری خۆیدا وایدەزانی نەك مرۆڤەکان ، بەڵکو سەگ و ئەسپەکانی شەقامەکەش سەیری دەکەن و به جل و بەرگە سادەکانی پێدەکەنن.

جگه له وەدەست هێنانی پێڵاو و کڵاو و جل و بەرگی نوێ ، بیری له هیچ شتێکی تر نەدەکردەوه. بیرکردنەوه لەوەی که چ بخوا و لەکوێ بنوێ ، هەرگیز بەمێشکیدا نەدەهاتن.



لەمێشکی خۆیدا بیری کردەوه: ( خۆزگه توشی پیاوێکی ناسیاو دەهاتم ، دەمتوانی هەندێك پارەی لێ وەرگرم ... هیچ پیاوێك ئامادە نیه پارەم بداتێ ... لەبەرئەوەی ...).

ڤاندا توشی هیچ پیاوێکی ناسیاو نەهات. ئەڵبەتە دەکرا دوای نیوەڕۆ بچێتە ڕیستوۆرانتی (ڕێنسانس) و ناسیاوەکانی ببینێ ، بەڵام بەسەری ڕوت و بەم جل و بەرگە سادانەوە ، هەر ڕێگای چونە ژورەوەشیان پێنەدەدا.

ئەدی دەبو چی کردبا؟

دوای ماندوێتیەکی زۆر که به هۆی ڕۆیشتن و دانیشتن و بیر کردنەوەوە ، توشی ببو ، بڕیاریدا بەرەو ئاپارتمانی پیاوێکی ناسیاو بچێت و داوای پارەی لێ بکات ، بیری کردەوه: ( بچمه لای کێ؟ ناکرێ بچمه لای میشا خێزانداره و دەوری چۆڵ نابێت ... لەم کاتانەدا ئەو پیرەمێردەش لەماڵ نیه و چۆتە سەر کار ).

لێرەدا (فینکل) ی دکتۆری ددانی بیرهاتەوه ، ئەو پیاوە یەهودیەی که ئاینی خۆی گۆڕیوه و بۆتە مەسیحی.

فینکل نزیکەی سێ مانگێك لەوەو بەر ، بازنێکی به دیاری دابوه ڤاندا و شەوێکیش لە یانەیەکی ئەڵمانیدا ، لەکاتی نانخواردندا ، ڤاندا پەرداخێك بیرەی بەسەردا ڕشتبو ، بەڵێ ، ئەم پیاوەی بیر کەوتەوه و شادی دایگرت ، لەمێشکی خۆیدا بیری کردەوه: (دڵنیام پارەم دەداتێ ، بەس خودا بکات لەماڵ بێت ... ئەگەرپارەم نەداتێ و بیەوێ له کۆڵ خۆیم کاتەوه هەمو چراکانی ژورەکەی دەشکێنم ).

بەرلەوەی بگاتە ماڵی دکتۆر ، نەخشەیەکی بەم شێوەیەی لە مێشکی خۆیدا کێشا: (بەخەندەوە وردە وردە بە پلیکانەکاندا سەردەکەوێ ، دەچێتە ژوری تایبەتی دکتۆر و داوای بیست و پێنج ڕۆبڵی لێ دەکات ).

بەڵام هەرکە گەیشتە بەر دەرگا و دەستی بۆ زەنگەکە برد ، ئەو نەخشەیەی لە مێشکی خۆیدا دایڕشتبو ، هیچی لە بیر نەما.

لەناکاو ، ترس و دڵەڕاوکێیەك ، کەپێشتر هیچ کاتێك لەم حاڵەتانەی بەخۆیەوە نەبینیبو ، هەمو جەستەی گرتەوە. ئەو لەنێو کوڕی پیاوانی سەرخۆشدا ، هەمیشە ژنێکی جەسور و بێ شەرم بو ، بەڵام ئێستا دەترسا بەو جل و بەرگە سادەیەوە چەشنی ئاغایەکی لێکەوتو ، خۆی لێ بەدور بگرن.

هەستی بە ترس و سوکایەتی کرد ، دوچاری سەرسوڕان و ترس ببو.

لە کاتێکدا کە دەترسا دەست بۆ زەنگی دەرگاکە بەرێت ، لە مێشکی خۆیدا لەکێشمەکێشدا بو : ( لەوانەیە ئێستا منی هەر لەبیر نەمابێت ... ئێستا بەچ ڕویەکەوە بەم جل و بەرگە شڕەوە خۆمی نیشاندەم؟ بەم جلانەوە بە سواڵ کەرێك دەچم ، بە ژنی پیاوێکی دەسگێڕ دەچم ...).

لەگەڵ ئەمەشدا بەحاڵەتێکی لێوانلێو لە ترس و دڵەڕاوکێوە ، دەستی بۆ زەنگەکە برد و لێیدا.

گوێی لە دەنگی پێی دەرگەوانەکەی دکتۆر بو ، ڤاندا پرسی: دکتۆر لەوێیە؟



پێشبینی ئەوەی دەکرد ، دەرگەوانەکە بڵێ نەخێر لێرە نیە ، بەڵام کابرا – بێ ئەوەی یەك قسە بکات – ڤاندای بەرەو ژوری چاوەڕوانیی ، ڕێنمایی کرد و یارمەتیدا لە داکەندنی باڵتۆکەیدا.

پلیکانەکانی ماڵی دکتۆر ، زۆر سەرنجی ڤاندای ڕاکێشا ، بەڵام لەنێو ئەو هەمو جوانی و ڕازاوەییەدا ، ئاوێنەك ، لەهەمو شتێك زیاتر سەرنجی ڕاکێشا ، تیایدا: ژنێکی سادەپۆش ، کە نە بلوزی دوایین مۆدێلی ڕۆژی لەبەردابو ، نە کڵاوی درێژی لەسەردابو ،نە پێڵاوی برۆنزی لەپێدابو ، بەدی دەکرا. بەلای ڤانداوە سەیر بو! زیاتر بە کرێکارەکانی کارگەی دورین و جل شۆرەکان دەچو ، جل وبەرگێکی زۆر سادەی لەبەردابو ، بۆخۆشی نەیدەزانی لەبەرچی دەبێ شەرم بکات و لەبەر چی ئەو چاوقایمیەی جارانی لەدەست داوە.

خزمەتکارەکەی فینکل ، بەدەم ڕێنمایی کردنییەوە ،گوتی: فەرمو ... ئێستا دکتۆر دێت ... فەرمو دانیشە.

ڤاندا ، لەسەر کورسیەکی نەرم دانیشت ولەفکران ڕاچو: ( هەر بێتە ژورێ پێی دەڵێم هەندێك پارەم بەقەرز بداتێ ، ئێ خۆ ناسیاومە! مرۆڤ نابێ شەرم لە ناسیاو بکات و دەبێ بە ڕێزەوە هەڵسوکەوت بکات ، بەڵام خۆزگە ئەم خزمەتکارە دەڕۆیشتە دەرێ! ئەو لێرە بێت ... ناکرێ ... نازانم بۆ لێرە ڕاوەستاوە؟ لەبەرچی ناڕوات؟ ).

نزیکەی پێنج خولەك دواتر ، دەرگای ژورەکە کرایەوە و دکتۆر وەژور کەوت ، باڵا بەرز و گۆناکانی خڕ و گۆشتن بون و چاوانی گەورە و زەق بون .

چاوەکانی و گۆنا خڕ و ڕانە ئەستورەکانی و هەمو ئەمانە ڕك و ڕاست ، تێرو پڕی و نەفرەتیان نیشان دەدا.

فینکلێ لەڕیستۆرانتی (ڕێنسانس) و یانە ئەڵمانیەکە ، پیاوێکی شاد و دەم بەخەندە بو و بەچەپ و ڕاستدا پارەی بۆ ژنان خەرج دەکرد و گاڵتەکانی ئەوانی زۆر بە ئاسایی وەردەگرت . بۆنمونە ئەو شەوەی کە ڤاندا پەرداخە بیرەکەی کرد بە سەریا ، نەك تورە نەبو ، بەڵکو هەندێك پێکەنی و بەگاڵتەپەنجەی هەڕەشەی ڕاوەشاند. بەڵام ئێستا نیگاکانی توند و خەواڵو و سارد و سڕ بون. دکتۆر بەدەم جوینی شتێکەوە ، بێ ئەوەی سەیری ڤاندا بکات ، پرسی: چ فەرمایشتێکت هەبو؟

ڤاندا ڕوانیە سەروشکڵی خزمەتکارەکە و ئەمجار ڕوانیە قەد و قیافەی تێر وپڕی دکتۆر ، دیاربو کە ڤاندای نەناسیبۆوە ، ڕوخساری سور هەڵگەڕا ...

دوای ئەوەی وەڵامێکی نەبیست ، ئەمجارەیان بەدەنگێکی توندترەوە ،پرسی: چ فەرمایشتێکت هەبو؟

ڤاندا لەژێر لێوەوە گوتی: ددان ... ددانم دێشێ ....

: زۆر باشە کامەیان؟

ڤاندا وەبیری هاتەوە کە یەکێك لە ددانەکانی کلۆرە ، گوتی: خوارەوە ... لای ڕاست ....

: هم ... کوا دەمت بکەوە.



ئەمجار برۆکانی وێك هێنانەوە و هەناسەی لە سینگی خۆیدا بەند کرد و کەوتە سەیرکردنی ددانە کلۆرەکە ، دواتر کاتێ میلە کانزایەکەی بە ددانی ڤاندا دا دێنا ،پرسی: ئێستا ئازاری هەیە؟

ڤاندا بە درۆ وەڵامی دایەوە: بەڵێ ... ئازاری هەیە ...

ڤاندا لە مێشکی خۆیدا بیری دەکردەوە: ( هێندە بەسە ئاماژەیەك بە ناسیاوەتیەکەمان بکەم ، ئیدی شتەکانی بیر دەکەوێتەوە ... بەڵام ... ئەم خزمەتکارە! نازانم بۆچی لێرە ڕاوەستاوە؟).

فینکل ، لەحاڵیکدا کەسەیری ددانەکانی ڤاندای دەکرد ، لەناکاو وەك شەمەندەفەرێك لە نێو دەمی ژنەدا فیشکاندی : ئەم ددانە بەکاری ئەوە نایەت پڕ بکرێتەوە ،پڕکردنەوەی کارێکی بێ سودە.

دوای چەند ساتێکی کەم ، کاتێ دوبارە دەیڕوانیەوە ددانەکانی و پەنجە بۆن توتناویەکانی بەدەم و لێوی ڤاندا دا دەهێنا ، جارێکی تر هەناسەی لەخۆی بڕی و میلە ساردەکەی بە نێو دەمی ژنەدا بردە خوارێ ... ڤاندا لە پڕێکدا هەستی بە ئازارێکی توند کرد و هاوارێکی کرد و دەستی فینکلی گرت. دکتۆریش لە ژێر لێوەوە گوتی: مەترسە ... هیچ نیە ، هەر هیچ نیە ، تازە ئەم ددانە بەکەڵکی هیچ نایەت ... مرۆڤ دەبێ ئازا وخۆڕاگر بێت.

لەم کاتەدا ، پەنجە بە توتن ئالودەبو و خوێناویەکانی ، لەبەرامبە چاوی ڤاندا دا ڕاگرتن و ئەو ددانەی کە کێشابوی ، نیشانیدا . خزمەتکارەکەش ستلێکی لەبەردەم ژنەدا ڕاگرت .

فینکل گوتی: کە گەیشتیەوە ماڵێ ، ئاوی سارد لە دەمت وەردە ... باخوێنەکەی ڕاوەستێ ...

لە بەرامبەر ڤاندا دا ڕاوەستابو. سەرو سیمای لەکەسێك دەچو چاوەڕوان بێت هەرچی زوە جێی بێڵن و لێی گەڕێن بۆخۆی تاوێك ئاسودە بێت و پشویەك بدات ...

ڤاندا بەرەو دەرگاکە وەرسوڕا و گوتی: خودا حافیز ...

فینکل بەخەندەوە پرسی: ئەدی هەقی ماندوێتیەکەی من چی بەسەردێت؟

ڤاندا سور هەڵگەڕا ، هەمان ئەو یەك ڕۆبڵە کاغەزەی ، لەبەرامبەر خەواندنی ئەنگوستیلە نقێم فیرۆزەییەکەیدا ، وەری گرتبو ، دایەدەستی دکتۆر و گوتی: ئەها ... بەڵێ ...

کاتێ لە وێوە بەرەو شەقامەکە وەڕێ کەوت ، لە هەمو کاتێك زیاتر هەستی بە شەرم و تەریق بونەوە دەکرد ، بەڵام ئەمجارەیان نەك لەبەر هەژاری و جل و بەرگە شڕەکەی بەری ، ئیدی ئەم شتانە بەلایەوە گرینگ نەبون. نە کڵاوی درێژ! نە بلوزی دوایین مۆدێل! نە پێڵاوی برۆنزی! بەدەم ڕۆیشتنەوە خوێنی تف دەکردەوە ، فڕێدانی هەمو تفێکی خوێناوی ، دەیخستەوە یادی ژیانەپڕ لەچەرمەسەری و کوێرەوەریەکەی و ئەو سوکایەتی و بێ ڕێزیەی کە تا ئەو ساتە توانیبوی خۆی لەگەڵیاندا بسازێنێ ، دەبێ سبەینێش و دوسبەی و هەفتەی داهاتو و ساڵی داهاتو و تەواوی ژیانی و تا کاتی مردن دەبێ لەگەڵیاندا بسازێ .



لەژێر لێوەوە گوتی: ئاخ خودایە ! چەندە ترسناکە !

* * *

ڤاندا ، جارێکی تر ، سەر لە ئێوارەی ڕۆژێکی تر ، لە ڕستۆرانتی ( ڕێنسانس) بو و سەمای دەکرد. کڵاوی درێژی نوێ لەسەریدا و بلوزێکی دوایین مۆدی ڕۆژ لەبەریدا وپێڵاوی برۆنزی لەپێیدا بون. ئەوشەوە خانەخوێکەی بازرگانێکی گەنج بو ، کەتازە لە (کازان) وە هاتبو.

## ( دوو ڕۆژنامەچی )
## ( چیرۆکێکی ناڕاست )

(ڕیبکین) ی کارمەندی ڕۆژنامەی (سندانتان لیدا) کە پیاوێکی قەڵەوی غەمبار و نیگەران بو ، لە ناوەڕاستی ژورەکەدا ڕاوەستاوە و بە ئیشتیاوە دەڕوانێتە ئەو قولابەی کە بۆ هەڵواسینی چرا ، بەساپیتەکەوە بەسترابو. حەبلێکی بەدەستەوەیە و لە دڵی خۆیدا بیر دەکاتەوە: (نازانم دەشکێ یان نا؟ دەترسێم لەبن و بێخەوە بێتەدەرێ و بە تەپڵی سەرم بکەوێت ، سندان لەم ژیانەدا جێگایەکم بۆ خۆخنکاندنیش دەست ناکەوێ).

ئەگەر هاتبا و لەم ساتەدا ( شلپکین ) ی هاوڕێی ، کە کارمەندی ڕۆژنامەی ( یەهودای خائین) و پیاوێکی سورەی وریا بو ، وەژور نەکەوتبا ، کێ دەیزانی سەرەداوی بیرکردنەوەکانی ئەم پیاوە شێتە ، دەگەیشتنە کوێ؟

شلپکین لەگەڵ دانیشتندا ، گوتی: سڵاو ڤاسیا ، هاتوم بەدواتدا ... با بڕۆین ، لەگەڕەکی (ڤیبۆرگس) سێ دێڕ هەواڵمان دەسکەوتوە ... وەك بیستومە کەللەپوتێك ویستبوی گۆشاوگۆش سەری کەسێك ببڕێ ، بەڵام فریا نەکەوتبو. نازانم چی تێدابو ئەگەر بەشی سەد دێڕ هەواڵی لەم شێوەیەمان دەستکەوتبا؟ دەزانی برا! هەندێك جار بیردەکەمەوە ، تەنانەت حەزم لێیە بشینوسم ، ئەگەر هاتبا و ئەم خەڵکە بەشێوەیەکی مرۆڤانە بیریان کردباوە و تێگەیشتبان لەوەی کە



ئێمەش دەبێ وەڵامی قوڕەی زگمان بدەینەوە ، ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕێژەی خۆکوشتن و خۆسوتاندن سەد بەرابەر زیادی دەکرد و دوای ئەمەش خەڵکانی تر توشی بێنە و بەرەی دادگا دەکران و ...

شلپکین لەم قسانەدا بو ، چاوی بە حەبلەکە کەوت ،پرسی: ئەمە چیە؟ ناکا نیازی خۆکوشتنت هەبێ؟

ڕیبکین ، بەغەمگینیەوە وەڵامی دایەوە: بەڵێ برا ... تەواو ئیدی ... خوداحافیز ... لەم ژیانە پڕچەرمەسەریە.

: ئەمەی تۆ دەیکەی کارێکی گەمژانەیە! ئاخر چ شتێك بێزاری کردوی؟

: هەمو شتێك ، دەڕوانمە هەر شوێنێ ، جۆرێك لە خۆونکردن ... جۆرێك لەچارەنوسی نادیار و ... شتێك نیە بتوانی بابەتێکی لەسەر بنوسی. بەکوڵ هاتنی بیرو ئەندێشە و زۆر لێکدانەوە ،پاڵنەری سەرەکی خۆکوشتنن. ئەم شتانە مرۆڤ هان دەدەن خۆی بکوژێ. دەڕوانمە هەرلایەك دەبینم مرۆڤەکان خەریکن یەکتر دادەپەلۆسن و یەکتر هەڵدەدڕن و یەکتر دەخۆن ، چاڵ بۆ یەکتر هەڵدەکەنن و یەکتر بن گۆم دەکەن و تف بەسەر و چاوی یەکتردا دەکەن ، سەرباری ئەمانەش شتێکی لەبار و گونجاوت دەسناکەوێ تا دەست بۆ قەڵەمەکەت بەریت و بابەتێکی لەسەر بنوسی! جۆرێك لە (دوالیزم) ی نەفرەتی ، باڵی بەسەر هەمو شتێکدا کێشاوە.

: چۆن دەڵێی هیچت بۆنوسین وەگیر ناکەوێ؟ بابە ئەمڕۆ ڕۆژێکە ، ئەگەر دە دانە دەستیشت هەبن ، ئیش و کار بۆ هەمو دەستەکانت وەك خۆڵە.

: نەخێر وانیە برا ، هیچت بۆنوسین وەگیر ناکەوێ ، ئیدی من کۆتایی بەژیانم هاتوە ! پێم نالێی لەبارەی چیەوە بنوسم؟ تا خودا حەزکا لەبارەی سندوقدارەکان و دەرمانخانەکان و لەبارەی کێشەی ڕۆژهەڵاتەوە ، شتیان نوسیوە ... ئەوەندەیان نوسیوە کە ئیدی قڕیان خستوّتە هەمو شتێکەوە و بەشێوەیەك سەریان لە خەڵکی شێواندوە ، کە ئیدی هیچیان لێ تێناگەن. لەبارەی کفر و کێشەی خەسوو و ئاگرکەوتنەوە و کڵاوی ژنانە و نەمانی ئاکار و ڕەوشت و ناز و لەنجەکانی ( تسۆکی خان*) و ... لەبارەی بون و نەبونی ئەو دنیاوە هێندەیان نوسیوە کەئیدی هیچ شتێك نەماوە لەسەری بنوسیت. بۆنمونە ، تۆ ئیستا لەبارەی ئەو ڕوداوەوە قسەت کرد و گوتت گوایا ویستویانە کەسێك سەربڕن ... ئەمە چ شتێکی سەرسامکەری تێدایە؟ منیش ئاگاداری ڕوداوێکم ، کەسێکیان هەڵواسی و دواتر پارچە پارچەیان کرد و نەوتیان پێداکرد و ئاگریان تێبەردا. هیچیشی لەسەر نانوسم. ئەمە بابەتێکی ئەوەندە گرینگ نیە ! بەجەهەنەم ، ئەم شتانە دەبارە و سەد بارەن ، هیچ شتێکی تازەیان تێدانیە. دامنا تۆ دو هەزارت دزیوە ، یان ئاگرت لەسەرانسەری شەقامی (نڤسکی) بەرداوە ، ئەمانە چین؟ هەمو ئەمانە شتی ئاسایین و باویان نەماوە ، سەدان جار لەسەریان نوسراوە ، بڕۆ برا ! ئەمن ئیدی ... تەواو ... خوداحافیز.

: هیچ سەرلەم قسانەت دەرناکەم براگیان؟ ئەدی ئەو هەمو کێشە و گرفتانەچین؟ ئەو هەمو ڕوداوە جۆراوجۆرانە هەن ... وا دنیا بەسەر کێشە و ڕوداودا کاول دەبێ ...



: ئەو ڕوداوانە شتی بێ نرخن ، بۆ نمونە ئێستا من نیازی خۆخنکاندنم هەیە ، ئەمە لە ڕوانگەی تۆوە ، ڕوداوو گرفتە ، بەڵام لە ڕوانگەی منەوە ، تەنیا پێنج دێڕ هەواڵە ، ئەویش بەختەتی گەورە ! ئیدی نوسین نەما.

لەکاریان خستین ، لەکارمان دەخەن ، لەکاریان خستوین ، هەر یەك شتن ، هیچ شتێکی تازەیان تێدانیە ، تەنیا جیاوازیەکەی لەدەربڕین و مینگەمینگەکە دایە.

زگم بە خوێنەری قوڕبەسەر دەسوتێ ، ئاخر داماوە چ تاوانێکی هەیە ! بەردەوام ئەم شتە پڕو پوچانە دەرخواردی مێشکی بدەن!

لێرەدا ئاهێکی هەڵکێشاو سەرێکی بادا و زەردەخەنەیەکی تاڵی هێنا سەرلێوەکانی و گوتی: بەڵام ئەگەر هاتبا و شتێکی جیاواز: بۆنمونە ، کارەساتێکی دڵتەزێن و وڕکەر ، یان ڕوداوێکی ترسناك و زیاد لەئەندازە ناخۆش و نابەجێ ، کە جنۆکەکانیش زارەترك بکا ، ڕویدابا ، بێگومان گیانێکی تازەم بەبەردا دەهاتەوە. ئەگەر گوتبایان ئەو ئەستێرەیەی لەسەری دەژین ، لەکاتی سوڕانەوەیدا بەر ئەستێرەیەکی کلکدار دەکەوێ! یان بسمارك دەبێتە موسوڵمان! یان تورکەکان بە هێرشێکی کتوپڕ دەست بەسەر (کالوگا) دا دەگرن! ... یان بۆ نمونە (نۆتۆڤیچ) دەگاتە پلەی (رایزن سێر) ی! بەکورتی ئەگەر هاتبا و ڕوداوو کارەساتی لەم شێوەیە ، ڕویاندابا ، ئەوا دەژیامەوە .

: تۆ ئاشقی ناخ و کرۆکی شتەکانی ، بەڵام هەوڵدە لە تەنکایی و بواردا مەلە بکەیت ... بڕوانە چڵە گیاکان و بەرد ڕێژەکان و درزی

تەختەكان ، جوان سەرنجیان بدەیە و لێیان ورد بەرەوە ... لەهەمو جێگایەك و لەهەمویاندا ، ژیان و ئازار و كوێرەوەری بەدی دەكەیت. لە هەموپارچە تەختەیەكی بڕدراو و ڕێكخراودا ، لەبونی بەرازێكدا ، خەم و كارەسات بەدی دەكەیت.

: خەنی لەخۆت ... بەو سروشتەی كەهەتە ، باش دەزانی لەبارەی هێلكە مریشكێكی خوراوەوە قەڵەمەكەت بخەیتەكار ... بەڵام ئەمە ... ئەمە بەمن ناكرێ.

شلپكین ، بەدەنگێكی وەك سوكایەتی پێكردنەوە ، گوتی: بۆ؟ چی تێدایە؟ خراپی ئەمە لە چیدایە لەبارەیەوە بنوسیت؟ بابە! ئەمە بۆخۆی یەك دنیا پرسیار هەڵدەگرێ! یەكەم: هەركاتێ چاوت بە توێكڵە هێلكەیەك دەكەوێ ڕقت هەڵدەستێ و یەكسەر گۆڕانت بەسەردا دێت ، چونكە هێلكە مریشكێك ، كە سروشت هێناویەتیە بون و پاراستویەتی ، بۆخۆی واتای ژیانە ... لێم تێدەگەیت؟ توانای خولقاندنی هەیە و ژیانێكی نوێش بەهەزاران نەوەی تازە دەبەخشێ ، دەبینی لەناكاو خوراوە و بۆتە قوربانی نەوسنی و چڵێسی مرۆڤ ، دەكرا لەو هێلكەیە ، مریشكێك بخولقێ و بەدرێژای ژیانی ، هەزاران هێلكە بكا. ئەمەش بۆخۆی یەكێكە لە هۆكارەكانی ڕوخاندنی پایەكانی ژێرخانی ئابوری كۆمەڵگا و قوتدانی سەرچاوەیەكی ئابوری داهاتوی كۆمەڵگا! . دوەم: كاتێ چاوت بەتوێكڵە هێلكە دەكەوێ خۆشحاڵ دەبی چونكە دەبینی خەڵكی ڕوسیا لەڕوی خورد و خۆراكەوە باشن. سێیەم: دەبینین توێكڵە هێلكە ، لە كاری كشتوكاڵی وڵاتەكەماندا وەكو پەین سودی لێ وەردەگیرێ ، ئاموژگاری



خوێنەرەكانت دەكەیت و وشیاریان دەكەیتەوە كە خۆ لە تێهەڵقورتاندنەكانی بپارێزن و خۆ لە حەرام كردنی بپارێزن . چوارەم: كاتێ توێكڵی هێلكەت بەرچاو دەكەوێ ، دەكەویتە بیری ئەوەی هەمووشتێك ، ڕۆژێك لە ڕۆژان كۆتایی پێدێت و دەبێتەوە خوڵ ، ئەو شتەی كەچەند ساتێك لەمەوبەر ، لەجوڵەدابو ، ئەوا ئیستا كۆتای پێهات. پێنجەم: ... كوڕە خۆ پێویست بەم هەمو ژماردنە ناكات ، ئەگەر حەزت لێبێ دەتوانم تا سەد دانەت بۆ ڕیزكەم.

: نا برا ، ئەمن ئیدی هەستی باوەڕ بەخۆبونم لەدەستداوە ، خەم و خەفەت چنگی لەژیانم گیر كردوە ... سندان لە هەموشتێك دا.

ڕیبكین ، دوای ئەم قسانە ، هەستاو سەری حەبلەكەی لە قولابەكە ، بەست.

شلپكین ، بەدەنگێكی هێدی و هێمن ویستی پەشیمانی بكاتەوە ، بۆیە گوتی: ئەم كارەت لەهیچ و خۆڕاییە ، بەخودا لەهیچ و خۆڕاییە! بۆ ناتەوێ تێبگەیت! ئەم شارەی ئێمەی تێداین بیست ڕۆژنامەی لێدەردەچێ ، هەر بیستیشیان ، بەشی خۆیان بابەتیان وەگیر دەكەوێ ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ كەهەمیشە بابەتت بۆ نوسین وەگیر دەكەوێ! تەنانەت ئەو ڕۆژنامانەی لەشارۆچكەكانیشدا دەردەچن ، بەشی خۆیان بابەتیان وەگیر دەكەوێ.

ڕیبكین ، وەك ئەوەی بەدوای بابەتێكدا بگەڕێ ، لەبەرخۆیەوە بەمنگە منگەوە گوتی: نا ... بانگدەرە خەو توەكان ، سندوقدارەكان ، بانكی خەڵكی ، سیستمی پاسەپۆرت ، گۆڕینی ناونیشان ... (ڕۆمیلیا*) ... لێیگەڕێ ... وازی لێبێنە!

: کەوایە چۆنی بەباش دەزانی وابکە.

دوای ئەمە ، ڕیبکین ، گرێی حەبلەکەی خستە ملی خۆی و بەوپەڕی حەز و ئارەزووەوە خۆی خنکاند.

شلپکینی هاوڕێشی ، دەسبەجێ هەستا چوە سەرمێزی نوسینەکەیی و لە چاولێکنانێکدا هەواڵێکی لەبارەی خۆکوژی و چۆنێتی ڕوداوەکە و وتارێکی لەبارەی هۆکارەکانی خۆکوشتن وپرسەنامە و چەند وتاری تری لەم جۆرەی نوسین و هەرکە کارەکانی تەواوکرد ، بەخێرایی خستنیە گیرفانیەوە و بەشادیەوە بەرەو بنکەی دەستەی نوسەران ، بەرەو ئەو شوێنەی

(خوێنەر ، شانازی ،پاداشتی نوسین) چاوەڕوانیان دەکرد ، فرتەی لێکرد.

(تسوکی خان*) سەماکاری ناسراوی بالێی ئیتالی ، کە لەساڵەکانی ١٨٨٥–١٨٩٢لە ڕوسیا ژیاوە و لەسەر سەکۆی هۆڵی ( MARIINSKI) کارەکانی خۆی پێشکەش کردوە.

(ڕۆمیلیا*) یان بولگاریای باشور کەبەشێك بو لە ویلایەتە نیمچە خودموختارەکانی دەوڵەتی عوسمانی.

# ڕاوچی

چێشتەنگاوێکی درەنگ بو ، دڵی مرۆڤی تەنگ دەکرد ، تەنانەت پەڵەهەورێکیش بەئاسمانەوە نەدەبینرا ، تابلۆیەکی غەمناك بوو ، تەنانەت هاتبا و بارانیش باریبا نەیدەتوانی کەش وهەوایەکی دڵگیرو کراوە ، بەناوچەکە ببەخشێ ... شنەبایەك نەدەهات گەڵای دارەکان ببزێوێ ، درەختەکان بێ جوڵە بون و دەتگوت بەسەری چڵەکانیان لەشتێك دەڕوانن ، یان چاوەڕوانی شتێك دەکەن.

پیاوێکی چل ساڵەی باڵابەرزی ڕەقەڵە ، بەکراسێکی سور و چەکمەی درێژ و پانتۆڵی پەراوێزدارەوە ، کەپێدەچو سەردەمانێك هی ئاغایەك بوبێ ، بەهەنگاوی سست و تەوەزەلانە ، لەلای مێرگە ڕوتەڵانە بێ درەختەکەوە ، هێواش هێواش دەچوە پێش و کوێرە ڕێگاکەی دەکوتایەوە. لەلای ڕاستیەوە ، مێرگەکە و لەلای چەپیشیەوە تا چاو بڕی دەکرد کێڵگەی جۆی وێڕاگەیشتو ، تا داوێنی ئاسۆگەکە درێژ ببونەوە. پێستی ڕوخساری سوری ، ئارەقەی پێدا دەهاتە خوارێ ، کڵاوێکی سپی ئەسپسوارانی – کە پێدەچو ڕۆژێك لە ڕۆژان دیاری ئاغایەکی بەدەست و دڵ بوبێ – لەسەر قژە ماش و برنجیەکەی جێی خۆی کردبۆوە. تورەکەکەی شانی باڵندەیەکی تێدابو ، تاپڕە دولولەکەی – کە شکاندبویەوە – بەدەستەوە بو و چاوانیی بڕیبونە



سەگەپیر ولاواز و بێ تواناکەی کە لەپێشیەوە دەڕۆیشت و بۆنی بە بنچکەکانەوە دەکرد.

کەشوهەوایەکی کشومات ، باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابو ، هیچ دەنگێك نەدەبیسترا ، هەرچی بونەوەر هەبو ، لە ترسی تین و تاوی گەرما ، خۆیان لە پەنا وپەسیوان پەنا دابوو.

لەناکاو دەنگێکی ناسکی وەبەر گوێیان کەوت: یۆگۆر ڤێلاسیچ !

ڕاوچی سەری سوڕما ، سەری وەرسوڕاند ژنێکی سی ساڵەی ڕەنگ پەڕیوی – کە داسێکی لەدەستیدا بو – لە تەنیشت خۆیەوە بینی. دەتگوت هەر ئەو ساتە لەوێ قوت بۆتەوە. ژنە لە حاڵێکدا کە زەردەخەنەیەکی شەرمنانەی بەسەر لێوانەوە بون ، هەوڵیدا بڕوانێتە نێو چاوانی ڕاوچی. ڕاوچی ڕاوەستا و بەئەنقەست ئانیشکەی تاپڕەکەی گەڕاندەوە شوێنی خۆی و گوتی : ها...ئەوە تۆی پێلاگێیا ؟ چ دەکەی لێرە ؟

: ژنانی دێ لێرە کار دەکەن ، منیش هاتوم لە گەڵیاندا ...کرێکاری دەکەم یۆگۆر ڤێلاسیچ .

یۆگۆر ڤێلاسیچ بە ناڕازیبونەوە گوتی : ئا بەم شێوەیە ...

پێلاگێیا بەدوای ویدا وەڕێکەوت ، نزیکەی بیست هەنگاوێك بەم شێوەیە و بێ ورتە ڕێگایان بڕی. پیلاگێیا ، بەچاوانێکی پڕ لە سۆزەوە دەیڕوانیە شانەکانی کابرای ڕاوچی – کە لە حاڵی ڕۆیشتندا لەهەڵتەك هەڵتەك دابون – و گوتی: لەمێژە نەمدیوی یۆگۆر ڤیلاسیچ ... لەجەژنی پاکەوە کەهاتی و لەکوختەی نێو کێڵگەکە داوای ئاوی

خواردنەوەت کرد ... لەو کاتەوە نەمدیوی ، جەژنی پاك بۆچەند ساتێکی کەم هاتیە ئەوێ ...خودا دەزانێ چ حاڵێکت هەبو...حەجمینت نەبو ... زۆرت جنێو پێدام ...پاشان زۆرت لێدام و لێتدا ڕۆیشتی ...دواتریش هەر چاوەڕێ بوم! گوتم بەڵکوو بێیت و بتبینم ... هەر چاوم لە ڕێ بوو ، کەچی هەر نەهاتی. بەڵێ یۆگۆر ڤێلاسیبج! ئەری ٚ هەر بەڕاست دەرفەتێکت نەبو بێیت و چاوێکت بەوێ بکەوێ؟

: ئنجا من چ کارم بەوێیە؟

: ڕاستە کارت بەوێ نیە ... بەڵام ... باشە ... ئەوێ چاودێری دەوێ ... خزمەت وپێڕاگەیشتنی دەوێ ... پیاوی ماڵ ... ئەوە باڵندەت ڕاوکردوە یۆگۆر ڤێلاسیج! دەڕاوەستە با تاوێك لێرە دانیشین. یۆگۆر بە بێ بایەخیەوە گوتی: دانیشین؟ ئەی بەسەرچاو... ئەمەی گوت و زۆر بەخێرایی جێگایەکی لە نێوان دو دار سنەوبەر هەڵبژارد و دانیشت و گوتی: ئەدی تۆ بۆ ڕاوەستاوی؟ بۆ دانانیشی؟ پێلاگێیا ، بڕێك دورتر لەو ، لەبەر خۆرەکە دانیشت و شەرمی لەو دڵخۆشی و شادمانیەی خۆی دەکرد ، کە سەرتاپای جەستەی گرتبوۆوە. دواتر گوتی: ئەگەر دەرفەتت هەبو سەرێك بدە. یۆگۆر ئاهێکی هەڵکێشاو کڵاوەکەی داگرت و بە ناولەپی دەستی ئارەقەی نێوچاوانی سڕی و وەڵامی دایەوە: سەری چی بدەم ! ئەوە هاتم چ سودێکی هەیە ؟ یەك دو کاتژمێر هاتمە ئەوێ و کاتی خۆم بە فیڕۆ دا ، چ ڕویدا ؟ بۆچی بێم لەکاتی تۆش بگرم؟ تازە ئیدی ئەمن توانای ژیانی نێو دێم نیە ... تۆ



بۆ خۆت لە هەمو کەس باشتر ئەمە دەزانی ، فێری ئەوە نیم ڕەنج و ماندوبون بکێشم ...ئەوشتەی لە ژیانمدا بەدوایدا دەگەڕێم دۆشەکێکە لەسەری ڕاکشێم و چایەکی بەتام و بۆنداریش هەبێ بیخۆمەوە و کەسێکیش هەبێ بە گەرمی لەگەڵیدا تێکەڵ ببم ، هەرئەوەندە و هیچیتر ...دەمەوێ بڵێم ئەمن هەمو شتەکانم دەبێ یەکلایی کرابنەوە ، بەڵام تۆ هەمو هیوایەتت ئەوەیە لەنێو هەژاری و پیسی و چەرمەسەری نێو دێدا بژیت ... ئەمن تەنانەت یەك ڕۆژیش چیە توانای ئەمانەم نیە ، وایدانێ من حەتمەن دەبێ لەگەڵ تۆدا بژیم ، باشە ، بەڵام دڵنیابە ئەوسا یان دەبێ ئاگر لە ئالینکۆ بەردەم و بیسوتێنم ، یان دەبێ خۆم نابود کەم. ڕێگاچارەیەکی تر نیە ، ئەمن لە مندڵیەوە فێری ژیانی ئاسودەیی بوم و هیچ کارێکم پێناکرێ.

: ئێستا لە کوێ دەژیت ؟

: هەر لێرە ،لای ئاغا دیمتری ئیڤانۆڤیچ ، ڕاوچی ئەوم ، ڕاوی بۆدەکەم ، گۆشتی سەر خوانی نیوەڕۆ و ئێوارێی لە سەر منە ، بەڵام ئەو زیاتر لە بەر سەرگەرمی لای خۆی ڕایگرتوم.

: بەڵام یۆگۆر ئەم کارە لە شان و شکۆی تۆ ناوەشێتەوە ، ڕاستە لەوانەیە خەڵکی بزانن لە بەر سەرگەرمیە ، بەڵام تۆ نابێ ببیە پیاوی خەڵکی! ئەمە کارێکی باش نیە تۆ دەیکەی. یۆگۆر بە غەمگینیەوە لە ئاسمانی ڕوانی و گوتی : تۆ ژنێکی تێنەگەیشتوی ، هیچ شتێك ناچێتە مێشکتەوە ، تا ئێستاش لە هیچ تێنەگەیشتوی ، تا کۆتایی ژیانیشت تێناگەی من چ جۆرە مرۆڤێکم ... تۆ ، بەپیاوێکی گێل و

تێنەگەیشتوم دەزانی ، وادەزانی بە لاڕێیاندا بردوم ، بەڵام ئەوەی کە سەری بەجەستەوە بێ ، دەزانێ من باشترین تفەنگچی ئەم ناوچەیەم ، چینی ڕەسەنزادە و خانەدانانیش ئەمە دەزانن. تەنانەت لە گۆڤارێکیشدا باسیان کردبوم . تەنانەت وەرزشکارەکانیش وەك منیان پێناکرێ ، ئەگەر دەبینی کە بەخت و نێوچاوانم لە کشتوکاڵ و کێڵگەدا نایکا ، هۆیەکەی ئەوە نیە کە خۆشی ڕادەبوێرم و لەخۆبایم . من هەر لە منداڵیەوە هەمو هۆش و بیرم لای سەگ و تفەنگ بووە. ئەگەر تفەنگیان لێستاندبام دەچوم بە قولاب ماسیم دەگرتن ، ئەگەر قولابیان لێ زەوت کردبام ، دەستەکانم وەکار دەخستن ، ئەسپیشم هەبون هەر کاتێ بڕێکم پارە وەچنگ کەوتبا ، لێمدەدا دەچومە مەیدانێ و ئەسپم دەکڕی. باش بزانە ! ئەگەر دێهاتیەك بوە وەرزشکار ، یان هاتو سەری لە کڕین و فرۆشتنی ئەسپ دەرکرد ، ئیدی جارێکی تر بەلای جوت و گادا ناچێ. هەستی ئازادیش هەمان شتە ، هەرئەوەندەی لە ناخی پیاوێکدا چەکەرەی کرد ، ئیدی بە هیچ شتێك ڕیشەکێش ناکرێ ، هەروەها هەر کاتێ مرۆڤ تامی پیشەیەکی هونەریی کرد ، ئیدی ئەستەمە وەدوای کاری کارمەندی و تەنانەت ئاغایەتیش بکەوێ . تۆ ژنی ، مێشکت ئەم شتانە وەرناگرێ ، بە لام مرۆڤ دەبێ لەم شتانە تێ بگا.

: تێدەگەم یوگۆر ڤێلاسیچ .

: ئەگەر بەنیازی گریانیت ڕونە کە تێناگەی . . .



پێلاگێیا ، ڕوی وەرسوڕاند و گوتی : من... ناگریم ! دەمەوێ بڵێم گوناهت دەگا یوگۆر ڤێلاسیچ ! ئەگەر بۆ جارێکیش بوە دەبێ بێیتە لای ژنە بەدبەختەکەت ، دوانزە ساڵە من ژنی تۆم ، ئێستا و ئێستاش جارێك نەمدی لە تەنیشتمەوە ڕاکشێی ... من ناگریم .

: لە تەنیشتتەوە ڕاکشێم؟ ... ئەم فکر و خەیاڵانە لەمێشکی خۆت بەرە دەرێ ، من و تۆ هەر بەناو ژن و مێردین ، بەڵام لەڕاستیدا ژن و مێرد نین ، تۆ ، من بەپیاوێکی کێوی دەزانی ، منیش تۆ بەژنێکی تێنەگەیشتوی لادێیی دەزانم ، من و تۆ بەکەڵکی یەکتر نایەین. من پیاوێکی سەربەستم ... بەناز پەروەردە کراو و بەدڕەفتارم ، تۆش لەبەرامبەردا ژنێکی کرێکاری ... ئەو پێڵاوەی لەپێتدایە لە بەن دروستکراوە ، ئەگەر زانیبات من چ پیاوێکم و کێم و چ کارەم و لە زۆر کارو باراندا هاوتام نیە ، ئەوسا بەزەیت پێمدا نەدەهاتەوە. بۆیە دەڵێم ئێمە بەکەڵکی یەکتر نایەین .

پێلاگێیا لە پڕمەی گریانیدا: ئاخر... ئێمە ژن و مێردین ...

: بۆخۆت دەزانی کاتی خۆی پێکهێنانی ژیانی هاوسەریمان لەدەست خۆماندا نەبو ، مەگەر لە بیرت چۆتەوە؟ لەدەست کۆنت (سێرگی پاڤلۆڤیچ ) دا بو؟ هۆیەکەشی ئەوە بو لەبەرئەوەی دەست و تفەنگم لەنیشان ئەنگاوتندا لەو باشتر بو ، بۆیە یەك مانگی ڕێك شەرابی دامێ ، خۆشت دەزانی کاتێ مرۆڤ سەرخۆش بێت ، دینەکەشی دەگۆڕێ ، چ بگا بەوەی هانیبدەن ژن بێنێ. وابو یان نا؟ لەبەرئەوەی هێندێك

وردە حیسابی لە گەڵمدا هەبو ، کاتێکیش مەست و سەرخۆش بوم تۆی لێ مارە کردم ... گەرنا ڕاوچی لەکوێ و کچە شوانێك لە کوێ؟ تۆش کە بینیت سەرخۆشم و ئاگام لە خۆم نیە بۆ شوت پێکردم ؟ خۆ کۆیلە و کەنیزە نەبوی دەکرا بڵێی نایکەم. ڕاستە لەوانەیە کچە شوانێك هیوایەتی بێ ، شو بە ڕاوچیەك بکات ، بەڵام تۆ ، دەبو مێشکت وەکار خستبا ، ئیستاش کەوایە و ئاوات بە سەر خۆت هێنا ، با ئەمە حاڵت بێت ، هەر بۆخۆت بگری ، ژن و مێردایەتی ئێمە ، جگە لەخۆشحاڵ کردنی کۆنت شتێکیتر نەبو ، بەڵام فرمێسکەکان بۆ تۆ مانەوە ... بۆ خۆت هەر بگری ...برۆ سەرت لە دیواری بکوتە ...

بێدەنگیەك ئەوان و ناوچەکەشی داگرت. سێ مراوی کێوی ، بەسەر ئاسمانی جەنگەڵەکەدا فڕین. یۆگۆر چاوی لەسەر هەڵنەگرتن تا وردە وردە بون بە خاڵێك و لە چاوان ونبون. ڕاوچی ، نیگای لەسەر مراویەکان گواستەوە سەر پێلاگێیا وپرسی: گوزەرانت چۆنە ؟

: ئیستا کرێکاری دەکەم ، زستانانیش منداڵێك لە دایەنگا وەردەگرم و بەخێوی دەکەم لە بەرامبەردا مانگی ڕۆبڵ و نیوێکم دەدەنێ

: خراپ نیە.

جارێکی تر بێدەنگی باڵی بە سەرداکێشان. لەولای ئەوپارچە زەوییەی – کە بەرهەمەکەیان دوریبوو – دەنگی گۆرانیەکی خۆش بەرزبۆوە. بەڵام هەر زو بێدەنگ بو ، کەش و هەواکەی زۆر لەوە گەرمتر بو کەسێك توانای گۆرانی گوتنی هەبێ .



پێلاگێیا گوتی: دەڵێن گوایا کوختێکی نوێت بۆ ئالونیا دروستکردوە ؟

یۆگۆر وەڵامی نەداوە.

: ڕونە کە زۆرت خۆش دەوێ!

ڕاوچی گوتی: بەخت و چارەنوسی تۆ هەر ئەمەیە ، هیچ لەگەڵ چارەنوسدا ناکرێ ، دەبێ خۆتی لەگەڵدا ڕابێنی ، خودا حافیز زۆرم قسە کرد ، دەبێ شەوێ لە ( بۆڵتۆ) بم .

یۆگۆر هەستا و تاپڕەکەی کردە شانی. پێلاگێیاش هەستا و بەدەنگێکی پڕلەسۆزەوە گوتی : پێت نەگوتم؟ دێیت بۆدێ ؟

: بێم بۆ دێ چ بکەم؟ دڵنیابە بێشم بەوشیاری نایەم ، چاوەڕوانی هیچ شتێکیش لە کەسێکی سەرخۆش ناکرێ ، ئەو کاتانەی مەستیشم ، نەفرەت لە هەمو شتێك دەکەم ... خوداحافیز.

: خواحافیزت بێ یۆگۆر ڤیلاسیچ .

یۆگۆر ، کڵاوەکەی لەسەرناو سەگەکەی دەنگدا و وەڕێکەوت .

پێلاگێیا هێشتا ڕاوەستابو و لەدواوە سەیری ڕاوچی دەکرد. سەیری کڵاوەکەی و سەیری هەنگاوە لە سەرخۆ و بێخەیاڵەکانی دەکرد. چاوەکانی پڕپڕ ببون لە سۆز و غەم ...چاوانی لە باڵای بەرز ولاوازی مێردەکەی بڕیبون ، بەچاو بەڕێی کرد ... ڕاوچیەکە ، وەك ئەوەی لە دواوە هەستی بەنیگاکانی ئەم کردبێ ، ڕاوەستا و ئاوڕی دایەوە ، قسەی نەکرد ، بەڵام لە دوورڕا زانی کەپێلاگێیا دەیەوێ شتێك بڵێ ،

به ترس و لەرزەوە برێك چوەپێشێ و بە نیگایەكی پڕ لەبەزەییەوە چاوی تێبڕی. ڕاوچی گەڕایەوە و گوتی: ها ئەمە بگرە. یەك ڕۆبڵییەكی كاغەزی نوشتاوەی دایە دەستی و خێرا ڕۆیشت. پێلاگێیا زۆر بە گەرمی و بایەخ پێدانەوە گوتی: خودا حافیزت بێ یۆگۆر ڤێلاسیچ.

یۆگۆر ڤێلاسیچ ، ملی ڕاستە ڕێیەكەی – كە دەتگوت جیرەیە لێك دەكشێ – گرت و پێلاگێیاش ڕەنگ پەڕییو و بێ جوڵە ، وەك پەیكەرێك لە شوێنی خۆی چەقیبو و چاوانی بڕیبونە هەنگاوەكانی ڕاوچی ، تاوەكو وردە وردە ڕەنگی سوری كراسەكەی لە گەڵ ڕەنگی خۆڵەمێشیی پانتۆڵەكەی ، تێكەڵ بەیەكتر بون و لێكدی جودا نەدەكرانەوە و هەنگاوەكانی نەدەبینران. سەگەكەشی لەپێڵاوەكانی جودا نەدەكرانەوە ، تا وایلێهات جگە لە كڵاوەكەی ، هیچ شتێكی تر بەدی نەدەكرا ... سەرەنجام لە كۆتایی جەنگەڵەكە ، بایدایەوە و كڵاوەكەشی دیار نەما. پێلاگێیاش لەژێرلێوەوە گوتی: خودا حافیزت بێ یۆگۆر ڤێلاسیچ ، لەگەڵ ئەم قسەیەشدا خۆی بڵند كرد و لە سەر پەنجەكانی پێی ڕاوەستا ، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێ جارێكی تر كڵاوی مێردەكەی ببینێ.

تێبینی/ ئەم چیرۆكە پێشتر لە ژمارە ٧٢٤ ی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ بڵاو بۆتەوە

# سەگی گرانبەها

کۆنە سەربازێك بەنێوی (عەریف دۆبۆف) و ئەفسەرێك بەنێوی (کناپس) ، دانیشتبون و پێکەوە دەیانخواردەوە.

دۆبۆف ، بەدەم نیشاندانی سەگەکەیەوە ، ڕویکردە کناپس و گوتی: سەیرکە چۆنە؟ پێویست بەپیاهەڵدان ناکا ، سەگێکی دەگمەنە ، بڕوانە قەپۆزی! بەڵام ئەوەندەی دەوێ ، بگاتە کڕیاری خۆی و تا لەبەر ئەم قەپۆزە جوانەی ، سەد ڕۆبڵ بکاتە دەستمەوە. باوەڕ ناکەی؟ دەوەڵاهی ، تۆ مێشکت هیچ شتێك وەرناگرێ.

: شت وەردەگرێ ... بەڵام ئاخر ...

: بۆچی بەجوانی سەیری ناکەیت و تێناگەیت کە ئەم سەگە ، سەگێکی ئاسایی نیە؟ کاکە ئەم سەگە لەڕەگەزی (سێتر) ی ڕەسەنی ئنگلیزیە ، قیت ڕاوەستانەکەی جێگای تێڕوانینە ، هەستی بۆنکردنی زۆر سەیرە! پێویست بەوە ناکا ستایشی بکەم ، دەزانی بە تولەیی چەندم پێدا؟ سەد ڕۆبڵم پێدا! سەگێکی دەگمەن و دانسقەیە. مێڵکا! هەی ناڕەزا! مێڵکای گەمژە! وەرە ئێرە ... وەرەلام ... وەرە ئێرە سەگە بچکۆلەکەم . . .

لێرەدا دۆبۆف مێڵکای بۆ لای خۆی ڕاکێشا و ناو گوێچکەی سەگەکەی ماچ کرد و دوا بەدوای ئەمە ، فرمێسکی بەچاواندا هاتنە خوارێ ...

دواتر گوتی: مەترسە سەگە بچکۆلەکەم ، مەحاڵە بتدەمە کەسێکی تر ... نازدارەکەم ، دەزانم تۆش منت زۆر خۆشدەوێ ، وانیە مێڵکا؟



خۆشت دەوێم یان نا؟ بەڵام دوای کەمێك هاواری لێ هەستا: دەی ئیستا بڕۆ گۆڕت گومکە ، ئەو چنگە پیسانەت بە باڵتۆکەم سڕیەوە. بەڵێ کناپس ، دەمەویست پێت بڵێم ئەم تولەیەی دەیبینی ، سەد وپەنجا ڕۆبڵم پێداوە. خۆت دەزانی من پارەی خۆم بەشتی لا بەلا و بێ سود نادەم ، بەڵام حەیف دەرفەتم نیە بیبەمە ڕاوێ ، ئاوا بڕوا ، ئەم سەگە جوانە ، لەئەنجامی نەجوڵان و بێ کاریدا دەپوکێتەوە و هێز و توانای خۆی لەدەست دەدا ... بۆیە دەمەوێ بیفرۆشم ، ناشمەوێ ئەم سەگە جوانە بکەوێتە لای هەمو کەسێك و بەخەسار چێت ، وەرە لێم بکڕە و تاماوی نزای بەخێرم بۆبکە! ئەگەر پارەشت نیە ، ئەوە کێشە نیە و بە نیوەی نرخەکەی ... واتا بەپەنجا ڕۆبڵ دەتدەمێ و خێری لێ ببینی... لەڕاستیدا پەنجا ڕۆبڵ بۆ ئەم سەگە ، وەك ئەوەیە دۆزیبێتتەوە.

کناپس ، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی: نا گیانەکەم ... کێشە ئەوە نیە ، باوەڕت بێ ئەگەر هاتبا گۆڵ بوایە ، بەدڵنیایەوە لێتم دەکڕی ، بەڵام ...

عەریف خۆی وا نیشاندا کە بەم قسەیە حەپەساوە و گوتی: دەڵێی گۆڵ نیە؟ ئەوە چیت بەسەر هاتوە کناپس؟ هە ... هە ... هە... واتدەزانی دێڵە؟ هە... هە ... هە... تۆ گەنجێکی باشیت ، بەڵام بەداخەوە نەمدەزانی ئیستاش گۆڵ و دێڵ لە یەکتر جیا ناکەیتەوە!

کناپس ڕەنجا و گوتی: تۆ بە شێوەیەك قسەم لەگەڵ دەکەیت ، وەك ئەوەی کوێر بم و چاوم هیچ نەبینێ ، یان منداڵێك بم ... کاکە خۆ ڕون ئاشکرایە کە دێڵە.

: ئەرەوەلا دەترسێم منیش بە ژن بزانی نەك پیاو! ئاخ لەدەست تۆ کناپس! ئەوە ئاواش کۆلیژی هونەرت تەواو کردوە؟ نا گیانەکەم ، خۆشەویستەکەم ، مێڵکا گوڵە سەگێکی ڕەسەنە ،جگە لەوەش ئامادەم لەگەڵ چ سەگێك تۆ پێت باشبێ ،پێشبڕکێی پێبکەم ، قەیناکا با مەودای میلکا دورتریش بێت ، ئیستاش نایسەلمێنی کە گوڵە؟ هە ... هە ... هە ...

: ببورە میخائیل ئیڤانۆڤیچ ، تۆ دەڵێی بە گەمژەم دەزانیت ... ئەم ڕەفتارانەت ، دلگرانم دەکەن ...

: باشە کاکە کەوایە لێی گەڕێ ... پێویست ناکا بیکڕیت! زۆری دەوێ تا تۆ تێدەگەیەنم. دەترسێم ماوەیەکی تر بەدەمی مێڵکا بلێی ئەمە دەمی نیە قاچیەتی ... لێیگەڕێ گیانەکەم ... من تەنیا مەبەستم بو چاکە وپیاوەتیەکت لەگەڵ بکەم ، کورە (ڤاخیرامۆڤ) کۆنیاکمان بۆبێنە.

ڤاخیرامۆڤ ، کۆنیاکەکەی بۆ هێنان. هەردو ئاشنا ،پێکەکانیان پڕکردن و کەوتنە بیرکردنەوە.

نزیکەی نیو کاتژمێر بێدەنگی دایگرتن ، عەریف دۆبۆڤ چاوەکانی بریبونە بتڵی کۆنیاکەکە و بێدەنگیەکەی شکاند: دامنا دێڵ بو ... بەڕاستی قسەکانت سەیرن! دێڵە با دێڵ بێ! خۆ ئەمە لە بەرژەوەندی تۆدایە! یەك جار بترەکێ ، دە دانە تولەی دەبێ و دەتوانی هەر یەکی بەبیست وپێنج ڕۆبڵ بفرۆشی ... دەبێ بەم نرخە مەمنونیش بن! نازانم تۆ چیت بەسەر هاتوە ئەوەندە حەزت لەگۆڵە سەگە؟ دێڵە سەگێك هەزار گوڵە سەگ دێنێ ... بەوەفا ترە ... زوتر



خوت پێوەدەگرێ ... باشە کاکە! مادام هێندەت حەز لە گوڵە! ئەوا منیش بیست وپێنج ڕۆبڵی ترت لێوەرناگرم ...

: ناگیانەکەم ... لەبەرئەوەم نیە ... من ناتوانم یەك پاپاسیشی پێ بدەم ، ڕاستیەکەی ئەوەیەپێویستیم بەسەگ نیە ، لەلایەکی تریشەوە من ئەسپێ لەگێرفانمدا سەوزەڵێ خانم دەڵێ.

: هەستەلاچۆ لەبەرچاوم ، گوڕت گوم کە ، بۆچی لە سەرەتاوە وات نەدەگوت.

عەریف هەستا هێلکە و ڕۆنی هێنا ، هەردو ئاشنا قوڵیان لێ هەڵماڵی ، بێ ئەوەی یەك وشە لەگەڵ یەکتردا بدوێن ، هێلکە و ڕۆنەکەیان خوارد و بەپارچە نان ، تاوەکەشیان سڕیەوە و خواردیان.

عەریف ، بەدەم لستەوەی لێوەکانیەوە ، گوتی: کناپس! تۆ گەنجێکی باش و لێهاتوی ، پێم ناخۆشە بەدەستی بەتاڵ بچیەوە ماڵێ ... ئەوە هیچت لێوەرناگرم و بەخۆڕایی بیبە. کناپس ئاهێکی هەڵکیشا و وەڵامی دایەوە: ئاخر پێمنالێی بیبەمە کوێ؟ جگە لەوەش من کێم هەیە ئاگای لێی بێت؟

: باشە کاکە ناتەوێ کەیفی خۆتە ، سندانت لێدا خوایە. ناتەوێ هیچ گرفت نیە ... دە جارێ دانیشە بۆ کوێ دەچی؟

کناپس هەندێك خۆی هێناو برد و لەجێگای خۆی هەستا و دەستی بۆ کڵاوەکەی درێژ کرد و بەدەم باوێشك دانەوە ، گوتی: دەبێ بڕۆم ، خودا حافیز ...

: دەڕاوەستە ... لەسەرخۆ پەلەی چیتە؟ ... ڕاوەستە منیش لەگەڵتا دێم.

هەردوكیان جل و بەرگیان لەبەر كرد و هاتنە كۆلانێ ، نزیكەی سەد هەنگاوێك بێ ورتە ڕێگایان بڕی.
سەرەنجام عەریف دەستی بەقسان كرد و گوتی: بزانە كەسێك ناناسی سەگەكەی بدەینێ؟ بۆخۆت دەزانی مێلكا سەگێكی ڕەسەنە ، لە ڕەگەزێكی ڕەسەنە ... بەلام چی بكەم بە كەلكی من نایەت.
: نەوەلا كەس ناناسم ... من كوا دۆست و ئاشنام لەم شارەدا هەیە؟
دواتر ، هەردوكیان تا بەردەمی مالی كناپس ، ورتەیان لەدەم نەهاتە دەرێ ، تا ئەوكاتەی كناپس ، بەنیشانەی خواحافیزی ، دەستی عەریفی گوشی و ویستی دەرگاكە بكاتەوە. دۆبۆف ، لەوكاتەدا گوتی: دەبێ دەباغەكان لێم وەرنەگرن؟
: لەوانەیە لێت وەرگرن.
: بەیانی دەیدەمە دەستی ڤاخرامیێڤ و با بیبا... لێی گەڕێ با كەولی كەن ... سەگێكی نەفرەتیە ... زۆر نەفرەتیە. سەرباری ئەوەی ژورەكان پیس دەكا ، دوێنێ هەرچی گۆشتێك هەمانبو ، هەموی ژەقنەبوت كردبو ... ئەگەر لە رەگەزێكی باش و ڕەسەنیش بوایە بەهەرحال! بەلام ئەمە دوڕەگە ، بەرهەمی جوتبونی سەگ و بەرازە ، بەهەرحال ... شەوباش.
كناپس وەلامی دایەوە: شەوباش.
دواتر دەرگای حەوشە بەتوندی پێوەدرا و عەریف دۆبۆف بە تەنیا مایەوە.

# گەورەترین شاری ڕوسیا

خـــەڵکی شـــاری (تـــیم) ی ئەیالـــەتی ( کوڕســـك) ، ئێـــستاش ئـــەم ئەفسانەیەی خوارەوەیان لەبیرماوە و شانازی پێوە دەکەن .

ڕۆژێك لە ڕۆژان ،پەیامنێرێکی ئنگلیز ، ڕێگای دەکەوێتە شـاری تـیم ، هەرکـە بـەخۆی و گالیسکەکەیەوە وەنێـو کۆڵانـەکانی شـار کـەوت ، پرسی: ئەریٚ ئێرە کوێیە؟

گالیـسەڕانەکە ، لەکاتێکـدا کەدەیویـست خـۆی لـەقوڕو چـڵکاو و گۆمەئاوەکان بپارێزێ ، وەڵامی دایەوە: تیم.

کابرای ئنگلیزیش بە ئومێدی ئەوەی گالیسکەکە لەنێو قـوڕو چـڵکاوی کۆڵانەکـە بێتـەدەرێ ، سـەری بەپـشتی گالیـسکەکە کـرد و خـەوی لێکەوت.

کاتیٚ دوای کاتژمێرێك بێدار بۆوە ، مەیدانێکی گـەورە و بـەرینی بـینی کە ڕیزە دوکانیکی بچوکی سپی و چەند سـەر بـەراز و بینایـەکی ئـاگر کوژاندنەوەی لێبون ، لەگالیسکە ڕانەکەیی پرسی: ئێرە کوێیە؟

: تیم.



گالیسکەڕان ، ئەمەی گوت و لەگالیسکەکە هاتە خوارێ ، تـا یارمـەتی ئەسپەکەی بدات – کە لەنێو ئەو قوڕ و چڵکاوەدا چەقیبو – و هاواری کرد: نەفرەتی خودات لێدا وڵاغ!

کـابرای پـەیامنێری ئنگلیـزیش باوێـشکێکی دا و چـاوەکانی لێکنـان و دیسان خەوی لێکەوتەوە.

دوای نزیکەی دو کاتژمێرێك ، لە ئەنجامی تەکانێکی بەهێزی ئەسپەکە ، پەیامنێر ، بێدار بۆوەو چـاوەکانی هـەڵگلۆفت و چـاوی بـە کۆڵانێـك کەوت کە بە درێژایی خۆی ، خـانوی گـچکە گـچکەی سـپی دیـاربون ، لێرەدا بینی گالیسکەڕانەکە تا ئەژنۆی لە نێـو قـوڕ و چـڵکاودایە و بـە هەمو هێزی خۆیەوە ڕێشمەی ئەسپەکە ڕادەکێشیٚ و جنێو دەدا.

دیسان پرسی: ئەم شارە ناوی چیە؟

: تیم.

کاتــژمێرێك دواتــر ، کــاتیٚ کــابرای ئنگلیــز بــۆ پــشودان لایــدابوە میوانخانەیــەك ، چـوبوە سـەرمێزێکی نوسـین و ئەمـەی خـوارەوەی نوسـیبو: ( بـە پێـچەوانەی بۆچـونی هەموانـەوە ، گـەورەترین شـاری ڕوسیا ، نە مۆسکۆیە! نەپترسبۆرگە! بەڵکو شارێکە بەناوی (تیم).

# لەخوێندنگای شەوانە ڕۆژیدا

زەنگی کاتژمێرە دیواریەکەی ژوری مادام (ژڤزوم) ی بەڕێوەبەری خوێندنگاکە ، دوازدە جاران لێیدا. خوێندکارەکان ، کچانی لەڕولاواز و ژاکاو ، قوڵیان لە قوڵی یەکتر هەڵکێشابو و بەگران و سەنگینیەوە ، لەڕاڕەوی خوێندنگاکەدا ،پیاسەیان دەکرد. مامۆستا ژنەکانیش ، بەچاوانێکەوە کە نائاسودەییان تێدا بەدی دەکرا ، چاویان لە سەر کچەکان هەڵنەدەگرت و بە پێچەوانەی ئەو بێدەنگیەی کە هەبو ، جار جار ، وەك ئاگادار کردنەوەیەك هاواریاندەکرد: (مادام سیلانس *) .

مادام ژڤزوم و (دێر یاڤین) ی مامۆستای بیرکاری ، لە ژوری تایبەتی مامۆستایان ، یان بەواتایەکی تر: لەپیرۆز ترین و پڕنهێنی ترین ژوری خوێندنگاکە ، دانیشتوون .

دێریاڤینی مامۆستای بیرکاری ، کاتژمێرێك دەبێ وانەکانی خۆی تەواو کردوە و کاتی ئەوەیە بڕواتەوە ماڵێ ، بەڵام هێشتا نەچوتەوە ، چونکە نیازی هەیە داوای زیادکردنی موچەکەی لە مادام ژڤزومی بەڕێوەبەر بکات ، بە هۆی ئەو شارەزاییەی کە لەسەر دەرونی ئەم پیرەژنە هەیەتی ، ناچێ هەر لەخۆڕا و بێ پێشەکی یەکسەر داواکاریەکەی بێنێتە گۆڕێ ، بەڵکو چەشنی سیسەتمەدارێك ، کارەکەی خۆی دەباتە پێشەوە.



دوای ماوەیەك ئاهێك هەڵدەکێشێ و دەڵێ: بیانکا ئیڤانۆڤا ، ئەمن هەرچەندی سەیری ڕوخساری تۆ دەکەم ، دەکەومە یادی ڕابردوەوە ... ئەوسا کچی جوان و نەشمیلانە زۆر بون ، چەندە جوان بون ! ئەقڵ و ئاوەزییان لەمێشکی پیاودا نەدەهێشت ، بەڵام ئێستا کوا کچی جوان؟ ژنێکی جوانت بەرچاو ناکەوێ! لەم سەردەمەدا لە جیاتی بینینی ژنێکی بەواتای وشە ، ڕاستەقینە ، هەرچی دەیبینی دەڵێی جڕوجانەوەرە ، یەك لە یەك ناشیرنترن ...

مادام ژڤزوم ، بە دەنگ و دەربڕینە تایبەتیەکەی خۆیەوە گوتی: بەڵام ئێستاش تا دڵت بیەوێ ژنی جوان زۆرە !

دێریاڤین: بە گەرمی وپێداگریەوە دەڵێ: دەکوا؟ بە منیشیان نیشاندە با بیانبینم؟ توخوا ئەگەر واز نەهێنی بیانکا ئیڤانۆڤنا ! من زۆر باش لە سادەیی و دڵپاکی تۆ گەیشتوم ، لەئەنجامی پاکی خۆتەوە ، ئەگەر ژنێك ببینی لەفیلی دەریاش ناشیرنتر بێت ، تۆ پێی دەڵێی جوان ، بمبورە کە ئاوا ڕاشکاوانە قسەت لەگەڵدا دەکەم ، بەڵام ئەوەی دەیڵێم ، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە. بۆ نمونە دوێنی لە کۆنسێرتەکەدا ، ئەوەندەی سەرنجمدا ژنێکی جوانم نەدی. وەرە قوتابیەکانی پۆلی شەشی خۆمان بەنمونە وەرگرین ... مەبەستم ئەو خونچانەیە ! ئەو بوکانەی سبەی ڕۆژە ئەگەر بشێ پێیان بگوترێ: ئەو سێوانەیە ... سەیری ئەو هەژدە کچەی پۆلی شەش بکە ! بزانە یەك دانەشیان سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێ؟

: ئەمە ڕاست نیە ! لە هەر کەسێك بپرسی دەزانێ کچانی پۆلی شەشی خوێندنگاکەمان کچی زۆر جوانیان تێدایە ، بۆنمونە ( کۆچکینا) ، (ئیڤانۆڤنا) ، (پالتسێڤا) ، ئەوە جارێ پالتسێڤا دەڵێی تابلۆیەکی هونەریە ! من بەم ژنی خۆمەوە چێژ لە بینینی وەردەگرم...

دێریاڤین ، لەبەرخۆیەوە بەمنگەمنگەوە دەڵێ: زۆر سەیرە ! ... دەنا من بەشبەحاڵی خۆم هیچ شتێکی جوان و سەرنج ڕاکێش لە ڕوخساریدا بەدی ناکەم ...

مادام ژڤزوم ، بەسەرسوڕمانەوە وەڵام دەداتەوە: سەیری ئەو چاوە ڕەشانەی بکە ! دەڵێی دەنکە ترێن! ئەگەر بەجوانی لێی وردبیەوە ، بۆت دەردەکەوێ جوانێکی بێ وێنە و دەگمەنە و کەموکوڕی تێدا نیە ، ئەگەر هاتبا و سەردەمی کۆن بوایە ، بۆ دروست کردنی پەیکەری خواوەندێك ، ئیلهامیان لە ڕوخساری ئەو وەردەگرت.

گەرچی دێریاڤین لە ژیانیدا جوانی وەك پالتسێڤای نەبینی بو ، بەڵام زیادکردنی موچەکەی چاوی ویژدانی کوێر کردبو و هەوڵیدەدا بەو پیرەژنەی بسەلمێنی کە لەم سەردەمەدا کچی جوان نەماون ...

: دەزانی ئەوساتەی مرۆڤ سەیری ڕوخساری ژنێکی جوان و تێگەیشتو دەکا ، هەست بەئارامی دەکا ! ڕاستە کە ئیدی لە سیمایاندا تەڕی و گەشی سەردەمی گەنجێتی بەدی ناکرێ ، بەڵام لەبەرامبەردا چاوی مرۆڤ لەسەر چەند گنجێکی لەبار دەگیرسێتەوە ... خۆی گرینگ گنج



و لۆچەکانی ڕوخسارە ! ڕوخساری ئەو پالتسێڤایەی باسی دەکەی زیاتر لە قەیماغ دەچێ ... دەڵێی ماستی ترشاوە ...

: پێناچێ تا ئێستا بەجوانی لەڕوخساری ورد بوبیەوە ... جوان سەرنجی بدەرێ! ئەمجار ئەم قسانە بکە ...

دێریاڤین ڕوی خۆی گرژ دەکات و ئاهێك هەڵدەکێشێ و دەڵێ: من هیچ جوانیەك لە سیمای ئەو کچەدا نابینم ...

مادام ژڤزوم ، بەپەلە هەڵدەستێ و بەرەو دەرگاکە دەچێ و دەڵێ: پالتسێڤام بۆ بانگ بکەن!

دواتر بەرەو مێزی نوسینەکەی دەگەڕێتەوە و ڕوو دەکاتە دێریاڤینی مامۆستای بیرکاری و دەڵێ: ئەگەر پالتسێڤا هات جوان سەرنجی بدەرێ ... زۆر بەجوانی بڕوانە لوت و چاوەکانی ... پێموانیە لوتێکی ئاوا ڕێك و جوان لەهەمو ڕوسیادا هەبێ.

چەند خولەکێك دواتر ، پالتسێڤا ، کچێکی تەمەن نزیك حەڤدە ساڵ ، گەنمڕەنگ و باڵابەرزی چاوڕەش و گەورە و لوتێکی ڕێك و جوانی وەك لوتی یۆنانیەکان ، وەژور کەوت.

مادام ژڤزوم ، بەدەنگێکی ڕاستەقینەی تێکەڵ بە توڕەییەوە ، ڕوی تێدەکات و دەڵێ: وەرە پێشتر ... ئەوە بۆچی مسیۆ دێریاڤین لە وانەی بیرکاری گلەیی لێت هەیە ! دەڵێ ئاگای لە وانەکەی نەماوە و... ، ... ، ...

دێریاڤین ، کە چاوەکانی بڕیبونە کچە جوانەکە ، لە ژێر لێوەوە بەمنگە منگێکەوە دەڵێت: لە جەبریشدا باش نیت.

مادام ژڤزوم ، بەردەوامە لە لێپرسینەوە: ئەمە مایەی خەجاڵەتیەپالتسێڤا ! زۆر شتێکی خراپە ! ناکا بتەوێت وەك مناڵانی قۆناغی سەرەتایی دارت لەگەڵدا بەکاربێنم؟ تۆ ئیدی گەورەیت ! دەبێ ببیە نمونەیەك بۆ کچەکانی تر و ئەوانیش چاو لە تۆ بکەن ... بەڵام ... وەرە پێشتر !

دوای ئەم قسانە ، دیسان هەندێکی تر سەرکۆنەی دەکات.

پالتسێڤاش پەرێشان و حەپەساو ، گوێ لە ئامۆژگاریەکانی دەگرێ ، پەڕەی لوتی دەلەرزێ و لەپەنجەرەکەی سەروی سەری دێریاڤینەوە ، دەڕوانێتە دەرێ.

دێریاڤینی مامۆستی بیرکاری ، سەراپای باڵای کچە چاوئاژن دەکا و لەدڵی خۆیدا دەڵێت: (بەڕاستی نازدارە ! یەك پارچە جوانیە ! ئەی بەستەزمان! تەماشا چۆن پەڕەی لوتی دەلەرزێ ... بەڵام دڵنیایە لەوەی لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا لە زیندانی خوێندنگا ئازاد دەبێ ...

ئەوەندە بەسە ئازاد بێت ، بۆ ئەوەی تا هەتایە ژڤزومی بەدفەساڵ و دێریاڤینی گەمژە و جەبری ژەقنەبوت ، لەبیر خۆی بەرێتەوە ، ئاخر پێم ناڵێن جەبر چ دەردێکی ئەمە دەرمان دەکا؟ ئەوپێویستی بەکەش و هەوایەکی پڕ لەشادی و زەرق و بەرقە).

دێریاڤین لێرەدا ئاهێك هەڵدەکێشێ و دیسان دەکەوێتە بیرکردنەوە: (ئەم لەرزەیەی پەڕەی لوتی ،پیاو شێت دەکا ! دڵنیام هەر لە زیندانی خوێندنگا ڕزگاری بێت ، جەبرەکەی ئێمە دەخاتە تەنەکەی



زبڵەوە. مامۆستایەك بەناوی دێریاڤین لە مێشکیدا دەبێتە بیرەوەریەکی غەمناك و تەم و مژاوی ... ئەگەر نەمردم و ڕۆژێك بە ڕێکەوت بینیم وپەڕەی لوتی لە رزاندنەوە و وەڵامی سڵاوەکەشی نەدامەوە ، دەبێ زۆر لام ئاسایی بێت و سوپاسی خودا بکەم کە نەیخستومە ژێر گالیسکەکەیەوە).

مامۆستا ژڤزوم ، دیسان سەری قسە دەگرێ و دەڵێ: تەنیا لە ڕێگای پێداگری و هەوڵ و کۆششەوە ، سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنرێ ، بەڵام تۆ نەك پێداگر نیت و هەوڵ و کۆشش ناکەیت ، بەڵکو هەرگرینگی بە وانەکانت نادەیت! ... ئەگەر جارێکی تر لە دەست تەوەزەلیت ، سکاڵات لێ بکەن ، ئەوسا ناچارم تەمبێت بکەم ...شورەییە !

دێریاڤین ، جارێکیتر کەوتەوە نێو بیرکردنەوەوە: (ئەی فریشتە جوانەکە ، گوێ مەدەرە قسەکانی ئەم لیمۆ وشکەوە بوە ... هیچ شورەیی نیە ...تۆ لە هەمومان باشتری).

لەم کاتەدا ، مادام ژڤزوم بەدەنگێکی مەیلەو توندەوە بەپالتسێڤا دەڵێت: ئیستا دەتوانی بڕۆیت !

پالتسێڤاش سەرێك دادەنوێنێ و دەڕوات .

بەڕێوەبەری خوێندنگا ، لە دێریاڤینی مامۆستای بیرکاری دەپرسێت: باشە؟ ئێستاش هەر لەسەر قسەی خۆت ماوی؟

مامۆستای بیرکاری بەخوێنساردیەوە سەیرێکی دەکات و دواتر بەئاگا دێتەوە و دەکەوێتەوە یادی زیادکردنی موچەکەی ، خۆی دەشێوێنێ

و دەڵێـت: خـودا بمکـوژێ ئەگـەر سـەرتاپای بـاڵای شـتێکی جـوان و سەرنج ڕاکێشی تێدابێ ... باوەڕت هەبێ سەرەڕای ئەو تەمەنە چـاو و برۆ و دەم و لوتی تۆ ، زۆر زۆر لە هی ئەو جوانترن ... ئەوەندە بەسە بچیتە بەر ئاوێنە و لەخۆت ورد بیتەوە ، بۆ ئـەوەی ڕاسـتی قـسەکانی منت بۆ دەرکەوێ.

سـەرەنجام مـادام ژڤـزوم ، مـل بـە داواکـاری زیـاد کردنـی موچـەکەی دێریاڤین دەدات.

(مادام سیلانس*) خانمەکان بێدەنگ بن/ فەڕەنسی

# لەبیرەوەریەکانی کەسێکی ئایدیالەوە

١٠ ی مانگ مۆڵەتێکی بیست و هەشت ڕۆژیم وەرگرت و بە هەزار و یەك جۆر زمان لوسی ، توانیم بڕی سەد ڕۆبڵ یارمەتی ، لە سندوقداری فەرمانگەکەمان ، وەربگرم. کەڵکەڵەی ئەوەی ئەگەر بۆ تاکە جارێکیش بوە ، کاتێکی خۆش بەسەر ببەم ، لەکەللەی دام.

ئایا تۆ هیچ لە بارەی (بەسەربردنی کاتێکی خۆش) وە دەزانیت؟

بەسەر بردنی کاتێکی خۆش ، بە واتای ئەوە نیە مرۆڤ بۆ بینینی ئۆپەرێتێك بچێتە شانۆیەکی هاوینە و دوای ئەوەی ئێوارێ نانێکی باشی خوارد ، لای بەیانی بەشادی و خۆشحاڵیەوە بگەڕێتەوە ماڵێ. بەو واتایەش نیە بچیتە بینینی پێشانگایەکی شێوەکاری و لەوێشەوە بچیتە بینینی پێشبڕکێی ئەسپ سواری و گرەو لەسەر بردنەوەکان بکەیت و پارەی خۆت بەهەدەر بدەی.

ئەگەر نیازت هەیە کاتێکی خۆش بەسەر ببەیت ، ئەوا سواری شەمەندەفەر بەو بچۆ بۆ شوێنێك کەهەوا لێوڕێژ بێت لە بۆنی گوڵی یاس و وەنەوشە و گوڵە گێلاسە کێویەکان ، بچۆ بۆ شوێنێك کە گوڵە هێرۆ و شەوبۆکان ، بەکۆمەڵ سەریان لەژێر خاکەوە دەرهێنابێ و ڕەنگە سپیەکانیان و ئەو ئاونگەی بەسەر گەڵاکانیانەوە نیشتوە ، ئارامی ئۆقرەیی بە چاوەکانت ببەخشن. بچۆرە ئەوێ تا لەو کەش و



هەوا ئازاد و کراوەیەدا ، لەباوەشی دارستانێکی سەوز و خوشەخوشی جۆگەلە ئاوەکاندا ، لە نێو باڵندەکان و بونەوەرە بچوکە ڕەنگ سەوزەکاندا ، هەست بەواتای ڕاستەقینەی (بەسەربردنی کاتێکی خۆش) بکەیت. لەگەڵ ئەم شتانەشدا دوسێ پێکگەیشتن بە کڵاوی لێوار پانی ژنانە و چەند جوتە چاوێك بە نیگا خێراکانیانەوە و هەروەها چەندە پێش بەندی سپیش...

لەکاتێکدا کە کاغەزی مۆڵەتەکەم بەدەستمەوە و بەخشندەیی سندوقدارەکەشم ، لە گیرفاندا بو ، گەیشتمە هاوینەوارەکە. دانی پێدا دەنێم ، جگە لەمانە ، بیرم لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە.

بەهۆی ڕێنمایی ئاشنایەکمەوە ، کەپێشتر لەڤێلاکەی خاتو (سۆفیا پاڤلۆڤنا کنێگینا) دا ژورێکی بەکرێ گرتبو ، چوم و ژورێکم بەکرێ گرت . خاتون ، ژورێکی بە تەواوی کەل و پەل و هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی و دابین کردنی خواردن خواردنەوەوە ، بەکرێ دەدا. بەپێچەوانەی بۆچونی منەوە ، قسە کردنمان لەسەر کرێیەکەی ، هەرزو بڕایەوە.

بەم شێوەیە گەیشتمە (پریریڤا) و ڤێلاکەی خاتو کنێگینام دۆزیەوە ، هەرکە پێم خستە هاڵەکەوە دەست و پێی خۆم ون کرد ، زۆر ڕێك و ڕازاوە و سەرنج ڕاکێش بو .

بەڵام لە هاڵەکە ڕازاوەتر و سەرنج ڕاکێشتر ، خاتونێکی گەنج بو ، کە لەسەر مێزێك دانیشتبو و چای دەخواردەوە ، سەیرێکی کردم و چاوەکانی گچکە کردنەوە وپرسی: چ کارێکت هەبو؟

وەڵامم دایەوە: تکایە ببورە ... بەهەڵە هاتوم ... بەدوای ڤێلاکەی خاتو کنگینا دا دەگەڕێم ...

: من کنێگینام ... چ کارێکت هەبو؟

دەست وپێی خۆم ون کرد ... پێشتر هەمیشە لەمێشکی خۆمدا خاوەن ئاپارتمان و ڤێلاکانم لە شێوەی ژنی پیری قەڵەو ، وێناکردبو کە گیرۆدەی نەخۆشی ڕۆماتیزم بون و بۆنی دوکەڵی قاوەیان لێدێت ... بەڵام ئێستا وەك هاملێت دەڵێ:(ئەی فریشتەی ئاسمان! ڕزگارم کە).

ژنێکی گەنج و سەرنج ڕاکێش ، لەبەرامبەرم دانیشتبو. ئەوەی دەمویست ، بەپەتەپت پێمگوت: ئەها ... زۆر خۆشحاڵم ، نامەیەکیشم لەلایەن هاوڕێیەکی هەردوکمانەوە بۆ هێناوی.

: چای دەخۆیتەوە یان سەرشیر یان لیمۆ؟

هێندە بەسە مرۆڤ چەند خولەکێك لەگەڵ هەندێك ژندا دابنیشێ و بکەوێتە قسەکردن ، بە تایبەتی ژنە قژکاڵەکان ، ئیدی واهەست دەکا لەماڵی خۆیدا دانیشتوە و هیچ هەست بە ناموێی ناکات و وادەزانێ چەندین ساڵە دەیناسێت. سۆفیاش یەکێك بو لەم جۆرە ژنانە.

بەر لەوەی پەرداخێك چا بخۆمەوە ، زانیم مێردی نیە و بەو بڕە پارەیە دەژی و بڕیاریشە بەم زوانە مامی بێتە لای و ماوەیەك لەلای بمێنێتەوە.

ئیدی تێگەیشتم ئەو ژورە بۆچی بەکرێ دەدا ، دەیگوت یەکەم: ئەو سەد و بیست ڕۆبڵە کرێیەی دەیدات ، بۆ تاکە ژنێك ، بارێکی قورسە.



دوەمیش: لە ترسی ئەوەی نەبادا شەوێك لە شەوان دزێك ، یان ڕۆژێك لەڕۆژان دێهاتیەك ، خۆی بکا بە ماڵەکەدا و کێشەی بۆ دروست بکات. بۆیە ئەگەر هاتو ژورێکی لە گۆشەیەکی ڤێلاکەیدا بەکرێ دایە ژنێك ، یان پیاوێکی تەنیا ، ئەوا نابێ لەم بارەیەوە ببێتە هۆی نیگەرانی.

ئەو شیلەی مرەبایەی بەکەوچکەکەوە نوسابو ، بەزمانی لستیەوە و بە ناڕەزایی دەربڕینەوە گوتی: بەڵام کرێچی پیاوم پێ باشترە لە ژن! لەبەر ئەوەی پیاو کێشە و گرفتی کەمترە و لەلایەکی تریشەوە بونی پیاوێك لە ماڵەکەدا دڵنیایی و متمانەیەکی زیاتر بەمرۆڤ دەبەخشێ ...

بەکورتی دوای کاتژمێرێك لەگەڵ سۆفیا پاڤلۆڤنا دا بومە ئاشنا. کاتێ ویستم خوداحافیزی بکەم و بگەڕێمەوە ژورەکەم ، گوتم: ئەرێ بەڕاست ، لەبیرم چو بپرسم! ئێمە لەبارەی هەمو شتەکانەوە دواین تەنیا لەبارەی کرۆکی شتەکەوە نەبێت! بۆ مانەوەی بیست و هەشت ڕۆژ دەبێ چەندت بدەمێ؟ ئەڵبەتە جگە لە نانی نیوەڕۆ ... چای و ...

: شتێکی ترت دەسنەکەوت قسەی لەسەر بکەیت ، ئەمە نەبێت؟ بەگوێرەی توانای خۆت ... خۆمن ئەو ژورە بۆپارە بەکرێ نادەم ... بۆ ڕزگار بون لەتەنیایی و ... بیست و پێنج ڕۆبڵت پێدەدرێ؟

: ڕونە کەپێمدەدرێ.

بەم شێوەیە ژیانم لەهاوینەوارەکە ، دەستی پێکرد ...

ئەم ژیانە ، ئەوەی خۆشە ڕۆژی وەك ڕۆژانیتر و شەویشی وەك شەوانیترە ، ئەم یەك ڕیتمیە زۆر خۆشە ! چ شەوانێك ! چ ڕۆژانێك ! خوێنەری خۆشەویست ، هێندە شاد و پڕجۆش بوم لە باسکردن نایەت وپێمخۆشە بتگرمە باوەش و ماچت بکەم. بەیانیان بە مێشکێکی خاڵی لە کێشە و بەرپرسیارێتیەکانی فەرمانگە ، لەخەو هەڵدەستام و دەچوم چای و قەیماغم دەخوارد.

دەوروبەری کاتژمێر یانزەی بەیانی ، دوای بەیانی باش ، دەچومە لای سۆفیا و قاوە و قەیماغێکی چاکم دەخوارد ، دواتر تا کاتژمێر دوی دوانیوەڕۆ ، دەکەوتینە قسە و باس.

دواتر نانی نیوەڕۆمان دەخوارد ... ئەویش چ نانێك ! بیهێننە بەر چاوی خۆتان ، چەشنی گورگێکی برسی ، برسیتە و لەسەر مێزێك دانیشتویت وپەرداخێك عەرەقی شلیك دەخۆیتەوە و مەزەکەشت ، گۆشتی برژاوی بەراز و ترشی تورە ، دواتر قاورمە و چێشتێکی گیایی و قەیماغ و چەندین خواردنی تر! دوای نان خواردن ، ئیدی نۆرەی خەوی دوانیوەڕۆ و خوێندنەوەی ڕۆمانە ، جارناجارێکیش ، سۆفیا ، لەبەر دەرگاوە سەرێك دەکێشێتە ژورێ و دەڵێ: (ئاسودە بە ! نامەوێ ئاسودەیت لێ تێکدەم). ..

دواتر نۆرەی خۆشۆرین دێت و ئێوارانیش تادرەنگانێك پیاسەکردن لەگەڵ سۆفیا دا ... بیهێننە بەرچاوی خۆتان ، ئێواران جگە لەدەنگی بولبول و باڵندەیەکی تر کە جار جار دەچریکێنی ، هەمو شتێك لەنێو خەوێکی خۆشدایە ، شنە بایەك دەنگی شەمەندەفەرێکتان لەدورەوە



بەئاستەم دێنێتە بەرگوێ. لەنێو دارستانێکی چڕدا ، یان بەدرێژایی ڕێگاخۆڵەکەی تەنیشت هێڵی شەمەندەفەرەکە ، شانبەشانی ژنێکی قژکاڵ و خرپن ،پیاسە دەکەی ، کە لەتاو کزەبا ساردەکەی سەر لەئێوارە ، خۆی کوشم هەڵێناوە و سیمای ڕەنگ لێبڕاوی جار جارێك بەرەو لای تۆ دەسوڕێنی ... شتێکی لەڕادەبەدەر خۆشە ! بێ هاوتایە ! .

بەر لەوەی هەفتەیەك بەسەر مانەوەمدا تێپەڕێ ، ئەو ڕوداوەی کە تۆی خوێنەر دەمێکە چاوەڕوانی ڕودانی دەکەیت ، ڕویدا.

ڕوداوێك ، کە هیچ چیرۆکێکی جوان ، ناتوانێ خۆی لێ بدزێتەوە ... ئیدی نەمتوانی چیتر دان بەخۆمدا بگرم ...عیشقی خۆم لا درکاند ... بەڵام ئەو زۆر بەخوێنساردیەوە داواکەی وەرگرتم ، دەتگوت دەمێکە چاوەڕوانی بیستنی ئەم قسانەیە ، لەوەڵامدا ، تەنیا لچێکی هەڵقورتاند و دەتگوت دەیەوێ بڵێ: ( خۆ ئەم قسەیە ئەو هەمو هێنان و بردنەی نەدەویست).

ئەو بیست و هەشت ڕۆژە ، دەتگوت چرکەیەك بوە و تێپەڕیوە. لە دواین ڕۆژی مانەوەمدا ، غەمگین و نیگەران ، ماڵاوایم لە سۆفیا و هاوینەوارەکە کرد. کاتێ دەمویست جانتاکەم دابخەم ، ئەو لەسەر قەنەفەکە دانیشتبو و فرمێسکی چاوەکانی دەسڕینەوە. خۆشم کە زۆر بە ئەستەم توانیبوم بەر بەرێژنەی فرمێسکەکانم بگرم ، دڵیم دایەوە و سوێندم خوارد کە جارێکی تر لەپشوەکانی کۆتایی هەفتەدا

، سەری لێ دەدەمەوە و لەزستانیشدا کەگەڕایەوە ماڵەکەی خۆی لە مۆسکۆ ، سەردانی دەکەم.

لەناکاو بیرم کەوتەوە کە کرێی ژورەکەم نەداوەتێ ، گوتم: ئەها خۆشەویستم خەریکە لەبیرم چێت ، ئەرێ بزانە چەندت قەرزارم؟

بەلوشمەلوشمی گریانەوە وەڵامی دایەوە: چ پەلەتە ... با بۆ کاتێکی تربێت ...

: بۆچی کاتێکی تر؟ خۆشەویستم! هەقی خۆتە و وەك دەڵێن برا برایە و کیسەی جیایە ، جگە لەمەش نامەوێ بەپارەی تۆوە بژیم ، سۆفیا خۆشەویستم! تکات لێ دەکەم ئاشنایەتیی و ناسیاوەتیی بخەرە لاوە ... چەندت قەرزارم؟

بەدەم گریانەوە چەکمەجەی مێزەکەی ڕاکێشا و گوتی: شتێکی وا نیە ... شایانی ئەوە نیە... دەتوانی دواتر بمدەیتێ ...

دوای ئەوەی بڕێك دەستی بە نێو چەکمەجەکەدا گێڕا ، کاغەزێکی هێنایە دەرێ و بۆلای من درێژی کرد.

پرسیم: ئەمە حیسابەکەی منە؟ ئێ باشە! زۆر باشە! چاویلکەکەم کردە چاوم و : هەرئێستا بەسەر چاو.

بەخێرایی چاوێکم پێدا خشاند ... کۆی گشتی ... ئەرێ لەم حیسابەدا هەڵە نیت؟ نوسیوتە کۆی گشتی ٢١٢ ڕۆبڵ و ٤٤ کۆبیك . ئەمە حیسابەکەی من نیە! .

: هی تۆیە دودو گیان! باش سەیریکە!



: ئاخر بۆچی ئەوەندە زۆرە؟ ٢٥ ڕۆبڵ پارەی کرێی ژورەکە و خورد و خۆراك ، باشە ئەمەم قبوڵە ... هەندێکی تری هەقی ماندوبونی خزمەتکارەکە ، سێ ڕۆبڵ ، ئەوەشم قبوڵە.

بەچاوانی پڕ لەگریان و بەسەرسوڕمانەوە سەیرێکی کردم و بەو دەنگە پڕ لە سۆزەیەوە ، گوتی: تێناگەم دودو گیان ... دەڵێی متمانەت بەقسەکانم نیە؟ بۆخۆت سەیری حیسابەکەت بکە ، عەرەقی شلیکت خواردۆتەوە ... ئێ باشە من چۆن بۆم دەردێنێ بە٢٥ ڕۆبڵ ، ڤۆدکا لەسەر مێزەکەت دابنێم؟ قاوە و قەیماغ بۆ نانی بەیانیت و خۆ تۆ بڕیار نەبو قاوە بخۆیتەوە! بەڵام بەهەر حاڵ ... شتێك نیە ، ئەگەر پارەکەت پێ زۆرە ، ئەوا دوانزە ڕۆبڵەکەشم ناوێت و تۆ تەنیا ٢٠٠ ڕۆبڵەکە بدە.

: نازانم ئەدی ئەم ٧٥ ڕۆبڵە لەکوێوە هاتوە؟

: سەیرە! نازانی هی چیە؟

سەیرێکی ڕوخساریم کرد ، هێندە پاك و میهرەبان بو ، نەمتوانی یەك قسەی تر بکەم. ئەو ١٠٠ ڕۆبڵەی لام بو ، دامە دەستی و ١٠٠ ڕۆبڵ قەرزیشم بۆ ئیمزا کرد و جانتاکەم کردە شان و بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر کەوتمەڕێ .

ئەرێ خوێنەرە خۆشەویستەکان! کەستان نیتانە ١٠٠ ڕۆبڵم بە قەرز بدەنی؟

# کارێکی ناشیرن

: کێیە؟

وەڵامێك نابیسترێ.

پاسەوانەکە چاوی هیچ شتێك نابینێ ، بەڵام لەنێو ئەو هاشەهاشی ڕەشەبا و خشەخشی ئەو گەڵا و خۆڵ و خاشاکەی کە ڕایدەماڵێن ، دەنگی پێی کەسێك – کە لە شەقامە سەرەکیە پڕدار و درەختەکەوە دێ – وردە وردە نزیکتر دەبێتەوە و بە ئاسانی دەبیسترێ.

یەکێك لە شەوە بەتەم و مژەکانی وەرزی زستانە.

پاسەوانەکە لە مێشکی خۆیدا وا مەزەندە دەکات کە زەوی و ئاسمان و تەنانەت بۆخۆیشی – بەهەمو بیر و ئەندێشەکانی ناو مێشکیەوە – تێکەڵی یەکتر بون و بونەتە شتێکی ڕەش و گەورە.

چاو چاو نابینێ ، پاسەوانەکە وای بۆ دەچێ گوێی لەدەنگی پێکەنین و گۆرانی بوبێ.

جارێکی تریش دەپرسێ: ئەوە کێیە لێرە؟

دەنگێکی پیرانە وەڵام دەداتەوە: منم باوکە گیان ...

: تۆ کێی؟

: من ... ڕێبوارێکم.



پاسەوانەکە ، هەوڵ دەدات سود لە دەنگی نێرانە و نەترسانەی خۆی وەرگرێ و بەسەر ترسەکەیدا زاڵ بێت ، بۆیە تێیدەخوڕێ: کام ڕێبوار؟ شەیتان لە کەللەی داوی؟ بەم شەوە وەك دێوی دارستان بەنێو گۆڕستاندا خەریکی پیاسە کردنی؟

: مەگەر ئێرە گۆڕستانە؟

: دیارە کە گۆڕستانە ! مەگەر نابینی؟

دەنگە پیرانەکە ، ئاهێك هەڵدەکێشێ و دەڵێ: ئاخ ... ئاخ ... ئاخ ... یا مریەمی پیرۆز! چاوم هیچ شوێنێك نابینێ! ... ئای خودایە چەندە تاریکە ...

: تۆ کێی؟

: زیارەتکەرم باوکە گیان ، زیارەتکەر.

پاسەوانەکە ، دوای بیستنی تۆنی دەنگ و ئاخ و ئۆفەکانی ڕێبوارەکە ، ئاهێکی بەبەردا دێتەوە و بە ناڕەزاییەوە لەژێر لێوەوە دەڵێ: جنۆکەی نیوەشەو ... کاکیشم دەڵێ زیارەتکەرم! مەی خۆری سەرخۆش ... تەنانەت قسەکردنیش لەگەڵ کەسانی وەك ئێوەدا زیانی بەدواوەیە! بەڕۆژەوە تا دەتوانن عەرەق زەقنەبوت دەکەن و هەرکە شەویش داهات ، دەبنە هاوەڵی جنۆکەکان. ئەوە چیە! دەڵێی بە تەنیا نیت؟ دەنگی پێی دو سێ کەسی تر دێت.

: بە تەنیام کاکە ... بە تاقی تەنیا ... ئای خودایە باری گوناهەکانم چەندە قورسە ! ...

لەو تاریکەشەوەدا ، سینگی پاسەوان بەسینگی کابرا دەکەوێ ، بێ جوڵە ڕادەوەستێ و دەپرسێ: چۆنە ڕێگات کەوتۆتە ئێرە؟

: ڕێگام ون کردوە کاکە ... دەمویست بچمە ئاسیاوی (میتریۆڤسکایا) ، بەڵام لێرەوە سەرم دەرهێنا.

: ئەها! جا ڕێگای ئاسیاوەکە کوا لێرەوەیە هەی گەمژە؟ دەبو بەلای چەپدا ڕۆیشتبای و لە ناوەندی شارەوە دەچویتە سەر جادە دەوڵەتیەکە ، بەو سەرخۆشیە ڕێگاکەت نیو فرسەخ لەخۆت دورخستۆتەوە ،پێدەچێ لەشار زۆرت خواردبێتەوە؟

: ئەرەوەڵا کاکە ، چیت لێ بشارمەوە! کارێکی باش نیە مرۆڤ شتێکی کردبێ و پاشان نکولی لێ بکا ، کارێکی جوان نیە ، پێت نەگوتم ئێستا من لە کوێوە بڕۆم؟

: بەم شەقامەدا بڕۆ تادەگەیتە سێ ڕیانێک ، کە گەیشتیتە سێ ڕیانەکە لای چەپ بگرە و بڕۆ تا دەگەیتە گۆڕستانەکە ، لەوێ دەرگایەك دیارە ، ئەو دەرگایە ، دەرگای گۆڕستانەکەیە و دەرگاکە بکەرەوە و بڕۆ خوا ئاگادارت بێ ... بەڵام ئاگاداری خۆت بە نەکەویتە چاڵێکەوە ، هەرکە لەگۆڕستانەکەش دەرچوی ، ملی دەشتەکە بگرە و بڕۆ تا دەگەیتە جادەکە.

: خودا تەمەنت درێژکا باوکەکەم ... یامریەمی پیرۆز فریامکەوە! ئەی خۆزگە ئەو چاکەیەت لەگەڵدا دەکردم و دەتگەیاندمە گۆڕستانەکە!



: بۆ تۆ پێتوایە من هیچ ئیش و کارێکی ترم نیە؟ بڕۆ برا! بڕۆ بۆ خۆت بڕۆ!

: چاوم هیچ نابینێ! تا لەژیاندا ماوم نزای خێرت بۆدەکەم ... کوا من بەم شەوەزەنگە دەتوانم ڕێگاکە بدۆزمەوە! توخودا ئەگەر نەمبەیت.

: ئاخر کاکە خۆ من لێرە بێکار نیم! ئەگەر بڕیار بێ هەرچیەك هات و من دەستی بگرم و ببمە ڕێنیشاندەری ، حاڵم جوان دەبێ.

: بۆخاتری خودا ... چاوم هیچ نابینێ ... زۆر دەترسێم بەتەنیا بەو گۆڕستانەدا بڕۆم.

پاسەوان ئاهێك هەڵدەکێشێ و دەڵێ: باشە دەی ، بڕۆ با بڕۆین.

هەردوکیان دەکەونەڕێ ، شانبەشانی یەکتر دەڕۆن و بێدەنگن.

بایەکی سارد و شێدار وەك قامچی لەڕوخساریان دەدا ، دڵۆپە باران بەسەریاندا دێتە خوارێ ، چاڵ و چوڵەکانی نێو ڕێگا پڕدار و درەختەکەی گۆڕستان ، پڕ لە ئاو بونە.

دوای بێدەنگیەکی درێژ ، پاسەوانەکە دەڵێ: هەرچەند دەکەم سەرم لەوە دەرناچێ ، تۆ چۆن چۆنی گەیشتویە ئێرە؟ دەبینی دەرگای گۆڕستانەکە داخراوە! ناکا بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوتبی؟ ئەمە لە تەمەنی تۆ ناوەشێتەوە! کارێکی جوان نیە!

: نازانم! نازانم خۆشم نازانم! لەوانەیە ئەمە کاری شەیتان بێت. پێموایە خودای گەورە تۆڵەی ئەمەم لێ دەکاتەوە ، دەڵێی شەیتان فریوی داوم! ئەری تۆ پاسەوانی ئێرەی ؟

: بەڵێ پاسەوانم.

: گۆڕستانێکی ئاوا گەورە ، یەك پاسەوانی هەیە ؟

بایەکی بەهێز هەڵدەکات و بۆ ماوەیەکی کورت ناتوانن بەڕێدا بڕۆن.

پاسەوانەکە ، ڕادەوستێ تا بایەکە بڕێك هێدی دەبێتەوە ، ئەمجار وەڵام دەداتەوە: نا ، سێ پاسەوانی هەیە ، یەکێکمان نەخۆشە و ئەوەی تریش نوستوە ...بەنۆرە ئێشك دەگرین.

: ئاوا ! ئەم بایە چ بایەکی بێ بەزەییە ! پێدەچێ ئێستا مردوەکانیش گوێیان لەگڤەی بێت ! دەڵێی دڕندەیە دەلوڕێنێ ... ئاخ ... ئاخ ... ئاخ ...

: خەڵکی کوێی؟

: لە شوێنێکی دورەوە هاتوم ... خەڵکی ویلایەتی (ڤۆلۆ گۆدسکایا) م ، بۆ زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان هاتوم ، نزا بۆ مرۆڤە باش و میهرەبانەکان دەکەم ، خودا بۆ خۆی بەزەیی پێماندا بێتەوە وپشت وپەنامان بێت.

پاسەوانەکە ، تاوێك ڕادەوەستێ و خۆی دەخاتە پەنای کابرای ڕێبوارەوە و خەریکی داگیرساندنی قەنەکەی دەبێت ، چەند دەنکە شقارتەیەك دادەگیرسێنێ ، دەنکە شقارتەی یەکەم دادەگیرسێ و لەلای ڕاستیانەوە ، گۆشەیەکی شەقامە پڕدار و درەختەکە و خاچێکی ڕەش وپەیکەرێکی سپی سەرگۆڕێك ، بۆ ماوەیەکی کەم ڕۆشن دەکاتەوە. دەنکە شقارتەی دوەم بایەکە زوو دەیکوژێنێتەوە ، بەڵام بۆ ساتێکی کەم ، ڕوناکیەکەی دەڕژێتە سەر لای چەپی



شەقامەکە و گۆشەی کێلی گۆڕێك ڕۆشن دەکاتەوە. دەنکە شقارتەی سێیەمیش پەیکەرێکی سپی و خاچێکی خۆڵەمێشی و کێلی گۆڕی منداڵێك ، لە چەپ و ڕاستەوە ، ڕوناك دەکاتەوە.

کابرای ڕێبوار ، ئاهێك هەڵدەکێشێ و لەبەرخۆیەوە دەڵێ: ئەو منداڵانە لە ژێر ئەو بەردانەدا نوستون ! هەمویان نوستون ! لە خەڵکی هەژار و وریا و دڵخۆشەوە بگرە ، تا دەوڵەمەند و بێ شعور و دڵ ڕەقەکان ... هەمویان نوستون ...

ئێستا ئیدی هیچ جیاوازیەکیان نیە ، تا ئەو ڕۆژەی ئیسرافیل فو بەنەفخی سوردا دەکات ، لێرە دەنون. خودا بەزەیی پێیاندا بێتەوە ، خودا بیانبەخشێ.

: من و تۆش — کە ئێستا خەریکین بەڕێگادا دەڕۆین — کاتێ نۆرەمان هات دەبێ لێرە ڕاکشێین و بنوین.

: ڕاستە ... هەمومان ڕێگامان دەکەوێتەوە ئێرە ، هیچ مرۆڤێکت وەگیر ناکەوێ تەمەنی نوحی هەبێ ... ئاخ ، ئاخ ، ئاخ ... مرۆڤ بونەوەرێکی زۆر بێ بەزەییە ، هەمیشە بیر لە کاری ناپەسند و شەیتانانە دەکاتەوە ، من دەڵێم خودایە هیچ بەندەیەکی خۆت گرفتاری لاملی و نافەرمانی نەکەی! هاوار لەمن! کە ڕۆحێکی چەپەڵ و نەگریسم هەیە ! چۆن خۆم توشی ڕق و نەفرەتی خودا کرد و ئارامی و ئاسودەیی ئەم دنیا و ئەو دنیاشم چو. وەك کرمێك کە لە نێو قوڕدا چەقیبێ ، منیش ئاوا لەنێو زەلکاوی گوناه و تاواندا پەل دەکوتم.

: بەڵێ ، بەڵام سەرەنجام مرۆڤ دەبێ بمرێ و مردن هەقە ...

: ڕاست دەكەی باوكەكەم ، هەمو بونەوەرێك سەرەنجامی مردنە.

: پێم بڵێ بزانم! مەرگ ، بۆ زیارەتكەرێك ئاسودە ترە یان بۆ كەسانی وەك ئێمە؟

: زیارەتكەرانیش هەمویان وەك یەك نین ، هەندێكیان خۆشەویستی خودان ، ئاگاداری ڕۆحی خۆیانن ، بەڵام هەندێكی تریان لە نێو گۆڕستانەكاندا پیاسە دەكەن و جنۆكەكان خۆشحاڵ دەكەن ... بەڵێ باوكەگیان! لەوانەیە ڕۆژێك دابێ زیارەتكەرێكت لێ پەیدا بێت و حەزی لەوە بێ تەورەكەی بكێشێ بە تەپڵی سەرتا و ڕۆحت بەرەو ئاسمان لە شەقەی باڵ بدا .

: بۆچی ئەم قسانە دەكەی؟

: هیچ! هەروا! مەبەستێكم نەبو ، هەر لەخۆڕا وام گوت ... باشە باوكەكەم ئەوە گەیشتینە گۆڕستانەكە ، خۆیەتی ، دەبڕۆ دەرگاكەم بۆ بكەرەوە!

پاسەوانەكە ، لەو تاریكیەدا بەكوێرە كوێر دەرگاكە دەكاتەوە ، دواتر قوڵی كابرای زیارەتكەر دەگرێ و دەڵێ: ئیدی ئێرە كۆتایی گۆڕستانەكەیە ، لێرە بەدواوە دەبێ بەنێو دەشتەكەدا بڕۆی ، تا دەگەیتە جادە دەوڵەتیەكە ، بەڵام وریابە نەكەویتە خەندەقە سنوریەكەوە ... كە گەیشتیتە جادەكەش ،لای ڕاست بگرە و بڕۆ تا دەگەیتە ئاسیاوەكە ...



: ئاخ ، ئاخ ، ئاخ ، واهەست دەكەم كەئیدی پێویست بەوە ناكا بچمە ئاسیاوەكە ... ئاخر بچمە ئەوێ چی بكەم؟ واباشترە هەر لێرە لای تۆ بمێنمەوە ...

: بۆچی لای من بمێنیتەوە؟

: لای تۆم پێ خۆشترە ...

: تۆ پێتوایە من ئاوەزی ئەوەم هەبێ بزانم دڵی كەس خۆش بكەم؟ گەرچی زیارەتكەریشیت بەڵام واهەست دەكەم حەزت لە گاڵتە و ئەمانە هەبێ؟

كابرای ڕێبوار ، بەتەوسەوە زەردەخەنەیەك دەكات و بە دەنگێكی گیراوەوە لە بەرخۆیەوە دەڵێ: دیارە كە حەزم لێیە! كوڕەباش و میهرەبانەكەم! من وا هەست دەكەم لەمەولا هەرگیز منی زیارەتكەرت لەبیر ناچێتەوە.

: بۆچی تۆم لەبیر ناچێتەوە؟

: لەبەر ئەوەی كڵاوێكی گەورەم لەسەر نای ... ئاخر كوڕی باش! من كوێم بە زیارەتكەر دەچێ؟

: ئەدی كێی؟

: مردو ... ئێستا لە تابوتەكەم هاتمە دەرێ ... (گۆباروڤ) ی كلیلسازت لەبیرە؟ ...ئەوەی ماوەیەك لەمەوبەر خۆی خنكاند؟ ... من گۆباروڤم ...

: درۆیەكی لەمە گەورەترت پێ شك نەدەهات؟

گەرچی پاسەوانەکە باوەڕ بەقسەکانی ڕێبوارەکە ناکا ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ترسێکی تۆقێنەر هەمو جەستەی دەگرێتەوە. زارەترك و تۆقیو ، لە جێگاکەی خۆی دەجولێ و دەیەوێ دەرگاکە بدۆزێتەوە و ڕابکا. ڕێبوارەکە توند دەگرێ بەمەچەکیدا و دەڵێ: پەلە مەکە ! بۆ کوێ دەچی؟ تۆ مرۆڤێکی زۆر سەیری! ئاخر بەتەمای کێ بەتەنیا لێرە بەجێم دەهێڵی؟

پاسەوان ، هەوڵدەدا مەچەکی خۆی لە نێو دەستی ئەودا دەربێنێ و هاوار دەکا: وازم لێبێنە !

: لێرە ڕاوەستە ! لەجێگای خۆت نەجولێی ! چیت پێ دەڵێم جێبەجێی بکە ... هەوڵ مەدە خۆت ڕاپسکێنی لەدەستم ، سەگی نەگریس! ... ئەگەر ژیانی خۆت خۆشدەوێ تا من پێت نەڵێم زارت نەگەڕێ و جمە وجوڵە نەکەی ... حەز ناکەم دەستم بەخوێن ئالودە بێ ، گەرنا لێرە وەك سەگ دەمتۆپاندی ... لێرەبە و لە جێگای خۆت نەجولێی!

پاسەوان خۆی بەپێوە ناگرێ ، لەترسان چاوەکانی لێك دەنێ ، جەستەی لەترسا هەڵلەرزیوی ، بە دیوارەکەوە دەنوسێنێ. حەزی لێیە هاوارکا ، بەڵام دڵنیایە لەوەی کە هاوڕێکەی لەو ژورە بچوکەدا گوێی لێ نابێت ... ڕێبوارەکە ، لەتەنیشتیەوە ڕاوەستاوە و توند مەچەکی گرتوە ...

نزیکەی سێ خولەك بەم شێوەیە ، تێپەڕدەبێ.



ڕێبوارەکە بەمنگەمنگەوە دەڵێ: یەکێکیان نەخۆشە ، یەکێکیان نوستوە ، یەکێکیشیان دەیەوێ ڕێنمایی زیارەتکەرێك بکات ، بەڕاستی پاسەوانی چاکن ... ئەو موچەیەی وەریدەگرن حەڵاڵتان بێ! ئەدی برا هەمیشە هەرئاوا بوە ! هەمیشە دزەکان لە پاسەوانەکان زیرەك تر بونە ... لێرەبە و لە جێگای خۆت نەجولێی!

...

نزیکەی دە خولەکێك بە بێدەنگی تێپەڕ دەبێ ، لەناکاو بایەکە دەنگی فیکەیەك دەخاتە بەر گوێی هەردوکیان.

ئیدی ڕێبوارەکە مەچەکی پاسەوانەکە بەردەدا و دەڵێ: ئیدی دەتوانی بڕۆی ، بڕۆ بۆخۆت سوپاسی خوا بکە کە نەمکوشتی.

ڕێبوارەکەش فیکەیەك لێدەدا و لەدەرگای گۆڕستانەکەوە دەچێتە دەرێ و دور دەکەوێتەوە .

ساتێك دوای ئەوە ، دەنگی خۆهەڵدانی کابرا بەسەر خەندەقەکەدا ، دەکەوێتە بەر گوێی پاسەوانەکە.

پاسەوانەکە ، لەبەر ئەوەی دەزانێ حەتمەن شتێکی ناخۆش ڕویداوە ، سەرتاپای جەستەی دەکەوێتە لەرزین ، بە دودڵی و سەرگەردانیەوە ، دەرگای گۆڕستانەکە دەکاتەوە و دەچێتە دەرێ. لەوسەرڕی شەقامەکەوە گوێی لە دەنگی تەپە تەپی ڕاکردن دەبێت ، پیاوێك بەهانکە هانکەوە دەڵێ: ئەوە تۆی (تیموۆڤی)؟ ئەدی کوا ( میتکا) لە کوێیە؟

پاسەوانەکە ، سەرانسەری شەقامە بەدار و درەختەکە دەبڕێ و لە تاریکایی شەودا چاوی بە ئاگرێك دەکەوێ کە لەحاڵی کوژانەوەدایە ، هەرچی لە ئاگرەکە نزیکتر دەبێتەوە ، ترس و دڵەڕاوکێیەکەی زیاتر دەبێ. ترس لە ڕودانی کارەساتێکی شوم!

بەخۆی دەڵێ: ( ئەگەر هەڵە نەبم ئەم ئاگرە لە کلیساکەیە ... دەبێ کێ ئەم ئاگرەی کردبێتەوە؟ مریەمی پیرۆز بگە هانام! خۆیەتی ... کلیساکەیە! ).

ماوەیەك لەودیو شوشەی شکاوی پەنجەرەی کلیساکەوە ڕادەوەستێ و بە ترسەوە سەیری شوێنی میحرابی کلیساکە دەکات ... گڕی ئەو مۆمەی کە دزەکان لەبیریان چوبو بیکوژێننەوە ، بەدەم ئەو بایەی ، کە لەپەنجەرە کراوەکانەوە دەچوە ژورێ ، پتەپت دەکا و ڕوناکیە بێ کزەکەی خۆی بەسەر جل و بەرگی پیاوە ئاینیەکاندا — کە لێرە و لەوێ پەرش و بڵاو کرابونەوە — و بەسەر گەنجینەیەکی دەمەوقڵپ کراودا و بەسەر شوێنی ڕاوەستانی میحراب و قوربانیگەکەدا ، دێنا و دەبرد ...

چەند ساتێکی تر تێپەڕدەبێ و ڕەشەبا بە لورە لور و بەئاوازێکی خێرا و ناڕێکەوە ، زەنگی ترس بە دەورو بەردا بڵاو دەکاتەوە.

# سەرکێشی

( پیوتەر پیوتەرۆڤیج ئاستریژین) ی برازای هاوسەری سەرهەنگ ( ئیڤانۆڤ) ، ئەوەی کە پار پێڵاوەکانیان لێ دزی ، کاتژمێر دوی بەیانی لەمەراسیمی (غسل تعمید) ی منداڵێك ، گەڕایەوە ماڵێ. بەو مەبەستەی ئەوانیتر لەخەونەکات ، جل و بەرگەکانی ، لەڕاڕەوەکە دانا و هەناسەی لەخۆی بڕی و لەسەر نوکی پەنجەکانی ، چوە ژوری نوستنەکەی خۆی و بێ ئەوەی چرا داگیرسێنێ ، خۆی ئامادەکرد بۆ نوستن.

ئاستریژین ، ژیانی لێوانلێو لەوشیاری و وابەستەییە و زۆر زو دەکەوێتە بەر دڵی مرۆڤەوە و لە خوێندنەوەشدا ، تەنیا کتێبە ئاینی و ڕەوشتیەکان دەخوێنێتەوە. بەڵام لەو مەراسیمەدا ، کە (لیۆبۆڤ سپێردۆڤنا) بە سەلامەتی رزگاری ببو ، مافی ئەوەی بەخۆیدا چوار پەرداخ ڤۆدکا و پەرداخێك شەراب ، کەتامەکەی مرۆڤی دەخستە یادی تێکەڵەیەك لە سرکە و ڕۆن گەرچەکەوە ، بخواتەوە. تامەکەی بە شێوەیەك بو ، مرۆڤ هەرچەندێکی لێ دەخواردەوە هێشتا دڵی دانەدەکەوت.

ئێستاش لەم کاتەدا ، کە خەریکی داکەندنی کراسەکەی بو ، زۆر حەزی لێبو هەندێکی تری بەسەرداکا ، بەخۆی گوت: ( لەلای ڕاستی



گەنجینەکە ، بتڵێك ڤۆدکای لێیە ، هی داشێنکایە ، واباشە بچم پەرداخێکی لێ بخۆمەوە ، کوڕە خۆ هەر هەستیشی پێناکات).

دوای چەند خولەکێك دودڵی و ڕاڕایی ، سەرەنجام توانی بەسەر ترسەکەیدا زاڵ بێت و بەرەو گەنجینەکە ملی نا. زۆر بە وریاییەوە دەرگاکەی کردەوە و بتڵ وپەرداخەکەی دۆزیەوە.

پەرداخەکەی پڕکرد ، بتڵەکەی لە شوێنی خۆی دانایەوە ، خاچێکی لەسەر سینگی خۆی کێشا و پەرداخەکەی چۆڕپڕ کرد.

لەو کاتەدا شتێکی چەشنی موعجیزە ، بو بەڕاست.

زەبری هێزێك ، کە لە تەقینەوەی بۆمبێك دەچو ، لە گەنجینەکەوە بەرەو سندوقەکە پاڵی پێوەنا. چاوەکانی بڵێسەیان لێ هەڵدەستا ، هەناسەی ڕاوەستا ، هەستێکی وەك ئەوەی کەوتبێتە نێو زەلکاوێکی پڕ لەزالوەوە ، باڵی بەسەر تەواوی جەستەیدا کێشا ، وایزانی لەبری ڤۆدکا ، پارچەیەك دینامێتی قوت داوە و بۆتە هۆکاری ئەوەی خۆی و خانوەکەیان و سەرانسەری گەڕەکەکەشیان ، تەقیبێتەوە و ڕون نیە ئاخۆ سەر و دەست و قاچەکانی پەڕیونەتە کوێ؟ ... نزیکەی سێ خولەك بەو شێوەیە ، بێ ئەوەی هەناسە بدات و لە شوێنی خۆی بجوڵێ ، لەسەر سندوقەکە مایەوە.

سەرەنجام لە شوێنی خۆی هەستا و لەخۆی پرسی: من لە کوێم؟

دوای ماوەیەکی کەم ، کاتێ هەندێك هاتەوە سەر خۆی ، یەکەم شت کە هەستی پێکرد بۆنی توندی نەوت بو ، دواتر بە ترس و شڵەژانەوە

گوتی: ئەی داد و هاوار! لەبری ڤۆدکا نەوتم خواردەوە! مریەمی پیرۆز بگە فریام!

کاتی بیری کردەوە کە ژەهراوی بوە! هەم سارد دەبۆوە و هەم گەرم دادەهات. جگە لەو هەمو بۆن نەوتەی کە ژورەکەی داگرتبو ، سوتانەوەی ناودەمی وپریشکی چاوەکانی و دەنگی ناقوس لەناو مێشکیدا و قوڕەقوڕی گەدەی هەمویان گوزارشتیان لەوە دەکرد نەوتی خواردبێتەوە.

کاتێ هەستیکرد مەرگ لێی نزیك بۆتەوە ، ویستی خودا حافیزی لە کەسە نزیکەکانی خۆی بکات ، هەر بۆ ئەم مەبەستە ، بەرەو ژورەکەی داشێنکا ، کەوتەڕێ.

ئاستریژین لەو کاتەوە کە ژنەکەی بەرەو ئەو دنیا بارگەی پێچابۆوە ، داشێنکای خوشکەژنی – کە ئیدی قەیرە ببو – بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵ ، هێنابوە لای خۆی.

کاتێ گەیشتە نێو ژورەکەی داشێنکا ، بەدەم ناڵەناڵەوە گوتی: داشێنکا! داشێنکای خۆشەویست.

دەنگی ژنێکی ترساو بەرز بۆوە: ها! چیە؟ پیوتەر پیوتەرۆڤیج ئەوە تۆی؟ گەڕایتەوە؟ چ ناوێکیان لە منداڵەکە نا؟ کێ بوە باوکی تەعمیدی منداڵەکە؟

: دایکە تەعمیدیەکەی (ناتالیا ئەندریوڤنا ڤیلکۆسڤتسکایا) بو و باوکە تەعمیدیەکەشی



( پاڤێل ئیڤانۆڤیج بیسوۆنستین) بو ... خەریکە دەمرم داشێنکا ... خەریکە دەمرم! منداڵەکەش بەشانازی وەلی نیعمەتیانەوە ناویان لێنا (ئۆلۆمپیاد) ... من ... من ... نەوتم خواردۆتەوە داشێنکا ...

: ئەم قسەیە چیە؟ مەگەر لەوێ لەبری ڤۆدکا و چای ، نەوتیان دەگێڕا؟

: نا نا ... لەڕاستیدا ویستم بەبێ مۆڵەتی تۆ پەرداخێك ڤۆدکا بخۆمەوە ، بەڵام ... خوداوەند لەسەر ئەمە سزای دام ... نەمزانی تاریك بو و لەبری ڤۆدکا نەوتم خواردەوە! ... نازانم ئێستا چی بکەم؟

کاتێ داشێنکا زانی بەبێ پرسی ئەو ، دەرگای گەنجینەکەیان کردۆتەوە ، ئیدی ئاگری گرت ... بەپەلە مۆمێکی داگیرساند ، لەنێو نوێنەکەی هاتەدەرێ و بەپێخواسی و بەجلی خەوتنەوە بەرەو گەنجینەکە کەوتەڕێ.

بەدەم سەیرکردنی کەل وپەلەکانەوە ، بەتوڕەییەوە پرسی: کێ مۆڵەتی ئەوەی پێدای بێ پرسی من دەرگا بکەیتەوە و وەژورکەوی؟ مەگەر ئەو ڤۆدکایە بۆ تۆ لێرە دانرابو بیخۆیتەوە؟

ئاستریژین ، کەلەشەرمان ئارەقەی پێدا دەهاتە خوارێ ، وەڵامی دایەوە: من ... من ...داشێنکا ... ڤۆدکای چی؟ نەوتم خواردۆتەوە

: بۆچی دەستت لەو نەوتە دا؟ چ کارت بەو نەوتە بو؟ پێتوایە نەوت هێندە هەرزانە؟ ئاگات لەوە هەیە نرخی نەوت چەندە بەرز بۆتەوە؟ دەزانی بۆتە چەند؟

ئاستریژین بەدەم ئاخ و ئۆفەوە گوتی: داشێنکا بە قوربانت بم من خەریکە دەمرم! کێشەی ژیان و مردن لەگۆڕێ دایە! تۆش باسی پارەم بۆ دەکەی؟

داشێنکا ، بەتوندی دەرگای گەنجینەکەی داخست و هاواری کرد: سەر خۆش بوە و دێت سەر دەکێشێتە نێو گەنجینەکەوە! ئاخ لەکەسانی ستەمکار و بێبەزەیی وەك ئێوە! چۆن خەڵك گیری خواردوە بە دەستتانەوە ...

منی بەدبەخت! نە شەوم شەوە و نە ڕۆژ! بەنەفرەت بن ، تکاکارم لەخودا ئەو دنیاتان وەك ئەم دنیای من بێت! سبەینێ لێرە دەڕۆم ، من کچی عازەبم و لێناگەڕێم بەجل و بەرگی خەوتنەوە لەبەرمبەرمدا ڕاوەستی ، ئەو کاتانەی پۆشتە نیم مافی ئەوەت نیە سەیرم بکەیت!

داشێنکا بەردەوامبو لەو جۆرە قسانە ... ئاستیریژینیش باش دەیزانی ، کاتێ داشێنکا توڕەببێ ، ئیدی نەك بەپاڕانەوە و سوێند و سوێندکاری ، تەنانەت بە گرمەی تۆپیش ئارام نابێتەوە.

ئاستریژین هەندێك دەستی ڕاوەشاند و جل و بەرگەکانی لەبەر کرد و بڕیاریدا بچێتە لای دکتۆر ، بەڵام دکتۆرەکان تەنیا ئەو کاتانە وەگیر دەکەون کەمرۆڤ هیچ کارێکی پێیان نەبێت ...

ئاستریژین سێ کوڵان گەڕا ، نزیکەی سێ جار چوە ماڵی دکتۆر (چەنچریاس) و حەوت جاریش چوە ماڵی دکتۆر (بوڵتیخین) و لەزەنگی دەرگای دا ، سەرەنجام بە هیوای چارەسەرکردن چوە دەرمانخایەیەك ، دوای چاوەڕوانیەکی درێژ ، کابرایەکی کورتەباڵای



ڕەشتاڵەی قژلول و خەواڵو ، بەبەروانکەیەکی سپیەوە ، کە بەکەسێکی جدی و زیرەك و دانا دەچو و ترسی دەخستە دڵی مرۆڤەوە ، وەدەرکەوت.

بەدەنگێکیەوە ، کە تایبەتمەندی خاوەن دەرمانخانە جدی و زیرەکە یەهودیەکانە ،

پرسی: چیت دەویست؟

: توخودا تکات لێ دەکەم ... شتێکم بدەرێ ... ماوەیەك لەمەوبەر نەمزانی و نەوتم خواردەوە ، خەریکە دەمرم.

: تکات لێ دەکەم هێدی بە ... بەهێواشی وەڵامی پرسیارەکانم بدەرەوە ... بەم هات و هاوارەی بەرپات کردوە ، هیچ شتێك لە دەردەکەت حاڵی نابم. گوتت نەوتم خواردۆتەوە؟

: بەڵێ نەوت! تکایە ڕزگارمکە!

کابرای خاوەن دەرمانخانە ، زۆر بەئارامی ، بەرەو ژورێکی بچوك ڕۆیشت ، کتێبێکی کردەوە و کەوتە سەیرکردنی ، دوای ئەوەی دو لاپەڕەی لێ خوێندەوە ، سەرەتا شانێکی و دواتر شانەکەی تری هەڵتەکاند و بەحاڵەتێکی تێکەڵ بەڕقەوە ، ڕوخساری گرژ کرد و دوای ساتێك ڕاوەستان ، بەرەو ژورەکەی تەنیشت ، ڕۆیشت.

زەنگی کاتژمێرە دیواریەکە ، کاتژمێر چواری بەربەیانی ڕاگەیاند.

دوای تێپەڕبونی نزیکەی دە خولەکێك ، کابرای دەرمانخانە بە کتێبێکی ترەوە گەڕایەوە و دیسان کەوتەخوێندنەوەی ، دوای چەند

خولەکێك ، بەڕقەوە گوتی: کاکە واباشترە بچیتە لای دکتۆر ، نەك دەرمانخانە.

: چومە لای دکتۆر ، بەڵام چەندی لەدەرگامدا کەس دەرگای لێ نەکردمەوە !

: هم ... ئێوەمانان ... ئێمەی خاوەن دەرمانخانە بە مرۆڤ نازانن ، کاتژمێر چواری بەیانی دێن سەرودڵمان دەگرن و ژیانمان لێ هەراسان دەکەن. بابە ! سەگ بە سەگی خۆی مۆڵەتی پشودان دەداتەپشیلە ! ئێوە بە هیچ شێوەیەك ناتانەوێ بزانن کە ئێمەش مرۆڤین ! پێتانوایە کەللەسەری ئێمە ، لەبری مێشك ، گوریسی تێدایە !

ئاستریژین ، گوێی لە قسەکانی کابرای خاوەن دەرمانخانە گرت و ئاهێکی هەڵکێشا و بەرەو ماڵ گەڕایەوە ، بەدەم ڕێگاوە بیری دەکردەوە: ( پێدەچێ چارەنوسم مردن بێت).

ناودەمی دەسوتایەوە و بۆنی نەوتی لێ دەهات. گەدەی ، دەتگوت بە شتێکی نوك تیژ کەوتونەتە سەری و هەڵیدەکۆڵن. گرمەگرمێکی تۆقێنەر لەنێو گوێچکەکانیدا دەگەڕا و هەراسانی کردبو ، لەو ساتەدا هەستیکرد کەئیدی شتێکی وای نەماوە لەژیاندا و ئیدی دڵی لەکار کەوتوە ...

هەرکە گەیشتەوە ماڵ ، خێرا چوە سەر مێزی نوسینەکەی و ئەمەی نوسی: (( تکاتان لێ دەکەم بەهۆی مردنی منەوە کەس تاوانبار مەکەن)) .

دواتر نزای کرد و ڕاکشا و سەری خستە ژێر بەتانیەکەوە.



تا بەیانی نەخەوت ، چاوەڕوانی مەرگی دەکرد ، گۆڕەکەی خۆی هاتە بەرچاو کە گژوگیای لێ شین بوەو چۆلەکەو باڵندەکان بەجیکەجیك بەسەریدا دێن و دەچن ...

* * *

بەیانیەکیان لەماڵەوە لەسەر جێگا خەوەکەی دانیشتبو ، بەپێکەنینەوە ڕویکردە داشێنکا و

گوتی: خوشکەکەم ، ئەو کەسەی ژیانی ڕێك و دروست و بێ گرفت بێت ، هیچ ژەهرێك کاری تێناکا ، خۆم بەنمونە دێنمەوە: (هەنگاوێکم مابو بۆ مردن ، هێندەی نەمابو بمرم ، ئازارێکی زۆرم کێشا ، بەڵام ئێستا تەنیا هەندێك گەرو و ناودەمم دەسوتێتەوە ، دەنا سوپاس بۆ خودا تەواوی جەستەم سپوساغە ... دەزانی لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ژیانێکی بێ گرفتم هەیە.

داشێنکاش بیری لە خەرجیەکانی ڕۆژانەی ماڵ کردەوە و ئاهێکی هەڵکێشا و چاوەکانی بڕینە ساپیتەی ژورەکە و گوتی: تومەزە نەوتەکە خراپ بو ! ئەو دوکاندارەی سەری کۆڵانەکە ، لەبری نەوتێکی باش ئەم نەوتە خراپەی داومەتێ ... داماوێکی وەك من چۆن گیرم خواردوە بەدەست ئێوەی نەفرەتیەوە ، هەی نەفرەتی خواتان لێدا.

تا ماوەیەکی زۆر ،هەر ڕستی و نەیدەبڕیەوە.

# تۆڵەسێن

(فیۆدۆر فیۆدۆرۆڤیچ سیگایێڤ) ، دوای ئەوەی هاوسەرەکەی لە کاتی خیانەتتدا لەگەڵ هەتیوێکدا بینی ، بەمەبەستی کڕینی دەمانچەیەك ، بەرەو دوکانێکی چەك فرۆشی بەنێوی (شمۆکس و شێرکا ) وەڕێ کەوت . ڕق و نەفرەت لە ڕوخساریدا بەدی دەکرا. لەدڵی خۆیدا دەیگوت: (سوکایەتی بەتەواوی بنەماڵەکەم کراوە ، شەرەفیان لەکەدار کردوم ، گوناه و تاوان سەرکەوتون و بەردەرگایان پێگرتوم. دەبێ وەك مرۆڤێکی بەشەرەف ، تۆڵەی خۆم بکەمەوە ...).

گەرچی هێشتا ، نەدەمانچەی کڕیبو و نەکەسیشی کوشتبو ، بەڵام دیمەنی سێ تەرمی خوێناوی و کاسەسەر و مێشکی پڕژاوو و هات و هاواری کۆبونەوەی خەڵکی تەماشاکەر و بێکار و ناشتنی تەرمەکانی ، دێنانە بەرچاوی خۆی. خۆشحاڵیەکی تایبەت بەکەسانی سوکایەتیی پێکراو و ترس و دڵەڕاوکێی خزمان و ئاشنایان و دیمەنی ژنە خیانەتکارەکەی ، لەکاتی گیاندانا ، دێنا بەرچاوی خۆی. هەروەها سەر وتاری ئەو ڕۆژنامانەی دێنانە بەرچاوی خۆی کە لەبارەی ڕوداوەکەوە نوسیبویان .

کاتێ گەیشتە دوکانەکە ، کە خاوەنەکەی پیاوێکی بزێو و ورگ زلی فەڕەنسی بو و چاکەتێکی سپی لەبەردابوو ، بەدەم دانانی ( ڕۆڵڤەر) ە کانەوە ، بەڕێزەوە پێدەکەنی ، گوتی: مسیۆ من پێشنیاری ئەم



ڕۆڵڤەرە بێ هاوتایەت بۆدەکەم. سێ کارەیە ، خۆی قەوانەکە فڕێدەداتەوە ، فیشەکەکەی تاوەکو دوری شەشسەد هەنگاو کاریگەری هەیە. مسیۆ دڵنیابە لەمە باشتر و گونجاو ترت دەستناکەوێ ، ئەم ڕۆڵڤەرەی دەیبینی مۆدێرنترین سیستمی چەکسازی تێدا بەکارهاتوە. لەترسی گورگ و بەدکاران و ئاشقەکان ، ڕۆژ نیە دە دانەمان لێنەکڕن. ئەوەندە کاریگەرە ، لەتوانایدایە لەمەودایەکی دورەوە بەیەك فیشەك ژن وپیاوێکی خیانەتکار ،پێکەوە بکوژێ. بەڵام ئەگەر بۆ خۆکوشتنیشت بێت ... دەبێ لەخزمەتتدا بڵێم ئەم ڕۆڵڤەرە خوا دایناوە بۆ خۆ کوشتن ، دڵنیابە لەمەت باشتر دەسناکەوێ...

کابرای فرۆشیار لێکدا لێکدا دەمانچەکەی سوار دەکرد و دەیچرکاند و هەناسەی گەرمی بە لولەکەیەوە دەناو دەمانچەکەش بریسکەی دەدا ، هێند بە تاسە و ئارەزوەوە سەیری دەکرد ، خەریك بو لەخۆشیان بخنکێت. یەکێك نەیزانیبا دەیگوت: هاتباو یەکێك لەم ڕۆڵڤەرە (سمیت ڤۆسۆن) نانە هی ئەو بوایە ، بێ دودڵی ، فیشەکێکی بەتەپڵی سەری خۆیەوە دەنا. سیگایێڤ لەنرخەکەی پرسی و ئەویش وەڵامی دایەوە: چل وپێنج ڕۆبڵ ، مسیۆ.

: هم ... ئەمە بۆ گیرفانی من زۆرە .

: دەکەوایە ڕاوەستە با دانەیەکی هەرزانترت بۆبێنم ، بۆخۆت سەیرکە ،جۆرەها دەمانچەمان بە نرخی جیاوازەوە لایە و دەیخەینە خزمەت

بەڕێزت. بۆنمونە ئەم ڕۆڵڤەرەیان دەسکردی (لوفۆشە) یە ، نرخەکەشی لە هەژدە ڕۆبڵ تێناپەڕێ ، بەڵام ...

لێرەدا ، بێزاریەك بە ڕوخساریەوە دەرکەوت و پاشان درێژەی دایە: ئیدی سیستمەکەیان کۆن بوە ، ئێستا ، تەنیا ڕۆشنبیرە هەژارەکان و ئەوانەی نەخۆشی دەرونیان هەیە ، ئەم جۆرە دەکڕن. لەم سەردەمەدا ، کێ دەچێ خۆی ، یان هاوسەرەکەی ، بەڕۆڵڤەری لوفۆشە بکوژێ! مۆدێلەکەی بەسەر چوە. بەڵام تا خواحەزکا بازاڕی سمیت ڤۆسۆن گەرمە ، خەڵك زۆریان حەز لێیە.

سیگایڤ ، نێوچاوانی گرژ کرد و بە درۆ گوتی: من نەدەمەوێ کەس بکوژم ، نە نیازی خۆکوشتنیشم هەیە ... لەدەرەوەی شار ڤیللایەکم هەیە ... لەڕاستیدا بۆ ترساندنی دزو قەلەڕەشکە و...

فرۆشیار ، زەردەیەکی هاتێ و بەشەرمەوە سەری داخست و گوتی: نا مسیۆ ، دەمانچەت بۆچیە ، بۆچیت نیە ، هیچ پەیوەندیەکی بە ئێمەوە نیە. ئەگەر بڕیار بێ خۆمان لەکاری کڕیارەکانمان هەڵقورتێنین ، دەبێ دەرکی دوکانەکەمان داخەین و بڕۆینەوە ماڵێ. من تەنیا ئەوەندەم لەسەرە پێت بڵێم: ئەمە ئاوایە و ئەوە ئاوایە. ئێستاش دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم دەمانچەی لۆفۆشە بەکەڵکی ترساندنی باڵندە و شتی لەوجۆرە نایەت ، چونکە دەنگێکی ئەوتۆی نیە . ..بەڵام ڕوخسەتم بدەیە با دەمانچەیەکی کەپسولیی ئاسایی (مۆرتیمێر) ت نیشاندەم ، لە ڕاستیدا ئەمە ماڵی (دوئێل) ە.



سیگایڤ ، لەمێشکی خۆیدا بیری کردەوە: (باشە خۆ من دوئێلم هەر لەبیر نەبو ، بۆ کارێکی وانەکەم ئەو بێشەرەفە بە دوئێل ڕازی بکەم؟ بەڵام نا... نا ، نابێ شانازیەکی لەو چەشنەی بەنسیب بکەم ... دەبێ ئەم جۆرە جانەوەرانە وەکو سەگ بتۆپێنرێن ).

فرۆشیار ، بەجوانی وەرسوڕاو قاچەکانی لە زەوی دەخشاندن و هەروا زەردەی دەهاتێ و زۆربڵێی دەکرد. لەم کاتەدا چەند جۆرێك ڕۆڵڤەری هێنابون و لەسەر مێزەکەی ڕیز کردبون ، گوتی: سمیت ڤۆسۆن ، لە هەمو جۆرەکانی تری ڕۆڵڤەر ، زیاتر جێی متمانەیە.

سیگایڤ ، یەکێك لەڕۆڵڤەرەسمیت ڤۆسۆنەکانی هەڵگرت و نیگایەکی هیچ تێدا بەدی نەکراوی لێکرد و کەوتە نێو دەریای بیرکردنەوە ، ئەمجارەیان دیمەنی مێشکی پڕژاو وپەڵە خوێنی سەر کەلوپەلەکان و جۆگەلەی خوێن بەسەر فەرشەکەوە و ساتەوەختی داد و هاواری بەخشین وپاڕانەوەی ژنەکەی ، هێنانە بەرچاوی خۆی. بەڵام ئەمە شتێك نەبو تۆسقاڵێك دڵدانەوە و سوکنایی بۆ ڕۆحی وێرانکراو و کارەساتباری ئەو تێدا بێت ، ناڵە و هاوار و خوێن ، نەیاندەتوانی دۆخی دەرونیی ئەو هێور بکەنەوە ... دەبا بیر لە تۆڵەسەندنەوەیەکی زۆر توندتر بکاتەوە ، بیری کردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: (وا باشترە ئەو دەیوسە بکوژم و با ئەو سۆزانیەش بژی و بە دەم ئازاری ویژدان و بەسوك ڕوانین و نەفرەتی خەڵکەوە ، بە زیندویی داڕزێت ، بەو سروشتە هەستیارەی کە هەیەتی ، ژیانێکی لەو چەشنە ، هەمو ڕۆژێکی مردنە). ئەمجار مەراسیمی ناشتنی تەرمەکەی

خۆی هاتە بەرچاو (سوکایەتییان پێکردوە ، لەنێو تابوتەکەدا درێژ کراوە ، زەردەخەنەیەکی لەبار بە گۆشەیەکی لێویەوە مەبییوە ، ژنەکەی خەفەتخان و لێو بەبار ، لەتاو ئازاری ویژدان ، بەشەکەتیەوە دوای تەرمەکەی کەوتوە ، دۆشداماوە و نازانێ بە چ شێوەیەك خۆی لە نیگا نەفرەتیەکانی خەڵکەکە بدزێتەوە . . .).

لەنێو ئەم فکر و خەیاڵانەدا بو ، کابرای چەکفرۆش ، هەودای بیرکردنەوەکانی پساند و گوتی: مسیۆ پێموایە حەزت لە سمیت ڤۆسۆنەکەیە ، کاکە ... ئەگەر نرخەکەیت پێ زۆرە ، ئەوا ئامادەم پێنج ڕۆبڵت بۆ دابشکێنم. بەڵام لە هەمو حاڵەتەکاندا جۆری هەرزانتریشمان هەن.

کابرای فەرەنسی ، لەسەرخۆ وەرسوڕا و چەند ڕۆڵڤەری تری – کە هەمویان لەنێو پاکەتی خۆیاندا بون – لەسەر ڕەفەکان داگرتنە خوارێ و لەسەرمێزەکە ، بەتەنیشت یەکەوە داینان و درێژەی دایە: فەرمو مسیۆ ، ئەمەیان نرخەکەی سی ڕۆبڵە ، ئاگاداری ئەوەش بە نرخی ڕۆبڵ بەشێوەیەکی ترسناك ڕۆژ بە ڕۆژ لەدابەزیندایە و لەلایەکی تریشەوە بڕی باجی چەك و کەلوپەلەکانی ، سات بە سات دەچێتە سەرێ. ئەگەر ئاگات لەو شتانە هەبێت ، دەزانی کە گرانجان نین. سوێند بەخودای تاك و تەنیا ، مرۆڤێکی خۆپارێزم ، بەڵام سەرباری ئەمەش تینم بۆهاتوە ، ئەم جۆرە شتانەن لەم سەردەمەدا وایان کردوە جگە لەپیاوی دەوڵەمەند ، کەس نەتوانێ چەك بکڕێ. خەڵکی هەژار و قوڕبەسەریش ناچارن بە دەمانچەی (تولا) و کبریتی



فسفۆڕدار ، ڕازی بن. خۆشت دەزانی دەمانچەی تولا چ ماڵێکە ! پیاو ئەگەر بیەوێ ، بۆنمونە ژنەکەی خۆی بکوژی ، فیشەکەکە بە دەستی خۆی دەکەوێتەوە ...

سیگایێڤ هێنایە بەرچاوی خۆی لەوانەیە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم دەمانچەیەدا بمرێت و ئازار و کوێرەوەری ژنەکەی ، بەچاوی خۆی نەبینێ. زۆر بەمە دڵتەنگ بو. تۆڵە سەندنەوە کاتێك خۆشە مرۆڤ سەرەنجامەکەی بەچاوی خۆی ببینێ ، گەرنا چ سودێکی هەیە تۆ مردبیت و لەنێو تابوتتدا درێژیان کردبیت و نەزانی دوای تۆ چ ڕودەدا؟. ئەمجار بیری کردەوە: (ئەرێ بەڕاست چۆنە یەکەمجار ئەو هەتیوە بکوژم و دوایی بچمە سەر قەبران و بەچاوی خۆم ببینم کەدەینێژن و دواتر یەکسەر خۆم بکوژم ؟...

بەڵام نا ... ئەمە سەرناگرێ ، چونکە لەوانەیە بەرلەوەی ناشتنەکەی بە چاوی خۆم ببینم دەسگیرم بکەن و دەمانچەکەشم لێ بستێنن و ئەوسا فریای خۆکوشتنیش ناکەوم ... نا ... ئەمەیان سەر ناگرێ ... واباشترە ئەو هەتیوە بکوژم و واز لە ژنەکەشم بێنم با بژی و ...خۆشم ... کوڕە خۆشم ناکوژم و دەچم خۆم ڕادەستی دەوڵەت دەکەم و دەچمە زیندانەوە. لەزینداندا بەردەوام دەرفەتی ئەوەم بۆ دەڕەخسێ خۆم بکوژم. جگە لەوەش کاتێ مرۆڤ دەخەنە زیندانەوە ، دەرفەتی ئەوەی دەبێت لەکاتی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا داوێنپیسی و ڕەفتاری نەشیاوی پیاوێك لەبەردەم لێکۆڵەر و دادگاو کۆمەڵگادا لەقاو بدات. ئەگەر خۆم بکوژم ئەوسا ژنەکەم بەو مەکر و

حیلەبازیەی کە هەیەتی ، هەموو تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی من و شانی خۆی لە ژێر باری تاوانەکە خاڵی دەکاتەوە. بەم شێوەیە خیانەتەکەی لە بیر و زەینی خەڵکیدا دەسڕدرێتەوە و منیش لەو نێوەدا تەنیا ئەوەم بۆ دەمینێتەوە خەڵکی پێم پێبکەنن. بەڵام ئەگەر بژیم لەوانەیە ... ).

ماوەیەك چاوەڕوان بوو ، دواتر جارێکی تر چوەوە نێو دنیای خەیاڵات و بیرکردنەوەوە: (ئەگەر بێت وخۆم بکوژم! لەوانەیە بکەومە بەر پێیان و ... لە لایەکەوە نازانم تازە لەبەر چی خۆم بکوژم؟ لەلایەکی تریشەوە خۆکوشتن نیشانەی بێ توانایی و ترسنۆکیە. هەروا باشترە ئەو هەتیوە بکوژم و واز لەژنەکەشم بێنم ، خۆشم ڕادەستی دەوڵەت دەکەم و لەکاتی دادگایی کردنیشدا ژنەکەم ناچارە وەك شاهیدێك لەدادگادا ئامادە بێت و ... لەوێ دەیخەنە ژێر پرسیاران و ئەوسا دەستە چەپەڵەکان دەکەونە ڕو و سوك و ڕیسوا دەبێت و خەڵکی ئامادەی نێو هۆڵی دادگا و دادوەرەکان و تەنانەت ڕۆژنامەنوسەکانیش لایەنی من دەگرن ...).بەم چەشنە لەنێو بیرو هۆشی خۆیدا نقوم ببو.

بەڵام کابرا فەرەنسیەکە ، هەروا کاڵاکانی خۆی لەبەردەم کڕیارەکەدا ریز دەکرد ، چونکە بەئەرکی خۆی دەزانی کەللەی کڕیارەکانی گەرمکات. گوتی: ئەمەش ڕۆڵڤەرێکی ترە ، دروستکراوی ئنگلیزە ، بەم دواییانە هێناومانە. بەڵام جارێکی تریش دوبارەی دەکەمەوە: تەواوی ئەم دەمانچانە لەبەرامبەر سمیت ڤۆسۆندا ، شتێکی کەم بایەخن. حەتمەن دەبێ ماوەیەك لەمەوبەر ئەو ڕوداوەت لە



ڕۆژنامەکاندا خوێندبێتەوە. ئەفسەرێك هاتەلام و دەمانچەیەکی سمیت ڤۆسۆنی – بۆ کوشتنی ئەو هەتیوەی بەژنەکەی فێرببو – لێکڕیم ، بە ڕۆڵڤەرێکی لەم چەشنە تەقەی لێکرد. بە بۆچونی تۆ چی ڕویدا؟ فیشەکەکە لە جەستەی کابرا دەرچو و چرا برۆنزیەکەی سەرمێزەکە وپیانۆیەکی کونکرد و سەگەکەی کوشت و سەرباری ئەمەش ، بەر ژنەکەی کەوت و ئەویشی بریندار کرد. ئەنجامێکی لەم چەشنە جێگای شانازی ئێمەیە. جا ئێستا ئەو ئەفسەرە لە زینداندایە. ئەڵبەتە دادگاییان کرد و سەرەنجام سزای کاری سەختیان بۆبڕیەوە. ئەم شتانەش دەر هاویشتەی چەند کێشەیەکن. یەکەم: دەستوری وڵات هی زەمانی دەقنانوسە. دووەم: دادگا ، هەمیشە بەرگری لەوانە دەکا کە چاویان بڕیوەتە ناموسی خەڵکی. ئەگەرلێشم دەپرسی بۆچی؟ وەڵامەکەی زۆر سادەیە ، چونکە هەمویان واتا لە دادوەرەکانەوە بگرە تا داواکاری گشتی و پارێزەرەکان هەرهەمویان پەیوەندی ڕێگاپێنەدراویان لەگەڵ ژنی خەڵکیدا هەیە. تەنانەت کەم بونەوەی مێردێك لەڕوسیا بۆ ئەوان جێگای خۆشحاڵیە و خەیاڵیان ئاسودە تر دەکات. دامنا دەوڵەت هەمو پیاوە بەژن وماڵەکانی دورخستنەوە بۆساخالین ، پێتوایە بەم کارە کۆمەڵگاکەمان بەختەوەر تر دەبێ؟ مسیۆ ... ئاخ ... تۆ نازانی چەندە بەداخم لەم گەندەڵیە کۆمەڵایەتیەی ئەم سەردەمەی تێیداین! لەم سەردەمەدا چاوبڕینە ناموس و ئابڕوی خەڵکی ، بۆتە شتێکی ئاسایی! وەك جگەرە کێشان و کتێب خوێندنەوەی لێهاتووە! کار و کەسابەتی

ئێمەش ساڵ بەساڵ خراپتر دەبێ. هەڵبەتە مەبەستم ئەوە نیە بڵێم ساڵ بەساڵ داوێن پیسی کەمتر دەبێتەوە ، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ،پیاوەکان ، لەترسی دادگاو دورخستنەوە و زیندان ، چاوپۆشی لە بێ رەوشتی ژنەکانیان دەکەن و خۆیانی لەگەڵدا دەسازێنن.

لەم ساتەدا کابرای فرۆشیار سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و بەسرتە گوتی: بەڕای تۆ ئەم کارانە تاوانی کێن؟ من پێموایە لەم نێوەدا جگە لە دەوڵەت کەس بەرپرسیار نیە .

سیگاێڤ لەمێشکی خۆیدا هێنایی و بردی و لێکیدایەوە: (باشە ئەم کارەی من دەیکەم چ ژیریەکی تێدایە! لەبەر بەرازێکی پیس دوور بخرێمەوە؟ دادگایی و دورخستنەوەی من دەبێتە هۆکاری ئەوەی تێر تر و ئاسودە تر بێت. دەتوانێ شویەکی تر بکاتەوە و مێردی دووەمیشی فریو بدا ... کەوایە ئەویش ناکوژم ،خۆشم ناکوژم ، ئەو هەتیوە ... ئەو هەتیوەش ناکوژم ، دەبێ رێگا چارەیەکی ژیرانە تر و کاریگەر تر بدۆزمەوە ، واباشە بچم بەهاتو هاوار و گاڵەگاڵ ، ڕقی خۆمیان بەسەردا بڕێژم و کارێکی وابکەم خەڵکیان لێ کۆبێتەوە و سوك و ڕیسوابن).

کابرای فرۆشیار ، چەند دەمانچەیەکی لەسەر رەفەکە هێنانەخوارێ و لە کاتێکدا کە دەیخستنە سەر مێزەکە گوتی: فەرمو ئەمەش سیستمێکی تازەیە ، تەماشای ئەم ( زامن) ە ی کە ، بێ هاوتایە ...



ئیستا سیگاێڤ تەواو لە کڕینی دەمانچە پەشیمان ببۆوە ، بەڵام کابرای فرۆشیار هەروا دەمانچەی دادەگرتن و دەیخستنە سەر مێزەکەی بەردەمی .

ئیستا سیگاێڤی سوکایەتی پێکراو ، لەبەر ئەوەی کابرای فرۆشیار کاتێکی زۆری بەقسە کردن و هێنان و بردنی دەمانچەکانەوە ، لەگەڵدا بەفیڕۆ دابوو ، هەستی بە ئازاری ویژدان دەکرد.

دواتر لەژێر لێوەوە گوتی: زۆر باشە کاکە ...

حاڵەتی ڕوخساری فرۆشیاری نەدیت ، بەڵام بەو نیازەی بڕێك لە خەجاڵەتی خۆی کەم کاتەوە و بڕێکیش کابرای فرۆشیار ڕازی بکات ، بەباشی زانی بەدەستی بەتاڵ لەدوکانەکە نەچێتە دەرێ.

بەڵام چ بکڕێ؟ بەو نیازەی شتێکی دەسکەوێت نرخەکەی هەرزان بێت ، هەروا دەیڕوانیە دەرو دیواری دوکانەکە ، سەرنجی کەوتە سەر تۆڕێکی ڕەنگ سەوز کە لەنزیك دەرگاکە ، هەڵواسرابو.پرسی: ئەرێ ئەمە بەکەڵکی چی دێ ؟

: ئەمە داوی تایبەتی گرتنی هەوێردەیە.

: نرخی چەندە ؟

: هەشت ڕۆبڵ.

: تکایە بۆم بپێچەوە.

مێردی سوکایەتی پێکراو هەشت ڕۆبڵی دا و لەگەڵ هەستکردن بە سوکایەتیەکی زیاتردا ، لەدوکانەکە وەدەرکەوت.

تێبینی/ ئەم چیرۆکە پێشتر لەژمارە٥١ ی گۆڤاری زنار دا بڵاو بۆتەوە

# دوژمنەکان

دەوروبەری کاتژمێر دە ی شەوێکی مانگی کانونی یەکەم ، (ئەندرێی) ، تاقە کوڕە تەمەن دە ساڵانەکەی دکتۆر کریلۆف ، بەهۆی نەخۆشی (دیفتری*) یەوە ، چاوەکانی لێکنان. هاوسەری دکتۆر ، لە بەردەم چارپای کوڕەکەی کەوتە سەرچۆکان و یەکەمین نیشانەی بورانەوەی تێدا بەدی کرا.

لەم کاتەدا دەنگی لێدانی دەرگا هات.

سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژەی کەنەخۆشی (دیفتری) سەری بەماڵێدا کرد ، ئەمان هەمو خزمەتکارەکانیان ڕەوانەی ماڵەکانی خۆیان کردنەوە.

دکتۆر کریلۆف ، بەخۆی و کراسە درێژە یەخە دانەخراوەکەیەوە ، بێ ئەوەی دەست و دەموچاوە تەڕەکەی ، کە بەهۆی (ئەسید فنیك) ەوە دەسوتایەوە ، بشوات ، دەرگای کردەوە ، نێوحەوشە سەر داپۆشراوەکە هێندە تاریك بو ، ئەوکەسەی وەژور کەوت ، تەنیا باڵا مامناوەندیەکەی و ڕوخسارەپان و ڕەنگە پەڕیو و ملپێچە سپیەکەی دیار بو. ڕەنگی بەڕوەوە نەمابو ، دەتگوت لەگەڵ هاتنی ئەودا حەوشەکە ڕوناك بۆتەوە.

کابرا ، بێ پێشەکی گوتی: دکتۆر لەماڵە؟

کریلۆف وەڵامی دایەوە: من دکتۆرم فەرمو چ کارێکت هەبو؟



کابرا ، دیاربو بەم قسەیە گەشایەوە ، گوتی: ئەوە تۆی دکتۆر؟ زۆر خۆشحاڵم. دوای ئەمە دەستی درێژ کرد و لەو تاریکیەدا دەستی دکتۆری گرت و گوشیی و گوتی: زۆر خۆشحاڵم پێشتر من و تۆیان بەیەك ناساندبو ... (من ئابۆگین) م ... ئەوەی کە ئەم هاوینە لەماڵی (گنۆچێڤ) ، شانازی ناسینتم پێبڕا ، زۆرم پێخۆشبو کە لە ماڵەوە بویت ... بەس توخودا نەڵێی لەگەڵت نایەم ... ژنەکەم زۆر هیلاکە ... گالیسکەشم هێناوە ...

دەکرا لە ئاوازی دەنگ و جوڵەکانیەوە ، هەست بەو بێ ئۆقرەیی و نائارامیە بکەیت ، کە سەرتاپای جەستەی گرتبۆوە. دروست وەك ئەو کەسانەی سەگێکی هار پەلاماریان دەدات ، یان ماڵەکەیان ئاگری تێبەردەبێ. هەناسەبڕکێی بو ، بەدەنگێکی لەرزۆکەوە ، زۆر بەخێرایی قسەی دەکرد. تۆنی دەنگی ، لە دەنگی منداڵێکی ترساو دەچو. بەدەستەواژەی کورت و پچڕپچڕ قسەی دەکرد. بێ ئەوەی ئاگای خۆی بێت ، زۆر قسەی زیاد و نابەجێی بەدەمدا هات.

درێژەی دایە: زۆر دەترسام لەماڵ نەبیت ، زۆر بەپەلە هاتم ... توخودا جل و بەرگەکانت لەبەرکە و بابڕۆین ... دەزانی ئەمە چۆن بو؟ ئەم ئێوارەیە (پاپچینسکی) هات بۆ لام ، دەزانی کێ دەڵێم؟ (سەمینۆپچۆ)! ، خۆ تۆش دەیناسی! ... برادەرایەتیەکەمان زۆر گەرمە ... ئیدی دانیشتین چای بخۆینەوە ... لەم کاتەدا ژنەکەم هاواری لێ بەرزبۆوە ، دەستەکانی خستنە سەردڵی و لەسەر کورسیەکە کەوتە خوارێ ، ئیدی منیش بەپڕتاو گەیشتمە سەری و

بڵندم کردەوە و لەسەر چارپاکە درێژم کرد و هەندێك ئامۆنیاکم بە نێوچاوانیدا سوی و ئاوم بەڕوخساریدا کرد ... وەك مردوانی لێهات ... دەترسێم سەکتە لێی دابێ ... فەرمو بابڕۆین ... باوکیشی هەر بە سەکتەی دڵ تەمەنی درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

کریلۆف ، بێ ئەوەی یەك قسەبکا ، هەروا گوێی ڕاگرتبو ، دەتگوت ڕوسی هەر نازانێ.

ئەودەمەی کە ئابۆگین لەبارەی پاپچینسکی و خەزوریەوە قسەی دەکرد ،جارێکیتر دەستی درێژکرد دەستی دکتۆر بگرێ ، دکتۆر سەری ڕاوەشاند و لەکاتێکدا کە وشەکانی درێژ دەکردنەوە ، گوتی: داوای لێبوردن دەکەم ، ناتوانم بێم ... ئاخر هەرپێنج خولەك دەبێ کوڕەکەم ... کوڕەکەم مرد.

ئابۆگین ، بەبیستنی ئەم قسەیە ، هەنگاوێك کشایە دواوە و بەدەنگێکی خەمبارانەوە گوتی: بەڕاستی؟ ئای خودایە! ... سەیرکە بزانە من لە چ کاتێکی پڕ مەینەت و خەفەتخانیدا هاتومە ئێرە! ئەمڕۆ ڕۆژێکی شوم بو ... چ ڕێکەوتێکی نەگریسە ... بەڵام چ بکەین ئەمە خواستی پەروەردگارە.

ئابۆگین ، دەسکی دەرگاکەی گرت و سەری داخست. دیاربو دودڵە ، نە دەیتوانی دەسبەرداری بردنی دکتۆر بێت ، نە چاو و ڕوی ئەوەشی هەبو جارێکیتر تکای لێ بکاتەوە. ناچار دەستەکانی خستنە سەر شانی دکتۆر و گوتی: گوێ بگرە دکتۆر! زۆر باش درك بەو زریانەی نێو ناخی تۆ دەکەم ... خودا دەزانێ چەندە هەست بە خەجاڵەتی



دەکەم لەکات و ساتێکی لەم چەشنەدا هاتومەتە ئێرە و داواکاریەکی لەم شێوەیەت لێدەکەم! بەڵام نازانم چ بکەم؟ هیچ ڕێکایەکی ترم نیە ... بۆ خۆت بیری لێ بکەرەوە و پێم بڵێ بزانم چ بکەم؟ خۆت ئاگاداری جگە لەتۆ ، هیچ دکتۆرێکی تر لێرە نیە. توخودا وەرە لەگەڵمدا بابڕۆین ، دڵنیابە ئەگەر بۆخۆم بوایە ئەم داوایەم لێ نەدەکردی ، خۆمن نەخۆشەکە نیم!.

هەردوکیان بێدەنگ بون ، دکتۆر پشتی کردە ئابۆگین ، ماوەیەکی کەم ڕاوەستا ... دواتر وردە وردە لەنێو حەوشێڕا بەرەو ژوری میوانی ماڵەکەی کەوتە جوڵە ، بۆ خۆلادان و خۆبواردن لە دودڵی و جوڵە و بزاوتە لائیرادیەکانی ، ئاباژۆری چرا کوژاوەکەی سەر مێزەکەی زۆر بەوردی ڕێکخست و کتێبەکەی سەرمێزەکەی لێك کردەوە و خاڵێکی تێدا بەدی کرد. لەو ساتەدا نە ئامانجێکی هەبو ، نە ئارەزوی هیچ شتێکی دەکرد ، نە بیریشی لە هیچ دەکردەوە ، پێدەچو هەر لە بیریشی نەمابێ کەوا کەسێکی نامۆ لەنێو حەوشێدا ڕاوەستاوە و چاوەڕوانی ئەوە.

ئەم تاریکی و ئارامییەی ژوری میوان ، تا ڕادەیەکی زۆر ، خەم و نیگەرانی ئەمی دەڕەواندەوە. دەیویست لەوێوە بچێتە ژوری کارەکەی ، لەترسی بەربونەوە ، قاچەکانی زیاد لەپێویست بەرز دەکردنەوە ، لەو تاریکیەدا ، بەدوای دەسکی دەرگاکەدا دەگەڕا ، دواتر دەتگوت بە ڕێکەوت ڕێگای کەوتۆتە نێو ماڵێکی سەیرەوە ، یان دەتگوت یەکەم جاریەتی لەژیانیدا سەرخۆش دەبێ ، جۆرێك لە خۆ

ونکردنی ، له سەرتاپای جەستەی خۆیدا هەست پێدەکرد. هەستێکی سەیر دایگرت ، گێژ و وڕ ، خۆی دایه دەستی ئەم هەسته تازەیه.

لەوێدا ، لەژوری کارەکەی ، تیشکێکی پان دەڕژایە سەر ڕەفەی کتێبەکان ، ئەم تیشکه هاوکات بو لەگەڵ بۆنی قورسی (ئەسید فنیك) و (ئاتر) ، کە لە دەرگا کراوەکەی ژوری نوستنەوە دەهاتە ژورێ.

دکتۆر بە بێ تواناییەوە خۆی هاویشتە سەر کورسیەکەی بەردەم مێزەکە و لێی دانیشت ، تا ماوەیەك خەواڵوانە ڕوانیە کتێبە بریسکەدارەکان ، دواتر له جێگای خۆی هەستا و چوە ژوری نوستن.

لێرەدا ، له ژوری نوستن ، ئارامی و بێدەنگیی مەرگ ، باڵی بەسەر کەش و هەواکەدا کێشابو ، هەمو شتێك ، له سەرەتاوە تا کۆتایی ، گوزارشتیان لەهەڵکردنی زریانێکی مەرگهێنەر دەکرد. مۆمێك کە لەسەر تەپڵەکێکی چکۆلە ، لە نێوان کۆمەڵێك شوشەی باریك ، شوشەیەکی گەورە هەبو. لەگەڵ چراگەورەکەی سەر دەلاقەکە ، ژورەکەیان بە باشی ڕوناك کردبوۆوە. کوڕە ، لەسەر چارپاکەی بەردەم پەنجەرەکە ، بەچاوانی کراوەوە ، لێی کەوتبو ، پەشێوی و سەرگەردانی ، لەڕوخساریدا دەخوێنرایەوە ، جوڵەی نەبو ، بەڵام دەتگوت چاوە ڕەشەکانی سات بەسات ڕەشتر دەبن و ڕۆدەچنە نێو کاسەی سەریەوە. دایکیشی لەبەردەم چارپاکەیدا چۆکی دادابو و باوەشی تێوەرێنابو و ڕوخساری لەنێو گنج و لۆچی لێفەکەدا شاردبۆوە. ئەویش چەشنی کوڕە مردوەکەی ، بێ جوڵەبو. بەڵام ئێمە نازانین ئاخۆ تا چ ئەندازەیەك دەمار و خوێن و ئەندامەکانی



جەستەی ، لەکاردا بون. بەهەمو بونی خۆیەوە و بەوپەڕی تاسەوە ، خۆی بە چارپاکەوە نوساندبو ، دەتگوت لەوە دەترسێ ئەو ئارامی و ئاسودەییەی کە سەرتاپای جەستەی گرتبۆوە ، تێکی بدات و لەبەینی بەرێ.

بەتانیەکان ، جل و بەرگەکان ، پەرداخ و پڕپیشکە ئاوەکان و کەوچکەکان ، کە بەنێو ژورەکەداپەرش و بڵاو ببونەوە و شوشە ( ئاو ئاهەك) ە سپیەکەو هەوای خنکێنەری نێو ژورەکە و بەکورتی هەمو شتەکان مردبون. یان بە واتایەکی تر ، لە ئارامیدا بون.

دکتۆر ، ماوەیەك لە تەنیشت ژنەکەی مایەوە ، دەستەکانی خستنە گیرفانیەوە ، سەری چەماندەوە و ڕوانیە کوڕەکەی ، شتێکی ئەوتۆ لەڕوخساریدا نەدەخوێنرایەوە. تەنیا دڵۆپە فرمێسکەکانی ڕوخساری بون کەدەدرەوشانەوە و گەواهی ئەوەیان دەدا ماوەیەك لەمەوبەر فرمێسکی ڕشتون و گریاوە.

ئەو شتە ترسناکەی لێی دەترسێین ، واتا قسە کردن لەبارەی مەرگەوە ، کە تا ڕادەیەکی زۆر هەمومان دەهەژێنێ ، لەو ژورەدا بونی نەبو. لەو بێدەنگیە قوڵەی دایکدا و لەو ڕوخسارە هیچ تێدا نەخوێنراوەی باوکدا ، دەگەیشتیتە ئەنجامێك ، کە خەم وخەفەتێکی زۆری لەدڵ و دەرونی مرۆڤدا دروست دەکرد.

ئەمە جوانیەکی پاك و میهرەبان بو ، دەستبردن بۆ نوسین و گێڕانەوی خەم و خەفەتی مرۆڤێك ، کارێکی سانا نیە ، ناتوانی

وشەکان بدۆزیەوە و گوزارشتیان لێ بکەیت ، مەگەر تەنیا سۆزی موزیك بتوانێ گەورەیی و کارەساتباری ئەم جۆرە حاڵەتانە دەربڕێ. دەکرا ، لەو ئارامیە تاقەت پڕوکێنەشدا ، جوانیەك بەدی بکەیت.

هەردوکیان ، واتا دکتۆر کریلۆف و هاوسەرەکەی ، بێدەنگی دایگرتبون و نەدەگریان ، دەتگوت لەبارەی پێگەی شاعیرانەی خۆیانەوە دەدوێن ، وەك چۆن تەمەنی گەنجیان تێپەڕی بو ، ئێستاش بەمردنی تاقە کوڕەکەیان ، بۆهەمیشە مافی هەبونی منداڵیان لێ وەرگیرابۆوە ... بەداخەوە ... دکتۆر تەمەنی چل و چوار ساڵ بو ، ئیدی سەرو ڕیشی سپی ببون و وەك پیرەمێردانی لێ هاتبو. هاوسەرە نەخۆش و کۆڵەوارەکەشی ، تەمەنی سی و پێنج ساڵ بو. ئیدی ئەندرێی یەکەم کوڕ و دواهەمین کوڕیان بو.

دکتۆر ، بەپێچەوانەی هاوسەرەکەیەوە ، بەکەسانێك دەچو کە توشی ئازاری دەرونی دەبنەوە و لەم سەرەوە دەچن بۆ ئەوسەر و ڕاوەستانیان نیە. دوای ئەوەی نزیکەی پێنج خولەکێك بەسەرسەری هاوسەرەکەیەوە ڕاوەستا ، قاچی ڕاستەی زیاد لەڕادەی ئاسایی بەرز کرد و لە ژورەکە چوەدەرەوە ، چوە نێو ژورێکی بچوك کەقەنەفەیەکی پان و گەورە ، نیوەی ژورەکەی داگیرکردبو. لەوێشەوە چوە چێشتخانەکە و بەرلەوەی بگاتەلای تەباخ و چارپای چێشتلێنەرەکە ، لە بەر دەرگا نزمەکە ، سەری چەماندەوە و چوەوە نێو حەوشەکە. لێرەدا جارێکیتر چاوی کەوتەوە بە ملپێچی سپی و ڕەنگی پەڕیوی کابرا.



ئابۆگین ، ئاهێکی هەڵکێشا و دەستی برد دەسکی دەرگاکەی گرت و گوتی: فەرمو بابڕۆین.

دکتۆر لەرزی و سەیرێکی کرد و گوتی: گوێ بگرە ، پێم گوتی ناتوانم بێم و بڕایەوە ! تێ ناگەی؟

ئابۆگین ، دەستێکی بەملپێچەکەیدا هێنا و بە تکا کردنەوە گوتی: دکتۆر خۆت دەزانی منیش لەگۆشت وخوێنم ، زۆر بەباشی درك بەو کارەساتەی تۆ دەکەم ، هاوبەشی خەمتم ، بەڵام ئاخر چی بکەم؟ خۆ لەبەرخۆمم نیە ، ژنەکەم خەریکە دەمرێ ، بەخودا ئەگەر گوێت لە ناڵە و گریانی بایە و ڕوخساریت دیتبا ، ئەوسا دەتزانی لەبەرچی هێندە تکات لێدەکەم! ئای خودایە! گوتم لەوانەیە ئێستا جل و بەرگەکانت لەبەر کردبێ ، زۆر لەمێژە چاوەڕوانم ، دکتۆر زۆر لەمێژە چاوەڕوانم! تکات لێدەکەم با بڕۆین.

دکتۆر دوای ماوەیەك گوتی: ناتوانم بێم. دوای ئەم قسەیەش بەرەو ژوری میوان وەڕێکەوت. ئابۆگین بەدوایدا ڕۆیشت و مەچەکی گرت و گوتی: من دەزانم تۆ خەم و خەفەتت هەیە ، زۆر باش ئەمە دەزانم ، بەڵام ئەی هاوار خۆ منیش بۆ ددان ئێشە و ڕاپۆرت نەهاتوم ، هاتوم بۆ ئەوەی گیانی مرۆڤێکم بۆ ڕزگار کەیت.

ئابۆگین وەك گەدایان دەپاڕایەوە: گیانی مرۆڤێك لە خەم وخەفەت گرینگترە دکتۆر! بەناوی مرۆڤایەتیەوە تکات لێدەکەم ، ئازایەتی بدە بەرخۆت و خۆڕاگربە.

كريلۆف بەنيمچە توڕەبونێكەوە ، گوتی: ناكرێ مرۆڤايەتی هەر لە سەرێكەوە هەبێت ، منيش بەناوی مرۆڤايەتيەوە تكات لێدەكەم لێمگەڕێ و وازم لێبێنە و كارت بەمن نەبێ ، ئای خودايە چ دەبيستم! من ئەوە خۆم بەپێوە ناگرم! ئەويش هاتوە بە ناوی مرۆڤايەتيەوە دەمترسێنێ! من ئێستا بە كەلكی هيچ شتێك نايەم ، هيچم لەدەست نايەت ، پێم دەڵێی ژنەكەم بەرمە كوێ؟ نەخێر ... نەخێر...

كريلۆف ، دەستی خۆی لەنێو چنگی ئابۆگيندا دەرهێنا و خۆی كێشايە دواوە و بەبڕوابەخۆبونەوە ، درێژەی دايە: ئەم داوايە لەمن مەكە ، بەداخەوەم ... بەپێی بەرگی سێزدەهەمی ياسای شارستانی ، ئەمن دەبێ لەگەڵتدا بێم و تۆش ماف خۆتە ئەگەر بەڕاكێش راكێشيش بێت بمبەيت ... بەڵام ... من حاڵم باش نيە ... تەنانەت توانای قسەكردنيشم نيە ، بمبورە.

ئابۆگين ، دوبارە مەچەكی دكتۆری گرت و گوتی: ئەمە ئەوپەڕی بێ ويژدانيە كە بەم شێوەيە وەڵامم دەدەيتەوە دكتۆر! واز لەبەرگی سێزدەيەم بێنە ، من ئەو مافە بەخۆم نادەم بەتوندی ڕەفتارت لەگەڵدا بكەم ،حەزت لێيە وەرە ، حەزت لێ نيە مەيە ، خودا پشت و پەنات بێت ، ئێستا من پێويستم بە هەست و سۆزو ويژدانی تۆيە ، نەك ئيرادەت. ژنێكی گەنج خەريكە گيان دەدا! تۆش گوتت ئێستا كوڕەكەم مردوە ، ئەدی كێ لەتۆ باشتر درك بەم كێشەيەی من دەكا؟

ئابۆگين حەجمينی لێبڕابو ، دەنگی دەلەرزی ، لەرزينی جەستەيی و ئاوازی دەنگی زياتر كاريگەريان هەبو نەك قسەكانی ، هەرچەندە لە



ڕوخساريدا ميهرەبانی و دڵسۆزی بەدی دەكرا ، بەڵام قسەكانی زۆر سادە و تەنانەت لە دروستكراو دەچون و بێ گيان بون. زۆر بەپەلە بو ، دەتگوت ئەمە سوكايەتيەكە بەماڵی دكتۆر و ئەو ژنەی كەخەريكبو دەمرد. تەنانەت خۆشی هەستی بەم حاڵەتەی خۆی كرد و لەترسی ئەوەی نەكا دكتۆر لێكدانەوەيەكی خراپ بۆ قسەكانی بكا ، هەوڵيدا بەشێوەيەكی نەرم و بەسۆز قسە بكا ، بۆئەوەی ئەگەر بەخودی قسەكانيش نەبێ ، بتوانێ بەسۆز و تۆنی دەنگی ، دكتۆر ڕازی بكات.

لەكاتی ئاسايدا ، قسە هەرچەندجوانيش بێت ، تەنيا دەتوانێ كاريگەری لەسەر مرۆڤە بێخەمەكان دابنێ ، كەم وايە كەسانی تر ڕازی بكا ، چونكە زۆربەی جاران ، بێدەنگی ، باشتر لە گوتە و قسە و دەستەواژە ، گوزارشت لەشادی و خۆشی ، يان خەم و خەفەت دەكات. ئاشقەكان ، ئەوساتەی بێدەنگن زۆر باشتر لەيەكدی حاڵی دەبن. يان وتارێكی بەجۆش و خرۆش لەسەرگۆڕی پياوێك ، تەنيا دەتوانێ كەسانی بێگانە وەجۆش بێنێ ،گەرنا ئەمە لەڕوانگەی هاوسەر و منداڵەكانيەوە شتێكی بێ نرخ و بێ بايەخە.

كريلۆف بەئاراميەوە ڕاوەستابو و هيچی نەدەگوت. بەڵام كاتێ ئابۆگين هەندێك قسەی لەبارەی پيشەی پيرۆزی دكتۆريەوە كرد ، ناپەسندانە پرسی: زۆر دورە؟

: سێزدە چواردە کیلۆمەترێك دەبێت ، ئەسپی زۆر باشم هەن ، بەڵێنت دەدەمێ بەیەك کاتژمێر دەتبەم و دەتهێنمەوە ، تەنیا یەك کاتژمێر.

دکتۆر ماوەیەك بیری کردەوە وپاشان گوتی: دەباشە بابڕۆین.

دوای ئەمە ، دکتۆرچەند هەنگاوێکی – کە ڕاڕایی و گومانی تێدا بەدی دەکرا – بەرەو ژوری کارەکەی هەڵێنان. هێندەی نەخایاند بە باڵتۆیەکەوە گەڕایەوە. ئابۆگین شاد و خۆشحاڵ و بێ ئوقرە بو ، یارمەتی دکتۆریدا تا باڵتوکەی لەبەرکرد و دواتر پێکەوە لەماڵێ وەدەرکەوتن.

ئێستا لەو تاریکیەدا ، دکتۆر بە پشتێکی چەماوە و ڕیشێکی باریك و درێژ و لوتێکی هەڵۆییانەوە ، باشتر دەبینرا. لە تەنیشتیشیەوە ئابۆگین ، کە کڵاوێکی بچوکی منداڵە قوتابیانی کردبوە سەری و بەئەستەم تەپڵی سەری داپۆشیبو ، دەهاتە بەرچاوان. لەبەر پرچە درێژەکەی ، سپێتی ملپێچەکەی ، تەنیا لەپێشەوەڕا بەدی دەکرا.

کاتی دکتۆر دەیویست سەرکەوێتە سەر گالیسکەکە ، ئابۆگین هەوڵیدا یارمەتی بدات و بەدەنگێکی نزمەوە گوتی: بەڕاستی ئەم گەورەیی و میهرەبانیەت جێگای ڕێزو ستایشە ، دەی (لیوك) ی خۆشەویسیت ، دەبێ بادەینەوە ، تا پێت دەکرێ خێرا لێخوڕە و پەلەبکە.

گالیسکەڕان ، زۆر خێرا لێیدەخوڕی ، ڕیزێك باڵەخانەی سادە ، کە لەسەرەتای نەخۆشخانەکەوە هەڵکەوتبون ، وەدیار کەوتن. تاریکی



هەمو شوێنێکی داپۆشیبو ، جگە لە ڕوناکایی پەنجەرەیەك – کە لەباڵەخانەیەکی نزیك کۆتایی دیوارەکە هەڵکەوتبو– بەشێکی باخچەیەکی ڕوناك کردبوۆوە. سێ پەنجەرەکەی تر – کە بەتەنیشتییەوە بون — لە کەش و هەوای ئەو دەوروبەرە ڕەنگ پەڕیو تر بون.

دواتر ، گالیسکەکە کەوتە نێوە تاریکیەوە ، هەوا ، بۆنی خارچکی لێ دەهات ، خشەخشی گەڵای دارەکان دەبیسترا ، قەلەڕەشەکان ، لەدەنگی تەقەتەقی پێچکەکانی گالیسکەکە ، بێدار بونەوە و بەنێو گەڵای دارەکاندا کەوتنە فڕکەفڕك و بە قیڕە قیڕێکی خەمناك ، سەرسامی خۆیان نیشاندا. دەتگوت زانیویانە کوڕەکەی دکتۆر مردوە و ژنەکەی ئابۆگین نەخۆشە.

دواتر گەیشتنە ڕیزە درەختێکی پەرش و بڵاو ، پاشان درەختێکی بچکۆلە و دوای ئەمەش ئەستێڵە ئاوێك کەشەوقێکی کەمی دەدایەوە و چەند سێبەرێك ، یان چەندپەڵەی ڕەشی گەورەی بە سەرەوە دەبینرا.

گالیسکەکە ، بەنێو دەشتێکی پان و بەریندا دەچوە پێش. ئیدی لێرە قیڕەی قەلەڕەشەکان بە ئاستەم دەبیسترا ، هێندەی نەخایاند ، دوای ماوەیەك ڕۆیشتن ، ئیدی هیچ دەنگێك نەدەبیسترا.

زۆربەی کات ، دکتۆر و ئابۆگین ، بێ دەنگ بون ، تەنیا جارێك نەبێ کە ئابۆگین ئاهێکی هەڵکێشا و بەدەنگێکی نزمەوە گوتی: ئەودەمەی مرۆڤ کەسە خۆشەویستەکانی خۆی لە مەترسیدا دەبینێ ،

کارەساتێکی گەورەیە ، ئەو ساتەش لە هەمو کاتێکی تر خۆشەویستترن بەلاتەوە.

کاتێ گالیسکەکە بەئارامی ڕوبارەکەی دەبڕی ، دکتۆر وەك ئەوەی لە دەنگی پڕ لە هاشەهاشی ڕوبارەکە ترسابێ ، ڕاچڵەکی و هێندێك سەری بادا و بە خەمبارییەوە گوتی: لێم گەڕێ بڕۆم ژنەکەم بەتەنیایە ، کەسێك دەنێرمەلای ، هێندەم پێناچێ ، گوناهە.

ئابۆگین بێدەنگ بو ، گالیسکەکە بەهۆی جادە پڕ لە بەردە زلەکانەوە هەڵبەز و دابەزی دەکرد و بەڕۆخە زیخەڵانەکەدا تێپەڕی و درێژەی بە ڕێگاکەدا.

دکتۆر کریلۆفیش وردە وردە لە گەڵ خەم و خەفەتەکانیدا ڕادەهات و دەیڕوانیە دەوروبەر.

ڕێگاکە ، بەهۆی ئەو تۆزە ڕوناکیەی کە لە ئەستێرەکانەوە دەڕژا ، تا ڕادەیەك دەبینرا. دار بیەکانی ڕۆخی ڕێگاکە ، ڕۆچوبونە نێو تاریکیەوە. لای ڕاستیان ، دەشتێکی پان و بەرین و کراوەی چەشنی ئاسمان بێ کۆتایی و چەند تروسکەیەکی کز ولاواز ، لێرە و لەوێ ، هەبون ، کەپێدەچو کەندەڵانی ڕەژوە بەردینەکان بن بتروسکێنەوە.

لەلای چەپیشیانەوە ، هاوتەریبی ڕێگاکە ، گردۆڵکەی بچوك بچوکی بە بنچکە گیا داپۆشراو بو. لەسەروی ئەمانەشەوە ، نیوە مانگ ، گەورە و بێ جوڵە ، بەئاسمانەوە بەدی دەکرا. سور هەڵگەڕابو و کەم تا زۆر لە نێو تەم ومژدا ون ببو. هەورە سپیەکان دەوریان گرتبو ، دەتگوت لەهەمو لایەکەوە لێی دەنواڕن و پارێزگاری لێ دەکەن نەبادا



ون بێت. مرۆڤ لە سروشتێکی لەم چەشنەدا هەستی بە شتێکی ئازاراوی و نائومێدکەر دەکرد.

زەوی ، وەك ژنێکی سۆزانی کە بە تەنیا لەژورێکدا دانیشتبێ و هەوڵبدا بیر لە ڕابردوی خۆی نەکاتەوە ، بێ گوێدانە زستان ، بەبیرەوەریەکانی بەهارو هاوین شادی دابیگرێ ، لە چاوەڕوانیدا بو.

مرۆڤ سەیری هەرلایەکی کردبا ، سروشتی وەك کەندەڵانێکی هەزار بە هەزاری سارد و سڕی بێ بن ، دەهاتە بەرچاوان. کە تیایدا نە دکتۆر و نە ئابۆگین و نە نیوە مانگەکە ، هیچیان دەرفەتی هەڵاتن و ڕزگاربونیان نەبو . . .

تا گالیسکەکە لەشوێنی مەبەست نزیکتر دەبوۆوە ، ئابۆگین زیاتر ئارامی لەبەر دەبڕا ، سەری دەسوڕاند و لەجێگای خۆی بڵند دەبوۆوە و لەسەر شانی گایسکەڕانەکەوە سەیری پێشەوەی دەکرد ...

سەرەنجام گالیسکەکە لەبەردەم پلیکانێکی درێژدا — کە بە سایەبانێکی ڕێ ڕێی جوان داپۆشرابو – ڕاوەستا. ئابۆگین هەناسەبڕکێی پێکەوتبو ، سەری بەرز کرد و سەیرێکی پەنجەرە ڕوناکەکانی نهۆمی یەکەمی کرد.

ئابۆگینیش لەگەڵ دکتۆردا پێکەوە چونە نێو حەوشێ ، لەکاتێکدا بەردەوام بەهۆی نیگەرانیەوە دەستەکانی لێك دەسوی ، گوتی: ئەگەر شتێك ڕویدابێ قوڕی کوێ بەسەری خۆمدا کەم؟ دوای برێك هەست ڕاگرتن ، دوبارە گوتی: بەڵام بەگوێرەی ئەوەی هیچ دەنگێك نابیسترێ ، دڵنیام تائیستا هیچ ڕوینەداوە.

لەنێو حەوشەکەدا ، هیچ دەنگێك نەدەبیسترا. تەنانەت ورتەیەکیش .
بەگوێرەی ئەو هەمو ڕوناکیە ، دەبوایا هیچیان بێدار نەبان.
ئیستا دکتۆر و ئابۆگین ، کە تا ئیستا لەنێو تاریکیدا بون ، زۆر بە ناپەسندی لەو ڕوناکیەدا یەکتریان بینی.
دکتۆر باڵایەکی بەرز وپشتێکی کوّم و ڕوخسارێکی پان و زۆر بە شەپرێوی جل و بەرگەکانی لەبەر کردبون ، شتێکی توند وحەزپێنەکراو ، لە لوتە هەڵۆیی و چاوە بێ ئارامەکانیدا دەخوێنرایەوە.پرچ ئاڵۆسکاو ، لاجانگ بەقوڵداچو ، ڕیشی سپیی ، ڕەنگی پەڕیو و خەمبار ، ڕەفتاری نەزانانە و بەکورتی تەواوی سەرسەختیەکەیی و ڕۆژگاری تاقەت پڕوکێن و چارەنوسی بەدکار ، ئەویان بەشێوەیەك بەرجەستە دەکرد ، ئەگەر مرۆڤ سەیری کردبا ، باوەڕی نەدەکرد ئەمە ژنی هەیە و چەند ساتێك لەمەوبەر بەهۆی گیان لەدەستدانی کوڕەکەیەوە گریاوە.
بەڵام ئابۆگین مرۆڤێکی تر بو ، سەر و ریش بۆر و بەهێز وپتەو ، ڕوخسار پان و سەرزل و لەهەمانکاتیشدا لەبەردڵان و جل و بەرگی جوان و مۆدی ڕۆژی لەبەردابون. لە گالیسکەکەی و دوگمەی چاکەتەکەی و پرچە درێژەکەیەوە — کە تا سەر شانەکانی بون و پشت ملی داپۆشیبو — دیاربو کەناسراو و ڕەسەنزادەیە. لە کاتی ڕۆیشتندا سەری بەرز ڕادەگرت و سینگی دەردەپەڕاند ، دەنگێکی گڕ و نێرانەی هەبو. ئەو کاتانەی ملپێچەکەی دەکردەوە یان پرچی



ڕێکدەخست ، جوانیەکی لێزانانە و کەم تا زۆر ژنانەی تێدا بەدی دەکرا.
تەنانەت ترسە منداڵانەکەشی ، لەوکاتەدا کە ڕەنگی ڕوخساری پەڕیبو و دەیویست چاکەتەکەی دانێ و سەری بەرز ڕاگرتبو و سەیری پلیکانەکانی دەکرد ، تۆسقاڵێك لەو دڵنیا بون و باوەڕ بەخۆبونەی — کەسەرتاپای جەستەی گەواهیان بۆدەدا — کەم نەدەکردەوە.
ئەوکاتەی بەپلیکانەکاندا سەردەکەوت ، گوتی: کەس دیار نیە ، هیچ دەنگێك نابیسترێ ، خودایە بەخێری بگێڕی.
پێکەوە لەگەڵ دکتۆردا وەژور کەوتن و چونە نێو سالۆنێکی گەورەوە ، لە نێو ئەو تاریکیەدا پیانۆیەك بەدی دەکرا کە بە سەرچەفێکی سپی داپۆشرابو. پێکەوە چونە نێو ژورێکی میوانی بچوك و جوانی برێك تاریکەوە ، کە ڕوناکیەکی مەیلەو زەرد ، جوانیەکی سەرنج ڕاکێشی پێ بەخشیبو .
ئابۆگین گوتی: تکایە فەرمو ، برێك لێرە دانیشە ... چەند چرکەیەك ، چەند چرکەیەك زیاترم پێناچێ و ئاگاداریان دەکەمەوە و ئێستا دەگەڕێمەوە.
دکتۆر کریلۆف بەتەنیا مایەوە. کەلوپەلە ڕازاوەکانی ژورەکە و ئەو ڕوناکیە جوانە و تەنانەت بونی ئەو ، لەماڵی کەسێکی نەناس و بێگانەدا ، کاریگەریەکی ئەوتۆیان لەسەر دانەنا.

لەسەر کورسیەك دانیشت و سەیرێکی دەستەکانی خۆی کرد کە
بەهۆی ئەسید فنیکەوە سوتابون. کاتێ دەیڕوانیە ئاباژۆڕە سورە
ڕونەکە ، چاوی کەوت بەکاتژمێرێك کە لەوسەری ژورەکە هەڵواسرابو
و دەنگی چرکەچرکی دەبیسترا.  گورگێکی کەوڵکراوی لەکا ئاخنراوی
بینی کەلەسەر چوارپەل قیت ڕاوەستابو. دیاربو ئەمە زۆر جێگەی
دڵنیایی و ڕەزامەندی ئابۆگینە.

بێ دەنگیەك ، هەمو شوێنێکی گرتەوە ... لەیەکێك لە ژورەکانی
ترەوە ،  یەکێك هاواری لێ بەرزبۆوە ، دەنگی کردنەوەی دەرگایەك
هات و پاشان بێدەنگی هەمو شتێکی داپۆشی. دوای تێپەڕبونی
نزیکەی پێنج خولەکێك ، دکتۆر چاوانی لەسەر دەستەکانی خۆی
گواستنەوە بۆ ئەو دەرگایەی کە ئابۆگین لێوەی ون بو ، ئابۆگین
لەنێو دەرگاکەدا ڕاوەستابو ، بەڵام ئیدی ئەو ئابۆگینەی چەند ساتێك
لەمەوبەر نەبو ، ئیدی شوێنەوارێکت لەو ڕەزامەندی و باوەڕ
بەخۆبونەی چەند ساتێك لەوەوبەری ، بەڕوخساریەوە بەدی نەدەکرد
، ڕوخسار و دەستەکانی و حاڵەتیی جەستەی ، لەژێر کاریگەری
جۆرێك لەترسی نەفرەتی ، یان ئازارێکی جەستەییی لەتوانا بەدەر ،
ڕەنگیان بەڕویەوە نەهێشتبو.

لوتی و لێوەکانی و سمێڵی و هەمو گنج و لۆچەکانی تەوێڵی ،
دەلەرزین و دەتگوت دەیانەوێ بڕۆن و لەڕوخساری جیا ببنەوە ،
بەڵام سەرباری ئەمەش چاوەکانی دەتگوت پێدەکەنن.



ئابۆگین ، چەند هەنگاوێکی قورسی بۆ نێو ژورەکە هەڵێنان ،
نوشتابۆوە ، دەینالاند و مستی ڕادەوەشاندن .بەدەنگێکی بەرز
نەڕاندی:  فریوی داوم ، ڕۆییشتوە .

زۆر بەقورسی دانی بە وشەی (فریو) دا ، دەنا.

: ئەو ژنە فریوی داوم و بۆخۆشی ڕۆیشتوە ، خۆی کردە نەخۆش
بۆئەوەی من بەدوای دکتۆردا بنێرێ و بۆ خۆشی ڕەدوی ئەو
(پاپچینسکی) یە سەگبابە کەوێ ، ئەی هاوار خودایە.

ئابۆگین زۆر بەقورسی بەرەو لای دکتۆر هەنگاوی هەڵێنان .مستە
سپیە گرێکردوە گۆشتنەکانی لەبەرامبەر چاوەکانی خۆیدا ڕاگرتبون و
ڕایدەوشاندن و دەیگوت:  بەرەڵای کردوم و بۆخۆیشی ڕۆیشتوە ، بەم
درۆیە فریوی دام ، ئەی هاوار خودایە ! بەڵام تێناگەم بۆچی بەم
پیلانە پیس و چەپەڵە ؟ بۆچی بەم یاریە شەیتانانەیە ! چ خراپەیەکم
بۆی هەبو؟ بەرەڵای کردوم و ڕۆیشتوە.

لافاوی فرمێسك بەچاوانیدا هاتنە خوارێ ، ڕوی خۆی وەرگێڕا و بەنێو
ژورەکەدا کەوتە هاتوچۆ کردن ، ئابۆگین لەم حاڵەتەیدا ، بەو چاکەتە
کورتە و پانتۆڵە تەسکەی مۆدی ڕۆژەوە ، قاچەکانی لەئەندازەی
خۆی بچوکتر دەهاتنە بەرچاو.  زیاتر بەشێرێك دەچو نەك بە مرۆڤ.

بێ متمانەیی لەچاوەکانی دکتۆردا دەخوێندرانەوە ، لە جێگای خۆی
هەستا و ڕوانیە ئابۆگین و گوتی: نەخۆشەکە لەکوێیە؟

ئابۆگین کەهەم دەگریا و هەم پێدەکەنی ، هەروا مستی ڕادەوەشاندن
، وەڵامی دایەوە: نەخۆشەکە... نەخۆشەکە ... ژنەکەی من نەخۆش

نیە ، سەگبابە ، پیس و بەدفەڕە ، شەیتانیش فێڵی لەم شێوەیە لەکەس ناکا ، کڵاوی لەسەرنام بۆئەوەی لەگەڵ ئەو گەمژەیە ، لەگەڵ ئەو لوتیە ، لەگەڵ ئەو نۆکەرەدا بڕوا. ئەی هاوار خودایە ! خۆزگە دەمرد ، توانای ئەم کارەساتەم نیە.

دکتۆر قیت ڕاوەستا ، چەند جارێك چاوی پروکاند و چاوەکانی پڕ لەفرمێسك بون ، ریش و چەناگەی لەرزی ، چەند جارێك بەسەرسامیەوە سەیری دەوروبەری خۆی کرد و گوتی: ئەمە چ یاریەکە تۆ لەگەڵ مندا دەیکەیت؟ من کوڕەکەم مردوە ! ژنەکەم بەو تازیە باریە لە ماڵێدا بەتەنیا بەجێ هێشتوە ! ... خۆم بەپێوە ناگرم! ئەوە خەریکە بەردەبمەوە ، سێ شەوە خەو نەچۆتە چاوم! ... بەم حاڵەوە منت هێناوەتە ئێرە بۆئەوەی لەم شانۆ گاڵتەجاڕیەدا ڕۆڵت بۆ بگێڕم؟ سەری لێ دەرناکەم! هیچ سەری لێ دەرناکەم! .

ئابۆگین یەکێك لە مستە نوشتاوەکانی کردەوە و کاغەزێکی لولدراوی فڕێدایە سەر زەویەکە و بە پێڵاوەکانی کەوتە سەری ، دەتگوت دەیەوێ زیندەوەرێکی زیان بەخش پانکاتەوە. بەڕقەوە گوتی: ئای کە منیش گەمژە بوم! ... ئای کە منیش هیچ تێنەگەیشتم! .

وەك ئەوەی یەکێك پەلاماری دابێت ، مستێکی ڕاوەشاند ، ئەمجار گوتی: هیچ هەستم نەکرد بۆچی هەمو ڕۆژێ دێتە ماڵمان! هیچ تێنەگەیشتم لەبەرچی ئەمڕۆ بەگالیسکە هات ، چاوەکانم کوێر ببون ، ئای خودایە چ گەمژەیەکی سەیرم.



دکتۆر ، بە هێواشی گوتی: سەر لەمە دەرناکەم ... هیچ سەری لێ دەرناکەم ، نازانم ئەم جۆرە کارانە چ واتایەکیان هەیە؟ ئەمانە پێکەنینیان بە ڕەنج و کوێرەوەریەکانی خەڵك دێ! ئایا شتی لەم جۆرە دەکرێ ... لە ژیانمدا شتی لەم شێوەیەم نەدیوە.

دکتۆر ، وەك گێژێك ، کەتازە بۆی دەرکەوتبێ کەسێك دڵی ڕەنجاندوە ، شانێکی هەڵتەکاند و دەستەکانی ڕاوەشاندن. چونکە نەیدەزانی چ بکات و چ بڵێت ، بەشەکەتی و ماندوییەوە خۆی هاویشتە سەر کورسیەك.

ئابۆگین ، بەڕقەوە گوتی: باشە دامنا منی خۆشنەدەویست و دڵی بە کەسێکی ترەوە بو! ئەدی لەم حاڵەتەدا تەفرەدان چ واتایەکی هەیە؟ ئەم بێ وەفاییەپیسە بۆچی؟ بۆچی؟ بۆچی؟ چ خراپەیەکم بۆی هەبو؟

لێرەدا لە دکتۆر کریلۆف نزیك بۆوە و سەرسەختانە گوتی: گوێ بگرە دکتۆر ، تۆ بێ ئەوەی حەزت لێبێ و مەبەستت بێت ، بویتە بینەر و شاهیدی بەدبەختیەکانی من ، منیش نامەوێ ئەوەت لێ بشارمەوە ، باوەڕم پێبکە زۆر زۆرم خۆشدەویست ، لەناخی دڵەوە خۆشمدەویست ، هەموشتێکم خستبوە بەردەستی ، لەسەر ئەو ، لەگەڵ ماڵەوەدا تێکمدا ، وازم لەکاروکاسبی هێنا ، موزیکم خستەلاوە ، سەرباری ئەوەش زۆر جار هەبوە شتێکی کردوە و بەخشیومە ، ئەگەر هاتبا و دایکم بوایە ، یان خوشکم بوایە ، ئامادە نەبوم هەرگیز بیبەخشم... هیچ کاتێك بە جۆرێك لە جۆرەکان سەیریم نەکردوە ،

هـیچ کاتێـك نەمهێـشتوە نیگـەران بێـت ، ئـەدی کەوایـە بۆچـی ئـەم درۆیەی لەگەڵدا کردم؟ بۆچی هانای بۆ ئەم فرت و فێڵە چەپەڵە برد؟ ئەگــەر مــرۆڤ یــەکێکی خۆشــنەوێت ڕاســتگۆیانە و ڕاشــکاوانە دەریدەبڕێ. ئەویش کاتێ دەبینێ هەستی من لە بـارەی شـتێکی لـەم چەشنەوە ، چۆنە! ئیدی ...

ئابۆگین ، بەچاوانی پڕ لە فرمێسك و جەسـتەی لەرزۆکـەوە ، ئـەوەی کەلەدڵیـدا پـەنگی خواردبـۆوە ، خـەریکبو بـۆ دکتـۆری هەڵدەڕشـت. گەرم ببو لەقسە کردن ، هەردو دەستی لەسەر دڵی دانابو. بێ دودڵی هەرچی نهێنیەکی خێزانیی ، کە هەیبون ، لای دکتۆر هەڵیماڵی.

دیاربو بە درکاندنی ئەو نهێنیانە زۆر ئاسودە دەبو. ئەگەر هاتباو یەك دو کاتژمێری تر بەم شێوەیە قسەی کردبا ، ئەوەی کە لەدڵیـدا بـو ، هەڵی ڕشتبا ، تا ڕادەیەکی زۆر ئارام دەبۆوە.

کێ دەزانێ ئەگەر هاتبا و دکتۆر ، بێ نـاڕەزایی دەربـڕین ، گـوێی بـۆ قسەکانی شل کردبا و دڵی داباوە ، یان بێ ئـەوەی پـەنا بـۆ کـارێکی گەمژانە بەرێت ، ئابۆگین لەگەڵ خەم و خەفەتەکانیدا ڕانەدەهات؟

بەڵام شتێکی تر ڕویدا ، ئەوکاتەی ئابۆگین سەرگەرمی قـسەکردن بـو ، ڕوخساری دکتۆر کـە هەنـدێك دڵنیـایی تێـدا بـەدی دەکـرا ، گـۆڕانی بەسەردا هات و خوێنساردی و بێباکی وردە وردە جێگای خۆیان دایـە ڕق و توڕەیی و گنج و لۆچەکانی نێوچاوانی ترش و تاڵتر بون.



کـاتێ ئـابۆگین وێنـەی هاوسـەرە گەنجەکـەی بەڕوخـسارێکی جـوان ، بەڵام وشکەوە ، کـە زیـاتر بـە ڕاهیبـەکان دەچـو ، لەبەرامبـەر چـاوی دکتۆردا ڕاگرت و داوای لێکرد سەیری بکات و بۆخۆی بڕیار بدات: ئایـا کەسـێك خـاوەنی ڕوخـسارێکی ئـاوا میهرەبـان بێـت ، فـرت و فێـڵ و پیلانی لەم شێوەیەی لێدەوەشێتەوە؟

دکتـۆر ، بەچـاوانی سـور هەڵگـەڕاوەوە خـۆی کێـشایە دواوە و لـە کاتێکدا کە ڕق و توڕەیی لە قسەکانی دەباری ، مستێکی بە مێزەکەدا کێشاو هاواری کرد: ئەم قسانە بۆچی بۆ مـن دەکـەی؟ مـن نامـەوێت گـوێم لـەم قـسانە بێـت ، ئـەم ڕاز و نهێنیـە پـیس و بۆگەنانـە چ پەیوەندیـەکیان بەمنـەوە هەیـە؟ سـندان لـە گـۆڕی بـابی تـۆو ڕاز و نهێنیەکانیـشت ، بـە چ ڕویەکـەوە ئـەم قـسەپڕوپوچانە لەگـەڵ منـدا دێنیە گۆڕێ؟ ناکا وابزانی ئەوهەمو سوکایەتیانەی پێتکردوم شـتێکی ئاساییـن؟ یان وابزانـی مـن نۆکـەری بابـەلبابی مـاڵی تـۆم و دەتـوانی هەرچی بەزارتدا بێت پێمی بڵێی؟

ئابۆگین کەلەبەرامبەر دکتۆر کریلۆفدا ڕاوەسـتابو ، وردە وردە کـشایە دواوە و بەسەرسامیەوە تێڕاما.

دکتۆر لەکاتێکدا ڕیشی دەلەرزی ، درێژەی دایە: منت بۆچی هێناوەتە ئێرە؟ ئێوە دەچن لەسەر بنەمای هەواو هەوەسێك زەماوەند دەکـەن و هەر بەهەوەسیش توڕە دەبن و شانۆیەکی خەمبارانە وەڕێ دەخـەن ... ئـەمجار منـیش پەلکێـشی نێـو بەزمەکـە دەکـەن ، کارەسـات و سەربردەی تۆ چ پەیوەندیـەکی بـە منـەوە هەیـە؟ وازم لێبێنـە! بـڕۆ

بۆخۆت بەکارەئابڕومەندانەکانی خۆتەوە خەریکبە ، بیر و باوەڕە مرۆڤ دۆستانەکانت بخە ئەولاوە.

لەم کاتەدا بەگۆشەی چاوی ڕوانیە جانتای یەکێك لە ئامێرە موزیکیەکان و

درێژەی دایە: بڕۆ ساز و دەهۆڵی خۆت بکوتە ، هەر هەڵەیەك پێت خۆشە ، بیکە ، بەڵام کارت بەسەر مرۆڤێکی ڕاستەقینەوە نەبێت ، ئەگەر ڕێزیشی لێ ناگریت ، لانیی کەم کارت بەسەریەوە نەبێت.

ئابۆگین کە سور هەڵگەڕا بو ، گوتی: نازانم تۆ دەتەوێ بڵێی چی؟

: دەڵێم فریو دان و لە خشتە بردنی خەڵکی کارێکی پیس و قێزەونە ، من دکتۆرم ، تۆش پێتوایە دکتۆرەکان و هەمو ئەوانەی کە بە ڕەنج و ماندوبونی خۆیان دەژین ، لەنێو هەرزەیی و بێ ڕەوشتیدا نقوم بون و نۆکەری تۆن. زۆر باشە ، بەڵام چ کەسێك ئەو مافەی پێداویت مرۆڤێك یەك دنیا خەم وخەفەتی هەبێت ، جەنابت بیکەیتە ئامرازی دەستی خۆت و بەکاری بێنی؟

ئابۆگین لە وەڵامدا پرسی: بەچ ئازایەتیەکەوە ئەم قسانە دەکەیت؟

دوبارە ڕوخساری گۆڕانی بەسەرداهات و ڕقێکی ڕون و ئاشکرای تێدا بەدی دەکرا.

دکتۆر هاواری کرد: تۆ بەچ مافێك منت هێناوەتە ئێرە تا گوێ لەوڕێنەکانت بگرم ؟ لەکاتێکدا باش دەزانی چەندە خەمبار و نیگەرانم. پاشان جارێکی تر مستێکی بە مێزەکەدا کێشا وگوتی: کێ ئەو مافەی پێداوی بە خەم و خەفەتی خەڵکی پێبکەنی؟



ئابۆگین هاواری کرد: تۆشێتی ، ئەمە بێ ویژدانیە ، من بۆخۆم کەسێکی بەدبەختم ...

دکتۆر بەتەوسەوە خەندەیەکی کرد و گوتی: بەدبەخت! تکات لێدەکەم یاری بەم وشەیە مەکە ، چونکەپێم وانیە هیچ سودێکی بۆت هەبێت ، ئەو کەسە هەپڵەخەرجانەش کە چەکەکانیان بۆ ناکرێتەپارە ، وەك تۆ خۆیان بە بەدبەخت دەزانن ، کەڵەشێری قەڵەویش بەدبەختە ، چونکە چەوریە زیادەکانی جەستەی ، دەبنە بەڵای سەری.

ئابۆگین ، تا تینی تێدابو هاواری کرد: تکایە ڕێزی خۆت ڕاگرە ، کەسێك ئەم قسانە بکات دەبێ تێلاتڕێن بکرێ ، ئایا ئەمە دەزانی؟ ئەمجار دەستی بردە گیرفانی و دو بڕە پارەی کاغەزی دەرێنان و هەڵیدانە سەر مێزەکە و گوتی: ئەوەش هەقی سەردانەکەت ، هەڵی گرە.

دکتۆر گوتی: ئەم پارانە لای خۆت هەڵگرە و ئاگات لێیان بێت. لەگەڵ ئەم قسەیەشدا بەپشتە دەستێك پارەکانی هەڵدانە سەر زەویەکە و گوتی: سوکایەتی بە پارە قەرەبو ناکرێتەوە.

ئابۆگین و دکتۆر بەرامبەر یەکتر ڕاوەستان و هەرچی جنێوی پیس و نابەجێ و نەشیاو هەبون بەیەکتریاندا.

هەردوکیان ،لە ژیانیاندا تا ئەو ساتە ، تەنانەت لەو ساتانەی لەوپەڕی تورەییش دابون ، جنێوی لەو شێوەیەیان بەزاردا نەهاتبو. لە کارەکانیانەوە دیاربو چەشنی هەمو مرۆڤە خەمۆکەکان ، هەردوکیان

،  دیلی دەستی خۆپەرستی بون. مرۆڤە خەمۆکە خۆپەرستەکان ، دەبنە ستەمکار و تەنانەت لەگەمژەکانیش کەمتر هەست بە ناخی یەکدی دەکەن.

نابێ پێمانوابێ خەم هۆکاری یەکبونی خەڵکە ، چونکە ئەوەندەی کە بێدادی و ناڕەوایی ، لەنێو خەمبارو خەمۆکەکان بەدی دەکرێ ، زۆر کەمتر لەنێو کەسانی شادوبەختیاردا ئەم حاڵەتە بەرچاو دەکەوێ.

دکتۆر کەخەریکبو تەنگەنەفەس بێت ، گوتی:  تکایەبمگەیەنەوە ماڵێ. ئابۆگینیش بە توندی زەنگێکی لێدا ، بەڵام هیچ کەسێك بەدەم زەنگەکەوە نەهات. جارێکیتر زەنگی لێدایەوە ، دواتر بە تورەییەوە زەنگەکەی کێشا بەزەویدا ، زەنگەکە بەدەنگێکی کپەوە کەوتە سەر فەرشەکە ، دەنگێکی خەمناکی وەك نوزەی سەرەمەرگی لێ بەرز بۆوە.

نۆکەرێك ، وەژور کەوت.

ئابۆگین ، بە مستان کەوتە سەری و چەند مستێکی کێشا بەسەر و کەللەیدا:  تا ئێستا لەکوێ بوی ولاغ؟ بڕۆ خێرا بڵێ گالیسکە بۆ بردنەوەی ئەم دکتۆرە بنێرن ، گالیسکە دو ئەسپیەکەی منیش ئامادەکەن. کابرای نۆکەر ڕوی وەرگێڕا بڕوات. جارێکیتر هاواری کرد: سبەینێ نابێ یەك کەسی خائینی وەك ئێوە لێرەبمێنێ ، هەر هەموتان بارگە و بەندەڵتان بپێچنەوە ، خەڵکی تر دێنم ، هەی هیچ وپوچینە.



هەردوکیان ، وەك خۆیان ڕاوەستابون ، بێدەنگ ببون ، دیاربو ئابۆگین جارێکیتر هەستی باوەڕ بەخۆبونی تێدا زیندو ببۆوە ، لە ژوری میواندا دەهات و دەچو و سەری بادەدا ، پێدەچو لە مێشکی خۆیدا خەریکی سازدانی نەخشەیەك بێت ، دیاربو هێشتا ڕق و قینی نەنیشتبۆوە و هەوڵیدەدا دوژمنەکەی بەهێند نەگرێ ... دکتۆر هەروا ڕاوەستابو و دەستێکی بە لێواری مێزەکەوە گرتبو و بەحاڵەتێکی پڕاوپڕ لە شك و گومان و بەسوك ڕوانیەوە ، سەیری ئابۆگینی دەکرد. حاڵەتێك ، کە تەنیا مرۆڤە خەمۆك و بێ ویژدانەکان ، لەو ساتانەی کەهیچ  گیرو گرفتێکیان نیە ، پێیانەوە دەبینرێ.

چەند ساتێك دواتر ، ئەو کاتەی دکتۆر لەنێو گالسکەکەدا دانیشتبو و وەڕێکەوتبون و تەنانەت مەودایەکی باشیشیان بڕیبو ، هێشتا ئەم حاڵەتی بەسوك سەیرکردنەی پێوەدیار بو.

دنیا تاریك بو ، تاریکتر لەکاتژمێرێك لەوەوبەر ، نیوەمانگە سورهەڵگەڕاوەکە ، لەپشت تەپۆڵکە بچوکەکەوە ون ببو و هەورە پاسەوانەکانیشی لەشێوەی چەندپەڵەیەکی ڕەش چوار دەوری ئەستێرەکانیان گرتبو.  گالیسکەیەکی دوئەسپی چراسور ، بەتەقەتەق بەجادەکەدا کەوتەجوڵە و گالیسکەکەی دکتۆری تێپەڕاند ، ئەمە ئابۆگین بو کە بۆ تۆلەسەندنەوە و کاری گەمژانە ، کەوتبوە ڕێ .

لەتەواوی ڕێگاکەدا ، دکتۆر نەبیری لەهاوسەرەکەی دەکردەوە ، نە لە ئەندرێی ، تەنیا لەبیری ئابۆگین و کەسانێکدا بو کە لەو ماڵەدا دەژیان

و هێندە نەبو بەجێی هێشتبو ، بیرکردنەوەکانی ، نـاڕەوا و نامرۆڤانـە و ستەمکارانە بون. ئـابۆگین و هاوسـەرەکەیی و پاپچینـسکی و هـەمو ئەو کەسانەی کە لەنیو ئەو کـەش و هەوایـەدا دەژیـان ، ئـەو کـەش و هەوایەی کە بـۆنی گوڵاویـان لێـرەوە دەکەوێتـە بـەرلوت ، بەنـەفرەت کردن .

لەتەواوی ڕێگادا سەبارەت بەوان هەستی بە بێزاری و نـەفرەت دەکـرد ، دڵـی لێیـان پڕببـو ، ئـەو بڕیـارەی لـەبارەی ئەوانـەوە دای و ئـەو هەڵوێستەش کـە لـە ئاسـتی ئەوانـدا وەری گـرت ، تـا کۆتـایی ژیـانی درێژەی کێشا.

کات و سەردەم خەریك بو دەڕۆیشت ، دکتـۆر کریلـۆفیش لـەو هـەمو خـــەم و خەفەتـــەی ئـــەو ڕۆژە و لـــەو هەڵوێـــست وەرگرتنەشـــی ، هەرچەندە لە ڕوانگەی مرۆڤەوە نەشیاو و ناڕەوایە ، پاشـگەز نـەبۆوە و تا لێواری مەرگ ، لەبیر و هزریدا مایەوە.

(دیفتری*) ملەخڕە

# ڕۆشنبیری بیرکۆڵ

(دیمەنێکی بچوك)

(ئارخیپ یلیسەیڤیچ پـەمۆێڤ) ملازمـی خانەنـشینی هێـزی سـوارە ، چـاویلکەکەی کـردە چـاوی و برۆکـانی وێـك هێنانــەوە و ئەمــەی خوێندەوە : ((دادوەری ئاشتەوایی ... ناوچە ... شـارەدێ ... داوات لێدەکات بەپێی پێڕاگەیـشتن بـە فایلەکـەت ، بەتۆمـەتی سـوکایەتی و لێدان لە کەسێك بەنێوی (گریگۆری ڤلاسۆڤ) ... واژۆ دادوەری دادگای ئاشتەوایی ، شستیکریلۆڤ)) .

پەمۆێڤ ، سەری لەسەر ئاگادارینامەکە هەڵگرت و ڕوانیە ئەو کەسەی نامەکەی هێنابوو پرسی: ئەمە کێ ناردویەتی؟

: شستیکریلۆڤ ... دادوەری دادگا ...

: هم ... گوتت شستیکریلۆڤ؟ بۆچی داوای کردوم؟

: دیارە بۆ دادگایی کردن ... خۆ لـە ئاگادارینامەکەشـدا نوسـراوە ... قوربان ...

پەمۆێڤ ، جارێکی تر ئاگادارینامەکەی خوێندەوە و بەسەرسامیەوە ڕوانیە کابرا و شانێکی هەڵتەکاند و لەبەر خۆیەوە گوتی: سەیرە ! ... بەتۆمـەتی سـوکایەتی! ... زۆر سـەیرە ! زۆرباشـە ... پێـی بڵـێ زۆر باشە ، بەڵام بیرت نەچێ لەدەمی منەوە پێی بڵـێ بـا بـۆ نیوەڕۆکـەی



نـانێکی بـاش ئامادەکـەن ... میـوانی ئـەوم ... سـڵاوم بگەیەنـە بـە (ناتالیا یۆگۆرۆڤنا ) ی هاوسەری و منداڵەکانی .

دوای ئەم قسانە ، ئەو دەفتەرەی لای کابرا بو ، ئیمزای کـرد و دواتـر بەرەو ئەو ژورەی کە ملازم (نیتکین) ی ژنـبرای – کـە مۆڵـەتی چـەند ڕۆژێکی وەرگرتبـو و بـە دەرفـەتی زانیبـو و هـاتبو سـەرێك لـە زاوا و خوشکەکەی بدات – وەڕێ کەوت.

پەمۆێڤ ، ئاگادارینامەکەی بۆ نیتکینی ژنـبرای ڕاداشـت و گـوتی: هـا بگرە بیخوێنەوە ! بزانە پیتکا شستیکریلۆڤ چ نامەیـەکی بـۆ نـاردوم ! ڕۆژی پێنج شەممە بانگێشتیماڵیی کردوم ... نایەی پێکەوە بچین؟

نیتکین ، نامەکەی خوێنـدەوە و وەڵامـی دایـەوە: پێتوایـە بانگێـشتی نان خواردنی کردوی؟ تۆ وەك تۆمـەتبارێك بانگێـشتی دادگـا کراویـت ... بڕیار وایە دادگایی بکرێی.

: من دادگایی بکات؟ پف ... ئەو ئێستاش بۆنی شیری خاو لە دەمـی دێ ... نا بابە تۆ تێی نەگەیـشتوی ، تـەنیا دەیـەوێ بیکاتـە گاڵتـە و فشقیات ...

: کاکە ، شتەکە گاڵتە و فشقیات نیە ، مەگـەر نـابینی ئاگادارینامەکـە زۆر ڕاشکاوانە لەبارەی لێدان و سوکایەتی پێکردنەوەیە؟ شتەکە زۆر سادەیە ... تۆ لە گریگۆریت داوە و ئێستاش دەبـێ دادگـایی بکرێـی. ..

: بـەخوا منـداڵی! بابـە ئێمـە چـەندین جارپێکـەوە یاریمـان کـردوە و پێکەکانمان لێکداون! مەگەر خودا بـەخۆی بزانـێ چـی مـاوە پێکـەوە

نەیکەین! ... سەرباری ئەم دۆستایەتیە بەتینە چۆن دێ من دادگایی بکات؟ ئاخر توخودا ئەوەش بوە دادوەر؟ هە... هە... هـە ... پیتکا و بڕیاری سزادان! ... هە... هە... هە...

: پێبکەنە بۆخۆت ، بەڵام کە سبەینێ بەپێی یاسا ، نەك بەپێی برادەرایەتی ، سزای دایت و لەکونی زیندانی قایم کردی ، پێموانیە بەم شێوەیە پێبکەنی.

: برا تۆ هەستت بەخۆت کردوە! ئەقڵ و ئاوەزت لەدەستداوە! کەسێك کە باوکی ( تعمید) ی منالەکەم بێ! چۆن من سزا دەدا! تۆ پێنج شەممە وەرە لەگەڵمدا ئەوسا بە چاوی خۆت ببینە بزانە چ یاسایەك لەوێدا کاری خۆی دەکا ...

: من پێم باشە هەر نەچیت ، گەرنا خۆشت و پیتکاش دەخەیتە ژێر بارێکی ناهەموارەوە ، واز لەپیتکا بێنە ، با خۆی بەبێ ئامادە بونی تۆ سزاکەت دیاری بکا ...

: جا بۆچی ئامادە نەبم؟ وەڵاهی هەر لەناخی دڵەوە پێم خۆشە ببینم ، بزانم ئاخۆ چۆن دادگاییم دەکا!... زۆرم پێخۆشە بزانم شێوازی سزادانی چۆنە ... دەبێ شتێکی خۆش بێت ... لەڕاستیدا ماوەیەکی زۆرە نەچومەتە ماڵیان ... باشنیە! ...

* * *

ڕۆژی پێنج شەممە ، هەردوکیان پێکەوە بەرەو لای دادوەر وەڕێ کەوتن. دادوەر ، لە نێو تەلاری دادگادا ، سەرگەرمی خوێندنەوەی فایلێك بو.



پەمۆێف لەمێزەکەی دادوەر نزیك بۆوە و بە مەبەستی تەوقە کردن دەستی درێژ کرد و گوتی: سلاو پتیا گیان ، ها دیارە خەریکی دادگایی کردنیت ، دەی باشە ، خەریکی کاری خۆت بە برا ... ئەمنیش ئەوە لێرە دادەنیشم و سەیرت دەکەم ... ببورە لەبیرم چو لەگەڵ نیتکینی ژنبرام ، بە یەکترتان بناسێنم ... تەندروستی خێزانت چۆنە؟

: بەڵێ ، بەڵێ خراپ نیە.

دادوەر ، دوای ئەم قسانە بە سرتە گوتی: تکایە بڕۆ ئەولا ... بۆ خۆت بڕۆ لەنێو خەڵکەکە دانیشە...

زۆربەی دادوەرە تازە کارەکان ، کاتێ لەنێو دادگادا ڕوبەڕوی دۆست و ئاشنایەکی خۆیان دەبنەوە ، سەریان لێدەشێوێ و نازانن چ بکەن. ئەگەر بڕیار بێت یەکێك لە ئاشناو ناسیاوەکانی خۆیان دادگایی بکەن ، لەشەرمان سور هەڵدەگەڕێن و لەوکاتەدا ئاواتەخوازن زەوی دەم بکاتەوە و قوتیان بدات.

پەمۆێف ، بڕێك لەمێزەکەی دادوەر وەدور کەوت و لەسەر کورسیەك ، بەتەنیشت نیتکینەوە دانیشت و بەسرتە گوتی: ئەو فێڵبازە چ سەنگ و شکۆیەکی هەیە! لێرە خۆی کردوتە کەسێکی تر! تەنانەت زەردەشی نایەتێ! ئەم دادوەرە ئێستا ئیدی ئەوپیاوە گاڵتەچیە نیە کە دەموچاوی خزمەتکارەکەمانی لەخەودا ڕەش کردبو. بەراستی جێگای پێکەنینە! ئەم جۆرە مرۆڤانە و بڕیاری یەکلاکەرەوە؟ دادوەر دەبێ سەنگ و قورسایی و سامی هەبێ! دەبێ کەسێکی وابێ

ترس بخاتە دڵی مرۆڤەوە ... دە توخودا وەرە سەیرکە بزانە کێیان لەسەر کورسی بڕیاردان داناوە ! هە ... هە ... هە ...

دادوەر ، دەستی بەپرۆسەی دادگای کردنەکە کرد: گریگۆری ڤلاسۆڤ ! بەڕێز پەموێڤ.

پەموێڤ بەپێکەنینەوە لەمێزەکەی دادوەر نزیك بۆوە و دوای ئەویش پیاوێکی کورتەبالاّ بە پانتۆڵێکی خەت خەتەوە کەدەلینگەکانی هاویشتبونەوە نێو پۆتینەکانی ، لەخەڵکەکە جودا بۆوە و لەتەنیشت پەموێڤ ڕاوەستا.

دادوەر سەری داخست و بە هێواشی گوتی: بەڕێز پەموێڤ ! تۆ تۆمەتباری بەوەی کە لەم ... لەم گریگۆری ڤلاسۆڤەی نۆکەری خۆت داوە و سوکایەتیت پێکردوە ... ئایا ئەم تۆمەتە قبوڵ دەکەیت؟

: باشەپتیا ! پێم نالێی تۆ لەکەیەوە ئاوا ئەم شتانەت ئەوەندە بەتوندی گرتوە؟ هە ... هە... هە ...

دادوەر ، بەشەرمەوە هەندێك خۆی لەسەر کورسیەکەی هێناو برد و قسەکانی بەپەموێڤ برین و گوتی: قبوڵی ناکەیت؟ ڤلاسۆڤ تۆ چۆنێتی ڕوداوەکە بگێڕەوە.

: شتەکە زۆر سادەیە قوربان ... من نۆکەری ماڵەکەیان واتا خزمەتکاری تایبەتیان بوم ... باشە ... ئێوە هەموتان شتێك دەربارەی ژیان و گوزەرانی خزمەتکارێك دەزانن ... وەك کەسێکی زیندانیکراو ...وەك بۆ خۆتان دەزانن ، خانەدانەکان ، تا دوای کاتژمێر نۆی بەیانی لەخەو هەڵناستن ، بەلاّم کەسانی وەك ئێمە ،



دەبێ بەرلەوەی خۆر هەڵبێ لەخەو هەستابین ، لەبەرئەوە نازانین ئاخۆ ئەو ڕۆژە ئاغامان چەکمە لەپێ دەکا ، پۆتین لەپێ دەکا ، یان قۆندەرە لەپێ دەکا ، یان حەزیان لێیە پێڵاوە سەرپێییەکانیان لە بەیانیەوە لەپێ بکەن و تائێواری داینەنێن ، بەلاّم ئێمە دەبێ چەکمە وپۆتین و قۆندەرەکانمان بۆیاغ کردبن. سەرلەبەیانی ئەوڕۆژە ، کاتێ ئاغا دەیویست جل و بەرگەکانی لەبەرکا ، بانگی کردم تا یارمەتی بدەم ، ڕونە ئیدی کە منیش چومە خزمەتی و بەڕێك وپێکی کراس و پانتۆڵەکەیم کردەبەری و کاتێ دەمویست چاکەتەکەی لەبەرکەم ،پێی گوتم: گریشکا شانەکەم لە گیرفانی چاکەتەکەمدایە دەری بێنە وبمدەرێ. منیش ئەوەندەی نێو گیرفانەکانی گەڕام شانەکەم نەدۆزیەوە ، دواتر بەڕێزەوە گوتم: ئارخیپ یلیسەیڤیچ هیچی تێدانیە. دوای ئەمە ئاغام ڕوخساری گرژ کرد و بۆخۆی دەستی برد و شانەکەی لەنێو گیرفانێکی تری چاکەتەکەی دەرهێنا و پێی گوتم: ئەدی ئەمە چیە؟ شانە نیە؟ دوای ئەمە شانەکەی کێشا بەسەرمدا و هەمو نوکەکانی چەقینە نێو گۆشتی سەرمەوە. لە بەیانیەوە تا دوای نیوەڕۆ خوێنی سەرم نەوەستا ، ئەگەر سەرنجی بدەیتێ بۆت دەردەکەوێ کە هێشتا بەتەواوی سارێژ نەبۆتەوە ، شاهیدیشم هەیە .

دادوەر ، سەیرێکی پەموێڤی کرد و گوتی: ئەگەر شتێکت هەیە بۆ بەرگریکردن لە خۆت فەرمو بیڵێ.

پەموێڤ ، بەنیگایەکی پڕ لەپرسیار و سەرسوڕمانەوە ، سەیرێکی دادوەری کرد و دواتر ڕوانیە گریشکا و جارێکی تر نیگای گواستەوە

سەر دادوەر و سورهەڵگەڕا و بەپرتەپرتێکەوە پرسی: ئەوە تۆ مەبەستت چیە؟ گاڵتەم پێدەکەی؟

گریشکا وەڵامی دایەوە: کەس گاڵتەی پێنەکردوی ئاغا ، بەڵام بەکورتی تۆ مافی ئەوەت نیە خەڵك دارکاری بکەیت.

پەمۆێڤ داردەستەکەی کوتا بەزەویدا و هاواری کرد: بێدەنگ بە! گەمژە! چەپەڵ!.

دادوەر بەپەلەپرۆزێ لەسەر کورسیەکەی خۆی هەستا و بەرەو ژورەکەی خۆی هەنگاوی هەڵێنان و هەر بەڕێوەپێنج خولەك پشووی ڕاگەیاند.

پەمۆێڤیش دوای کەوت. کاتێ گەیشتنە ژورێ ، دادوەر بەدەست ڕاوەشاندنەوە گوتی: کوڕی باش ئەمە چیە دەستت پێکردوە! بۆ دانانیشی؟ ئەم قسانە چین؟ دەتەوێ ڕیسوام کەیت؟ دیارە تۆ دەتەوێ هەر لێرە پیاوەکانی خۆت شاهیدیت لەسەر بدەن و ئابڕوت بچێ؟ بەخوا گەمژەی! باشە بۆ دەهاتی؟ پێتوایە تۆ نەهاتبای من نەمدەزانی خۆم چارەسەری بکەم؟

پەمۆێڤ دەستەکانی لەکەمەری گیرکردن و گوتی: دە بۆ خۆت چارەسەریکە ، ئەمە کەی تاوانی منە! بۆخۆت ئەم شتە گاڵتەجاڕیانە وەڕێدەخەی وپاشان سەرکۆنەی من دەکەیت! چارەسەر ئەوەیە گریشکا بخەیتە زیندانەوە و کۆتایی بەمە بێنیت.

: گریشکا بخەمە زیندانەوە؟ دەزانی تۆ هەر ئەو گەمژەیەی جارانی! بەچ یاسایەك گریشکا بخەمە زیندانەوە؟



: بیخە زیندانەوە و بڕایەوە! ئەی خۆ ناکا من بخەیتە زیندانەوە؟

: کاکی خۆم ، ئەو سەردەمە ڕۆیشت تۆ کابرا دارکاری بکەیت و منیش بۆتی بخەمە زیندانەوە. بەڕاستی بیرکردنەوەیەکی سەیرت هەیە ، تۆ هیچ زانیاریەکت لەبارەی یاساکانی ئەم سەردەمەوە هەیە؟

: نەوەڵا لەژیانمدا نەدادگایی کراوم نەکەسیشم دادگایی کردوە؟ بەڵام وەڵاهی ئەگەر من دادوەر بام و گریشکا هاتبا و شکایەتی لە تۆ کردبا ، بێ سێ و دوو لەپلیکانەکانەوە فڕێمدەدایە خوارێ ، بۆ ئەوەی نەك خۆی ، بەڵکو نەوە و نەتیژەکانیشی تا لەژیاندا ماون نەوێرن شکایەت لە کەس بکەن. ئەمە چییە! ڕاست و دروست بڵێ دەمەوێ بتخەمە زینداوە و بڕایەوە ، بۆئەوەی نیشانی بدەی کە کەسێکی زیرەك و لێهاتوی ... کاتێ خێزانم ئەم ئاگادارینامەیەی تۆی خوێندەوە و زانی ئاگادارینامەت بۆ هەمو پیاوەکانیشم ناردوە حەپەسا ... چاوەڕوانی شتێکی لەم جۆرەی لە تۆ نەدەکرد ، ئەمە کارێکی باش نیە تۆ دەیکەی پتیا! ئەم شتانە دورن لەڕەوشتی هاوڕێیەتیەوە.

: ئاخرچاوەکەم! بۆ ناتەوێ لە شتەکە بگەیت؟

دوای ئەمە ، شستیکریلۆڤ ، هەندێك شتی بەکورتی لەبارەی پلە و پایە و بەرپرسیارێتی خۆیەوە ، بۆ پەمۆێڤ باسکرد. پاشان گوتی: تۆ هەر لێرەبە ، ئەمن دەڕۆم ، بەبێ ئامادەبونی تۆ بڕیارێك دەردەکەم ، بەس توخودا مەیە دەرێ ، دەترسێم بەو بیر و بۆچونە کۆنانەی سەردەمی دەقنانوستەوە چەند قسەیەکی نابەجێ بکەیت و شتەکە ئاڵۆزتر بکەیت. ئەمەی گوت و ڕۆیشت.

شستیکریلۆڤ ، گەڕایەوە و دەستی بەکارەکانی کردەوە.
پەمۆێڤیش کەلەژورە تایبەتیەکەی دادوەردا لەسەر کورسیەك ، لەبەردەم مێزێکی بچوکدا دانیشتبو ، سەرگەرمی خوێندنەوەی ئاگادارینامەیەك بو ، لەوێوە دەنگی دادوەری دەهاتە بەر گوێیان کە دەیویست گریشکا بەرەو ئاشتبونەوە ڕاکێشێ.
گریشکا ، تا ماوەیەك بەرگری دەکرد و لەسەر قسەی خۆی سور بو.
بەڵام سەرەنجام ڕازیبو لەبەرامبەر وەرگرتنی دە ڕۆبڵدا دەست لە شکاتەکەی هەڵگرێ.
دادوەر بڕیاری خۆیدا و پاشان گەڕایەوە ژورەکەی خۆی و بەپەمۆێڤی گوت: زۆر سوپاس خودایە ، زۆر خۆشحاڵم کە ئەم کێشەیە بەخێر کۆتایی پێهات. ، بارێکی زۆر قورسم لە کۆڵ بوۆوە ، دە ڕۆبڵ بدە گریشکا و کێشەکە کۆتایی پێهات.
پەمۆێڤ ، بەشڵەژاویەوە پرسی: من دە ڕۆبڵ بدەمە گریشکا؟ ئەوە تۆ شێت بویتە؟
دادوەر نێوچاوانی گرژ کرد و وەڵامی دایەوە: باشە کاکە تۆ مەیدە ، من دەیدەم ، دەڕۆبڵ چیە! ئامادەم سەد ڕۆبڵ بدەم ، بەڵام بەتوڕەیی و نیگەرانی نەتبینم. خوا نەکا ناچار بیت ئاشنایەکی خۆت دادگایی بکەیت ، کاکە گیان ئەگەر لێرە بەدواوە ویستت لە کەسێك بدەیت ، وەرە ئێرە و تا دەتوانی تێمهەڵدە ، باوەڕت هەبێ پێمخۆشە تێمهەڵدەن بەڵام ناچار نەبم دادگاییت بکەم. دەی هەستە با بڕۆینەوە ماڵێ نانەکەمان بخۆین ، ناتالیا چاوەڕێمانە.



دە خولەك دواتر ،پێکەوە لەماڵی دادوەردا ، سەرگەرمی خواردنی گۆشت ماسی سورکراوە بون. پەمۆێڤ سێیەمین جامی شەرابی هەڵقوڕاند و گوتی: باشە پێم بڵێ ! دە ڕۆبڵت بۆ گریشکا وەرگرت!
بەڵام پێت نەگوتم چەند ڕۆژ زیندانیت بۆ بڕیەوە؟
: هیچم بۆ نەبڕیەوە ، لە سەرچی بیخەمە زیندانەوە؟
پەمۆێڤ ، بە ئەندازەیەك بەم قسەیە توڕە بو ، خەریك بو چاوەکانی دەردەپەڕین ، بە توڕەییەوە پرسی: دەزانی دەبو لەبەرچی زیندانیت کردبا؟ لەبەر ئەوەی تا چاوەکانی کوێربان و ئیدی تا ژیانی ماوە شکایەت لەکەس نەکا. بەچ هەقێك دەچێ شکایەتم لێدەکا؟
دوا تر ، دادوەر و نیتکین ، شیکردنەوەیەکیان لەم بارەیەوە بۆکرد و هەوڵیاندا شتەکەی تێبگەیەنن ، بەڵام بێ سود بو ، هەر لەسەر بۆچونەکانی خۆی سور بو.
کاتێ لەگەڵ نیتکیندا پێکەوە دەگەڕانەوە ماڵێ ، گوتی: چیت پێخۆشە بیڵێ ، بەڵام من دەڵێم ئەم پیتکایە بەکەڵکی دادوەری نایەت ، ڕاستە میهرەبان و خوێندەوارە ، ڕاستە باشە و ئامادەی خزمەتە ، بەڵام ... بەکەڵکی ئەم کارە نایەت! نازانێ بڕیاری دروست بدات ... حەیف بۆ ئەوپیاوە کە ناچارم لە گەڕی سێ ساڵەی هەڵبژاردنی داهاتودا نەهێڵم سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

# عەریف پریشیبایڤ

: عەریف پریشیبایڤ! تۆ تۆمەتباری بەوەی لەڕێکەوتی سێی مانگی دوانزەی ساڵی ڕابردودا بەدەم و بەکردەوە ، سوکایەتیت بەم ناوانەی خوارەوە کردوە : (ژیگین) ی عەریفی شارەوانی. بە (ئەلیانۆڤ) ی کوێخای شارەدێ. بە (یفیمۆڤ) ی مفەوەزی شارەوانی. بەئیڤانۆڤ و گاڤریلۆڤ و هەروەها بە شەش جوتیاری تری خەڵکی دێ. کە تیایاندا ئەو سێ کەسەی سەرەتا ناوم بردن لەساتی بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا ، سوکایەتیت پێکردون . ئایا خۆت بەکەمتەرخەم و تاوانبار دەزانی؟

پریشیبایڤ ، بەڕوخسارێکی گرژو مۆنەوە ، چەشنی سەربازێك کە لە حاڵەتی ئامادەبوندا ڕادەوەستێ ، بە دەنگێکی گیراوو کەرخەوە کەدەتگوت فەرمان دەردەکا ، پچڕپچڕ وەڵام دەداتەوە: بەڕێز دادوەر! هەمو کێشەو گرفتێك دەبێ لە ڕوانگەی کاریگەری بەرامبەرەوە هەڵیسەنگێنی ، من لێرەوە لەم دادگاییەدا ڕایدەگەیەنم: یەکەم ، ڕازی نیم بە هیچ لەو تۆمەتانەی داویانەتە پاڵم. دووەم ، خودی ئەوانەی کە شکایەتیان لێکردوم ، بەکەمتەرخەم دەزانم. بەڕێز دادوەر! ئەمەی ئەوان باسی دەکەن بەهۆی ڕوداوی تەرمێکەوە بو ، سێی مانگی دوانزە ، لەگەڵ هاوسەرەکەم ( ئەنفیسیا ) ،



لەسەرخۆ بەڕێدا دەڕۆیشتین ، لەناکاو بەسەر ئەم ڕوداوەدا کەوتم ، کاتێ سەیرمکرد بینیم خەڵکێکی زۆر لەکەناری ڕوبارەکە کۆبونەتەوە ، منیش چوم پرسیم: کێ مۆڵەتی ئەوەی داونێ لێرە خڕبنەوە؟ بۆچی کۆبونەتەوە؟ من تێناگەم ئەمانەبەپێی بڕگەی چ یاسایەك مۆڵەتی ئەوەیان بەخۆیان داوە وەك مێگەل خڕبنەوە سەریەك؟ دواتر هاوارم کرد: یاڵڵا بڵاوەی لێبکەن ، هەرکەسەو بۆ ماڵی خۆی. دواتر چومە نێو ئاپۆراکەو لێکم دورخستنەوە. ئەمجار فەرمانم بە مفەوەزی شارەوانییدا هەمویان ڕاپێچی ماڵی خۆیان کاتەوە ...

: تۆ نە ئەفسەر و نە مفەوەزی شارەوانیت ، کۆبونەوەی خەڵك و بڵاوەپێکردنیان ، چ پەیوەندیەکی بە تۆوە هەیە؟

لەم کاتەدا ، چەند دەنگێك بەرز دەبنەوە: نەخێر ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بەوەوە نیە ، بەڕێز دادوەر ئەم کابرایە ژیانی لێ تاڵ کردوین ، پانزە ساڵە فێربوە چی پێخۆش بێت پێماندەڵێ ، لەدەست ئەم کابرایە وەزاڵە هاتوین ، لەوەتی خانەنشین بوە و هاتۆتە دێیەکەی ئێمە ، خۆی لە هەمو ئیش و کارێکمان هەڵدەقورتێنێ ، تەواو لێی بێزار بوین.

کوێخای دێ ، کە یەکێکە لە شاهیدەکان ، دەڵێ: بەڕێز دادوەر ، ئەم قسانە ڕاستن ، ئەم کابرایە ئێمەی تەواو توڕەو نیگەران کردوە ، ژیان بەم شێوەیە و لەگەڵ ئەمەدا ناچێتەسەر ، هەر کاتێ لەمەراسیمێکی ئاینی ، یان بوك گواستنەوەیەکدا ، یان بە هەر هۆیەکی ترەوە بێت

،لەدەوری یەکتر خڕدەبینەوە ، دەیکاتە دادو هاوار و بەحیسابی خۆی دەیەوێ ئاسایش و ئارامی بەرقەرار کات. دەچێ گوێی مندالآن ڕادەکێشێ و چاودێری ژنان دەکات ، وەك ئەوەی خەزوریان بێت ... بۆنمونە: چەند ڕۆژێك لەمەوبەر ماڵ بە ماڵ دەگەڕا و فەرمانی دەدا کەس ئاگر نەکاتەوە و گۆرانی نەڵێت و دەیگوت: هیچ بڕگەیەك نیە لە یاسادا ڕێگای بەخەڵکی دابێت گۆرانی بڵێن .

دادوەری دادگا ، قسەکانی کوێخا دەبڕێ و دەڵێ: ڕاوەستە ، جارێ پەلە مەکە کاتێ نۆرە قسەی شاهیدەکان هات ئەمجار قسان بکە ... مۆڵەت بدە با پریشیبایێڤ قسەکانی تەواو کا ... بەردەوامبە پریشیبایێڤ.

پریشیبایێڤ ، بەقورگێکی نوساوەوە دەست بەقسان دەکات: بەسەر چاو قوربان ، ئەتۆ فەرموت بڵاوەپێکردنی خەڵکی کاری من نیە ... باشە قبوڵمە ... ئەدی ئەگەر لەوێ بم و تەنیا تەماشاکەرێك بم؟ چ ڕودەدا؟ تێناگەم چۆن دەبێ ڕێگا بەخەڵك بدرێ لێك کۆبنەوە و ئەم ڕیسواییە وەڕێ بخەن؟ چ یاسایە ڕێگای ئەم کارانەی پێداون؟ من مۆڵەتی ئەوەیان پێنادەم ، ئەگەر من بڵاوەیان پێنەکەم کێ بیکات؟ بەڕێز دادوەر ئەگەر تەواوی ئەو دێیە بگەڕێی کەسێکت دەسناکەوێ وەك من شارەزای یاسا بێت. تەنیا من دەزانم دەبێ بە چ شێوەیەك ڕەفتار لەگەڵ ئەم خەڵکەدا بکرێت. بەڕێز جەنابی دادوەر من لادێییەکی سادە نیم ، ئەفسەرێکی خانەنشینی گەنجینەیەکی کەلوپەلەکانی سوپام! ئەو کاتەی لە وارشۆ بوم لەسەرۆکایەتی



سوپادا خزمەتم دەکرد ، دوای ئەوە ... مۆڵەتم بدە بەخزمەت بەڕێزتی بگەیەنم ، خانەنشین کرام و بۆخۆم چومە بنکەی ئاگر کوژێنەوە ، بەڵام بەهۆی ئەو لاوازیە سروشتیە کەمتاکورتەی کە هەمبو ،لەوێ نەمام و دواتر بۆ ماوەی دو ساڵ دەرکەوانی خوێندنگایەکی کوڕان بوم ... ئیدی بەو هۆیەوە شارەزای هەمو بڕگە و بەندەکانی یاسام. بەڵام ئەم لادێییانە چ دەزانن؟ لادێیی کەسێکی سادەیە و هیچ شتێك ناچێتە مێشکیەوە و ناچارە دەبێ گوێڕایەڵی من بکا... لەڕاستیدا ئەمە لە بەرژەوەندی خۆشیاندایە. وەرە با ئەو ڕوداوەی کەئێستا منی لەسەر دادگایی دەکرێم ، بە نمونە وەربگرین و هەڵیسەنگێنین ... کەسێك خنکابو و لاشەی بێگیانی لەسەر لمی قەراغ ڕوبارەکە کەوتبو ، من چومە پێشێ و بڵاوەم بە خەڵکەکە کرد و هاوارم کرد: ئەم تەرمە بۆ لێرە کەوتوە؟ بە هۆی چیەوە؟ ئەمەش هەستکردن بەلێپرسراوێتیە؟ ئەم عەریفە بۆچی لێرە ڕاوەستاوە و سەیر دەکات؟ دوایە لە عەریفی شارەوانیم پرسی: بۆچی ڕاوەستاویت و هەواڵ بۆ سەروی خۆت نانێری؟ ئەم خوا لێخۆشبوە لەوانەیە خۆی نقوم بوبێ ، یان لەوانەیە تاوانێك لە گۆڕێ بێ. بەڵام عەریف ژیگین چۆن ڕاوەستابو هەروا راوەستابو و جگەرەی دەکێشان. تەنیا ئەوەندە گەڕایەوەو پرسی: ئەمە کێیە فەرمان دەدا؟ لەکوێوە هاتوە؟ تۆ وادەزانی ئێمە نازانین کارەکانی خۆمان بکەین ؟ منیش وەڵامم دایەوە: ئەگەر زانیبات کارەکانی خۆت بکەیت ، بەم شێوەیە وەك گەمژە و دەبەنگەکان ، خەمسارد نەدەبوی؟

وەڵامی دامەوە و گوتی: دوێنێ چەند جار هەواڵم داوەتە شارەوانی. منیش پێم گوت: جا بۆچی بۆ شارەوانی؟ ئەمە بە پێی کام مادە لە یاسای سزادان؟ خنکاو و شتی لە بابەتە چ پەیوەندیەکیان بەشارەوانیەوە هەیە؟ ئەمە فایلی تاوانە ، دەبێ خێرا ڕاپۆرتێك بۆ بەڕێز لێکۆڵەر بنوسی ، دەبێ بەر لە هەمو شتێکیش ڕاپۆرتێك لەبارەی چۆنێتی ڕوداوەکەوە بۆ دادوەر بنوسی و بینێری بۆ بەڕێز دادوەر . بەڵام ئەم عەریفە ، واتا ژیگین ، هەروا ڕاوەستابو و پێدەکەنی. لادێیەکانیش هەمویان پێدەکەنین. بەڕێز جەنابی دادوەر هەمویان پێدەکەنین. بۆخۆیشی ... ژیگین خۆشی پێدەکەنی. ئامادەم سوێند بخۆم خۆشی پێدەکەنی. منیش ڕوم تێکردن و گوتم: دەمتان داخەن . ئەم عەریفەی شارەوانی گەڕایەوە و گوتی: ئەمە کاری دادوەر نیە. هەرکە گوێم لەم قسەیە بو ، ئیدی بەرچاوم تاریك بو ... لێرەدا پریشیبایێڤ ڕودەکاتە ژیگین و لێی دەپرسێ: واتگوت یان نا؟

: بەڵێ.

: هەموان شاهیدن کە لەبەرچاوی ئەو هەمو خەڵکە گوتت ئەمە کاری دادوەر نیە. ئەمانە هەمویان گوێیان لێبو ، ئەگەر وانیە با بڵێن وانیە ! ئیدی ئەوە بو بەبیستنی ئەم قسەیە ، بەرچاوم تاریك بو ... ترس و تۆقین دایگرتم. پێمگوت هەی واو والێکراو ئەگەر ئازای دوبارەی دەکەیتەوە. تۆ بە چ ئازایەتیەکەوە بەم شێوەیە قسە لەبارەی بەڕێز دادوەرەوە دەکەیت؟ چۆن دەکرێ عەریفی شارەوانی بیت و دژی



دەوڵەت و بەرپرسەکانی بیت؟ ها؟ ئایا دەزانی بەڕێز دادوەر حەزی لێبێ دەتوانێ لە چاوتروکانێکدا لە ژێر ناوی کەسێکی باوەڕپێنەکراو بتگوازێتەوە بۆ بنکەی قەزا؟ ئایا دەزانی بەڕێز دادوەر دەتوانێ کەسێك کە مێشکی بۆنی قورمە سەبزی لێدێت ، بنێرێتە شوێنێك کە شایستەی ژیان نەبێت.

ئیدی ئەوە بو ، دوای قسەکەی ئەمیش کوێخای شارەدێ گوتی: دادوەر ناتوانێ لەسنوری دەسەڵاتی خۆی زیاتر تێپەڕێنێ ، کاری دادوەر تەنیا پێڕاگەیشتن بەمەلەف تاوانەکانە. ئەوانەی لێرەن هەمویان گوێیان لەم قسانەی کوێخا بو ... منیش بەکوێخام گوت: تۆ مافی ئەوەت نیە سوکایەتی بە حکومەت بکەیت! ئەم قسانەش لەلای منەوە مەکە. دەنا خۆم دەزانم چ دەکەم. بەڕێز دادوەر ئەو کاتەی لە وارشۆ بوم ، تەنانەت ئەوکاتەی لە خوێندنگەکەشدا خزمەتم دەکرد ، یەك کەس لەم جۆرە قسانەی کردبا ، بێ دواکەوتن دەچومە بەردەمی پۆلیسێك و قسەکانی کابرام تێدەگەیاند. بەڵام لێرە ، لەم دێیەدا بەکێ بڵێم؟ بەڵێ دەمویست ئەوە بڵێم کە لەخەفەتی ئەو قسانە ، وەخت بو دەتەقیم ... دەزانی چەندە بەداخم لە لاملی و ناپەسندی خەڵکی ئەم سەردەمە؟ ... مستێکم ... هەرچەندە زۆریش بەهێز نەبو ، کێشا بەسەری کوێخادا ، بۆ ئەوەی ئیدی تاماوە نەتوانێ قسەی لەو شێوەیە بکاتەوە ... دوای ئەمە ، ئەم ژیگینە کە ئەفسەری شارەوانیشە لایەنی ئەوی گرت ... منیش ناچاربوم خۆم بگەیەنمە ئەویش و مستێك بسرەوێنمە ئەویش ...ئیدی شتەکە گەورە بۆوە

... بەڕێز دادوەر من زۆر تورە ببوم و خۆشت دەزانی کەسێك لەسەر ڕق بێت مەحاڵە دەستی خۆی نەوەشێنێ ... لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ئەم جۆرە دەبەنگ و گەمژانە دارکاری نەکەیت ، وەك ئەوەیە گوناهێکی گەورەت کردبێ. بەتایبەتی ئەگەر شتێکی گرینگ و هەستیاری وەك پاراستنی ئارامی و ئاسایشی گشتی ، لە ئارادابێ ...

: بەڵام بۆپاراستنی ئارامی و ئاسایشی گشتی ، کەسانی تری وەك عەریفی شارەوانی و کوێخای شارەوانی و مفەوەزی شارەوانی و چەندانی تر هەن ...

: خۆ ئەفسەری شارەوانی ناتوانێ چاودێری هەمو شتەکان بکات ، جگە لەوەش ، هێندەی من لە شتەکان تێناگات.

: بەڵام پێمبڵێ بۆ ناتەوێ لەوە تێبگەیت کە ئەم کارانە پەیوەندیان بە تۆوە نیە؟

: چیت فەرمو؟ پەیوەندی نیە چیە؟ ئەم قسەیەم زۆر پێ سەیرە! سەرەڕۆیی خەڵکی پەیوەندی بەمنەوە نیە؟ جا کەوابێ ئەوکاتانەی خەڵك ئاسایش و ئارامی تێك دەدەن دەبێ من بچم دەست خۆشییان لێبکەم؟ هاتون لێرە لەسەر ئەوە شکایەتیان لێکردوم کە گۆرانیم لێ قەدەغە کردون ... ئەتۆ بۆخۆت بریاربدە جەنابی دادوەر چ سودێك لەگۆرانی گوتندا هەیە؟ لەبری ئەوەی بچن ... لەبری ئەوەی بچن سەرگەرمی کارێك بن ، خەریکی گۆرانی گوتنن ... دوێنێ پاش نیوەڕۆش بەزمێکی تریان ساز کرد ... لەبری ئەوەی بچن بۆخۆیان



لەماڵێ لێی پاڵدەنەوە و بنون ، کۆببونەوە و ئاگریان کردبۆوە و خەریکی قسان بون. منیش یەکسەر ناوی هەرهەمویانم نوسی.

: چیت نوسی؟

: ناوی ئەوانەی لەدەوری ئاگرەکە دانیشتبون . (ئیڤان برۆخۆرۆڤ) و (ساڤا میکیڤۆرۆڤ) و (پیتەر پترۆڤیچ) و هەروەها (شوستەرۆڤ) ی سەرباز و ( سیمۆن کیسالۆڤ) یش هەرهەمویان خەریکی فسکەفسك بون. ( ئیگنات سڤرچۆك ) و ژنەکەشی هەردوکیان جادوگەرن . ( مارڤا) ش شەوانە وەڕی دەکەوێ شیری هەرچی مانگای ئەو دێیە هەیە ، دەیدۆشێ ...

لێرەدا دادوەر دەڵێ: بەسە نکایە!

ئەمجار دەست بەوەرگرتنی قسەی شاهیدەکان دەکرێ.

پریشیبایێڤ چاویلکەکەی تا سەر نێوچاوانی دەباتە سەرێ و بە سەرسامیەوە دەڕوانێتە دادوەر ، ڕون و ئاشکرایە دادوەر لایەنی ئەو ناگرێت. چاوەکانی زەق بونەتەوە و بریسکە دەدەن. لوتی سور هەڵگەڕاوە و تەماشای دادوەر و شاهیدەکان دەکات و هەرچەند دەکا تێناگا لەو فسکەفسك وجارجاریش پرمەی پێکەنینەی ، کە لەهەمو گۆشە و قوژبنێکی دادگاوە دەهاتە بەرگوێ. هیچ سەریش لەوە دەرناکا لەبەرچی سزای یەك مانگ زیندانییان بۆ بڕیوە . سەری سوڕدەمێنێ لەم بڕیارە و دەستەکانی ڕادەوەشێنێ و دەڵێت: ئاخر لەبەرچی؟ ئەم بڕیارە بەپێی بڕگەی کامە یاسا؟

به بۆچونی ئەو ، هەبێ و نەبێ دنیا سەراوبن بوە و ئیدی لەم دنیایەدا جێگایەکی لەبار و گونجاو بۆ ژیان ، وەدەست ناکەوێ.
هەرکـە لـەدەرگای دادگـاش دێتـە دەرێ ، چـاوی بـە چـەند کەسـێك دەکـەوێ کـە لـەدەوری یـەك کۆبونەتـەوە و سـەرگەرمی قـسەوباسی خۆیانن. خێرا هەردوك دەستەکانی ، چەشنی ئەفسەرێك ، بەخۆیەوە جوت دەکـات و بـەدەنگێکی گـیراوی تێکـەڵ بەرِقـەوە هـاوار دەکـات: بڵاوەی لێبکەن ، دەی ، قەرەباڵغی دروست مەکەن ، یـاڵڵا هەرکەسـە بچێتەوە ماڵی خۆی.

# لەفەرمانگەی پۆستەدا

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر ژنە گەنجەکەی (سلاد کۆپەر تسێڤ) ی سەرۆکی پێشووی فەرمانگەی پۆستەی شارەکەمان ، بەخاك دەسپارد. دوای مەراسیمی ناشتنی ئەو گوڵە جوانە ، وەك دابونەریتی باب و باپیرانمان چووینە فەرمانگەی پۆستە ، تا سەرەخۆشی لە سەرۆکی فەرمانگە بکەین و یادی مردووەکە بکەینەوە. کاتێ (بینی*) یان هێنا ، مێردە پیرەکەی دەستی بەگریان کرد و گوتی: ئەم (بینی) یانە هێند سور و جوانن دەڵێی ڕوخساری خوالێخۆشبوون. ئامادەبووان هەمووان قسەکەیان بۆ سەلماند: بەڵێ لەڕاستیدا ئەو زۆر جوان بوو... تا بڵێی ژنێکی نازدار بوو.

: بەڵێ هەمووان چاویان تێبڕیبوو... ئێرەییان بەجوانییەکەی دەبرد... بەڵام کاکینە! وەنەبێ من تەنیا لەبەر جوانی و ئاکاری خۆشم ویستبێت ، هەرچەندە زۆر پێویستە ئەم ڕەفتارانە لەژناندا هەبن ، وەك چۆن لەزۆر جێگای ئەم دنیا فراوانەدا ئەمە دەبینرێت... بەڵام ئەوەی وای لێکردبووم بەم شێوەیە خۆشم بووێت ، شتێکی تربوو ، ئەو خوالێخۆشبووە ،کە تکام وایە خوای گەورە لەگەڵ پاسەوانی دەرگای خۆی هاونشینی بکات ، هەرچەندە بەسروشت هێندێك گرژ و توندە تەبیات بوو ، بەڵام شتی لەگوێ دەگرت و وەفاداری مێردەکەی بوو ، هەرچەندە تەمەنی هەر بیست ساڵێك دەبوو ، کەمن خۆم ئەمڕۆ سبەی تەمەنم دەبێتە شەست ساڵ ، لەگەڵ ئەمەشدا لەگەڵ منی پیرەمێرد دا وەفاداربو ، بەڵێ وەفاداربو.



ئەو کەشیشەی کە لەگەڵماندا هاتبو ، گەروی پاك کردەوە و کۆخەیەکی کرد و دوای ئەمە زۆر بەڕونی تەواوی شك و گومانەکانی خۆی سەبارەت بە خوالێخۆشبو خستە ڕو. پیرەمێرد ڕوی تێکردو و گوتی: دیارە باوەڕ بەقسەکانم ناکەی؟

کەشیش بە دەستەپاچەییەوە وەڵامی دایەوە: نەك ئەوەی باوەڕ ناکەم... بەڵام ئەمەش... ژنە گەنجەکانی ئەمڕۆ... ئاخر زۆر ... ژوان و جێژوان و... ئیدی...

: بەڵێ دەبینم باوەڕ ناکەیت ، بەڵام من ئەمەت پێ دەسەلمێنم ، من لەترسی ئەوەی خیانەتم لێنەکات و وەفادار بێت لەگەڵمدا ، زۆر ڕێگەی جۆراوجۆرم دەگرتەبەر... بەکورتی ڕێوشوێنی باشم دەگرتەبەر ، چۆن بڵێم ... فڕوفێڵی چاکم بەکاردێنا ، تەنیا لەپێناوی پاراستنی ئابڕووی خۆمدا ئەم فڕوفێڵانەم بەکاردێنا ، هێندێك شت هەیە و دەیزانم هەر ئەوەندەی درکاندم ، ئیدی یەکسەر گەیشتومە مەبەستی خۆم و دەتوانم لەلایەنی وەفاداری هاوسەرەکەمەوە ئاسودەبم و پاڵی لێ بدەمەوە.

: ئەو قسانە چین؟

: زۆرم کردون ، بۆ نمونە پڕوپاگەندەیەکی نادروستم لەشاردا بڵاوکردەوە ، کە ئێوەش هەمووتان گوێتان لێبوە ، دەگەیشتمە هەرکەس دەمگوت ئێلینای ژنم لەگەڵ (ئیڤان ئەلێکسنیچ زالیخواتسکی) ی سەرۆکی پۆلیس کەین و بەینی هەیە ، ئەم چەند وشەیە بەس بون بۆ ئەوەی هیچ کەس نەتوانێ و نەوێرێ وەدوی

ئیلینـای ژنم بکـەوێت ، هـەموان خۆیـان لـە ڕق و نـەفرەتی سـەرۆکی پۆلیس دەپاراست ، هەرکەس ئێلینای دیبا ،خێراتر هەنگاوی هەڵدێنا و لێی دور دەکەوتەوە ، بۆوەی نەبادا ببێتە جێ گومـان و مەزەنـدەی سەرۆکی پۆلیس. ها ... ها ... ها

ئاخر هەموان لێی تۆقیبون هیچ کەس نەیدەویست لەگـەڵ ئـەو سمێـڵ بابڕەدا تێبکەوێ ، زۆر بەئاسانی دەیتوانی پێنج تۆمـەتت بـۆ دروسـت بکات. بۆنمونە ئەگەر پشیلەی کەسێکی لە کۆڵانێدا دیبا ، بـە تـاوانی ( مانگای بەرەڵای سەرشەقام) ، کێشەی بـۆ کـابرا دروسـت دەکـرد ، پەنات وەبەر دێنم خودایە.

ئێمە هەمومان بەسەرسـامییەوە پرسـیمان: واتـا هـەر بەڕاسـت ئێلینـا هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ سەرۆکی پۆلیس نەبوو؟

: نەخێر... هەرگیز... ئەوە تەنیاپڕوپاگەندەیەك بوو کە خۆم دروستم کردبوو ، ها... ها ... ها بینیتان چۆن ئەو گەنج و لاوانەم فریو دا !

نزیکەی سێ خولەك بە بێـدەنگی و خامۆشـی دانیـشتبوین و پیـشمان دەخواردەوە لە داخی ئەو کڵاوەی ئەو پیرەمێردە لە سەری نابوین.

سەرەنجام کەشیش کۆخەیـەکی کـرد و لـەژێر لێـوەوە گـوتی: بـاش ، ئینشاڵڵا لە داهاتودا دەتوانی جارێکی تر ژن بێنیتەوە.

(بینی *) خۆراکێکی ڕوسـیە ، کـە لـە ئـارد و شـیر و شـەکر و هێلکـە دروست دەکرێ.

# لە هاوینەواردا

( خۆشمدەوێی ، تۆ هەمو شتێکی منی ، تەمەنی منی ، شادی منی ! ... داوای لێبوردنت لێ دەکەم لەم دانپیانانەم ، بەڵام چی بکەم ، لەمە زیاتر نەمتوانی بێدەنگ بمێنمەوە ، من داوای وەڵامدانەوەی ئەم عیشقەت لێ ناکەم ، بەڵکو داوای سۆز و بەزەییت لێ دەکەم. ئەمشەو کاتژمێر هەشت وەرە بۆ ژێر کەپرەکۆنەکە. نامەکەم ئیمزا ناکەم ، چونکە دڵنیام کارێکی بێ سودە و لەگەڵ ئەوەشدا تکات لێ دەکەم سڵ لە نەناسێکی وەك من نەکەیتەوە ، هەم گەنجم هەم جوانیشم ... ئیدی لەوە زیاتر چیت دەوێ؟).

( پاڤێل ئیڤانۆڤیچ ڤیخادتسێڤ) پیاوێکی ژن و ماڵداری بەرێز بو ، ڤێللایەکی لە هاوینەوارێکدا بەکرێ گرتبو و بەخۆی و خێزانەکەیەوە بۆ بەرێکردنی سێ مانگی هاوین ، رویان تێکردبو. دوای خوێندنەوەی ئەم نامەیە ، شانێکی هەڵتەکاند و نێوچاوانی خوراند و کەوتە بیرکردنەوە: (نەفرەت لە شەیتان ! بەبێ ڕەچاو کردنی ئەوەی خێزاندارم ، ئەم نامە سەیر و گەمژانەیە چیە بۆیان نوسیوم ! دەبێ کێ نوسیبێتی؟).

برێك نامەکەی لەبەرچاوی خویدا هێنا و برد ، دواتر جارێکی تر نامەکەی خوێندەوە ، تفێکی کرد و بەگاڵتەجارییەوە بەخۆی گوت:



(دەنوسێ خۆشمدەوێی ، وادەزانی هەرزەکارێکم و یەکسەر بۆی دەچمە جێژوان ! ماوەیەکی زۆرە وازم لە بێنەوبەرەی خۆشەویستی هێناوە ... پێدەچێ ژنێکی زۆر بە ئاڵۆش و بەرەڵا بێت ... بەڕاستی ئەم ژنانە بونەوەرێکی زۆر سەیرن ، ئەم جۆرە کەسانە دەبێ زۆر بەرەڵا بن ئەگینا بە چ چاوو ڕویەکەوە نامەی لەم شێوەیە بۆ پیاوێکی خێزاندار دەنوسن ! ئەمە چ بێ ڕەوشتیەکە؟).

نزیکەی هەشت ساڵ بەسەر زەماوەندی پاڤێل ئیڤانۆڤیچدا تێدەپەڕی ، بەدرێژایی ژیانی ژن و مێردایەتیان بەلای دڵداریدا نەچوبو ، جگە لە کارتی پیرۆزبایی ، هیچ نامەیەکی تری بەدەست نەدەگەیشت. هەرچەندە ئێستاش دەیویست خۆی لێ نەبان کات و بەسەر خۆیدا نەهێنێ ، بەڵام توشی سەرسوڕمان و خرۆشانێکی زۆر ببو.

کاتژمێرێك دواتر لەسەر قەنەفەیەك ڕاکشا و کەوتە بیرکردنەوە: ( ئێ باشە خۆ من هەرزەکارێك نیم ، بێ بیرکردنەوە و بێ دواکەوتن بۆی بچمە جێژوان ، واباشترە بەر لە هەمو شتێك بزانم کێیە ئەم نامەیەی بۆناردوم؟ ... خەتەکەی ... بێ شك خەتێکی ژنانەیە ... ڕاستگۆیی و دڵسۆزیش لە نامەکەیدا بەدی دەکرێ ، پێناچێ نیازی گاڵتە و ئەمانەی هەبێت ... پێدەچێ بێوەژن بێت ، یان ژنێکی شێتۆکە بێت ... بێوەژنەکان زۆربەی زۆریان گوێ نادەنێ و هەر خەریکی پێکەنینن. هم ... دەبێ کێ نوسیبێتی؟ ).

هەڵهێنانی ئەم مەتەڵە ، بەتایبەتی لەو ڕووەوەی کە پاڤێل ئیڤانۆڤیچ لە تەواوی ئەو دێیە هاوینەیەدا ، جگە لە ژنەکەی خۆی ، یەك کەسی تری نەدەناسی ، کردنەوەی ئەو گرێ کوێرەیەی ئەستەم تر دەکرد.

حەپەساو و داماو ، لە بیرکردنەوەدا بو: ( سەیرە ! ... دەنوسێ خۆشمدەوێی ! ... دەبێ کێ بێت وا بەهەلی زانیوە و منی خۆشدەوێ؟ ژنێکی سەیرە ! بێ ئەوەی بمبینێ و بمناسێ عاشقم بوە ! تەنانەت نازانێ چ جۆرە مرۆڤێکیشم ! ئەو کەسەی بە دوسێ سەرنج عاشق دەبێ و دڵی لێدەدا ، دەبێ زۆر گەنج و خاوەنی هەستێکی شاعیرانە بێت ... بەڵام ... دەبێ کێ بێت؟).

لەناکاو بیری هاتەوە کە سێ ڕۆژ لەمەوبەر و هەروەها دوێنێش ئەو کاتەی لە مەیدانی سەرەکی دێیەکەدا خەریکی پیاسەکردن بو ، چەند جارێك لەگەڵ ژنێکی قژکاڵ و لوت گچکەو جوان ، کەکراسێکی شینی ئاسمانی لەبەردابو ، ڕوبەڕو ببۆوە . ژنە قژکاڵەکە چەند جارێك بە تیلەی چاو سەیری ئەمی کردبو ، دوای ئەوەی ئەم لەسەر نیمکێتێك دانیشتبو ، ئەویش دوا بەدوای ئەو ، هاتبو و لەسەر هەمان نیمکێت و لەتەنیشتیەوە دانیشتبو.

هەروا لەبیرکردنەوەدابو: (ڕێی تێناچێ ! ئەو بونەوەرە جوانە ، ئەو پەریە ، عاشقی پیاوێك بێت کە لەمارماسیەکی پیر و بۆگەن نەبێت ، لە هیچ شتێکی تر ناچێت ! نا ... ئەوە مەحاڵە !).

لەکاتی نانخواردنیشدا نیگایەکی بێ مانای ژنەکەی کرد و کەوتەوە نێو دنیای



بیرکردنەوە: ( نوسیویەتی گەنج و جوانە ... کەواتە هیچ ژنێك نامێنی کە کەس ئاوڕی لێ نەداتەوە و کەس بەلایدا نەچێت ... هم ... ئەگەر لەگەڵ خۆمدا ڕاستگۆبم دەبێ دان بەوەشدا بنێم منیش ئەوەندە پیر نەبومە کە کەس خۆشی نەوێم ... ئەدی ئەوە نیە ژنەکەی خۆم خۆشی دەوێم ... سەرباری هەمو ئەوانەش ، عیشق گەنج و پیر ناناسێ ! ).

لەم کاتەدا ژنەکەی لێی پرسی: ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە ؟

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ بەدرۆ وەڵامی دایەوە: هیچ ... تەنیا هەندێك سەرم دێشێ ... لەناخەوەش پێکەنینی دەهات بە نامەکە و بەو کەسەی کە نوسیبوشی ، سور دەیزانی دڵ خۆشکردن بەم چەشنە نامانە ، جگە لە گەمژەیی ، هیچیتر نیە ، بەڵام ... حەیف کە دوژمنی مرۆڤ بەهێزە !

پاڤێل هەرکە نانی خوارد ، ڕاکشا و کەوتە بیرکردنەوە: ( بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لە چونی من بۆ جێژوان ، دڵنیایە ! چ ژنێکی بێشەرمە ! کاتێ دەچێتە نێو کەپرەکە و دەبینێ لەوێ نیم زۆر تورە دەبێ و قاچەکانی لە زەوی دەکوتێ ! ... ئێ خۆ منیش ناکرێ بچم ... سندانی لێدا).

بەڵام دوبارەی دەکەمەوە: دوژمنی مرۆڤ بەهێزە.

کابرای هاوینەوار نشین ، چەند خولەکێك دواتر کەوتەوە بیرکردنەوە: ( باشە چۆنە ئەگەر وەکو سەرکێشی و سەربزێویەکیش بێت سەرێك

لە کەپرەکە بدەم؟ وا باشتریشە هەرنەبێ با لەدورەوە بیبینم! ... لەوانەیە خراپ نەبێت! وەختێك کات کاتی پێکەنین بێت ، ئیدی مرۆڤ بۆچی پێنەکەنێ؟).

دواتر هەستا وپێڵاو و کڵاوەکەی ئامادەکردن.

کاتێ ژنەکەی بینی خەریکی لەبەر کردنی کراسی نوێ و بەستنی بۆیمباخە دوایین مۆدێلەکەیەتی ، لێی پرسی: چیە؟ خەریکی خۆقوز کردنی؟ نیازی کوێت هەیە؟

: ناچمە هیچ کوێ ، دەمەوێ هەندێك بەپێ برۆم ... نازانم بۆ ئەوەندە سەرم دێشێ ...

هم ...

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ ، هەندێك خۆی هێناو برد و سەرەنجام بەر لە کاتژمێر هەشت لە ماڵێ وەدەرکەوت. چەند خولەکێك دواتر زۆرێك لە هاوینەوار نشینەکانی بینی بەجل و بەرگی جوان و ڕەنگاوڕەنگەوە ، بەنێو سەوزەگیاکەدا ، کەخۆری سەرلە ئێوارە ، ڕوناکی خۆی بەسەردا پەخشان کردبو ، سەرگەرمی پیاسە کردن بون.

دڵی زۆر بە توندی لێیدەدا و بە تیلەی چاو سەیری ژنەکانی دەکرد ، بەخۆی دەگوت: (دەبێ کامەیان بێ؟ ژنە قژکاڵەکەم بەرچاو ناکەوێت ... هم ... ئەگەر ئەو نامەکەی نوسیبێ ، دەبێ ئێستا لەنێو کەپرەکە بێت ).



دواتر بەرەو (کەپرە کۆنەکە) ڕێگای شەقامەپڕ لە دار و درەختەکەی گرتە بەر. کە (کەپرە کۆنەکە) لەنێو چڵ و چێوی تێکچڕژاوی دارەکاندا ون ببو.

هێواش هێواش بەرەو کەپرەکە وەڕێ کەوت ... پیاوانە هەنگاوی دەنان و لە مێشکی خۆشیدا لە بیرکردنەوەدابو: ( ناچمە نێو کەپرەکە ، تەنیا لە دورەوە سەیری دەکەم ... ئێ باشە من لە چی بترسم؟ خۆ هیچ قەرار و مەدارێکم لەگەڵ کەسدا نیە! بەخوا گەمژەم! تۆ پیاوی دەبێ خۆڕاگر بیت! ئێ باشە دامنا چومە ژورەوەش! چ ڕودەدا؟ نا نا پێویست بە چونە ژورەوە ناکات).

دڵی زۆر خێراتر لێیدەدا ، لەناکاو ، بێ ئەوەی خۆی مەبەستی بێت ، دیمەنی نێو کەپرەکەی هاتە بەرچاو ... جگە لە ژنە قژکاڵەکە بەخۆی و لوتە ڕێك و جوانەکەی و کراسە شینە ئاسمانیەکەیەوە ، هیچی تری بەرچاو نەکەوت ... ژنە گەنجەکەی دەبینی لە شەرمان سور هەڵگەڕابو و لەتاوان هەمو جەستەی دەلەرزی و بەشەرمەوە بەرەو لای ئەو دەهات و هەناسە گەرمەکانی بەر ڕوخساری ئەو دەکەوتن ... لەناکاو بەتوندی لەباوەشی دەگرێ.

پاڤێڵ ئیڤانۆڤیچ لە کاتێکدا دەیویست ئەم بیرکردنەوە گوناهانە لە مێشکی خۆی وەدەرنێ ، بیری کردەوە: ( ئەگەر هاتبا و خێزاندار نەبام بەهەرحاڵ ، بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت ... ئەمەش پەیوەستە بەوەی ئەگەر بۆ تاکە جارێکیش بوە ، ئەمەش تاقی بکەمەوە ، گەرنا بێ ئەوەی تام وچێژی ئەم جۆرە شتانەم کردبێ ، ڕۆژێك لار

دەبمەوە و دەمرم ... بەڵام ژنەکەم ...لەماوەی هەشت ساڵی تەمەنی ژیانی هاوبەشماندا ڕۆژێك چیە جێم نەهێشتوە ... هەشت ساڵ ... هەشت ساڵ خزمەتی بێ کەموکوڕی! ئەوەندەش بەسە ... بەڕاستی جێگای داخە ... بەڵام ئەگەر لە ڕقی ئەویش بوبێ ، دەبێ خیانەتی لێ بکەم!).

لە حاڵێکدا کە خەریکبو هەناسەی ڕادەوەستا و سەرتاپای جەستەی دەلەرزی ، بەرەو کەپرەکە – کەچەندین دار و درەخت سایەیان بەسەردا کردبو – وەڕێ کەوت. چاوەکانی بڕیبونە ژورێ ... لە نێو کەپرەکەوە بۆنی کەڕەکیفە هاتەبەر لوتی ... وەژور کەوت و بەخۆی گوت: ( دەڵێی کەسی تێدانیە ... ) . لەم کاتەدا چاوی بە تارماییەك کەوت ... تارماییەکە پیاوێك بو ... ( میتیا ) ی ژنبرای بو.

میتیا خوێندکاری زانکۆ بو و لەماڵی ئەواندا دەژیا.

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ بەدەنگێك کە نائومێدی تێدا دەخوێنرایەوە ، لەژێر لێوەوە بە منگە منگەوە گوتی: ها میتیا ئەوە تۆی؟ ...

دوای ئەمە کڵاوەکەی لە سەری هێنا خوارێ و لەسەر کورسیەکە دانیشت.

: بەڵێ منم ...

چەند خولەکێك بەبێدەنگی تێپەڕی.

سەرەنجام میتیا وەقسە هات و گوتی: ببورە پاڤێل ئیڤانۆڤیچ ... تکایەکم لێت هەیە ، نیازی کارکردنم هەیە لەسەر نامەی خوێندنەکەم



، بونی کەسێك لێرەدا ،جا هەر کەسێك بێت ، بیر و هزرم پەرش و بڵاو دەکات ...

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ بەنەرمیەوە گوتی: جاکەوایە بۆ خۆت بڕۆ لە یەکێك لە شەقامە پڕ دار و درەختە چۆڵ و هۆڵەکاندا لەو کەش و هەوا ئازاد و کراوەیەدا دەتوانی زۆر ئاسودەتر بیر بکەیتەوە ... جگە لەوەش ... منیش بەنیازم هەندێك لەسەر ئەم نیمکێتە ڕاکشێم ... ئێرە فێنکترە ...

میتیاش بە ناڕازیبونەوە گوتی: تۆ دەتەوێ ڕاکشێی و منیش دەمەوێ کار بکەم لەسەر نامەکەم ... پێموایە نامەکەی من لە ڕاکشانەکەی تۆ گرینگترە ...

دیسان بێدەنگی دایگرتنەوە ... پاڤێل ئیڤانۆڤیچ کە باڵندەی خەیاڵی کەوتبوە فڕین ، هەرکە دەنگی پێی دەبیست بەپەلە هەڵدەستا و بە پاڕانەوەوە دەیگوت: میتیا ، تکات لێدەکەم ، تۆ لەمن گەنجتری و دەبێ گوێڕایەڵی من بیت ، من تەندروستیم باش نیە و دەمەوێ بڕێك لێرە ڕاکشێم و بنوم ...لێرە بڕۆ!

: ئەمە واتای ئەوەیە کە تۆ کەسێکی خۆپەرستی ... ئاخر لەبەرچی دەبێ تۆ لێرە بیت و من بڕۆم؟ ئەگەر شتەکە لەسەر ڕەسەنایەتیش بێت دەبێ من لێرەبمێنمەوە ...

: تکات لێدەکەم! ... خۆشم دەزانم مرۆڤێکی خۆپەرست و زۆربڵێ و گەمژەم ... بەڵام تکات لێدەکەم لێرە بڕۆ! ... تا ئێستا لە ژیانمدا

تکام لە کەس نەکردوە ، پێشموایە تۆ ئەم داواکاریەم ڕەت ناکەیتەوە.

میتیاش بە نیشانەی ناڕازیبون ، سەری بادەدا.

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ کەوتە بیرکردنەوە: ( ئەمە چ جانەوەرێکە؟ ... خۆ ئەگەر ئەو ژنەش بێت ناکری لەلای ئەمەوە ببیینم! شتی وا ناکریٚ! ).

دواتر ڕوی کردە میتیا و گوتی: گویٚ بگرە میتیا! بۆ دواجار تکات لێدەکەم ، وەرە بیسەلمێنە کە لاوێکی ژیرو تێگەیشتوی! .

میتیا شانێکی هەڵتەکاند و وەڵامی دایەوە: نازانم بۆچی وازم لیٚ ناهێنی ... گوتم ناڕۆم! ناڕۆم ، واتا ناڕۆم و لێرە دەمێنمەوە ...

لەم ساتەدا ، ژنێك ، کە لوتێکی ڕێك و جوانی هەبو ، سەرێکی کێشایە نێو کەپرەکە ... هەرکە ئەم دوانەی بینی ڕوی خۆی گرژ کرد و لەچاوان ون بو ... پاڤێل ئیڤانۆڤیچ بەڕقەوە سەیرێکی میتیای کرد و کەوتە بیرکردنەوە: ( ڕۆیشت! هەرکە ئەم بەدفەساڵەی بینی ڕۆیشت و خۆی ون کرد).

چەند ساتێك خۆی ڕاگرت و دواتر هەستا و کڵاوەکەی کردە سەری و گوتی: وڵاغ ، بەدفەساڵ ، بەڵیٚ ، وڵاغ ، ئەمەی تۆ دەیکەی گەمژەییە ، لێرە بەدواوە ، ئیدی من و تۆیان نەگوتوە.

میتیاش کڵاوەکەی کردە سەری و بە ناڕازیبونەوە وەڵامی دایەوە: لەم کەپرەدا بەهۆی تۆوە ، بەڵایەکم بەسەرهات تا ماوم لەبیرم ناچیٚ و ناتبەخشم.



پاڤێڵ ئیڤانۆڤیچ لە کەپرەکە وەدەرکەوت و بەڕق و توڕەییەکی زۆرەوە بەرەو کۆشکە هاوینیەکەی ، ملی ڕێگای گرتەبەر.

تەنانەت خوانی ئامادەی ئێوارەش ، نەیتوانی تۆسقاڵێك هێدی بکاتەوە.

توڕە و بیٚ ئارام ، بیری دەکردەوە: ( کاتێك مرۆڤ لە هەمو ژیانیدا ، یەك جار دەرفەتی بۆ هەڵدەکەویٚ ، لێی دەبنە موی لوت و ناهێڵن بە باشی سودی لیٚ وەرگریٚ ، ئاخۆ دەبیٚ ئەو ژنە داماوە چەندە خەفەتی خواردبیٚ! ).

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ و میتیا ، لەکاتی نانخواردندا سەیری قاپەکانی بەردەمیان دەکرد و بێدەنگ وخەفەتبار بون ... لەناخی دڵیشیاندا ، هەستیان بە بێزاریەکی یەجگار زۆر دەکرد بەرامبەر یەکتر.

پاڤێل ئیڤانۆڤیج ، ڕوی کردە هاوسەرەکەی و بە سەرزەنشت کردنەوە گوتی: ئەوە تۆ بەچی پێدەکەنی؟ تەنیا شێتەکان لەخۆڕا پێکەنینیان بە هەمو شتێك دیٚ!

بەڵام ژنەکەی ، سەیرێکی ڕوخساری ترش و تاڵی مێردەکەی کرد و گوتی: ئەریٚ ئەمڕۆ هیچ نامەیەکت بۆ نەهات؟

پاڤێل بەسەرسامیەوە وەڵامی دایەوە: من؟ ... نا ... چیە شێت بویتە؟

: دەیاڵڵا بیڵیٚ ، بڵیٚ نامەم بۆ هاتبو! ڕاستیەکەی ئەو نامەیە من نوسیبوم! بەخودا من نوسیبوم ، ها ... ها... ها ...

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ سور هەڵگەڕا و سەری بەسەر قاپەکەی بەردەمیدا شۆڕ کردەوە و نەڕاندی: چ گاڵتەیەکی گەمژانە !

: ئاخر وەرە خۆت بڕیاردە ... دەبوایا ئەمڕۆ ژورەکانم شوشتبان ، نەمدەزانی چۆن هەردوکتان لەماڵێ وەدەرنێم ... لەدڵی مەگرە گەمژە گیان ، بەخودا دڵم نەهات بەتەنیا لەو کەپرەدا بیت ، بۆیە نامەیەکیشم بۆ میتیاش نوسی ... ئەرێ بەڕاست میتیا تۆش چویت بۆ کەپرەکە ؟

میتیا ، پێکەنی و لەوساتەدا ئەو سەرنجەی دابویە ڕکابەرەکەی ، هیچ ڕق و نەفرەتێکیان تێدا نەمابو.

تێبینی/ هاوینەوار لێرەدا بەواتای شوێنێکی تایبەت بە گەشت و سەیران نەهاتوە. بەڵکو بەمانای ئەو گوندە کوێستانیانە هاتوە کە خەڵکی لەڕوسیای ئەو سەردەمەدا ، بۆ بەسەربردنی گەرمای سێ مانگەی هاوین ڕویان تێکردوە. وەرگێڕ

# سواڵكەر

تكایە كاكی بەڕێز ئاوڕێك لەمرۆڤێكی بەدبەخت و برسی بدەرەوە ، سێ ڕۆژ دەبێ دەمم لەنان نەداوە ... سوێند بەخوا نەپارە شك دەبەم ، نە سەرپەنایەك كە شەوی تێدا ڕۆژ كەمەوە ... هەشت ساڵی ڕێك لەلادێیەكدا مامۆستا بوم ... بەڵام بەهۆی بەرەكەتی پیلانگێڕیەكانی ئەنجومەنی ناوچەكەوە ، كارەكەم لەدەسدا ... بومە قوربانی ڕاپۆرتە ساختەكان و ئێستاش ماوەی ساڵێكە بێكارم ...

( سكڤارتسۆڤ ) ی دادوەر ، دەیڕوانیە باڵتۆ دڕاو و پینەكراو و چاوە خومار و خۆڵەمێشی و خاڵە سورەكانی گۆنای كابرای سواڵكەر و بیری كەوتەوە پێشتر لە شوێنێك دیتبێتی.

كابراش لێكدا لێكدا قسەی دەكرد: ئێستاش دەیانەوێ بمنێرنە شارۆچكەی ( كالۆژسكایا ) و منیش داماوم نازانم بەچی بچم؟ توخوا یارمەتیم بدە ، لەڕوم نایەت دەست لەم و لەوپان كەمەوە ... بەڵام نازانم چی بكەم؟ ئاخ لەدەست ئەم چەرخە چەپگەردە ! مرۆڤ ناچاری هەمو كارێك دەكات.

سكڤارتسۆڤ ، ڕوانیەپێڵاوەكانی كابرای سواڵكەر – كە یەكیان گەورەتر بو لەوی تریان – یەكسەر بیری هاتەوە لەكوێ بینویەتی ، بۆیە گوتی: گوێ بگرە پێموایە سێ ڕۆژ لەمەوبەر تۆم لە (سادۆڤایا) بینی ، دەتگوت خوێندكاریت و لە زانكۆ دەریانكردوی ، نەك مامۆستای لادێ! لەبیرتە؟



كابرای سواڵكەر ، خەجاڵەت و شەرمەزار ، لەژێر لێوەوە بەمنگەمنگەوە گوتی: نا ... نەخێر ... شتی وا نیە ! من مامۆستای لادێم و ئەگەر حەزدەكەی دەتوانم بڕوانامەكەمت بۆ بێنم.

: واز لەو درۆیانە بێنە ، بیرمە ئەو ڕۆژە دەتگوت خویندكاری و تەنانەت هۆكاری دەركردنەكەشت بۆ باسكردم ، بیرت ماوە؟ ئەمەی گوت و نیوچاوانی تێكناو بڕێك لەكابرای جل و بەرگ دڕاو ، دوركەوتەوە و بەڕقەوە گوتی: تۆ كەسێكی نزم و بێ بایەخ و ساختەچی و فێڵبازیت! دەتدەمە دەستی پۆلیس هەی بێشەرم! هەژاری و برسێتی ،ڕەوایی بەوەنادا ویژدانی خۆت بخەیتە ژێر پێوە و درۆی گەورە بهۆنیتەوە !

كابرای جلوبەرگ شڕ ، خۆی بەدەسكی دەرگاكەوە نوساند ، بەحەپەساویەوە ڕوانیە درەخت و ڕاڕەوەكە و چەشنی دزێك كەوتبێتە داوەوە ، بەمنجە منجەوە گوتی: من ... من ... درۆ ناهۆنمەوە ... دەتوانم بڕوانامەكەم بێنمە خزمەتت ...

سكڤارتسۆڤ گوتی: پێم ناڵێی كێ باوەڕ بەم قسانەت دەكا؟ سود وەرگرتنی خراپ ، لەو خۆشەویستیەی كەخەڵكی بۆ خویندكاران و مامۆستایان هەیانە ، ئەوپەڕی بێشەرمی و بێ ئابڕوییە ! شەرمت بەخۆت بێ كاكە !

دادوەر هەندیك هاتوچۆی كرد و كابرای زۆر باش سەركۆنە كرد.

ئەم درۆ زەبەلاح و بێشەرمانەیەی كابرای سواڵكەر ، ڕق و بێزاریەكی زۆری لە ناخی دادوەردا دروست كردبو. ئەمەش ئەوپەڕی سوكایەتی

کردن بو بە خەسڵەتە مرۆڤایەتیەکانی وەك ، خۆشەویستی و هاوسۆزی و میهرەبانی و بەزەیی هاتنەوە بە کەسانی لانەواز و بێنەوادا.

درۆزنیی ئەم (بونەوەرە بێشەرمە) و ئەو سوکایەتیەی لە بەرامبەر هەستی دڵسۆزی و میهرەبانی ئەودا کردبوی ، کاریگەریەکی زۆر خراپی بەسەر ناخییەوە جێهێشت و ئەو هەست وحەزی خێر و سەدەقەیەی ، بڕیاربو بیدات بەهەژار و بێنەواکان ، بە قوڕدا بردبوە خوارێ.

کابرای جل و بەرگ شڕ ، سەرەتا دەستی کرد بەسوێندخواردن و هەوڵیدا دانی پێدا نەنێت ، بەڵام سەرەنجام ناچار بو بێدەنگی هەڵبژێرێ.

بە شەرمەوە سەری داخستبو و سەیری زەویەکەی دەکرد ، بڕێك دواتر دەستی لە سەر سینگی خۆی دانا و گوتی: کاکی بەڕێز دانی پێدا دەنێم ... درۆم کرد! نەخوێندکارم نەماماموستای لادێشم! ئەمانە هەردوکیان درۆ بون! ڕاستیەکەی من لەگروپی گۆرانیبێژانی ڕوسی بوم ، بەڵام ... بەڵام بەهۆی زیادڕەوی لەمەی خواردنەوەدا ، دەریانکردم. دەتۆ بۆ خۆت پێم بڵێ چی بکەم؟ سوێند بەخودا لەدرۆکردن زیاتر ، هیچ کارێکی ترم پێ ناکرێ! لەڕاستیدا ، تادەمەوێ ڕاستیەکەی بەخەڵك بڵێم ، بەدەسبەتاڵی دەردەچم و هیچ هاوکاریەکم ناکەن. مرۆڤی ڕاستگۆ یان لەبرسان دەمرێ ، یان



لەگۆشەی شەقامێکدا لەسەرما ڕەق دەبێتەوە! تۆ ڕاست دەکەی ، من قسەکانی تۆم بەدڵە و تێدەگەم ، بەڵام ... پێم بڵێ چی بکەم؟

سکڤارتسۆڤ ، هەنگاوێك لێی چوەپێشەوە و هاواری کرد: چی بکەی؟ دەپرسی چی بکەی؟ کار بکە کاکە کار.

: کار! ...منیش ئەوە دەزانم ، بەڵام کوا کار؟

: قسەی قوڕ! ... تۆ گەنجی! هەم تەندروستیت باشەو هەم بەهێزی ، ئەگەر حەزت لێبێ هەمیشە کار هەیە ، بەڵام چونکە تەوەزەل و کارنەکەر و مەستی ، هەمیشە بەقەدەر مەیخانەیەك بۆنی ڤۆدکات لێدێ ، تەنانەت مۆخی ئێسکەکانیشت خویان بە درۆ و دەلەسە و شەپڕێویەوە گرتوە ، جگە لە درۆ و سواڵکردن ، چاوەڕوانی هیچ شتێکی ترت لێ ناکرێ.

دڵنیام هەرڕۆژێك واز لەم پڕوپوچییە بێنی و دەست بدەیتە کارکردن ، کارێکت وەگیر دەکەوێ تەنیا قاچ لەسەر قاچ دانێی و پارەیەکی باشیش وەربگری! پێم بڵێ بزانم کاری دەستت پێ دەکرێ؟پێموانیە حەزت لەکرێکاری بێت! ئەوانەی فێرن قسەی گەورە گەورە بکەن ، خۆیان لەم جۆرە کارانە نادەن!

کابرای سواڵکەر ،پێکەنینێکی تاڵی هێنایە سەر لێوانی و گوتی: بەخوا قسەی سەیر سەیر دەکەی! کوا کاری دەستی؟ لەکوێ هەیە؟ بۆنمونە من بەکەڵکی کاری فرۆشگا و ئەمانە نایەم ، چونکە ئەم جۆرە کارانە ، واتا کڕین و فرۆشتن و بازرگانی ، دەبێ لە منداڵیەوە شارەزاییت لەسەری هەبێ ، بە کەڵکی کاری نێو کاروانسەراکانیشس

نایەم ، چونکە لە هیچ کەسێك قبولْ ناکەم پێم بڵێ بەری چاوت کلی پێوەیە ، کارخانەش ئەوە هەر هیچ !

: وانیە بابە ! تۆ ڕاهاتوی بیانوی ئامادەت بۆ هەمو شتەکان هەبێ.

ئامادەی دار بشکێنی؟

: من هیچ قسەیەکم نیە ، بەڵام لەم سەردەمەدا ئەو کەسانەی پیشەیان دار شکاندنە ، دەرگا بە دەرگا بەدوای کاردا دەگەڕێن.

: ئەوکەسانەی دەیانەوێ بێ کارکردن بژین و چاویان لەم شتانەیە ، بەم شێوەیە بیانو دێننەوە. دڵنیام ئێستا پێت بڵێن بۆ دارشکاندن ، بیانویەك دێنیتەوە و خۆتی لێ لادەدەی ، دەتەوێ دار بۆ من بشکێنی؟

: ئەگەر تۆ بفەرموی من ئامادەم ...

: دەیاللا بتبینم دەسبەکاربە ...

سکڤارتسۆڤ ، بەشادیەوە دەستەکانی لێك سویی و بانگی خزمەتکارەکەی کرد: ئۆلگا ... ئەم کاکەیە بەرە عەمبارەکە با دارمان بۆ بشکێنێ.

کابرای شرپۆش ، بەخۆشحاڵیەوە شانێکی هەڵتەکاند و پیاوانە بەدوای کارەکەرەکەدا کەوتە ڕێ. بەڕۆیشتنەکەیەوە دیاربو لەئەنجامی ناچاری و برسێتیدا ملی داوەتە بەر دارشکاندن ، پێشیەوە دیاربو هێندە زیادڕەوی کردبو لەخواردنەوەدا ، سیس و نابود ببو و حەزی بە کارکردن نەبو.



سکڤارتسۆڤ ، بەپەلە بەرەو ژوری نان خواردن ڕۆیشت ، دەکرا لە ژورێڕا نێو حەوشە و ژوری عەمبارەکە ببینی. ئۆلگا و کابرای جل و بەرگ دڕاوی بینی چونە حەوشەکە و بە نێو بەفرە قوڕاویەکەدا ، ڕێگای عەمبارەکەیان گرتەبەر.

ئۆلگا دەستەکانی لەکەمەری نابون و بەڕقەوە لەکابرای دەڕوانی .

دەرگای عەمبارەکەی – بەدەنگ و جیڕە جیڕێکی زۆرەوە – کردەوە.

سکڤارتسۆڤ ، کەوتە بیرکردنەوە: ( پێدەچی لەکاتی قاوەخواردنەوەدا هەڵمستاندبێ ، بۆیە ئاوا توڕە بوە ، چەندە بونەوەرێکی شەڕانیە).

دوای ئەمە کابرای خوێندکاری دەرکراو و مامۆستا درۆیینەکەی بینی چوە سەر تەلاشە دارێك دانیشت و دەستی کردە کوڵەکەی لاچەناگە سورەکەی و کەوتە بیرکردنەوە.

ئۆلگا ، تەورەکەی هەڵدایە بەردەمی و لەڕقا تفێکی کردە سەرزەویەکە ، لە جوڵەی لێوەکانیەوە دیاربو کابرای داوەتە بەر ڕێژنەی جنێو و قسەی نەشیاو.

کابرای شرپۆش ، بە دودڵی و گومانەوە تەلاشە دارێکی ڕاکێشایە بەردەمی خۆی و نەزانانە تەورەکەی داوەشاند ، دارەکە چەند کەڕەتێك بەخلۆربونەوەپەڕیە لایەکی ژورەکە. جارێکی تر دارەکەی هێنایەوە و تفی کردە دەستەکانی و ئەمجارەیان بەترسەوە – نەکا تەورەکە بکێشێ بە قاچی خۆیدا – تەورەکەی داوەشاند ، ئەمجارەیان دارەکە پەڕیە لایەکی تری ژورەکە.

سکڤارتسۆڤ ڕقی دامرکایەوە ، بیری کردەوە لەوەی بەم سەرمای زستانە ، مرۆڤێکی کارنەکەر و مەست و– لەوانەیە نەخۆشی – خستبێتە بە کارکردنەوە ! هەستی بەخەفەت و سەرە گێژکە کرد ، بەدەم ڕۆیشتنەوە بۆ ژورەکەی خۆی ، بیری دەکردەوە: ( قەیدی چیە ... ئەمە لەبەرژەوەندی ئەودایە).

دوای کاتژمێرێك ، ئۆلگا هاتە ژورەکەی و گوتی کابرا کاری خۆی تەواو کردوە و دارەکانی شکاندون.

: زۆر باشە ، پەنجا کۆبیکی بدەرێ ، ئەگەر حەزیشیی لێیە ، با هەمو سەرەمانگێك بێتە ئێرەو دارمان بۆ بشکێنێ ... ئەگەر مرۆڤ بۆخۆی حەزی لێبێت ، هەمیشە کار هەیە بیکات.

لەیەکەمین ڕۆژی مانگی دواتردا ، کابرای جل و بەرگ شڕ ، لەگەڵ ئەوەی کە بە ئاستەم دەیتوانی خۆی لەسەر پێیان ڕاگرێ ، هاتەوە و بایی پەنجا کۆبیك کاری کرد . ئیدی لەوەبەدوا زۆر جاران دەهاتە ماڵی سکڤارتسۆڤ و هەرجارەو کارێکیان پێ دەسپارد ، جارێ بەفری حەوشەکەی ڕادەماڵی ، جارێ فەرش و دۆشەکەکانی دەتەکاند. هەمو جارێکیش بیست تا چل کۆبیکیان دەدایە و تەنانەت جارێکیان جگە لەپارەکەی خۆی ،پانتۆڵێکی کۆنەشیان دایە.

کاتی سکڤارتسۆڤ ، ویستی ماڵەکەی بگوازێتەوە بۆ ئاپارتمانە نوێیەکەی ، بۆبەستن و دانانەوەی کەلوپەلەکان ، کابرای جلوبەرگ شڕی ، بەکرێ گرت. ئەو ڕۆژە نەیخواردبۆوە بەلاّم گرژومۆن و بێدەنگ بو ، دەستی بۆ مۆبێلەکان نەدەبرد ، سەری بەردەدایەوە و



دەکەوتە دوای گاریەکان و تەنانەت هەوڵی دەدا خۆی وانیشاندا خەریکی کارکردنە ، لەسەرما خۆی کورژ کردبۆوە ، هەرجارێکیش گاریەچیەکان گاڵتەیان بە تەوەزەلی و بێ توانایی و باڵتۆ دڕاوەکەی کردبا ، سەری دادەخست و قسەی نەدەکرد.

دوای گواستنەوەی کەل و پەلەکان ، سکڤارتسۆڤ بانگی کردە لای خۆی و یەك ڕۆبڵێکی کاغەزی بۆ درێژکرد و گوتی: دەبینم ئامۆژگاریەکانم سودیان هەبوە و بە فیڕۆ نەچونە ، فەرمو ئەمەش لەبری ماندوبونەکەت ، دەبینم سەرخۆش نیت و ڕقیشت لە کارکردن نابێتەوە ، ئەرێ ناوت چی بو؟

: (لۆشکۆڤ).

: ئیستا دەتوانم کارێکی ترت ، لەڕاستیدا کارێکی پاکترت بۆ دیاری بکەم ، خوێندەواریت هەیە ؟

: بەڵێ.

: بەیانی ئەم نامەیە ببە بۆلای ئەو ئاشنایەم و وەلاّمەکەیم بۆ بێنەوە ، کاربکە ، واز لە خواردنەوە بێنە و گوێڕایەڵی ئامۆژگاریەکانم بە ، ئێستا فەرمو بڕۆ.

سکڤارتسۆڤ ، لەخۆشی ئەوەی توانیبوی مرۆڤێك بێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست ، دەستێکی کێشا بە ناوشانی لۆشکۆڤدا و لە کاتی خودا حافیزیشدا دەستی بۆ درێژ کرد و لۆشکۆڤیش نامەکەی وەرگرت و چوە دەرێ و ئیدی لەوە بەدوا جارێکی تر نەهاتەوە بەوناوەدا.

دوای دو ساڵ ، جارێکیان سکڤارتسۆڤ لەبەردەم شوێنی بلیت بڕینی شانۆیەکدا ، پیاوێکی کورتەباڵای ، کە باڵتۆیەکی کورتی یەخەچەرمی لەبەردابو و کڵاویکی کۆنی لەسەردابو ، لەتەنیشت خۆیەوە بینی. پیاوە کورتەباڵاکە ، بەوپەڕی ڕێز و شەرمەوە ، بلیتێکی بەشی سەروی بەکۆڵێك پارە کڕی.

سکڤارتسۆڤ ، دارشکێنە کۆنەکەی خۆی ناسیەوە وپرسی: لۆشکۆڤ! ئەوە تۆی؟ چۆنی؟ چی دەکەی؟ کار و بارت چۆنە؟

: خراپ نیە ... لەفەرمانگەیەك کار دەکەم ، مانگی سی و پێنج ڕۆبڵم هەیە.

: زۆر سوپاس بۆ خودا! شتێکی زۆر باشە! زۆرم پێخۆشە! ئاخر تۆ بەجۆرێك لەجۆرەکان منداڵی منیت ، ئەوە من بوم بەرەو ڕێگای ڕاست ڕێنماییم کردی. پێناچێ ئێستاش سەرکۆنە کردنەکانی منت لەبیر چوبێتەوە! باشە ئەوە چی بو ئاوا لەناکاو ون بویت؟ بەلام بەهەرحاڵ من زۆر خۆشحاڵم کە ئامۆژگاریەکانی منت لەگوێ گرت.

لۆشکۆڤ ، وەلامی دایەوە: منیش سوپاسی تۆ دەکەم ، ئەگەر ئەو ڕۆژە نەهاتبامە خزمەت بەڕێزت دەبو ئێستاش ڕۆڵی خوێندکاری دەرکراو و ماموستای لادێم گێڕابا. بەڵی لەو ماڵەی تۆدا ڕزگاریم هات و خۆم لەو زەلکاوە پیسە هێنایە دەرێ.

: من هەست بە خۆشحالی دەکەم لەو بارەیەوە.

: منیش سوپاسی ڕێنمایی و ڕەفتارەکانت دەکەم ، ئامۆژگاریەکانت بەسود و پڕبایەخ بون ، زۆر زۆر مەمنونی بەڕێزت و کارەکەرە بەڕێزەکەشتم ، ئەو ژنە بەڕێزە! ڕەبی خودا بیپارێزێ ، قسەکانت



جوان و بەسود بون! ژیانم قەرزاری ئێوەیە ، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی کە ڕۆحی منی ڕزگارکرد ، ئەو کارەکەرە بەڕێزەت ، ئۆڵگا ، بو.

: چۆن؟

: هەندێك جار کەدەهاتم بۆدار شکاندن بۆ ماڵتان ، ئۆڵگا زۆر پرتەوبۆڵەی دەکرد و دەیگوت: ( ئاخ لەدەست تۆ ئارەقخۆری نەفرەتی! نەفرەتی خوات لێدا). دواتر لەبەرامبەرم دادەنیشت و خەفەتی لێ دەخواردم ، سەیری دەکردم و دەگریا و دەیگوت: ( تۆ کەسێکی بەدبەختی! نەدنیات هەیە نە قیامەت! کەسێك هەمیشە هەر سەرخۆش بێت ، لەو دنیا جیگای هەر دۆزەخە ، هەی بەدبەخت!) . قسەی لەم شێوەیەی دەکرد.

ئەوەندە خەفەتی لێ دەخواردم! ئەوەندە دەگریا! لە گێڕانەوە نایەت. بەڵام ئەوەی لەهەموی گرینگتر بو ، من توانای دارشکاندنم نەبو ، لەبری من دارەکانی دەشکاندن ، باوەڕم پێ بکە لەتەواوی ئەو ماوەیەدا ، یەك تەڵە دارم لەماڵی ئێوەدا نەشکاند ، هەموی خۆی دەیشکاندن. نازانم چۆن ڕزگاری کردم؟ خۆشم نازانم لەبەرچی کاتێ ڕوبەڕوی دەبومەوە ، ئاڵوگۆرم بەسەردا دەهات و سەرەنجام توانیم واز لەخواردنەوەش بێنم. تەنیا ئەوەم لاڕونە کەپاکی و بێگەردی خۆی و قسەکانی بونە هۆکاری ڕزگاربونم ، منی گۆڕی و ئەو ڕاستیەشم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. بەهەرحاڵ ئەگەر مۆڵەتم پێ بدەیت من دەبێ بڕۆم ئەوەندەی نەماوە دەست پێبکات.

ئەمەی گوت و بەڕێزەوە داچەمیەوە و بەرەو بەشی سەروی شانۆکە بەڕێکەوت.

# کارەسات

(گێڕانەوەی گالیسکەڕانێك)

ئاغا ! ئەو ڕوداوەی ئێستا بۆتی دەگێڕمەوە ، هەر لەم جەنگەڵە بچوکەدا ڕویدا. ئەو ڕۆژە ، باوکی ڕەحمەتیم ، خودا لێی خۆشبێ ، پێنسەد ڕۆبڵی کاشی پێبو کە بڕیار بو بیبات بۆ خاوەنی دێیەکە. ئەوسەردەمە ، ڕەشەخەڵکی گوندەکەی ئێمە و گوندی ( شپلیۆ ڤسکایا) ، زەویان بەکرێ وەردەگرت و ئەوڕۆژە بڕیاربو پارەی شەش مانگی بۆ بەرن.

باوکم ، خودا لێیخۆشبێ ، پیاوێکی زۆر لەخواترس بو ، بە کورتی هەم خوێندەوار بو ، هەم کڵاوی لەسەر کەس نەدەنا و هەم دڵی کەسیشی لە خۆی نەدەڕەنجاند و هیچ کاتێکیش خیانەتی نەدەکرد.

لادێییەکان زۆریان خۆشدەویست ، هەرکاتێك بڕیاربا کەسێکیان بۆ لای بەرپرسێکی شار ناردبا ، یان پارە و شتیان بۆ شار ڕەوانەکردبا ، ئەو کارەیان بەباوکم دەسپارد.

باوکم بەڕەحمەت بێ ، سەر و گەردەنێکی لە خەڵکی ئاسایی درێژتری هەبو ، بەڵێ ئاغا ، کوشتە و شەیدای ڤۆدکا بو ! مەحاڵ بو بەبەردەم مەیخانەیەکدا بڕوات و لانەدات و گەروی تەڕنەکات ! دەچوە ژورێ و هەندێکی دەخواردەوە و ...



هەستی بەلاوازی خۆشی دەکرد ! بۆیە هەرکاتێ لەنێو لادێییەکاندا پارەیان بۆ خاوەن زەویەکە کۆکردبایەوە ، لەترسی ئەوەی نەبادا بەڕێوە خەوی لێ بکەوێ ، یان پارەکە بزر بکا ، یان من ، یان (ئانیۆتکا) ی خوشکمی لەگەڵ خۆیدا دەبرد.

چیت لێ بشارمەوە ئاغا ، کەست دەسناکەوێ لەنێو بنەماڵەی ئێمەدا ، ئەهلی خواردنەوە نەبێ ! وەك دەزانی من کەسێکی خوێندەوارم ! شەش ساڵی ڕێك لای جگەرە فرۆشێك کارمکرد ، توانای ئەوەم هەیە لەگەڵ هەمو مرۆڤێکی خوێندەواردا دابنیشم و قسە بکەم ! زۆر جوانیان گوتوە: (مەی ، خوێنی شەیتانە) ، ئەم ڕستەیەم لە کتێبێکدا خوێندۆتەوە ، ئێستا بۆم ڕونبۆتەوە قسەیەکی زۆر ژیرانەیە ! ڤۆدکا ڕەنگی بەڕوخسارمەوە نەهێشتوە ! ئەقڵ و هۆشی لێستاندوم ، وەك دەمبینی ! بومەتە گالیسکەڕان ... وەك لادێییە نەخوێندەوارەکانم لێ هاتوە ! دروست وەك مرۆڤە گەمژەکان ! بەڵێ ئاغا ، دەمویست ئەوەت بۆ باسکەم ئەوڕۆژە باوکی ڕەحمەتیم نیازی ئەوەی هەبو بچێتە شار و پارە بۆ خاوەن زەویەکە بەرێ ، ئانیۆتکای خوشکیشمی لە گەڵدابو ، ئەوکاتە ئانیوتکا ، تەمەنی هەر حەوت هەشت ساڵێك دەبو ، منداڵێکی زۆر وریاش نەبو ، باڵاشی ئەوەندە کورت بو ، بە ئاستەم دەبینرا !

ئەوڕۆژە باوکم تا دەگاتە (کالانجیك) ، وشیار دەبێ و هیچ گرفتێکی نابێ ، بەڵام هەرکە دەگاتە ئەوێ ، فیلەکەی دەکەوێتەوە یادی هیندستان و بەر لە هەمو شتێك خۆی دەگەیەنێتە مەیخانەی (مویسا)

و سێ پەرداخ ڤۆدكا دەخواتەوە. دوای ئەوەش لەلای ئەو هەمو خەڵكەی نێو مەیخانەكەوە ، دەست دەكا بەقسەی گەورە گەورە: ( خەڵك پێیانوایە من مرۆڤێكی گچكە و لادێیەكی سادەم! بەڵام هەر ئێستا ،كەلێرە دانیشتوم و دەخۆمەوە ، پێنسەد ڕۆبڵی كاشم لە گیرفاندایە ، ئەگەر ئارەزوم لێبێ دەتوانم بەیەكجار ئەم مەیخانەیە بە هەمو قاپ و قاچاخەكانیەوە و تەنانەت بە مویسا و ژن و منداڵەكانیشیەوە بكڕم ، بەڵی ، دەتوانم لەیەك شوێن بیكڕم).

كەمێك لەم جۆرە گاڵتانەی كرد و دواتر گوتی: (ئەی مەسیحیە ئیماندارەكان! مرۆڤ ئەگەر لەژیاندا پارەی زۆر بێ ، بۆنمونە بازرگان یان شتێكی لەو بابەتانە بێ ، ئەوا سەرەنجامەكەی هەر بەدبەختیە. بەڵام ئەگەر پارەت نەبێ ، ئەوا كێشەشت نیە . ئەگەر لە ژیاندا دەوڵەمەند بی ، دەبێ هەمیشە دەستت بەگیرفانتەوە بێت ، نەكا گیرفانت ببڕن. مرۆڤ ئەگەر پارەی زۆربێ ، ژیانیشی سەخت دەبێ).

ئەڵبەتە ، ئەوانەی لە مەیخانەكەدا بون ، وشیار و مەست و سەرخۆشەكان ، گوێیان لەم قسانەی باوكم بو.

ئەوكاتە ، تازەخەریكی دروستكردنی ئەم هێڵی شەمەندەفەری كالانجیكە بون . خەڵكێكی زۆر لەهەمو شوێنێكەوە هاتبون و كاریان تێدا دەكرد ، جۆرەها مرۆڤیان تێدا بو ، لە كەسانی باشەوە بیگرە تا هەرچی و پەرچی و چەتون ، وەك مار و مێرو ڕژابونە ئەم ناوچەیە.

باوكی ڕەحمەتیشم ، دوای ئەو قسانەی كردبونی ، زانیبوی چ دەسكە گوڵێكی بەئاودا داوە! بەڵام تازە چی؟ كار لە كار ترازابو ، كاتێ



قسە لەدەم دەرچو چۆلەكە نیە بتوانی بیگریتەوە. بەڵێ ئاغا! باوكم ، بەنێو جەنگەڵەكەدا دەڕوات ، لەپڕ كاتێ سەیرێكی دواوەی خۆی دەكا ، دەبینێ چەند سوارێك بە چوارناڵە دوای كەوتون.

بەڵێ ئاغا ، چیت لێ بشارمەوە ، گەرچی باوكم مرۆڤێكی نەترس و بەجەرگ بو بەڵام ئەمجارەیان زۆر ترسابو. ئەو جادەیەی بە ناوەندی جەنگەڵەكەدا دەڕۆیشت ، جادەیەكی تایبەت بە گواستنەوەی دار و كا و ئەم جۆرە شتانە بو ، هیچ هۆیەك نەبو بۆئەوەی كەسێك لەم كاتانەدا بەوشوێنەدا گوزەر بكات ، جگە لەوەش ، ئەگەر كارێكیشیان هەبوایا و بەو جادەیەدا هاتبان ، هەرگیز بۆ كارێكی باش ، بەم شێوەیە ئەسپەكانیان نەدەڕەتاند.

باوكم ڕویكردە ئانیوتا و گوتی: كچم ، ئەوە دوامان كەوتون ، زۆر خێرا دێن ، كارێكی هەڵەم كرد ، دەبوایا لەو مەیخانەیەدا گریابام و قوڕم پێوابا ، ڕاستیان گوتوە: ( زمان بەڵای سەرە). هەست دەكەم توشی بەڵایەك دەبین.

دوای یەك دو خولەكێك بیركردنەوە لەچارەسەركردنی ئەو دۆخە دژوار و نالەبارەی كە تێیكەوتبو ، بە ئانیوتای خوشكمی گوت: ( كچم ڕەوشەكە دژوارە! دوامان كەوتون ، گوێبگرە كچم ، وەرە ئەم پارەیە بگرە و لەژێر كراسەكەت قایمیكە و بڕۆ لەژێر ئەو بنەدارانە خۆت بشارەوە ، ئەگەر ئەو حەرامزادانە هێرشیان كردە سەرم تۆ ڕاكە و خۆت بگەیەنەوە دایكت و پێی بڵێ پارەكە بداتە دەستی كوێخا. هەوڵدە كەس نەتبینێ ، بەنێو جەنگەڵ و ئاودڕەكاندا بڕۆ با

کەس نەتبینێ ، برۆکچم ، برۆ بە تەمای خوا ، مەسیح پشت و پەنات بێ).

باوکم پارەکەی دایە دەستی ئانیوتکا و ئەویش گورج ڕایکرد و خۆی پەستایە بنەدارێکەوە و خۆی لە بنیدا شاردەوە ، دوای کەمێك سێ سوارەکە خۆیان گەیاندە گاریەکەی باوکم و یەکێکیان کە لچ ئەستورێکی کەتەی زلە بو ، کراسێکی لەبەن چنراوی سوری لە بەردابو و پێڵاوەکانیشی زۆر گەورە بون. بەڵام دوکەسەکەی تر جل و بەرگی شڕو دڕاویان لەبەردابون ، دیاربو لە کرێکارەکانی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەرەکەن ، باوکم باشی بۆچوبو ... ئەو کەتەیەی کە کراسە سورەکەی لەبەردا بو ، هات وپێشی بە گاریەکەی باوکم گرت و ئابڵۆقەیاندا.

: ڕاوەستە هەی واو وا لێکراو! کوا پارەکانت؟

: کام پارە؟ لاچن لەبەرچاوم دەی ، بڕۆن گۆڕتان گومکەن.

: ئەو پارەیەی بڕیارە بیدەیتە خاوەنی دێ ، واو وا لێکراو ، هەی کەچەڵ ، خێرا بێنە ئەو پارەیەم بدەیە ، ئەگینا وات لێ دەکەم دەرفەتی پەشیمانبونەوەت نەمێنێ .

دواتر دەستیانکرد بە هەڕەشەکردن ، بەڵام باوکم لەبری ئەوەی دەست بە پاڕانەوەو شین و گریان بکات ، خۆی لێ توڕە کردن و دەستی کرد بەجنێو دان: ( بە نەفرەت بن ، بۆ وازم لێناهێنن ، حەرامزادەینە ، لە خواناترسن! ڕەبی تاعونتان لێدا ، من دەزانم ئێوە لە جیاتی پارە ، پێویستیتان بە قامچیە ، دەبێ ئەوەندە قامچیتان



لێ بدرێ ، شوێنەکەی تا سێ ساڵی تر ئازاری هەبێ ، بڕۆن ون بن لەبەرچاوم هەی گەمژەینە ، ناچاری ئەوەم مەکەن بەرگری لە خۆم بکەم ، لە بن کراسەکەمەوە دەمانچەم هەڵگرتوە).

دزەکان بەم قسانەی باوکم توڕە بون و بە شەق و مست بەربونە گیانی .

تەواوی گاریەکەیان پشکنی ، جل و بەرگ و تەنانەت نێو پێڵاوەکانیشیان پشکنی ، کاتێ بینیان تا لێیدەدەن توڕەتر دەبێ و زیاتر جنێو دەدا ، ئیدی بە جۆرەها شێوە کەوتنە ئەشکەنجەدانی .

ئانیوتای خوشکیشم ، لە ژێر بنەدارەکەوە تەواوی ئەم کارەساتەی بەچاوەکانی خۆی دەبینی ، کاتێ سەیری کرد باوکم لە سەر زەویەکە کەوتوە و قرخە قرخێتی ، وەك تیرێك لە کەوان دەرچوبێ ، لە جێی خۆی دەرپەڕی هەرچی هێزێك لە جەستەیدا بو ، دایە قاچەکانی و بەنێو جەنگەڵەکەدا و بە نێو شیو و ئاودڕەکاندا ، بەرەو ماڵ ڕایکرد.

لەوێوە تا ماڵ ، نزیکەی نۆ کیلۆ مەتر ڕێگا بو! ئەم ماوەیە هەرکەسێك بێت ئەمجار ئەگەر بتوانێ بە کاژێرێك بیبڕێ.

ئەو کچۆڵە بەستەزمانە ، هەنگاوێك دەچوە پێش و دوان بۆ ئەملا و ئەولا دەڕۆیشت ، جگە لەوەش ، ڕاکردن بەپێخواسی بەنێو ئەو دڕك و داڵە جەنگەڵیەدا ، کارێکی هێندە ئاسان نیە و لە هەمو کەسێ ناوەشێتەوە. دەبێ بەری قاچەکانی خارابن و ڕاهاتبێ. تۆ دەزانی کچەکانی ئێمە تەنیا ئەوە دەزانن لە بەرامبەر سۆبە دانیشن ، یان لەنێو حەوشەدا سیس هەڵگەڕێن ، هەمویان لە جەنگەڵ دەترسێن.

ئانیۆتا ،لای خۆرئاوابون ، هەرچی چۆنێك بێ ، خۆی گەیاندبوە کوختەیەك ، ئەو کوختەیە ماڵی کابرایەکی جەنگەڵوان بو ، وەك چۆن لە جەنگەڵەکەوە دیارە ، لەودیوی (سۆرخۆکۆڤ) ەوەیە ، لەوسەردەمەدا بازرگانەکان جەنگەڵەکەیان بۆ دروستکردنی خەڵوز بەکرێ گرتبو ، خوشکەکەم لەدەرگایدا ، ژنی جەنگەڵوانەکە دەرگای لێ کردەوە ، ئانیۆتای بەستەزمان هەرکە چاوی بە ژنە کەوت ، یەکسەر فرمێسکی بە چاواندا هاتنە خوارێ و هەمو ڕوداوەکەی بۆ گێڕایەوە.

ژنی جەنگەڵوانەکەش بەزەیی پێدا دێتەوە و دەڵێ: خۆشەویستەکەم! کچە جوانەکەم! کچە بچکۆلەکەم! خودا تۆی پاراستوە! کچە نازدارەکەم ، تۆ وەرە جارێ شتێك بخۆ!

ئانیوتکای بردە نێو کوختەکە و نان و ئاوی دایە و تەنانەت بە شێوەیەك سەرنجی ئانیۆتکای بۆخۆی ڕاکێشا ، بێ دودڵی پارەکەی دەداتێ هەڵیبگرێت.

: کچەکەم! نوری چاوم! پارەکە لە شوێنێکی باش هەڵدەگرم ، سبەینێش هەرکە خۆر هەڵات دەیدەمەوە دەست و بۆ خۆم دەتبەمەوە ماڵێ.

ژنە پارەکەی لەخوشکەکەم وەرگرت و دواتر خوشکەکەمی لەسەر سەکۆی سۆبەکە ، واتا ئەو شوێنەی کە گسکی لەسەر هەڵدەخەن ، لە تەنیشت کچەکەی خۆیان – کە هاوتەمەنی ئانیۆتای خوشکم بو – خەواند.



دواتر خوشکەکەم دەیگێڕایەوە دەیگوت : ( بۆنێکی ئەوەندە خۆش لە گسکەکانەوە دەهات ! دەتگوت گوڵاوە ! ).

ئانیۆتکا ڕاکشا ، بەڵام خەوی لێ نەدەکەوت ، کەوتبوە بیری باوکمەوە و لە بنەوە دەگریا ، هەم ترسابو هەم بەزەیی بە باوکمدا دەهاتەوە.

بەڵێ ئاغا ، بەکورتی بیبڕمەوە ، دوای یەك دو کاژێر ، ئانیوتا بینی کەوا ئەو سێ چەتەیەی لەباوکمیاندا ، وەژور کەوتن.

کابرا لچ ئەستورەکە ، کە کراسێکی لەبەن چنراوی سوری لەبەردابو و سەرکردەی دوانەکەی تر بو ، بەرەو لای ژنە چو و گوتی: (ژنەکە! ئەمڕۆ لە خۆڕایی یەکێکمان داکوتا! لای نیوەڕۆیە کەوتینە کوتان و تێهەڵدانی ، بەڵام یەك کۆبیکمان لێ هەڵنەکڕاند ، بەلاش کوشتمان).

دیار بو کابرای لچ ئەستور مێردی ژنە بو ، هاوڕێ جل و بەرگ دڕاوەکانیشی گوتیان: (بەلاش کوشتمان ، بەخوتوخۆڕایی دەستی خۆمان بەخوێن ئالودە کرد و ئەو قەتڵەمان خستە گەردنی خۆمان).

ژنی جەنگەڵوانەکە ، سەیرێکی هەرسێکیانی کرد و کەوتە پێکەنین .

پیاوەکەی لێی پرسی: گەمژە ئەوە چیتە ؟ بەچی پێدەکەنی؟

: بەوە پێدەکەنم لێرە نەخوێنم ڕشت! نەقەتڵم کرد! بەڵام پارەکەشم بەدەستهێنا!

: کام پارە؟ ئەم فڕوفیشاڵە چیە؟

: دەکەوایە وەرە سەیری ئەم فڕوفیشاڵە بکە.

ژنـەی نـەفرەتی ئەمـەی گـوت و بەسـتەکەی کـردەوە و پارەکـەی نیشاندان.
دواتر بەسەرهاتی هاتنی ئانیوتکای بەوردی بۆگێڕانەوە.
پیاوکوژەکان ، بەشادی خۆشحاڵیەوە دانیشتن و پارەکەیان لە نێو خۆیاندا بەش کرد ، هێندەی نەمابو لەسەر چۆنێتی دابەشکردنەکە ، لێیان ببێتە شەڕ و کێشە. بەڵام سەرەنجام ڕێکەوتن و کەوتنە قوزەڵەقورت کردنی خواردنەکەیان.
ئانیوتکای بەستەزمان ، لەو شوێنەی لێی ڕاکشابو ، گوێی لە هەمو قسەکانیان بو ، وەك بێ ناو ئاو دەلەرزی ، ئەدی چ بکا؟ چی لەدەست دەهات؟
لەقسەکانیانەوە بۆی ڕونبۆوە باوکمیان کوشتوە و تەرمەکەشیان فڕێ داوەتە ناوەندی جادەکە. هیچ ڕێگاچارەیەك بەو مێشکە بچکۆلەیەی ئەوخوشکە داماوەی مندا نەهات ، ئەو کچە کەمفامە وایدەزانی هەرچی سەگ و گورگ هەیە کەوتونە سەر تەرمی باوکە و هەڵیاندڕیوە و سەرگەرمی خواردنین ،پێی وابو ئەسپەکەشمان ملی بەجەنگەڵەوە نابێ و بوبێتە خۆراکی گورگ و درندەکان. وا بیری دەکردەوە هەر بگاتەوە ماڵێ ، لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە پارەکان بپارێزێ ، لێی دەدەن و دەیخەنە ژورێکەوە.
بەڵام دزەکان دوای ئەوەی ژەقنەبوتەکەیان خوارد و زگیان تێر بو ، ژنەیان نارد بچێ ڤۆدکا و شەراب و شیرنیان بۆ بکڕێ . بەکورتیەکەی بەپارەی خەڵك ، کۆڕی شادی و مەیخواردنەوەیان ڕێکخست.



ئەو سەگ ڕەفتارانە ، دوای ئەوەی بتڵی شەراب و ڤۆدکاکانیان چۆڕبڕ کرد ، جارێکیتر ژنەیان ناردەوە بۆ ڤۆدکا. هاواریاندەکرد: ( دەبێ تا بەیانی بە خۆشی ڕایبوێرین! بەو هەمو پارەیەی دەستمان کەوتوە بۆچی بە خۆشی ڕاینەبوێرین؟ ئەمڕۆ بخۆ و سندان لە بەیانی).
لای نیوەشەوێ ، هەمویان مەست و سەرخۆش ،جارێکی تر ژنە چو ڤۆدکایان بۆ بێنێ.
جەنگەڵوانەکە بەنێو ژورەکەدا دەهات و دەچو و پیاسەی دەکرد ، گوتی: کوڕینە دەبێ ئەو کچە لەناوبەرین ، دەنا سەرلەبەری کارەکەمان لێ هەڵدەوەشێنێتەوە! ئەگەر زیندو بمێنێ ، سبەی دەبێتە شاهید بەسەرمانەوە.
هەمویان کۆك و هاوڕا بون لەسەر ئەوەی هەرچۆنێك بوە ئەو کچە لەناوبەرن. ڕاستە کوشتنی منداڵێکی داماو و بەستەزمان کارێکی سەختە و ئەم کارە تەنیا لە کەسانی شێت و سەرخۆش دەوەشێتەوە بتوانن منداڵێك گۆشاوگۆش سەربڕن. نزیك بە کاژێرێك لە نێو خۆیاندا گفتوگۆیان کرد ، هیچ کامێکیان ئامادە نەبو سەری ببڕێ! هێندەی نەمابو لە نێو خۆیاندا پێکدا هەڵپژێن. سەرەنجام لەسەر ئەوە ڕێکەوتن تیروپشکی لەسەر بکەن و بەناوی کێ دەرچو ، ئەو سەری ببڕێ. تیرو پشکەکەش بەناوی کابرای جەنگەڵوان دەرچو ، ئەویش پەرداخێك ڤۆدکای هەڵقوڕاند و چو تەورەکە بێنێ.
ئانیوتای خوشکم ، ڕاستە هەندێك گێژۆکەیە ، بەڵام ئەو فکرەی کە لەو کاتەدا بەو مێشکە بچکۆلانەی ئەودا دێت ، تەنانەت بە بیری

مرۆڤە زۆر زیرەك و خوێندەوارەكانیشدا نایەت. پێدەچێ خودا بەزەیی پێداهاتبێتەوە و ئەم بیرۆكەیەی خستبێتە مێشكیەوە ، یان لەترسی گیانی خۆی مێشكی وەكار كەوتبێ. ئەگەر هەرچیەكیشیان بێت ، دەكرێ بڵێی خوشكەكەم لەو پیاوكوژانە زرینگتر بوە.

بەڵێ ئاغا ، ئانیوتا بە ئاسپایی لە جێگاكەی خۆی هەستا و لەخودا پاڕایەوەو ئەو بەتانیە چەرمینەی كە ژنەكە بەسەریدا دابو ، لەسەر خۆی لایدا و دای بەسەر كچی جەنگەڵوانەكەدا كە هاوتەمەنی خۆی و لەتەنیشتیەوە نوستبو. دوای ئەوەش ئەو بلوزەی كە ژنەكە دابوی بەسەر كچەكەیدا ، دای بەسەر خۆیدا و بەبەردەم پیاوكوژەكاندا تێپەڕی و لە كوختەكە چوە دەرێ .

دواتر ئەوانیش كچی جەنگەڵوانەكەیان گرت و هەستیان پێنەكرد و خۆشبەختانە لەو كاتەشدا ژنە چوبو ڤۆدكا و شەراب بكڕێ ، ئەگینا مەحاڵ بو ئانیوتای خوشكەكەم بتوانێ گیانی خۆی لەو تەڵەیەدا ڕزگار بكا.

بەڵێ ئاغا ، ژنان چاویان زۆر تیژە ! ئەمەش تایبەتمەندیەكی خۆیانە.

ئیدی ئانیوتا لەكوختەكە وەدەركەوت و بەئومێدی خودا ڕایكرد.

پاشماوەی ئەوشەوەی بەسەرگەردانیەوە لەجەنگەڵەكەدا بەسەربرد ، لای بەیانی جەنگەڵەكەی بڕی و گەیشتە سەرجادە ، بەڕێكەوت لەو كاتەدا ( یۆگۆر داڤیلیچ) ی كوێخای ئاوایی ، بەڕەحمەتبێ ، بەمەبەستی ماسی گرتن ، بەوێدا دێت. ئانیوتكاش خۆی گەیاندبویەو هەمو ڕوداوەكەی بەوردی بۆ گێڕابوەوە ، ئەویش ڕەبێ خودا لێی



خۆشبێت ، وازی لە خێر و بێری ماسی گرتن هێنابو و خێرا گەڕابوەوە ئاوایی و خەڵكی تێگەیاندبو و بەرەو كوختی كابرای جەنگەڵوان وەڕێكەوتبون.

كاتێ گەیشتبونە كوختەكە ، بینیبویان پیاوكوژەكان مەست و سەرخۆش ، هەریەكەیان لەگۆشەیەك كەوتبون و ژنی جەنگەڵوانەكەش مەست و بێ خەبەر ، وەك پارچەپەڵاسێك لێی كەوتبو.

بەر لەهەمو شتێك ، جوان كوختەكەیان پشكنیبو و پارەكانیان دۆزیبوەوە.

دواتر چاویان بەسەكۆی سۆبەكە دەكەوێ و لەگەڵ دیمەنێكدا بەرەوڕو ببونەوە خودا بە نسیبی كەسی نەكات ، كچە بچكۆلەكەی كابرای جەنگەڵوان لەژێر بەتانیە چەرمینەكەوە ، سەری خویناوی لەلایەك و جەستە بچكۆلانەكەی لەلایەكی تر بو.

پیاوكوژەكان و ژنەكەیان لەخەو قیت كردنەوە و دەستی هەرچواریان لەپشتەوە بەستنەوە و دایاننە دەستی دەوڵەت. ژنەكە یەكبین دەیزریكاند ، بەڵام مێردەكەی واتا كابرای جەنگەڵوان تەنیا سەری دەلەقاند و دەپاڕایەوە: ( من سەرخۆشم برا ! پەرداخێك ڤۆدكام دەنێ ! سەرم خەریكە دەتەقێ). ئیدی ئەوەبو دوای ماوەیەك دادگایی كران و هەمویان بەپێی یاسا بەتوندی سزای خۆیان وەرگرت.

* * *

بەڵێ ئاغا ، ئەوەی بۆتۆم گێڕایەوە ، لەو جەنگەڵەی ئەو دیو شیوەکەوە ڕویدابو ، گەرچی لەم کاتەدا ، لەبەر تیشکی سوری خۆرەتاوی دەمەو ئێوارە ، کەخەریکە وردە وردە لەپشتی جەنگەڵەکەوە کاڵ دەبێتەوە و ئاوادەبێ ، بە باشی نابینرێ. منیش ئەوەندە زۆربڵێیم کرد تەنانەت ئەسپەکانیش هەنگاوەکانیان سست بو ، دەتگوت ئەوانیش گوێیان لێگرتوم. هەیها حەیوان هەیها ... دەی بجوڵێ هەیها ... بڕیارە ئاغا پاداشتێکی باشم بکا... هەیها.

# یەکێك وەك هەمووان

باوکی خێزانێك کە ماڵ و منداڵە نانخۆرەکانی بۆ بەسەر بردنی سێ مانگەی هاوین ، بردبونە هاوینەوارێك.

کاژێرێك بەر لە وەڕێکەوتنی شەمەندەفەر ، بە هەردو دەستی پڕ لەزەرف و شتومەکی لە چەشنی شوشە فانۆس وپاسکیل و کەرەستەی یاریکردن و تابوتێکی بچوکەوە ، بەرەو ماڵی ئاشنایەکی دەکەوێتەڕێ. هیلاك و ماندو خۆی دەخاتە سەر قەنەفەیەك و بە شپرزەییەوە سەیرێکی دەوروبەری خۆی دەکات و بەنیگەرانی و هەناسەبڕکێوە ، دەڵێ: هاوڕێیی خۆشەویست ... تکایەکم لێت هەیە ... تابەیانی دەمانچەکەتم بدەرێ ... مەردی خودابەو ئەم داواکاریەم ڕەت مەکەرەوە.

: دەمانچە؟ دەمانچەت بۆچیە؟

: پێویستمە ... ئای خودایە! پەرداخێك ئاو ... خێرا پەرداخێك ئاوم بدەنێ! ... بەڵێ پێویستم بەدەمانچەیە ... بڕیارە ئەمشەو بەنێو جەنگەڵێکی تاریك و چڕدا بڕۆم ... لەبەر ئەوە ... هەربۆ دڵنیایی و خۆپاراستن پێویستم بەدەمانچەیە ...

سبەینێ بۆت دێنمەوە ...



خاوەنماڵ ، واتا ئاشنایەکەی ، سەیرێکی ڕوخساری ڕەنگ لێبڕاو و شەکەت و ماندو و لەئارەقەدا شەڵاڵی باوکی خێزانەکە دەکات و بە سەرسوڕمانەوە شانێك هەڵدەتەکێنێ و دەڵێ: ئیڤان ئیڤانۆڤیج ، بەسەر و شکڵتەوە دیارە درۆدەکەی! دەچی بۆ کام جەنگەڵی تاریك؟ پێموایە فکرێکی خراپ لە کەللەی داوی! پێدەچێ نیازت خراپ بێ! پێم بڵێ بزانم چی ڕویداوە؟ ئەم تابوتە چیە؟ هاوڕێ ، باش نایەیتە بەرچاوم!

: ئاو ...پەرداخێك ئاو ... ئای خودایە ... جارێ لێمگەرێ با هەندێك پشوبدەم ... ژیانی سەگم هەیە. بەهەمو بونمەوە ، هەست دەکەم دەمارەکانی مێشکیان دەرهێناوم و خەریکن لەسەر ئاگر دەمبرژێنن و دەمکەنە کەباب ... باوەڕم پێبکە ئیدی توانای دان بەخۆدا گرتنم نیە ... توخودا! تۆ پیرۆزیەکانی ئەو هاوڕێیەتیەمان! پرسیارم لێ مەکە بۆچیمە؟ مەچۆرە ناو ئەم وردەکاریانەوە ... تەنیا دەمانچەکە ... تکات لێ دەکەم ...

: بەسە ئیڤان ئیڤانۆڤیج! پێم نالێی تۆ کەی ئەوەندە لاواز و بێ ورە بویت؟ لەخوابەزیادبێ خاوەنی کۆمەڵێك منداڵی ، کارمەندی دەوڵەتی ، شەرمت هەبێ هاوڕێ! شورەییە!

: دەتوخودا ئەگەر تۆش واز نەهێنی! دڵت بەوە خۆشە لە شار دادەنیشی و ئاگات لەو هاوینەواریە نەفرەتیانە نیە و خەریکی سەرکۆنەکردنی ئەم و ئەویت و باسی شەرم و ئابڕویان بۆدەکەی! ئاو ... پەرداخێکی ترم بۆبێنن ... ئەگەر تۆ لە جێگای من بویتایە ،

ئەو قسانەت نەدەکرد ... بۆ تێناگەی هاوڕێ! من بومەتە قوربانی! بومەتە وڵاغێکی باربەر! بومەتە کۆیلە! هێندە ناڕەسەنم، چاوەڕوانی ڕودانی موعجیزەیەکم بۆیە تا ئێستا ژیاوم و خۆم ڕەوانەی ئەو دنیا نەکردوە! برا من بونەوەرێکی بێ ئیرادە و کەللەپوچ و دەبەنگم! نازانم لەبەرچی تائێستا لەژیاندا ماوم؟

باوکی خێزانەکە، لەجێگای خۆی قیت دەبێتەوە و دەستەکانی ڕادەوەشێنێ و دەکەوێتە هاتۆچۆکردن.

دواتر بەخێرایی بەرەولای ئاشناکەی دەچێت و دوگمەی چاکەتەکەی دەگرێ و هاوار دەکا: لەتۆ دەپرسم! بۆچی تا ئێستا ماوم؟ بۆچی دەبێ لەم دنیایەدا بەشی من هەر ئازاری دەرونی و جەستەیی بێ؟ بڕوانە هاوڕێ، قبوڵمە مرۆڤ خۆی تەرخانکات لەپێناوی فڵانە ئامانج و فڵانە کێشەدا و گیانی خۆشی بەخت کات! بەڵام خۆبەختکردن لەپێناوی داوێنی کراسی ژنانە و تابوتی منداڵان و شتی لەم بابەتە ... بەڕاستی کارێکی گەمژانەیە! نا نا سەدجار دەڵێم نا! ئیدی تەواو لە توانامدا نەما.

: باشە تۆ بۆ ئاوا هاوار دەکەی؟ لەسەرخۆ، دراوسێکان گوێیان لێدەبێ!

: گوێیان لێدەبێ باگوێیان لێبێ! بۆمن هیچ جیاوازیەکی نیە، ئەگەر تۆش دەمانچەکەم نادەیتێ، دەچم لە کەسێکی تر وەریدەگرم ... هەر دەبێ خۆم بکوژم، ئیدی پێویست بەم قسانە ناکا!



: گوێبگرە هاوڕێ! دەتۆ ڕاوەستە! دوگمی چاکەتەکەم دەپچڕێنی! هێمن بە، بابزانم کێشەکەت چیە؟

: کێشە؟ لەکێشەی من دەپرسی؟ ڕاوەستە با بۆت بگێڕمەوە، ڕاوەستە با قسەت بۆ بکەم ... ئێه ... بەڵکو ئەو قورساییەی کەوتۆتە سەرشانم بڕێك سوکتربێت! ... وەرە دانیشە ... نامەوێ زۆر درێژەی بدەمێ، بەپەلەم، دەبێ فریای شەمەندەفەر بکەوم، بەرلەوەی بچمە وێستگەش دەبێ بچم سەرێك لە ( تیۆ تریمۆڤ) بدەم و دو قتو ماسی سوێر و نیو کیلۆ شەربەتیش بۆ ( ماریا ئۆسیپۆڤنا) – ڕەبی خوایە شەیتان لە دۆزەخدا زمانی لەبنەوە دەربێنێ – بکڕم.

ئێستا گوێ بگرە، پێمخۆشە ئەگەر وەك نمونەیەکیش بێ، هەل و مەرجی ژیانی ئەمڕۆی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، خۆت دەزانی دەبێ لەکاتژمێر دەی بەیانیەوە لە شوێنی کارەکەم ئامادەبم و تا کاتژمێر چواری ئێواری ئازار بچێژم، مێش و گەرما و ئەمانەش لەولاوە ڕاوەستن. کاتبی فەرمانگەکەمان پشوی وەرگرتوە و (خراپۆڤ) یش خەریکی ژن هێنانە، ئەوانەی تریش گرفتاری هاوینەوار و عیشق و شانۆ و شتی لەم جۆرەن، هەمویان مەست و خەوتو و ماندون ... نە بەهۆش دێنەوە و نەپەندیش لەم کارانەیان وەردەگرن ... ئیش و کارەکانی کاتبەکە، کەسێکی تر هەڵیدەسوڕێنێ کە گوێی چەپی کەڕە و بەم دوایانەش کەوتۆتە داوی خۆشەویستیەوە ... بەهەزار حاڵ نامەی هاتو و ڕۆیشتو، لەیەکتر جیا دەکاتەوە. کەللە پوچێکە

، وەك دەڵێن هەڕ لە بڕ جیا ناکاتەوە ، بۆیە ناچارم زۆربەی کارەکـان خۆم بیکەم.

سوپاس بۆ خـودا کاتێك خراپـۆڤ و کاتبەکـەش لـە فەرمانگـە نـەبن ، کـەس نـازانێ کـام نامـە لـەکوێوە هـاتوە و کـام نامـە دەبـێ بۆکـوێ بنێردرێ ... هەمویان شێتانە پەلەیانە ، لە چاولێکنانێکدا تورە دەبـن و دەیکەن هات و هاوار و هۆسەیەك ، ئەوسەری دیار نەبێ ، بـەکورتی سەگ خاوەنی خۆی ناناسێتەوە ... کاری فەرمیش لێکدا لێکدا ، بـێ پـسانەوە بەردەوامـە ، دەڵێـی شـەپۆلەکانی دەریایـە ! ... بەڕاسـتی تاقەت پروکێنە ... بەم دوایی دواییانەش کاکی سـەرۆکی فەرمانگـە ، توشی نەخۆشی (سیاتیك) بوە و لەلایەکی تریشەوە خەریکی تـەلاق و تەلاقکاریە ، ئەوەندە دەکرۆزێتەوە و شین و شەپۆڕیەتی ، ئاسودەیی لە هەموان هەڵگرتوە ، ئیدی کارکردن لە گەڵیدا زۆر ئەستەم بوە.

لێـرەدا بـاوکی خێزانەکـە ، هەڵدەسـتێتە سـەر پـێ ، بـەڵام یەکـسەر دادەنیـشێتەوە و درێـژەی دەداتـێ: بـاوەڕم پێبکـە ئەوانـەی بـۆم باسکردی ، هەرهەمویان شتی بێ نرخ و بـێ بایـەخن. گوێ ڕاگـرە بـا کرۆکـی کێـشەکەت بـۆ بگێڕمـەوە: مانـدو و مـردو لەفەرمانگـە دەگەڕێمـەوە ، هـیچ هیـوا و ئارەزویـەکم نیـە جگەلـەوەی بۆخـۆم قوزەڵقورتێك بخۆم و کاژێرێك سەرم بخەمە سەر سەرین و بنوم. بەڵام نەخێر! وەبیرم دێتەوە ماڵەکەم بردۆتە هاوینەوار ، واتا بومەتە کۆیلە ، بومەتـە تـانجی و دەبـێ ڕاکـەم و ئـەو ئەرکـەی پێیـان سـپاردوم جێبەجێی بکەم.



دەزانی لەو هاوینەوارەی ئێمەدا مۆدێلێکی سەیر داکـەوتوە؟ جگـە لـە ژنەکـەی خـۆت هـەمو کەللـەپوت و کرمێکـی نیـشتەجێی هاوینـەوار ، بەمافی خۆی دەزانێ هەزار ویەك ئەرکت پێبسپێرێ.

بۆنمونە ژنەکەم فەرماندەدا بچمە لای بەرگدروەکەی و لەبـەر ئـەوەی کراسەکەی پان و شانەکانی تەسك دوریوە ، لەگەڵیدا بیکەمە فەرتەنە و هات و هاوار. هەروەها دەبێ پێڵاوەکانی سۆنێچکاش لەگـەڵ خۆمـدا بەرمە شـار و بیـانگۆڕم ، بـایی بیـست کـۆبیکیش ئاوریـشمی سـور — ئەویش وەك ئەونمونەی دەمدەنێ — و سێ (ئارشـین*) بـەنیش بـۆژن خوشکەکەم بکڕم ... ڕاوەستە بـا لیـستەکەت بۆبخوێنمـەوە ، لێـرەدا دەستی برد لە گیرفانی چاکەتەکەیدا کاغەزێکی نوشتاوەی دەرهێنـا و بەڕقێکی شێتانەوە

کەوتە خوێندنەوەی : ( شوشە فانۆس یەك دانە ، گۆشتی گا نیوکیلـۆ ، دەسك و ئاوانەکە لە شارەو ببرێتە هاوینەوار ، بـایی بیـست کۆبیـك ئەسید فنیك ، دەرمان مێشولە ، بیست بتڵ بیرە ، یـەك قتـو سـرکە ، مەمکبەندی ژمارە ٨٢ لەدوکانەکـەی (گـۆدۆزۆڤ) بـۆ خـاتو مادموازێـل شانسۆ ، باڵتۆ پایزی و پێڵاوەکانی میشا بەرمە هاوینەوار ). ئەمـە تـا ئێرەی لیستەکە ، وردە فەرمانی خزمان و ماڵی خۆمان بون ، لێـرەوە نـۆرەی ئـەو ئەرکانەیـە کـە ئاشـنا و دراوسـێ خۆشەویـستەکان — نـەفرەتی خوایـان لـێبێ — پێیـان سـپاردوم : بـەڕێز ( ڤیلاسـین) و ژنەکەی سبەینێ سـاڵوەگەڕی لـەدایك بـونی منداڵەکەیانـە و ئاهـەنگی بۆدەگێڕن و من دەبێ بچم پاسکیلیان بۆ بکڕم و لەگەڵ خۆمـدا بۆیـان

بەرمەوە ، منداڵەکەی خاتو (کۆرکین) ماڵاوایی لە ژیان کردوە و دەبێ من تابوتێکی بۆ بەڕادان بدەم و ئێوارێ بۆیان بەرمەوە. (ماریا میخایلۆڤنا) ساڵ دوانزە مانگ خەریکی مرەبا دروستکردنە و بەو بۆنەیەوەش واپێویست دەکا بەندە هەمو ڕۆژێ هەڵتەك هەڵتەك هەشت کیلۆ شەکر بدەمە کۆڵما و بۆی بەرمەوە ، ژنەکەی سەرهەنگ (ڤیخرین) لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆیەتی و بەم زوانە دەزێ ، کە بەندە لەو پرۆسەی زگپڕیەدا ، تەنانەت لە خەونیشدا ، بچووکتری ڕۆڵم نەبوە ، ئێستا دەبێ من بچمە خزمەت مامانێك و کات و ساتی هاتنی بۆ هاوینەوارەکە ، واتا ئەو شوێنەی خانم لێی دەزێ ، لەگەڵ مامانەکەدا ببڕێنمەوە ... ئەوە چەند وردە فەرمان و ڕاسپێری لە چەشنی نامە و گۆشت گا و تەلەگرام و دەرمانی ددان و ئەوانە هەر وازیان لێ بێنە. هەر ئێستا کەلەگەڵ تۆدا خەریکی قسەکردنم پێنج دانە لیستم لەگیرفاندایە ، بۆم نیە بە مو سەرپێچی لە جێبەجێکردنی ئەم فەرمان و ڕاسپێریانە بکەم. بەڕاستی کارێکی قێزەونە و نیشانەی پڕو پوچی منیشە. سندان لەهەمویاندا ، هێنانی پێنج مەن شەکر و مامانێك دەخەنە ئەستۆی تۆوە و بەکارێکی نەشیاویشی نازانن و زۆرییشیان بەلاوە ئاساییە!

ئەگەر بێتو نەچیتە ژێر باری ئەم وردە فەرمان و ڕاسپێریانەوە ، ئەوا دەبیە کەسێکی هیچ و پوچ و ناڕەسەن! چ ترسناکە! خودا نەکات داواکاری یەکێك لەم ( کۆرکین) و هاوشێوانەی جێبەجێ نەکەم! ئەوسا دەبینی چۆن ژنەکەم _ بەر لە هەمو کەسێ _ چەشنی ماینێك



لەسەر هەردوپاشوی ڕادەوەستێ و دەحیلێنی: (ئەدی من چی وەڵامی خاتو شازادە ماریا ئەلیکسیوڤنا بدەمەوە؟ ئاخ ئاخ) ... سندانی لێدا ... بەم شێوەیە سەیرکە ، دەبینی چۆن دوای کۆتایی هاتنی کاری فەرمانگە ، لەوماوە کورتەدا لەترسی ئەوەی نەبادا شەمەندەفەرەکە بڕوات ، دەبی چەشنی سەگێك کە زمانی دەرهێناوە و هانکەهانکێتی ، بەناوشاردا غاردەم و نەفرەت لەم ژیانە بکەم ... لەدوکانێکەوە بۆ دەرمانخانە ، لەدەرمانخانەوە بۆ لای بەرگدرو ، لەلای بەرگدروەوە بۆ دوکانی خۆراك فرۆشی ، لەوێوە دوبارە بۆ دەرمانخانە ، لەشوێنێك پارەم لێ بزر دەبێ ، لەشوێنێك لەبیرم دەچێ پارە بدەم! ئیدی دوایی لەدواوە بانگم دەکەن و دەیکەنە هات و هاوار و ڕیسوا دەبم. لەشوێنێکی تر لەئەنجامی پەلەپەلدا قاچم لەداوێنی کراسی شۆڕی ژنێك گیردەبێ کە لەپێشمەوە دەڕوا ... تف لەم ڕۆژگارە! مرۆڤ لەم هاتوچۆیەدا بەئەندازەیەك شل وکوت دەبێ ، شەوێ کاتی خەوتن ، تابەیانی ئیسکەکانی ترقە ترقیانە و ئەژنۆکانی دەلەرزن. وەرە بیهێنە بەرچاوی خۆت چ ئەکێکیان پێسپاردوم و ئەنجامم داون! ... باشە ئەدی پێمناڵێی ئەو هەمو شتومەکە ،چۆن بەرمەوە هاوینەوارەکە؟ بۆ من چەند دەستم هەیە؟ گوتمان ئەوەش بەهەرحاڵ! ئەدی چۆن دەکرێ شوشە فانۆس و دەسك و ئاوان لەناو یەك بەستەدا بپێچیەوە؟ یان شەکر و ڕۆن گەرچەك؟ دەوەرە ئەو مەتەڵەم بۆ هەڵبێنە؟ یان بتڵە بیرە و پاسکیل؟ نا برا نا! شتی وانابێ! ئەم کارانە وەك

دروستکردنی ئەهرامەکانی میسرن! ئازارێکی هەمیشەیین! هەرچۆنێك بیانبەستی و دایانبنێی ، سەرەنجام شتێك هەر دەشكێ یان دەڕژێ.
لە وێستگەکەش و لە ناو فارگۆنەکەشدا ، چ بەپێوە بیت و چ دانیشتبی ، دەبێ دەست و قاچت لێك بڵاوکەیتەوە ، هەردو دەستت گیراون و زەرفێکیشت بە ددانەکانت گرتوە و نابێ بهێڵی بەربێتەوە. هەرکە شەمەندەفەرەکەش دەکەوێتە جوڵە ، گەشتیارەکان ، شڕوشیتاڵەکانت لە خۆیان دوردەخەنەوە و هەریەکەی بەلایەکدا پەرت و بڵاو دەکەنەوە ودەقیژێنن: (کاکە ئەم هەمو شڕوشیتاڵە بۆ ناخەیتە زەرفێك یان کارتۆنێکەوە ، تۆ جێگای خەڵکت تەنگ کردوە). ئیدی هەمویان دەقیژێنن و بانگی چاودێری شەمەندەفەرەکە دەکەن و شکاتم لێ دەکەن.
وەرە بۆخۆت ببە دادوەر و بڕیار بدە: پێم بڵێ چی بکەم؟ دەکرێ کەل و پەلەکان لە پەنجەرەی فارگۆنەکەوە فڕێیدەمە دەرەوە؟ هاواردەکەن: ( کاکە بۆچی ئەو هەمو شڕوشیتاڵە ناخەیتە کارتۆنێکەوە؟).
کاکە! ڕاستە ئەم شتانە کارتۆنێك ، یان سندوقێکیان دەوێ ، بەڵام بەتۆ دەڵێم ، دەکرێ ئەم شتانە بەیەکەوە لەکارتۆنێکدا دابنێی؟ ئەدی پێم ناڵێی هەمو ڕۆژێ سندوق لەکوێ بێنم؟ ئاخر چۆن دەکرێ دەسك و ئاوان و شوشە فانۆس پێکەوە دابنرێن؟ ئیدی تا دەگەمە هاوینەوارەکە ، ئاخ و ئۆف وپرتەوبۆڵەی گەشتیارەکان نابڕێتەوە.



مەگەر خودای گەورە خۆی بزانێ ئەمڕۆ بەو تابوتەوە چەند قسەی سوك و جنێویان پێداوم! ئۆف خودایە! پەرداخێك ئاوم بدەنێ برا ... ئێستا گوێبگرە با ئەوەی ترت بۆ بگێڕمەوە ... لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆتە مۆدێل خەڵك هەزار و یەك ئەرك و ڕاسپێری بە مرۆڤ بسپێرن ، کەچی ئەگەر نیازی وەرگرتنەوەی ئەوپارەیەت هەبێت کەبۆت بەکەل وپەل داون ، ئەوە کارێکی دژوارە! باوەڕت هەبێ نیوە لە نیوەی ئەو پارەیەی کە بۆیان بەکەل و پەل دەدەم ، ناگەڕێتەوە گیرفانم. بۆنمونە ئەم تابوتە ... کاتێ گەڕامەوە ماڵ دەبێ بەخزمەتکارەکەماندا بینێرمەوە بۆ بەڕێز کۆرکین و ژنەکەی ، ئێ خۆ ناکرێ لەم کاتەدا ئەوان تازیەبار بن و تۆش بچی داوای پارەی تابوتەکەیان لێ بکەیتەوە؟ ئیدی کە ئەمڕۆش پارەکەیان نەدامەوە ، سبەینێ لەبیریان دەچێتەوە وپارەکە تۆ خۆش.
هاوڕێ! من مرۆڤێکم پارەی یەکێك قەرزار بم هەرگیز لەبیرم ناچێ! تا ئێستاش زۆر جار ئاوا پارەم کەوتۆتە لای ئەو ژنانە و لەبیریان چۆتەوە ، منیش لەڕوم هەڵنایە داوایان لێ بکەمەوە.
گەرچی ڕۆبڵەکان جارجار دەدەنەوە ، بەڵام کۆبیکەکان ئەوە هەر باسی مەکە.
بەڵێ سەرەنجام دوای ئەو هەمو کوێرەوەریە ، دەگەڕێمەوە ماڵە هاوینیەکەم و دوای ئەو هەمو دەردەسەریە دەمەوێ گەرویەك تەڕکەم و ژەقنەبوتێك بخۆم و کاژێرێك بتۆپم _ تۆ چۆنی تێدەگەی؟ پێویستم بەمانە هەیە یان نا؟

بەڵام نەخێر! لەو کاتەوەی پێم خستۆتە ئەودیوی دەرگاوە ، ئاگام لێیە ژنەکەم هەروا چاودێریم دەکا ! هێشتا بەتەواوی شۆرباکەم نەخواردوە ، بەردەبنە گیانی دیلەکەیان و داوام لێدەکەن بیانبەمە نمایشی ئەماتۆر و کۆڕی سەماکردن. ناڕەزایی دوای ناڕەزایی و کۆتایی نیە. براکەم من مێردم! وشەی (مێرد) یش لە فەرهەنگی ژناندا واتا کۆیلە ، واتا بێ ئیرادە ، واتا گەمژە و دەبەنگ ، واتا ولاغێکی باربەر ، کە دەتوانی سواری سەر پشتی بیت و بێ گوێدانە ناڕەزایەتیەکانی ڕێکخراوی بەرگریکردن لە ئاژەڵان ، بەکەیفی خۆت چەندت حەز لێبێ باری لێ بارکەیت.

دەکەومە دوای فاك و فیکی ژنەکەم و لەسەکۆکە مۆڕ دەبمەوە ، بۆ ئەوەی شانۆیەکی وەك (ڕیسوایی نێو خێزانێکی دەوڵەمەند) یان ( مۆتیا) ببینم ، بەپێی دەستوری ئەوان و بەئاماژەی ئەوان دەکەومە چەپڵە لێدان و دەربڕینی هەستی شادی و هات و هاوار. لەم کاتەدا هەست دەکەم خەریکە دەمرم.

دوای ئەوە دەبێ بچینە مەیدانی سەما ، بەندە ، جگە لەسەیرکرنی سەمای خەڵکی ، دەبێ چاویش بگێڕم بۆئەوەی کەسێکی گونجاویش بۆ سەماکردن لەگەڵ ژنەکەمدا ، بدۆزمەوە.

لەم جۆرە کۆڕانەدا ئەگەر هاتو پیاوەکان ژمارەیان کەمتر بێت ، ئەوسا منیش ناچار دەبم هەندێك بە شێوەی (کادری*) سەما بکەم. بۆبەدبەختیش توشم دەبێ بەتوشی ژنێکی کورتەباڵای خوار و خێچەوە ، دەبێ جار جارێکیش زەردەخەنەیەکی گەمژانەی بۆبکەیت



و لەدڵی خۆشتدا بیر دەکەیتەوە: ( ئای خودایە ! ئەمە تاکەی؟).

تاسەرەنجام لای نیوەشەو کاتێ لە کۆڕی سەما و بینینی شانۆ دێینەوە ، ئیدی من مرۆڤ نیم! بومەتە تەرمێك! بەڵام هەرچیەك بێت ئیدی من گەیشتومەتە ئاوات و ئارەزوی خۆم ، واتا جل و بەرگەکانم دادەنێم و بۆ خەوتن دەچمە سەر جێگاکەم. ئیدی ئەوەندەم بەسە چاوەکانم لەسەریەك دانێم تا یەکسەر خەوم لێ بکەوێ ... چەندە خۆشە ! ... بێدەنگی ... ئارامی ...

هەم گەرمە و هەم منداڵەکانیش لەودیو نایکەنە ژاوەژاو ... هەم ژنەکەم لەلام نیە و هەم ویژدانیشم ئاسودە و ئارامە ، ئیدی منیش لەوە زیاتر بەتەمای چیم؟ پێڵوی چاوەکانم وردە وردە خەریکن قورس دەبن ... لەناکاو گزززززز ... گزززززز ... مێشولە پەیدا دەبن ! خودا بەنەفرەتیان کات!

لێرەدا ، باوکی خێزانەکە هەڵدەستێ و دەستی بەهەوادا ڕادەوەشێنێ و دەڵێ: مێشولە ! واتا ئەشکەنجە ! واتا (ئەنکیزیسیۆن*)! گزەگزەکەی ئەوەندە سۆز بزوێن و خەمبارانەیە ، دەڵێی دەپاڕێتەوە. بەڵام ئەو بێشەرەفە وا چزەت لێ هەڵدەستێنێ ، تا دوکاتژمێر دواتریش شوێنەکەی هەر دەخورێ! جگەرە دادەگیرسێنم! تاودەدەمە مێشکوژەکە ! سەرم دەخەمە ژێر بەتانیەکەوە ! بەڵام بێ سودە.

سەرەنجام خۆم دەدەمە دەستەوە و دەڵێم: (دەی نەفرەتیەکان! وەرن گۆشت و خوێنم قوزەڵقورت کەن).

بەرلەوەی بتوانم خۆم لەگەڵ چرزەی مێشولەکاندا بسازێنم ، نۆرەی پرۆڤە کردنی ژنەکەم دێت ... هەمو شەوێ لەگەڵ چەند پیاوێکی دەنگ زیقن ، پرۆڤە لەسەر فێربونی دەنگی (تینۆر*) ، دەکا ... هەمویان تا دەتوانن بەڕۆژەوە دەخەون و شەوانەش بۆ سازدانی کۆنسێرتێکی ئەماتۆری خۆیان سازدەکەن. ئای خودایە گۆرانیبێژی دەنگ تینۆر چەندە هەراسانکەرە ، تەنانەت ناکرێ لەگەڵ دەنگی هیچ مێشولەیەك بەراوردکرێ.

لەم کاتەدا باوکی خێزانەکە ، ڕوخساری خۆی خەمناك دەکات و تێهەڵدەکا: ( مەڵێ لاوۆ خۆت خەسار کرد ... سەیرکە ئاشقانە کەوتومەتە بەرپێیانت).

ئەی بێ شەرەفینە ! چۆن بونەتە بەڵای گیانم.

دواتر بەئومێدی ئەوەی ڕزگارم بێت لە دەستیان ، ناچارم بکەومە فرت و فێڵ ، بەسەری پەنجەکانم لەملاو ئەولای سەرم دەدەم ، تا چواری بەیانی لەسەر ئەمە بەردەوام دەبم تا لەکۆتاییدا هەمویان دەڕۆن بەڕێی خۆیانەوە ... بەڵام دوای ڕۆیشتنی ئەمانە نۆرەی ڕەنج و کوێرەوەریەکی ترە: خانمی بەڕێزی چارشێو بەسەر ، واتا هاوسەرە یاساییەکەم ، سەروکەللەی پەیدا دەبێت و داوای مافە یاساییەکانی خۆیم لێ دەکا.

باوەڕت هەبێ تەواوی بون و ژیانم پڕبوە لەترس و دڵەڕاوکێ ، هەر شەوێك ژنەکەم بێتە ژورەکەم ، هەمو جەستەم سور هەڵدەگەڕێ و دەست و پێی خۆم ون دەکەم ... ئاخ ... پەرداخێك ئاوم بدەنێ ...



ئیدی بەم شێوەیە هەمو شەوێ بێ ئەوەی بتوانم سەرخەوێك بشکێنم ، کاتژمێر شەشی بەیانی دەبێ لە نێو جێگاکەم بێمە دەرێ و ملی ڕێگای وێستگە بگرم. لەترسی ئەوەی نەکا شەمەندەفەرەکە بڕوات و فریا نەکەوم ، بەخێرایی دەکەومە ڕاکردن ... قاچم لە نێو قوڕدا دەچەقێ ... دنیا ساردە ... تەم و مژە ... تف! ... کاتێ دەگەمە شاریش ، بەیانی باش! بەیانی باش ... بەڵێ برا ... ئەو ژیانەی من هەمە ڕەبی خودا بە دوژمنەکەشتی نەبەخشێ. خۆت دەزانی من نەخۆشم ، هەناسە تەنگیم هەیە ، سوتانەوەی گەدەم هەیە ، توشی دڵەڕاوکێ هاتوم ، بەردەوام لە ترسدا دەژیم ، هەرچیەکی دەیخۆم بۆم هەرس ناکرێ ، بەکورتیەکەی لەبری ژیان لەوپەڕی خەم و خەفەتدام! یەك کەس نیە باری سەرشانم سوکتر کات و بەزەیی پێمدا بێتەوە ! ئەمە ڕەوایە؟ بابە چش لەبەزەیی! پێم پێدەکەنن. خۆ ڕون و ئاشکرایە ، مێردێك ماڵی لە هاوینەوار بێت ، جگە لە تۆپین ، هیچ مافێکی تری نیە !

هیچ کەس ئاگای لەوەنیە ، منیش حەیوانێکم و حەزم لە ژیانە و پێمخۆشە هەندێك ئاسودەبم. ئەوەی بۆم باسکردی چیرۆکێکی کۆمیدی نیە ! بەڵکو تراژیدیە.

ئێستاش دوای ئەم هەمو قسانەی بۆمکردی ، ئەگەر ناتەوێ دەمانچەکەم بدەیتێ لانیکەم هەندێك دڵم بدەوە و هاوسۆزم بە.

: بەڕاستی هاوبەشی خەمتم.

: دەزانم هاوبەشیی خەمی تو چۆنە ! ... باشە برا ، دەبێ بڕۆم ، خوداحافیز ... زۆر درەنگمە ... دەبی سەرەتا بچم ماسی سوێر بکڕم و دوایی خێرا بەرەو وێستگە بڕۆم ...

ئاشناکەی دەڵێ: باشە تۆ بەمنت نەگوت ڤێلات لەکام هاوینەوارە بەکرێ گرتوە ؟

: لە (دخلا رێچکا*).

: ئەها دەزانم لەکوێیە ... ئەرێ لەوێ ، خاتو( ئۆلگا پاڤلۆڤنا ڤینبێرگ) ناناسی؟

: با ... دەیناسم ... ئاشنایەتیمان هەیە ...

ئاشناکەی بەم قسەیە دەگەشێتەوە و بە شادیەوە دەڵێ: بەڕاستتە ؟ بەمەم نەدەزانی ! کەوایە داواکاریەکم لێت هەیە براگیان ، وەرە ئەو چاکەیەم لە گەڵدا بکە ، بەڵام بەر لەهەمو شتێك دەبێ بەڵێنم پێبدەی کەداواکاریەکەم ڕەت نەکەیتەوە.

: مەبەستت چیە ؟.

: نەك وەك ئەرکێك لەسەر تۆ بێت ، بەڵکو وەکو دۆست و ئاشنایەك تکات لێدەکەم ، سەرەتا سڵاوی منی پێبگەیەنە ، بەستەیەکی بچوکە ، بیدەرێ. ماوەیەك لەمەوبەر داوای لێکردم مەکینەیەکی بچوکی دورمانی دەستی بۆبکڕم ، لەمێژە کڕیومە و کەسم دەسناکەوێ بۆی بینێرم ، دەبێ تۆ ئەو ئەرکەم بۆبکێشی.

نان پەیداکەری هاوینەوارنشین ، بۆ ساتێك ، بەحەپەسانەوە سەیری ئاشناکەی دەکات ، لەکەسێك دەچێ ئەقڵ و هۆشی لەدەسدابێ ،



دواتر ڕەنگی سور هەڵدەگەڕێ و سەرەنجام قاچەکانی دەکوتی بەزەویدا و هاوار دەکات: وەرن مرۆڤ خۆرەکان ! ...وەرن بمخۆن ! هەناسەم لێبڕن ! پارچەپارچەم کەن ! بێنەدەی ... بێنەمەکینەی درومانەکە بێنە ! ئەگەر حەزت لێیە خۆشت سواری مەکینەی درومانەکە بە ، ئاوم دەنێ ! ئای خودایە ! من بۆچی زیندوم؟ لەبەرچی زیندوم؟

(ئارشین*) پێوانەیەکی کۆن بوە: بەرامبەر بە ٧١سم.

(کادری*) quadrille جۆرە سەمایەکە.

(دخلا رێچکا*) بەواتای ڕوباری مردن دێت.

(ئەنکیزیسیۆن*) دادگایەکی کلیسا بو ، لەسەدەی دوانزەدا لەئەوروپا پێکهات. بۆ لێپرسینەوە لەبیر و بۆچونەکانی خەڵك و ئەو کەسانەی دژایەتی ، یان کارێکی پێچەوانەی ئاینیان کردبو. کە سەرەنجام وردە وردە هەمو ئەوروپای تەنیەوە و سزاکانیان زۆر قورس و بێبەزەییانە بون. تەنیا لەیەکێك لەوڵاتە ئەوروپیەکاندا ٣٤٠ هەزار کەسیان بێبەزەییانە سزادا و نزیکەی ٣٢ هەزار کەسیشیان لەئاگردا سوتاند. سەرەنجام لەسەدەی هەژدەدا کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەم دادگایە لەزۆربەی وڵاتەکاندا هێنرا. وەرگێڕ

# خۆشبەخت

شەمەندەفەرێکی نەفەرهەڵگر ، لە وێستگەی ( بۆلۆگۆیا ) ی سەر هێڵی ئاسنی (نیکۆلایۆڤسکایا) وە ، کەوتەڕێ.

کاتی خۆرئاوابونە.

لە یەکێك لە فارگۆنە ژمارە دوەکاندا – کە جگەرە کێشان تێیاندا ئازادە – پێنج کەس چاوەکانیان لێکناون و نیازی خەوتنیان هەیە ، چەند خولەکێك لەوەپێش ، نانێکی باشیان خواردبو و ئێستاش پاڵیان بەپشتی کوشنەکەوە دابو وحەزیان دەکرد بنون.

بێدەنگی هەمو شوێنکی گرتۆتەوە. لەم کاتەدا دەرگاکە دەکرێتەوە و کەسێکی باڵا بەرز بە کڵاوێکی سور و باڵتۆیەکی ڕێك و جوانەوە ، کە ڕاستەوخۆ مرۆڤ دەخاتەوە بیری کەسایەتی ئۆپەرێتێك ، یان بەرهەمەکانی ( ژول ڤێرن ) ە وە ، وەژور دەکەوێ.

کابرا لەناوەڕاستی فارگۆنەکە ڕادەوەستێ ، چاوە نیمچە خومارەکانی دەبڕێتە کورسیەکان و لە ژێر لێوەوە دەڵێت: نا ئەمەش هەو نیە ! نەفرەت لە شەیتان ! مرۆڤ هێزی لەبەر دەبڕێ.



یەکێك لە گەشتیارانی نێو فارگۆنەکە سەیرێکی سەرتاپای کابرا دەکات و پاشان بە خۆشیەوە هاوار دەکا: ئەوە تۆی ( ئیڤان ئەلێکسیوڤیچ) ؟ سەیرە ! ئەوە چی دەکەی لێرە؟

ئیڤان ئەلێکسیوڤیچ ڕادەچەنێ و بە سەرخۆشیەوە سەیرێکی کابرای گەشتیار دەکات و دەیناسێتەوە و لەخۆشیان دەستەکانی لێك دەسوێ و دەڵێ: ها ! پیتەر پترۆڤیچ ...پایزە برا ! بەڕاستی نەمدەزانی تۆش لەم شەمەندەفەرە دایت؟

: ئێ چۆنی؟

: خراپ نیم ، تەنیا کێشەم ئەوەیە فارگۆنەکەی خۆمم لێ بزر بوە و نایدۆزمەوە ، گەمژەیەکی وەك من ، هەر بۆ ئەوە باشم لەسەر ئەم گەمژەییە وەبەر قەمچیانم دەن.

ئەمجار قوت دەبێتەوە و لەژێر لێوەوە درێژەی دەداتێ: ئیدی ئەمە ڕێکەوتە ! لەگەڵ دەنگی دوەم شوت ، دابەزیم ویستم پەرداخێك کۆنیاك بخۆمەوە و برێك گەروم تەڕکەم ، دوای ئەوە بیرمکردەوە و گوتم تا وێستگەی داهاتو ڕێگایەکی زۆری ماوە ، باپەرداخێکی تریش بخۆمەوە ! بۆخۆم دانیشتبوم و بیرم دەکردەوە و دەمخواردەوە لەناکاو شوتی سێیەمیش لێیدا ... ئیدی وەك شێتان بەپەلەپروزێ ڕامکرد ! شەمەندەفەرەکە لەڕۆیشتندابو ، هەرچۆنێك بو خۆم پەستایە یەکێك لەفارگۆنەکانەوە ، ئیستا تۆ بۆ خۆت بڕیار بدە ، گەمژەم یان نا؟ سەگبابم یان نا؟

پیتەرپێترۆڤیچ دەڵێ: کەمێك سەرخۆشیت پێوە دیارە ، فەرمو وەرە دانیشە. لە تەنیشت منەوە جێگا هەیە ، وەرە دانیشە.

: نانا ... دەبێ بچم فارگۆنەکەی خۆم بدۆزمەوە ! خودا حافیز.

: دانیشە مەڕۆ دنیا تاریکە ! با لەفارگۆنێکەوە بەرنەبیتەوە خوارێ! کەگەیشتینە وێستگەی داهاتو ئەوسا بە ئاسانی فارگۆنەکەی خۆت دەدۆزیتەوە ، وەرە دانیشە.

ئیڤان ئەلیکسیۆڤیچ ئاهێکی هەڵکێشا و بە دوڵیەوە لەبەرامبەریدا دانیشت ، نیگەرانی بەڕوخساریەوە دیاربو ، حەجمینی نەبو.

پاشان پیتەرپێترۆڤیچ لێی دەپرسێ: ئەوە بۆ کوێ دەچی؟

: من! بۆ بۆشایی ئاسمان! شتەکانم وا تێکەڵ و پێکەڵ کردوە ، خۆشم نازانم بۆ کوێ دەچم ... چارەنوس گوێچکەی گرتوم و بەدوای خۆیدا ڕامدەکێشێ ، منیش ئەوە دوای کەوتوم ها... ها... ها... برادەری خۆشەویست ... ئەرێ تائێستا ڕوینەداوە لەگەڵ شێتێکی خۆشبەختدا بەرەوڕو ببیەوە؟ ها؟ جوان سەیرکە ! لەبەرامبەر خۆتدا بونەوەرێك دەبینی کە خۆشبەختیەکەی هێندەی نەخایاند ، هیچ شتێك لە سیمای مندا بەدی ناکەیت؟

: با ... برێك پێتەوە دیارە ... کە...

: بابە گیان ئەمن بۆخۆم دڵنیام کە ئێستا سەر و سیمام گەمژەیی لێ دەبارێ! حەیف ئاوێنەم پێنیە دەنا زۆر بە باشی سەیری دەم و فلقی خۆمم دەکرد ، بەڵێ خەریکە گەمژە دەبم ، ها... ها... ها...



بەشەرەفم هەر ئێستاکە ئەوە بەنیازی ئەوەم بچم مانگی هەنگوینی بەخۆشی و شادی بەسەر بەرم! ئێستاش هەر بەسەگبابم نازانن؟

: بۆ ژنت هێناوە؟

: ئا ، ئەمڕۆ! چیت لێ بشارمەوە هاوڕێی خۆشەویست! ئەمڕۆ دوای ئەوەی گرێبەستی هاوسەری و ئەمانەم تەواو کرد ، یەکسەر لەگەڵ هاوسەرەکەمدا سواری شەمەندەفەر بوین!

لەم کاتەدا ئامادەبوانی نێو شەمەندەفەرەکە هەمویان پیرۆزبایی لێ دەکەن و دەیدەنە بەر ڕێژنەی پرسیاران.

پیتەرپێترۆڤیچ ، بەپێکەنینەوە دەڵێ: ئەها ... ئەوە بۆیە ئاوا خۆت ڕازاندۆتەوە!

: بۆ خۆ فریودانیش هێندەم گوڵاو لەخۆم داوە ، تا بینەقاقا هەست بە شادی و خۆشی دەکەم. نەپەژارەیەك! نە دڵەکوتەیەك! نە بیرێکی خراپ! ... تەنیا هەست بە ... هەست بە شتێك دەکەم کەخۆشم نازانم چ ناوێکی لێ بنێم ... بۆنمونە هەستکردن بە خۆشبەختی ... لە ژیانمدا ئەوەندە شاد و خۆشبەخت نەبومە!

وەکو نیشانەی هەستکردن بە چێژ و خۆشبەختی ، چاوەکانی لێك دەنێ و سەری بادەدا و درێژەی دەداتێ: ئەگەر ئیستا بگەڕێمەوە نێو فارگۆنەکەی خۆم ، لەگەڵ بونەوەرێکدا بەرەو ڕو دەبمەوە کە لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتوە و سەرتاپای جەستەی وابەستەی منە ،

قژکاڵ ... سەروسیمایەکی جوان و وردیلانە ! دەست وپەنجەیەکی جوان و لەبار! ئەوە ، گیانی منە ، فریشتەی منە ، عیشقی منە ، ئارامی گیانی منە ، ئەو قاچانەی نازانم بۆ هێندە جوانن خودایە ! ئەو قاچە خاوێن و جوانانەی ئەو لەکوێ و ئەم قاچە بۆگەنانەی ئێوە لەکوێ! قاچەکانی نەك هەر لە (میناتۆر) یك ، بەڵکو لەسیحر و ئەفسون دەچن! حەزم لێیە ئەو قاچە جوانانەی بخۆم. ئێوە کە هەر خەریکی باسی (ماتەریالیزم) ن جگە لە شیکردنەوە و جیاکاری ، لە هیچ شتێکی تر ، تێناگەن! چ کارتان بەم قسانەیە هەی ڕەبەنی مێشك وشکینە ! ئەگەر هاتو ڕۆژێك ژنتان هێنا ، یادێکی من بکەنەوە و بڵێن: (ئای ئیڤان ئەلیکسیوڤیچ یادت بەخێر!). باشە هاوڕێیان ... ئەمن ئیدی دەبێ بڕۆم و فارگۆنەکەی خۆم بدۆزمەوە ، بیرتان نەچێت لەوێدا کەسێك بە نیگەرانیەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەمە ... لەبیرکردنەوەدایە و خەریکە چێژ لە چرکەساتی بینینەوەی من وەردەگرێ ... پێکەنینەکەی چاوەڕوانم دەکات ... دەڕۆم و دەچم لە تەنیشتیەوە دادەنیشم و بەم دوپەنجانە چەناگە جوانەکەی دەگرم و...

دواتر ئیڤان سەرێك دەلەقێنێ و بەهەستێکی لێوانلێو لەخۆشحاڵیەوە ، درێژەی دەداتێ: دواتر سەرم دەخەمە سەر شانە نەرمەکانی و دەستیشم دەخەمە نێو قەدی. دەزانی لەو حاڵەتانەدا چ بێدەنگیەك دروست دەبێ ... کەشێکی شاعیرانە ... ئامادەم لەچرکەساتێکی لەو



شێوەیەدا هەمودونیا لە ئامێز گرم ، پیتەر پترۆڤیچ مۆڵەت هەیە لەئامێزت گرم

هەردو ئاشنا لەنێو پێکەنینی گەشتیاراندا باوەشیان بەیەکدا کرد .

دواتر تازە زاوا درێژەی دەداتێ: بەڵام کاتێ مرۆڤ دێت بۆ نیشاندانی گەمژەیی خۆی ، یان وەك ڕۆمان نوسەکان دەڵێن: (بۆ زیاتر خۆ فریودان) ، دەچێتە فرۆشگای وێستگە و دوسێ پەرداخ کۆنیاك هەڵدەدا ، ئیدی لێرەدا شتێك لە نێو دڵ ومێشکیدا سەرهەڵدەدا کە لە نێو چیرۆکەکانیشدا نانوسرێن. من مرۆڤێکی بچوك و بێ بایەخم ... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکەم هیچ بەربەستێکم لەبەردەمدا نیە ... ئامادەم تەواوی دنیا لە باوەش بگرم!

شادی و سەرخۆشی ئەم تازە زاوا خۆشبەختە ، وردە وردە گەشتیارانی نێو فارگۆنەکەش دەگرێتەوە و خەویان دەڕەوێتەوە و هەر زۆر بە زویی ، لەبری گوێگرێك ، پێنج گوێگری لێ کۆدەبێتەوە.

بەوپەڕی بێ ئۆقرەییەوە دانیشتوە و دەستەکانی هەڵدەشەقێنێ و کەف بەلالغاوەیدا دێتەخوارێ و بێ پسانەوە قسەدەکا.

هێندە بەسە کە ئەو زەردەیەك بێتە سەر لێوانی ، تا ئەوان لەقاقای پێکەنین بدەن.

: گرینگ ئەوەیە مرۆڤ زۆر بیر لەشتەکان نەکاتەوە ، کاکینە ! سندان لە جیاکاری و شیکردنەوە دا ، ئەگەر حەزت لە خواردنەوەیە بڕۆ بۆ خۆت بخۆرەوە و هێندە قسە لەبارەی سود و زیانەکانی خواردنەوە وە مەکە... سندان لە فەلسەفە و دەرونناسی...

لەم کاتەداپشکێنەری شەمەندەفەرەکە بە بەردەمیاندا دێت ، تازە زاوا ڕوی تێدەکا و دەڵێ: ئەرێ کاکی بەڕێز زەحمەت نەبێ ئەگەر چویتە فارگۆنی ژمارە (٢٠٩) ژنێکی لێیە کڵاوەکەی باڵندەیەکی دەسکردی پێوە لکێنراوە ، پێی بڵێ من لێرەم .

: ببورە ئێمە فارگۆنی ژمارە (٢٠٩) مان نیە ، (٢١٩) مان هەیە .

: با (٢١٩) بێت چ جیاوازیەکی هەیە ، پێی بڵێ نیگەرانی مێردەکەت مەبە و هیچ گرفتێکی نیە.

دواتر سەری دەخاتە نێو دەستەکانی و دەڵێت: مێرد ... خانم ... زۆر دەمێکە؟ لەکەیەوە؟ مێرد ... ها ...ها... ها... ئاخر بە منیش دەڵێن مێرد؟ بۆ ئەوە باشم وەبەر قامچیانم دەن ، من گەمژەم! بەڵام ئەو تا دوێنێش کچێکی عازەب بو ... هەرگیز باوەڕ ناکەم!

یەکێك لە گەشتیارەکان دەڵێ: بەڕاستی لەم سەردەمەدا بینینی کەسێکی خۆشبەخت ، وەك بینینی فیلێکی سپیە.

ئیڤان ئەلیکسێڤیچ – کەپێڵاویکی نوك باریکی لەپێدایە – قاچەکانێ ڕادەکێشێ و دەڵێ: ڕاست دەکەی ، بەڵام ئەمە تاوانی کێیە؟ ئەگەر کەسێکی خۆشبەخت نیت ، جگە لە خۆت کەسی تر تاوانبار مەکە! بەڵێ! مرۆڤ بۆ خۆی خۆشبەختی خۆی بنیاد دەنێ و دروستی دەکا ،چ بەربەستێکت لەبەردەمدایە؟ تۆش دەتوانی خۆشبەخت بیت! بەڵام ناتەوێ و سەرسەختانە خۆتی لێ دور دەخەیتەوە .

: توخوا ئەمەش بوە قسە؟ دەی پێمان بڵێ با ئێمەش بیزانین؟



: زۆر ئاسانە ... ئەمە یاسای سروشتە ، هەمو مرۆڤێك لە سەردەمێکی دیاریکراوی تەمەنیدا یەکێکی هەر خۆش دەوێ ، هەرکە ئەم قۆناغەش دەستیپێکرد ، مرۆڤ دەبێ بەتەواوی بونیەوە بەرەو پیری بچێت ، بەڵام ئێوە سەرپێچی لە فەرمانەکانی سروشت دەکەن و چاوەڕوانی چەند

شتێکن لە ژیاندا. دواتر ... خۆ لە یاساشدا هاتوە کە هەمو مرۆڤێکی تەندروست و ئاسایی دەتوانی زەماوەند بکا ، با پێتان بڵێم مرۆڤ تا زەماوەند نەکا خۆشبەخت نابێت. هەرکاتێ هەل و مەرجەکە گونجاو بو ، دەبێ زەماوەند بکرێ ، خۆ دواخستن کارێکی باش نیە ... بەڵام ئێوە ناتانەوێ ژن بێنن! هەموتان چاوەڕوانی چەند شتێکن! ئێوە بۆ خۆشتان دەزانن لەکتێبی ئاسمانیدا هاتوە کە شەراب دڵی مرۆڤ شاد دەکا ... ئەگەر شاد و خۆشبەختی و بتەوێ شادتریش بیت ، دەبێ بچیتە فرۆشگایەك و دوسێ پەرداخ هەڵدەی ، مرۆڤ لە جیاتی ئەوەی قسەی گەورە و فەلسەفی بکا ، دەبێ بەراورد لە نێوان شتەکاندا بکا و بیانکاتە سەرمەشق ونمونەیەك بۆخۆی ! بژی نمونە !

: تۆ دەڵێی مرۆڤ خۆی خۆشبەختی خۆی بنیاد دەنێ ، سندان لەم بنیادنانە دا ، کەهەمو خۆشبەختیەکەی بەهۆی ددان ئێشەیەکەوە یان بەهۆی خەسویەکی خراپەوە ، لەبەین چێت. ئیستا ئەگەر شەمەندەفەرەکەمان توشی پێکدادان بێت ، بۆنمونە وەك پێکدادانەکەی چەند ساڵ لەمەوبەری وێستگەی ( کۆکۆ یۆ ڤسکایا) ،

ئەوسا دلّنیام لەسەر ئەم قسانەت نامێنی و وەك دەلّێن لە ئاوازێکی تر دەخوێنی...

تازە زاوا ، بە ناڕازیبونەوە وەلّام دەداتەوە: وانیە ! خۆپێکدادان ئەوپەری سالّی جارێك ڕودەدا ، من بەشبەحالّی خۆم هیچ ترسێکم لەم جۆرە ڕوداوو کارەساتانە نیە ، چونکە هیچ هۆکارێك نابینم بۆ ڕودانی ئەم جۆرە کارەساتانە ، جگە لەوەش زۆر بەدەگمەن شتی لەو چەشنە ڕودەدەن ، بەگۆڕی بابی ، چ دەبێ با ببێ! هەرنامەوێ گوێم لەو قسانەش بێت ، باشە برادەرینە خەریکین دەگەینە وێستگەی داهاتو.

پیتەر پترۆڤیچ دەپرسێ: ئەرێ بەڕاست پێت نەگوتم نیازی کوێت هەیە؟ دەچیە مۆسکۆ یان بەرەو باشور دەچیت؟

: ئەمن ئەوە لەمۆسکۆوە بەرەو باکور دەڕۆم ، باشوری چی؟

: ئێ خۆ مۆسکۆ باکور نیە؟

: دەزانم! ئێمەش نیازی پتروسبۆرگمان هەیە.

: ئێ خۆ ئێستا ئێمە بەرەو مۆسکۆ دەچین!

تازەزاوا سەرسام و حەپەساو دەپرسێ: بەرەو مۆسکۆ دەڕۆین؟

: سەیرە ... بلیتی کوێت بڕیوە؟

: پتروسبۆرگ.

: جاکەوابێ پیرۆز بایت لێ دەکەم! بە پێچەوانەوە سوار بویت.

بۆ ماوەیەکی کەم ، بێدەنگی دایاندەگرێت ، تازە زاوا هەلّدەستێ و نیگایەکی سەرخۆشانەی دەوروبەری خۆی دەکات.



پیتەر پترۆڤیچ ، وەك ڕونکردنەوەیەك دەلّێ: بەلّێ هاوڕێی خۆشەویست ، کەوابێ لەوێستگەی بۆلۆگۆیا شەمەندەفەرەکەت لێ گۆڕاوە و سواری شەمەندەفەرێکی تر بویت ، دیارە بەو دوسێ پەرداخە بیرت کردۆتەوە و بڕیارت داوە سواری شەمەندەفەرێکی پێچەوانەی ئاراستە بیت!

تازە زاوا ڕەنگی بەڕوخسارەوە نامێنێ ، سەری خۆی دەخاتە نێو هەردو دەستەکانیەوە و بەبێ ئارامیەوە بەنێو فارگۆنەکەدا دێت و دەچێ و دەلّێ: ئای کە بەدبەختم ! ئێستا چی بکەم؟ قوڕی کوێ بەسەر خۆمدا کەم؟

گەشتیارانی نێو فارگۆنەکە دلّی دەدەنەوە: گرینگ نیە ... تەلەگرامێك بوٚخانمەکەت بنێرە ،هەرکە گەیشتینە یەکەم وێستگەش سواری شەمەندەفەرێکی خێرا بە و لەوانەیە بگەیتەوە خانمەکەت.

تازەزاوا کە ( بنیادنەری خۆشبەختیەکانی خۆیەتی) ، بەگریانەوە دەلّێ: شەمەندەفەری خێرا! پارەی شەمەندەفەری خێرام لەکوێ بو؟ جزدانی پارەکەم لای ژنەکەمە.

گەشتیارەکان بەپێکەنین و فسکە فسکەوە لە ناو خۆیاندا هەندێك پارە کۆدەکەنەوە و دەیدەنە دەست تازە زاوای خۆشبەختەوە.

# زاوا و خەزوور

(چیرۆکێکی سەردەمیانە)

لەمیوانداریەکی ئاهەنگ و سەمادا کە لەشارۆچکەیەك سازیان کردبو ، ئاشنایەك رویکردە (پیتەرپترۆڤیچ میلکین) و گوتی: بیستومە دەڵێن بەنیازی ژن بێنی؟

: بە چیدا دیارە نیازی ژن هێنانم هەیە؟ چ گەمژەیەك ئەم قسەیەی پێ گوتوی؟

: هەموان وادەڵێن ، خۆ دیاریشە کەوایە ، بۆچی لێمانی دەشاریەوە بابە؟ تۆ پێتوایە ئێمە لە گوێی گادا نوستوین! باش لە نیازەکانت – کەوەك ڕۆژی ڕونن – تێگەیشتوین هە... هە... هە...خۆدیارە جەنابت هەر لەبەیانیڕا تا ئێوارێ لە ماڵی کۆندراشکین نایەدەرێ ، نیوەڕۆ و ئێوارە لەوێ نان دەخۆی و ڕۆمان دەخوێنیەوە و جگە لە ( ناستینکا کۆندراشکینا) ،پیاسە لە گەڵ کەسی تردا ناکەیت و تەنیا چەپکە گوڵ بۆ ئەو دەبەی ... کاکە ... هیچ شتێك لەچاوی ئێمە ون نابێ. دوێنێ بەڕێز (کۆندراشکین) م بینی گوتی: خەریکین قسەی لەسەر دەکەین هەرکە گەڕاینەوە شار ، خەریکی ڕێکخستنی کاروباری زەماوەندەکە دەبین ... باشە ئەمە چی تێدایە؟ خوابکا وابێ ، باوەڕت هەبێ بەشی زۆری لەبەر کۆندراشکین ئەم زەماوەندەم



پێخۆشە ، داماوە حەوت دانە کچی هەن ، حەوت دانە! ئەمە گاڵتەیە؟ خوا بکا هەر یەکێکیشیان بەپێو ڕێی خۆیەوە بڕوات ...

میلکین ، لەمێشکی خۆیدا دەیگوت : ( بەنەفرەت بی ئەمە دەیەمین کەسە لەبارەی زەماوەندی من و ناستینکاوە قسەم لەگەڵدا دەکا! تێناگەم ئەم خەڵکە بۆچی بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە! دڵنیام هەر لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژانە لەماڵی ئەواندا نان دەخۆم وپیاسە لەگەڵ ناستینکادا دەکەم ... هەتا دەرفەت هەیە ، دەبێ کۆتایی بەم قسە و قسەلۆکانە بێنم ، گەرنا کاتێ بەخۆم دەزانم ئەو خودا نەناسانە ڕایەخی زەماوەندم بۆ ڕادەخەن. دەبێ سبەی سەرێك لەو کۆندراشکینە گەمژەیە بدەم و لەوبارەیەوە قسەی لەگەڵدا بکەم و هەندێك شتی بۆ ڕون کەمەوە ، با لەخۆڕا شت ڕێك نەخا و دڵی خۆی بەم زەماوەندە خۆش نەکا و دواتر ... خوداحافیزی لێ بکەم .

سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر ، میلکین بە شەرم و جۆرێك لە ترس و دودڵیەوە بەرەو ڤێللاکەی کۆندراشکین ، کارمەندی پلە شەشی دەوڵەت ، وەڕێ کەوت و چوە ژورەکەیی و خاوەن ماڵ بە پیریەوە چو و بەخێرهاتنێکی گەرمی کرد: سڵاو لەپیتەرپترۆڤیچ ! تەندروستیت چۆنە؟ چیە! دەڵێی نیگەرانی؟ هە... هە... هە... ناستینکا ئێستا دەگەڕێتەوە ... چوە سەرێك لەخێزانی گۆسێڤ بدا.

میلکین ، بە شەرمەزاریەوە برێك چاوەکانی هەڵگۆڤین و

به منجه منجه‌وه گوتی: له‌ڕاستیدا ... بۆ دیده‌نی ناستینکا نه‌هاتوم ... هه‌ندێك كارم به به‌ڕێزته ... ده‌مه‌وێ هێندێك قسه‌ت له‌گه‌ڵدا بكه‌م ... ئاخ ... شتێك چوه نێو چاوم ...

كۆندراشكین سه‌یرێكی كرد و گوتی: ده‌ته‌وێ له‌باره‌ی چیه‌وه قسه‌م له‌گه‌ڵدا بكه‌ی؟ ...خۆ ئه‌مه‌پێویست به‌شه‌رم ناكا ، پیاو نابێ هه‌ست به شه‌رم وخه‌جاڵه‌تی بكا! ئاخ له‌ده‌ست گه‌نجانی وه‌ك ئێوه! له مه‌به‌سته‌كه‌ت گه‌یشتوم ، ده‌زانم ده‌ته‌وێ چ بڵێی ... له‌ڕاستیدا ده‌بو ده‌مێك با ...

: له‌ڕاستیدا ... شته‌كه وایه و ده‌بێ ... هاتوم خوداحافیزیت لێبكه‌م ... سبه‌ی نیازی ڕۆیشتنم هه‌یه ...

كۆندراشكین حه‌په‌سا و چاوه‌كانی زه‌ق بونه‌وه وپرسی: لێره ده‌ڕۆی؟

: به‌ڵێ ... ده‌بێ له‌خزمه‌تتان ...ئه‌گه‌ر مۆڵه‌ت هه‌بێ ... زۆر سوپاسی ئه‌و میوانداری و دڵفراوانیه‌تان ده‌كه‌م ... به‌ڕاستی كچه‌كانت زیاد له‌ئه‌ندازه میهره‌بان و ڕێكوپێكن ... هه‌رگیز ئه‌وكاتانه‌م له‌بیر ناچنه‌وه كه‌له‌گه‌ڵ ئێوه‌دا به‌سه‌رم برد ...

خاوه‌نماڵ ، نێوچاوانی گرژ كرد و قسه‌كانی به میلكین بڕی و گوتی: مۆڵه‌تم بده‌یه ... به‌ڕاستی ئه‌من هیچ سه‌ر له‌م قسانه‌ی تۆ ده‌رناكه‌م ، ئه‌ڵبه‌ته هیچ گومانێك له‌وه‌دا نیه هه‌مو كه‌س ئازاده و ماف خۆیه‌تی بۆكوێ ده‌ڕوا ... تۆش هه‌ر كارێك پێت خۆشبێ ده‌توانی بیكه‌ی ، به‌ڵام خه‌ریكی به‌هه‌ڵه‌دا ده‌چی و ئه‌مه‌ش كارێكی ئابڕومه‌ندانه نیه !

: من ... من تێناگه‌م له‌به‌رچی به‌هه‌ڵه‌دا ده‌چم؟



: ته‌واوی ئه‌م هاوینه‌ت له‌ماڵی مندا به‌سه‌ر برد و خواردت و خواردته‌وه و هیواو ئومێدت خسته دڵمانه‌وه و له‌به‌یانیه‌وه تا ئێواری جرت و فرتت بو له‌گه‌ڵ كچه‌كانمدا و ئیستاش ده‌ڵێی خوداحافیز؟

: به‌ڵام من ئومێدم نه‌خستۆته دڵی كه‌سه‌وه .

: ڕاسته كه به‌فه‌رمی نه‌هاتویته داخوازی ، به‌ڵام به ڕه‌فتارته‌وه دیاربو مه‌به‌ستت چیه ، هه‌مو ڕۆژێ نانی نیوه‌ڕۆ و ئێواریت له ماڵی مندا ده‌خوارد و تا ده‌تتوانی ده‌ست له‌نێو ده‌ستی (نادیا) ، ده‌گه‌ڕایت و پیاسه‌ت ده‌كرد ... ئایا ئه‌م كارانه بێ مه‌به‌ست ده‌كرێن؟ ئه‌وه ته‌نیا زاوایه كه‌ده‌توانێ سێ ژه‌مه له‌ماڵی خه‌ڵكیدا نان بخوا ، ئه‌گه‌ر تۆ داخوازیكه‌ر نه‌بای! پێتوایه هه‌مو ڕۆژێ بۆ نانی نیوه‌ڕۆ و ئیوارێ بانگم كردبای؟ ئه‌م جۆره قسانه هه‌رگیز ناچنه مێشكی منه‌وه ، ده‌بێ هه‌ر ئێستا بێیه‌پێشێ و كاره‌كه ڕێكبخه‌ین ، گه‌رنا ... گه‌رنا ...

: بڕوانه ... ناستینكا ... كچێكی له‌ئه‌ندازه به‌ده‌ر میهره‌بان و له‌بار و جێگای ڕێزه ... هاوسه‌رێكی له‌و باشتر ... به‌ڵام له‌ڕاستیدا من و ئه‌و نه‌مانتوانی لێك تێ بگه‌ین .

كۆندراشكین به‌پێكه‌نینه‌وه گوتی: هه‌ر ئه‌وه‌نده؟ به‌س له‌به‌ر ئه‌وه‌نده؟ بۆ هه‌مو دونیا بگه‌ڕێی ژنێكت ده‌سده‌كه‌وێ وه‌ك مێرده‌كه‌ی بیربكاته‌وه؟ ئاخ له‌ده‌ست گه‌نجی وه‌ك ئێوه! هه‌رئه‌وه‌نده‌ی بیرێك به مێشكتاندا هات ئیدی ناتوانن به‌و ئاسانیه له‌مێشكی خۆتانی وه‌ده‌ر نێن! هه‌... هه‌... هه‌... مرۆڤ سه‌ری لێتان سوڕده‌مێنێ ... ئه‌مرۆ لێكدی تێناگه‌ن ئه‌مه هه‌رگرفت نیه ، ته‌نیا

ئەوەندە بەسە یەك ساڵ پێکەوە بژین ، ئیدی تەواوی ئەم ناهەمواری و لێك نەگەیشتنانە لەبەین دەچن. بۆنمونە شەقامێکی تازە دروستکراویش ناکرێ گالیسکەی تێدا لێخوڕی ، بەڵام دوای ماوەیەك تادەتوانی لێخوڕە .

: قسەکانت ڕاستن ... بەڵام ... لەوانەیە من شیاوی ناستینکا ...

: نانا ... هەر زۆریش شیاوی ... قسەی بەلاش مەکە ... تۆ گەنجێکی زۆر باشی .

: بەڵام لێرەدا شتێك هەیە ، تۆ ئاگاداری ژیانی من نیت ، کاکە من کەسێکی هەژار و دەسکورتم ...

: دیسان قسەی بەلاش ... خۆ هەرنەبێ مانگانە موچەیەکت هەیە و ئەمەش بەسە و زۆر سوپاس بۆخودا ...

: بەڵام ... من عەرەقخۆرم ... گیرۆدەبوم .

خاوەنماڵ دەستی ڕاوەشاندن و گوتی: ئەم قسانە چین؟ ئەمن تا ئێستا یەك جاریش بە سەرخۆشی نەمدیوی ، جگە لەمەش ، تۆ گەنجێکی! با بشخۆیتەوە! منیش لە سەردەمی گەنجیدا ، نەك هەر خواردنەوە ، بەڵکو زیادڕەویشم دەکرد...گەنجێتیە ئیدی ...

: بەڵام ئەوەی من خواردنەوەیەکی ئاسایی نیە ، بەڵکو ئالودەبونە ... ئالودە بون بە خواردنەوە ، شتێکی بۆماوەیی بنەماڵەکەمانە.

: باوەڕناکەم ... چڵی گوڵ و ئالودەیی؟ هەرگیز باوەڕ ناکەم .

: کاکە ڕاستیەکەی جگە لەئالودەیی ، هەندێك کردەوەی نەشیاوی ترم هەن ، پیاوی هەق و حیساب و ...



: بەڕێزم کێ وەرناگرێ؟ هە ... هە ... هە ...پێتوایە سەرم سوڕماوە؟

: ئاخر تا چارەنوسم ڕون نەبێت ناتوانم ژن بێنم ... ڕاستیەکەی تا ئیستا ئەمەم لێ شاردبویەوە بەڵام ئیستا ناچارت کردم باسی بکەم ... فایلی تۆمەتی دزیم هەیە و بڕیار وایە بەم نزیکانە دادگایی بکرێم .

کۆندراشکین بە وڕ و گێژیەوەپرسی: دادگایی؟ ئەمەیان شتێکی تازەیە ... نەمدەزانی ... هەقی خۆتە ، تا چارەنوست دیار نەبێ ، نابێ ژن بێنی ...

: چەندت دزی؟

: ١٤٤هەزار ڕۆبڵ .

: پارەیەکی کەم نیە ... بەڕاستی فایلەکەت بۆنی سیبریای لێدێ ... لەوانەیە ژیانی کچەکەم پڕبێ لەبەدبەختی و کوێرەوەری ... بەڵێ ، کەوابێ بەم حاڵەوە هیچ ناکرێ ... خوات لەگەڵ.

میلکین ، هەناسەیەکی ئاسودەی هەڵکێشا و دەستی بۆ کڵاوەکەی درێژ کرد ... کۆندراشکینیش دوای بڕێك بێدەنگی ، گوتی: ئێ باشە خۆ ناستینکا تۆی زۆر خۆش دەوێ! کەوایە بۆچی لەگەڵ تۆدا نەیەتە سیبریا؟ خۆ عیشق و خۆشەویستیش بێ فیداکاری و لەخۆ بوردویی شتێکی بێ مانایە! جگە لەوەش (تۆمسك) شارێکی زۆر بە بەرهەم و بەرەکەتە. ژیان لە سیبریا چەند بەرابەر لێرە خۆشتر و باشترە ، بەخودا هاتبا و منداڵم نەبان دەڕۆیشتم و بۆخۆم لەوێ دەژیام. دەوەرە دەی دەوەرە با زەماوەندەکە ڕێکخەین .

میلکین ، لەمێشکی خۆیدا بیری کردەوە : ( ئەم شەیتانە ئامادەیە لەبەر سوك کردنی باری خۆی ، کچەکەی بداتە هەموو پیس و چەپەڵێك ).

: ئاخر کاکە هەر ئەوەندە نیە ! هەندێك شتی تریش هەن دەبێ پێتی بڵێم ... جگە لەو فایلە ، فایلی ساختەکاریشم هەیە.

: جا ئەمە چ جیاوازیەك دروست دەکا؟ دو تۆمەت هەر یەك سزایان هەیە.

: تف!

: بۆچی تف؟

: لەبەرئەوەی ... گوێ ڕاگرە من ئیستاش هەمو شتەکانم پێنەگوتوی ... ناچارم مەکە گەورەترین نهێنی ژیانی خۆم بدرکێنم ...

: زانینی ڕاز و نهێنیەکانی تۆ چ دەردێکی من دەوا دەکا؟ ئەمانە قسەی بەلاشن برا!

: کاکە قسەی بەلاش نین! ئەگەر برێك هێدی بیت و بزانی من کێم ... ئەوسا لەبری ئەوەی کچەکەتم بدەیتێ ، پشتم تێدەکەی ... من ... دورخراوەیەکی هەڵاتوم.

کۆندراشکین ، بەم قسەیە وەك ئەوەی مار پێوەی دابێ ، شێوا و لەجێگای خۆی هەستا و برێك لەمیلکین وەدورکەوت ، ماوەیەك بەو شێوەیە بێ جوڵە مایەوە و تێیڕاما ، ئەمجار خۆی خستە سەر کورسیەکە و بەدەنگێکەوە کە بێ ئومێدی تێدا بەدی دەکرا ، گوتی: هەرگیز بیرم بۆشتێکی لەم چەشنە نەدەچو ... ئەمن مارم لە باخەڵی



خۆمدا پەروەردە کرد ، فەرمو بۆ دەرێ ، نامەوێ چاوم بە چاوت بکەوێ . میلکین کلاوەکەی هەڵگرت و لەخۆشی ئەو سەرکەوتنەی وەدەستی هێنابو ، بەرەو دەرگای دەرێ وەڕێ کەوت ...

بەڵام لەو ساتەدا کۆندراشکین گوتی: ڕاوەستە پەلە مەکە ، ئەدی چۆنە تا ئێستا دەسگیریان نەکردویەوە ؟

: هەروا بە ئاسانی ناتوانن بمگرنەوە ، ناوی خۆم گۆڕیوە.

: ئەها ... وەڵاهی لەوانەیە تا کۆتایی ژیانیشت نەتوانن پەی بەم نهێنیە بەرن و بتدۆزنەوە ، پەلە مەکە ... تۆ گەنجێکی باشی ... دەزانم ماوەیەکی زۆریشە تۆبەت کردوە ... کوڕە دەپەنا بەخوا ، چ دەبێ بابێ ، کێشە نیە ، وەرە پێشێ.

میلکین سەرتاپای جەستەی ئارەقەی لێ نیشت ... نەیدەزانی چ درۆیەکی لەمە گەورەتر بدۆزێتەوە ... بیری بۆ هیچ شتێك نەدەچو ... چارە نەمابو جگە لەوەی بێ هیچ لێکدانەوە و ئامادەکاریەکی پێشوەختە ، تا تینی تێدایە ڕاکا وخۆی ڕزگار کا ... خۆی ئامادەکرد لەدەرگاوە فرتەی لێ بکا.

بەڵام لەو ساتەدا بیرێکی بە مێشکدا هات ... گوتی: کاکە گرفتێکی تریشم هەیە ... ئەگەر ڕاستیەکەیت دەوێ من شێتم! ... خۆشت دەزانی شێت بەکەڵکی ژن هێنان نایە ...

: باوەڕناکەم ... شێت و ئەم قسە بەجێیانە؟!.

: لەقسەکەتەوە دیارە کە شارەزاییەکی ئەوتۆت لەو بارەیەوە نیە ، هێندێك کەس حاڵەتی شێتیان جارجارە ، ئەوکاتانەی کە ئاسایین ، هیچ کەس هەستیان پێناکا.

: پێموانیە ئەم جۆرە شێتیە لە تۆدا هەبێ ، پێم خۆش نیە لەم بارەیەوە قسە بکەیت.

: ئەدی چ بکەم؟ کە باوەڕم پێنەکەی ناچارم ڕاپۆرتی دکتۆرت بۆبێنم.

: ڕاپۆرتی دکتۆرم قبوڵە ، بەڵام قسەکانی تۆ نەخێر.

: ئێ باشە ، کەوایە دوای نیو کاتژمێری تر دێمەوە و ڕاپۆرتی پزیشکت بۆ دێنم ... خوداحافیز....

* * *

میلکین ، ئەمەی گوت و بەپەلە کڵاوەکەی هەڵگرت و بەخێرایی لەدەرگاکەوە ون بو ، نزیکەی پێنج خولەك دواترگەیشتە لای دکتۆر (فیتیوۆڤ) ی ناسیاوی ، کەئەویش چەند خولەکێك لەوەو بەر لەگەڵ ژنەکەیدا ببوە دەمەقاڵێیان.

کاتێ میلکین گەیشتە ئەوێ ،خەریك بو قژی دادێنا. میلکین ڕوی کردە ناسیاوەکەی و گوتی دۆستی خۆشەویست! داواکاریەکم هەیە ! فریام کەوە ! دەیانەوێ پەڕو باڵم بکەن و توشی ژن هێنانم کەن ... بۆ خۆ ڕزگارکردن گوتومە شێتم ... تۆ دەتوانی بە سود وەرگرتن لە



ڕەوشی (هاملێت ) ... ئەها ... دەزانی مەبەستم چیە (ناکرێ شێتەکان ژن بێنن ) ... هاوڕێی خۆشەویست! بە پشت بەستن بەم ڕاستیە دەمەوێ ڕاپۆرتێکم بۆ بنوسی.

دکتۆر پرسی: ناتەوێ ژن بێنی؟

: بەهیچ شێوەیەك .

دکتۆر ، بەدەم شانەکردنی قژیەوە ، گوتی: کەواتەهیچ! کەسێك نەیەوێ ژن بێنێ ، نەك هەر شێت نیە ، بەڵکو وشیارترین و زیرەکترین کەسی سەر ڕوی زەویە ... بەڵام ئێه ... ئەگەر هاتو ڕۆژێك لەڕۆژان لەسەر ئەم بۆچونەی ئێستات نەمایت و حەزت لێبو ژن بێنی ، ئەوسا وەرەوە بۆلام تا دەسبەجێ ڕاپۆرتی شێتیەکەت بنێمە ناو دەستت ... ئەوسا هیچ شك و گومانێکم نامێنێ کە شێت بویتە.

# چیرۆکی بێ ناونیشان

خۆرەتاو لە سەدەی پێنجەمیشدا – دروست وەك ئەمڕۆ – بەیانییان لەلایەکەوە سەری دەردێنا و ئێوارانیش لەلایەکی ترەوە ون دەبو. بەیانیان یەکەمین زەردەی خۆرەتاو ، لەگەڵ شەونمی سەر ڕوی گوڵ و گیاکان ، ماچی ئاڵو گوڕ دەکرد و زەوی تین و تاوی بەبەردا دەهاتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ، هەموشوێنێك پڕدەبو لەشادی و ئومێد ، سەر لەئێوارانیش هێوری و ئارامی خۆی وەدەست دێنایەوە و خۆی لەنێو تاریکیەکی بێزارکەردا دەشاردەوە.

ڕۆژ وەکو ڕۆژانی تر و شەویش وەك شەوانی تر بون. بەدەگمەن هەورێك بەئاسمانەوە بەدی دەکرا کەپێچ وخول بدا و بیکاتە گرمەو بۆڵە ، یان نەیزەکێك لە بێزاری و نیگەرانیدا بکشێ. یان ڕاهیبێکی ڕەنگ پەڕیو ، بە هێواشی بچێتە لای هاوڕێکانی تری نێو دێرەکە و بکەوێتە باسی ئەوەی گوایا بڕێك لەولای دێرەکەوە بەورێکی بینیوە. هەرئەوەندە و ئیدی ڕۆژ وەك ڕۆژانی تر و شەویش وەك شەوانی تر بون.

ڕاهیبەکان کاریان دەکرد و نوێژیان دەکرد و لەدەرگای خوداوەند دەپاڕانەوە و نزایان دەکرد. بەڵام پیری دێرەکەیان ، ئۆرگی لێدەدا و ئاوازی دادەنا و بەزمانی لاتینی شیعری دەخوێندەوە ، توانایەکی



لەڕادە بەدەری هەبو ، ئەوەندە بەجوانی ئۆرگی لێدەدا تەنانەت ڕاهیبە بەتەمەنەکانیش – کەقاچیان بەلێوی گۆڕەوە بو و بەئاستەم هەستی بیستنیان مابو – کاتێ گوێیان لەموزیکە دڵگیرەکەی بوایا ، نەیاندەتوانی خۆڕاگرن و فرمێسکیان بەچاواندا دەهاتە خوارێ. هەرکاتێ لەبارەی شتێکەوە قسەی بۆ کردبان ، تەنانەت بابەتێکی ئاسایی لەوێنەی ڕوەك و گیانلەبەرەکان ، یان لەبارەی دەریاوە ، مەحاڵ بو فرمێسك بەچاویانەوە ، یان زەردەخەنەیەکی لەبار بەسەر لێویانەوە ، بەدی نەکەیت.

لەهەل مەرجێکی لەم شێوەیەدا ، مرۆڤ وا هەستی دەکرد چەند ژێیەك ، لەچەشنی ژێیەکانی ئامێرێکی موزیك ، لە ڕۆحیدا دەزرینگێنەوە.

هەرکاتێ حاڵەتێك ، دەرونی داگرتبا ، جا چ شادی چ غەم وخەفەت ، یان لەبارەی شتێکی ترسناکەوە قسەی کردبا ، بەهرەیەکی بەجۆش و کەف و کوڵ ، سەرتاپای جەستەی دەگرتەوە ، دڵۆپە فرمێسکەکان لە چاوانیدا دەدرەوشانەوە و ڕوخساری سور هەڵدەگەڕا و وەك هەور دەیگرماند. ڕاهیبەکان لەساتی گوێگرتنیاندا وایان هەست دەکرد ئێستا نائێستا بەهرە بەخشی پیری دێر ، گیانیان دەکێشێ.

پیری دێر ، لەم کات و ساتە بەشکۆیانەدا ، هێزو توانایەکی زۆری بەکاردێنا. کاریگەریەکی گەورەی لەسەر دەرونی ڕاهیبەکان جێدەهێشت. هێندە بەس بو فەرمانی پێکردبان خۆتان هەڵدەنە دەریاوە ، تاوەکو هەمویان بێ چەند و چۆن ، فەرمانەکەیان جێبەجێ کردبا.

نەواو سۆزی موزیك و ئەو سرودانەی لە ستایشی پەروەردگار و زەوی و ئاسمانەکاندا دەیچرین ، ببوە سەرچاوەی شادی و ئومێدی ڕاهیبەکان. جارجاریش لە ژیانی یەك ریتم و بێ گۆڕانکاریاندا ، دەبوە هۆکاری ئەوەی لە درەخت و خەزان و بەهاریش زویر و دلگیر بن. بەلاّم لە هەمو حاڵەتەکاندا ،پێویستیان بە بلیمەتی و لێهاتویی پیرەکەیان هەبو.

دەیان ساڵ تێپەڕیوە و ژیان لەم دێرەدا ، ڕۆژی هەروەك ڕۆژانی تر و شەویشی هەروەك شەوانی ترە. جگە لە باڵندە و دڕندەکان ، هیچ بونەوەرێکی زیندو قاچی نەدەخستە نێو ئەم دێرە. نزیکترین ئاوەدانیش ، نزیکەی سەد ڤرست لەم دێرەوە دور بو ، کەڕێگاکەی بەنێو بیابانێکی وشك و برینگدا تێدەپەڕی. تەنیا ئەوکەسانەی لەخۆیان بێزاربان ، یان ژیانی خۆیان بەهەند نەگرتبا و دەستیان لە خۆشی و شادیەکانی ژیان هەلگرتبا ، ڕێگای ئەم بیابانە وشك و برینگەیان دەکوتایەوە و خۆیان دەگەیاندە ئەم دێرە ، بۆئەوەی پاك ببنەوە و ببنە ڕاهیب.

کاتێ شەوێکیان ، پیاوێکی شارنشین ، بەندەیەکی گوناهکاری ئاسایی ، کەپێدەچو گیانی خۆی زۆر خۆش بوێ ، کەوتە لێدانی دەرگای دێرەکە بۆئەوەی دەرگای لێبکەنەوە. ڕاهیبەکانی نێو دێرەکە حەپەسان. کاتێ کابرای شاری وەژورکەوت ، بەرلەوەی بچێتە لای پیری دێر و داوای نزای خێری لێبکا و دەست بە نزا و پارانەوەکانی



بکا ، داوای نان و شەرابی کرد. کاتێ لێیان پرسی: چۆنە وا لەشارەوە ڕێگای کەوتۆتە ئەم بیابانە چۆڵە؟

ئەویش وەڵامی دانەوە کە گوایا لە ڕاو بوە و بڕێك لە ئەندازەی ئاسایی زیاتری خواردۆتەوە و بەو هۆیەشەوە ڕێگای هەڵە کردوە.

کاتێ ڕاهیبەکان داوایان لێکرد لایان بمێنێتەوە و ببێتە ڕاهیب و ڕۆحی خۆی ڕزگار بکا ، بەم قسەیە زەردەیەك گرتی و گوتی: من هاوتای ئێوە نیم.

دوای ئەوەی کە تێری خوارد وخواردەوە ، زۆر بە وردی هەڵیڕوانیە سەرتاپای ئەو ڕاهیبانەی کە چوار دەورەیان لێدابو و سەرێکی بادا و گوتی: (ئێوەی ڕاهیب چ دەکەن؟ بەس دەزانن بخۆن و بخۆنەوە ، ئەمەیە ڕێگای ڕزگار بونی ڕۆح؟ بڕێك ئەقڵ و ئاوەزتان بخەنەکار و بیربکەنەوە! لێرە بێ خەم و خەیاڵ لێی دانیشتون و پاڵتانداوەتەوە و دەخۆن و دەخۆنەوە و بیر لە هیچ شتێکی تر ناکەنەوە ، بەلاّم ئێستا کەسە نزیکەکانتان لەپەنایەکدا دەمرن و دەچنە دۆزەخەوە! بڕۆن بابە ... ئەوە باسی چ دەکەن؟ بڕۆن چاوێك بەشاردا بگێڕن و سەیرکەن بزانن چ ڕودەدا؟ هێندێك خەڵك لەپەنایەکدا لەبرسان دەمرن و لە هەمانکاتیشدا ، هەندێکی تر جێگا نیەپارەی تێکەن و خۆیان لەنێو فجق و فجوردا ونکردوە و پارویان کەوتۆتە ڕۆنەوە. مرۆڤەکان نەئیمانیان هەیە نەڕاستیش! ئەمە کێیە دەبێ هیمەت بکات و ڕزگاریان بکات؟ ئەرکی سەرشانی کێیە ، بەئاراستەیەکی دروست ، ڕێنماییان بکا؟ ئایا ئەمە ئەرکی کەسێکی هەمیشە مەستی

وەکو منە؟ وادەزانن خوداوەند ئەو ڕۆحە سادە و دڵە میهرەبان و ئیمانەی لەبەر ئەوە پێبەخشیون تا لەنێو ئەم چوار دیوارەدا لێی دانیشن وپاڵدەنەوە؟).

هەرچەندە کابرای شاری ، سەرخۆشیی پێوە دیاربوو و ڕێز و نەزاکەتیشی خستبوە لاوە ، بەڵام سەرباری ئەمەش کاریگەریەکی ئێجگار گەورەی لەسەر دڵ و دەرونی پیری دێرەکە جێهێشت.

دواتر ،پیری دێر هەندێك ڕونكردنەوە و ڕێنمایی دایە موریدەکانی و بەڕەنگێکی سور هەڵگەڕاوەوە ، گوتی: براکانم ، قسەکانی ڕاست بون ، ڕاست دەکا ئێستا مرۆڤە لانەواز و بێدەرەتانەکان ، بەهۆی بێ توانایی ولاوازی ئیمانیانەوە دەکەونە نێو زەلکاوی کفر و گوناهەوە و دەمرن. لە ساتەوەختێکی ئاوا ناسکیشدا ، ئێمە دەستمان خستۆتە سەر دەست و وەك ئەوەی ئەم شتانە هیچ پەیوەندیەکیان بەئێمەوە نەبێت. من پێم باشە وەڕێ بکەوم و بچمە شار و بڕۆم بەڵکو عیسای مەسیح – کە خەریکە لەبیر دەچێتەوە – بهێنمەوە یادی ئەو خەڵکە.

پیری دێر ، زۆر بە سەختی کەوتبوە ژێر کاریگەری قسەکانی کابرای شاریەوە ، سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر داردەستەکەی هەڵگرت و خوداحافیزی لە موریدەکانی کرد و بەرەو شار ، کەوتە ڕێ.

بەم شێوەیە ڕاهیبەکان ، لەشیعر و موزیك و وتارەکانی پیرەکەیان بێ بەش بون. نزیکەی دو مانگ بو ،پیرەکەیان جێی هێشتبون.

زۆر بیریان دەکرد ، بەڵام هێشتا دیار نەبو بگەڕێتەوە.



سەرەنجام لە کۆتایی مانگی ئەیلولدا دەنگی تەقەتەقی داردەستەکەی کەوتە بەر گوێی موریدەکانی. بەرەوپیری چون و دایانە بەر ڕێژنەی پرسیاران.  بەڵام پیر لەبری ئەوەی بە بینینی موریدەکانی شاد و خۆشحاڵ بێت ، دایە پرمەی گریان و هیچی نەگوت.

ڕاهیبەکان ،پیری خۆیان زۆر بە کزی و ماتی هاتە بەرچاوان ، ڕوخساری ماندو و ژاکاوی ، خەم و خەفەت و کۆڵەواری تێدا بەدی دەکرا ، ئەوکاتەی لە پرمەی گریانیدا ، شێوەی زیاتر بەکەسێك دەچو کە سوکایەتیەکی گەورەیان پێکردبێ.

ڕاهیبەکانیش دەگریان و بە قورگی پڕ لە گریانەوە لە هۆکاری گریانەکەیان دەپرسی. بەڵام پیر ، دوای ئەوەی هەندێك هێدی بوەوە ، چوە ژورەکەی خۆی و دەرگای لەسەر خۆی داخست.

تاحەوت ڕۆژان لە ژورێ نەهاتە دەرێ ، نە نانی دەخوارد ، نە ئاوی دەخواردەوە ، نە ئۆرگی لێدەدا ، هەر دەگریا. هەرکاتێ ڕاهیبەکان هاتبان لەدەرگایان دابا و لێی پاڕابانەوە بێتە دەرێ و لەو خەم و خەفەتە ڕزگاریان کا ، لەگەڵ بێدەنگیدا بەرەوڕو دەبونەوە.

سەرەنجام پیر ، لەژورێ هاتەدەرێ ، ڕاهیبەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و بە چاوانی پڕلە گریان و دەنگێکی غەمناکەوە – کە تاڕادەیەك ڕق و قینیشی پێوە دیار بو – ئەوەی لەو سێ مانگەدا بینیبوی ، سەرەتا بەدەنگێکی ئارام و چاوانی پێکەنیناویەوە ، لە سەرەتای گەشتەکەیەوە دەستی کرد بە گێڕانەوە: کەچۆن بە درێژایی ڕێگا باڵندەکان بۆیان دەخوێند و چۆن جۆگەلە ئاوەکان شوڕە

شوڕیان دەکرد و چۆن هیوا و ئومێدی جوان ، ڕۆح و گیانیان وەسەما دێنا ، چۆن خۆی وەك سەربازێك دەهاتەبەرچاوان بەڕێدا بڕوات و باوەڕی تەواوی بەسەرکەوتن هەبێ و بەرەو مەیدانی جەنگ بڕوا. چۆن لێرەوە تا شار بیری کردبۆوە و سرودی گوتبون و شیعری خوێندبونەوە و هەستی بە دوری ڕێگاکە نەکردبو.

بەڵام هەرکە گەیشتە سەر باسی ئەوەی کە گەیشتە شار و هەڵسوکەوت و قسەکردن لەگەلً شارنشینەکاندا ، دەنگی لەرزەی تێکەوت و چاوەکانی بریسکەیاندا و ڕق و قین سەرتاپای جەستەی گرتەوە. ئەوەی لەشار بینیبونی و بەرچاوی کەوتبون ،پێشتر لەژیانیدا شتی وای نەدیبو ، تەنانەت ڕێگەی بەخۆًی نەدابو لە مێشکی خۆشیدا بەرجەستەیان کا.

لەوێ ، لەشار ، بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا هێز و توانای شەیتانی چەپەڵی بەچاوەکانی خۆی بینیبو. درکی ، بە فرت وفێڵ و حیلەبازیەکانی هێزی شەڕ و خراپەکاری و لاوازی و ترسنۆکی مرۆڤ ،کردبو.

بۆ بەدبەختی هەرکە دەگاتە شار و دەچێتە یەکەم ماڵەوە ، دەبینێ ( قەحپەخانە) یە ، کە تیایدا نزیکەی پەنجا پیاوی دەوڵەمەند ، زیاد لە ڕادە خواردبویانەوە و بەسەرخۆشی گۆرانیان دەگوتن ، قسەکانیشیان ئەوەندە دور لە ڕەوشت و نەفرەتیی بون ، موی جەستەی هەمو مرۆڤێکی باوەڕدار و لەخوا ترسیان گرژ دەکردەوە. ئەم بونەوەرە بزێو و شاد و زیاد لەڕادە ئازادانە ، نە لەخودا دەترسان و نە لە شەیتان و نە لە مردنیش ، هەرچی پێیان خۆش



بوایا دەیانگوت و دەیانکرد. هەرکە لەسەر ماملەیەکی شەهوانی ڕێکەوتبان ، ئەوا لێیاندەدا دەڕۆیشتن.

شەرابە جوان و خاوێنەکەشیان پریشکی داویشتن و هەڵدەچو.

پێدەچو زۆر شیرن و بەتام بێت چونکە دوای هەر جامێك کەهەڵیاندەدا ،پێدەکەنین و زیاتر حەزیان دەچوە سەر خواردنەوە. شەرابەکەیان بەدەم مرۆڤەوە پێدەکەنی. هەرکاتێ لێیان دەخواردەوە پریشکی داویشتن و هەڵدەچو ، لەمەوە بۆت دەردەکەوت کەچ جوانی و فرت و فێڵێکی شەیتانیانەی لەشیرینی خۆیدا هەڵگرتوە.

پیری دێر ، کە لە ڕقان فرمیسکی بەردەدانەوە ، هەروا لەبارەی ئەو شتانەی دیتبونی ، قسەی دەکرد. دەیگوت ژنێکی هەرزە و ڕوت وقوت ، لەسەر مێزێك لەنێو کۆمەڵێك پیاوی مەیخۆردا ڕاوەستابو وپیاوەکانیش بەدەوریدا ئەڵقەیان بەستبو. ئەستەمە مرۆڤ بتوانێ دیمەنێکی لەمە جوانتر و دڵفریوێن تر لەمێشکی خۆیدا بنەخشێنێ ، یان شتێکی لەو چەشنە لە سروشتدا بەدی بکا. ئەو مارە ژەهراویە ، ئەو کچە قژ درێژ و گەنم ڕەنگە ، کەچاوو برۆیەکی ڕەش و لێوەکانی گۆشتن بون ، بێ شەرمانە ددانەسپیەکانی دەردەخستن ، بەشێوەیەك پێدەکەنی ، دەتگوت نیازی ئەوەی هەیە بڵێ: (بڕوانن چەندە بێ شەرم و دڵڕفێنم). ئەو مت و موروە زێڕانە بەسەر شان و ملیدا هاتبونە خوارێ. جەستەی نازداری ، ئامادەنەبو لەنێو جل وبەرگەکانیدا خۆی بشارێتەوە و دەتگوت سەوزە گیای بەهارانە زەوی شەق دەکا و لەژێر خاکەوە سەر دەردێنێ. ئەو ژنە هەرزە و بێشەرمە

، شەرابی دەنۆشی و گۆرانی دەگوت و هەرچیەکیان حەزیان لێبوایە خۆی دەخستە بەردەستیان.
پیری دێر هەروا قسەی دەکردن و دەستی ڕادەوەشاندن. لەبارەی پێشبڕکێی ئەسپسواری و شەڕەگا و شانۆ و کارگەی وێنەکێشان ، واتا ئەو شوێنەی پەیکەریان لێ دروست دەکردن و لەسەر جەستەی ڕوتی ژنان ، تابلۆی هونەریان دەکێشا.

پیری دێر ، بەزمانێکی سادە و ڕون و پڕئاواز ، بە تاسوقەوە قسەی دەکردن ، دەتگوت دەیەوێ ڕیشە بەسەر ژێیەکدا بێنێ کە لێی ون بوە و بۆی نادۆزرێتەوە ...
ڕاهیبەکانیش ، مات و سەراسیمە ، سەراپای جەستەیان ببوە گوێ ، لەئەنجامی هەڵچونی هەست و نەستیاندا ، خەریك بو هەناسەیان ڕادەوەستا...
سەرەنجام پیری دێر ، دوای گێڕانەوەی تەواوی فرت و فێڵەکانی شەیتان و بریسکەی خەڵەتێنەری هێزی شەڕ و خراپەکاری و دیمەنە دلڕفێنەکانی جەستەی ژن ، شەیتانی بە نەفرەت کردو بەرەو ژورەکەی خۆی ڕۆیشت و ون بو ...
بەیانی زو کاتێ لەخەو هەستا و لە ژورەکەی خۆی وەدەرکەوت ، هیچ کام لەڕاهیبەکانی بەرچاو نەکەوت ، هەرهەمویان بەرەو شار فرتەیان لێکردبو.

# هاوینەواریەکان

تازە بوك و زاوایەك ، بە درێژایی هێڵی شەمەندەفەری نزیك هاوینەوارەکە ،خەریکی پیاسەکردن بون.

پیاوەکە ، دەستێکی لەکەمەری ژنەکە ئاڵاندبو و ژنەکەش خۆی بەوەوە نوساندبو. هەردوکیان هەستیان بە شادی و خۆشیەکی زۆر دەکرد.

نیوە مانگ ، لە ئاسمانەوە سەیری دەکردن و نێوچاوانی خۆی گرژ کردبو و خەم و خەفەت لە ڕوخساریدا بەدی دەکرا ،پێدەچو ، ئاخ بۆ سەردەمی لاوێتی خۆی هەڵکێشێ و ئێرەیی بەم دوانە بەرێ.

هەوا ، بێ جوڵە و بۆنی گوڵە کێویەکانی لێدەهات ، لەولای هێڵی شەمەندەفەرەکەوە ، دەنگی باڵندەیەك بیسترا...

ژنە گوتی: ساشا چەندە خۆشە! بەڕاستی دەڵێی خەون دەبینم! بڕوانە ئەو بێشەڵانە بچوکە! چەندە ئارامکەرە! بڕوانە ستونی تەلەگرافەکان! چەندە ڕێك و جوانن! ببینە ساشا! ئەمانە ژیانیان بەم شوێنە بەخشیوە! مانای ئەوەیە لێرەش ژیان هەیە ... پێشکەوتن هەیە ... مەگەر تۆ ئەو کاتانەی شنەبا دەنگی نەرمی شەمەندەفەرت بۆ دێنێ ، هەست بە خۆشحاڵی ناکەی؟

: بەڵێ ڕاست دەکەیت ... ئەرێ دەستەکانت بۆ وا گەرم داهاتون!... ئەرێ بۆ ئێوارێ چیمان هەیە بیخۆین؟



: چێشتی گیایی و مریشك ... مریشکەکە بەشی هەردوکمان دەکا ، جگە لەوەی لە شاریشەوە هەندێك ماسی ساردینیان بۆ ناردوین .

نیوە مانگەکە ، وەك ئەوەی بۆنی بە شتێکی تفت و ناخۆشەوە کردبێ ، ڕوی خۆی لە پشت هەورەکانەوە شاردەوە ، دیاربو خۆشی و شادی مرۆڤەکان ، ئەوی خستبۆوە یادی جێگە و نوێنە تەنیاکەی خۆی لەودیوی جەنگەڵ و دەشتەکانەوە ...

: ئەوە شەمەندەفەرێك خەریکە بەرەو ئێرە دێت.

سێ چاوی بڵێسەداری شەمەندەفەری لۆکۆمۆتیڤ ، لەدورڕا وەدەرکەوتن. سەرۆکی لقی وێستگەکە چوە سەر سەکۆکە ، لەهەردولای هێڵەکەوە چرای ڕێنمایی داگیرسان ، ساشا بەباوێشك دانەوە ، گوتی: ئەم شەمەندەفەرە بڕوات ، ئێمەش دەگەڕێینەوە ماڵێ. بەڕاستی ژیانێکی زۆر خۆش بەسەر دەبەین ، ئەوەندە خۆشە کەباوەڕ ناکرێ.

شەمەندەفەرە ڕەشەکە ، بێدەنگ ، تا ئاستی سەکۆکە چوە پێش و ڕاوەستا.

سەر و سیمای خەواڵوی گەشتیاران و کڵاوەکان و شانەکان – کە لەپەنجەرەکەوە دیاربون – کەوتنە جوڵە...

لە نێو فارگۆنێکدا ، دەنگێك هاتە بەرگوێ کە دەیگوت: (ئەها ڤاریا و مێردەکەی! هاتونە پێشوازیمان! ئەوەتان.

دو کچۆڵەی بچوك ، لە فارگۆنێك هاتنە دەرێ و خۆیان بە ملی ڤاریاوە هەڵواسی. دوای ئەوان سەرو سیمای ژنێکی قەڵەوی بەتەمەن

ویپیاوێکی باڵا بەرزی لاواز و دوای ئەوانیش دو قوتابی قۆناغی ناوەندی ، بەخۆیان و جانتاکانیانەوە و دوای ئەوانیش خزمەتکارەکەیان و سەرەنجام دایە گەورەیان ، یەك بەدوای یەکدا ، وەدەرکەوتن .

پیاوەکە ، لەکاتێکدا کە دەستی ساشای دەگوشی ، دەستی بە قسان کرد: ئەوە هاتین کاکە! پێموایە زۆرت چاوەڕێ کردین! ئاخۆ لەبەرئەوەی مامت تا ئێستا نەهاتۆتە لات ، چەندت جنێو پێداوە! منداڵینە! کۆلیا ، کۆستیا ، نینا ، فیفا ، وەرنە ئێرە ... دەستی مامە ساشا ماچ کەن! هەمو لە هەمو هاتوین تا سێ چوار ڕۆژان لاتان بمێنینەوە ، هیوادارم جێگاتان لێ تەنگ نەکەین ، ها؟ ڕاستیەکەی بڵێ ، شەرم مەکە...

ژن و مێردی خۆشحاڵ ، بە بینینی مامە و خێزانەکەی ، ترسیان لێ نیشت. ئەو کاتەی مامە قسەی دەکرد و ساشای ماچ دەکرد ، شتێکی لەم چەشنە بە مێشکی ساشادا هات: (خۆی و ژنەکەی ، هەرسێ ژورەکە و سەرینەکان و بەتانیەکان دەخەنە بەردەستی منداڵەکانیانەوە. ماسی سەردین و چێشتە گیاییەکە ، لەچاو تروکانێکدا دەخورێ. ئامۆزاکان ، چی گوڵی باخچەکە هەیە هەڵیدەکەنن ، شتەکان بەسەر فەرشەکەدا پەرش و بڵاو دەکەنەوە و دەیکەنە هات و هاوار و قیژە قیژێك ، ئەوسەری دیار نەبێ. ئامۆژنیش



، لە بەیانیەوە تا ئێوارێ لە بارەی نەخۆشیەکەیەوە دەدوێ و بەردەوام دەیلێت و دەیلێتەوە کە بەڕەچەڵەك لە بنەماڵەی ( بارۆن فۆن فنیتیش) ە و لە خێزانی ئەودا چاوی کردۆتەوە ...).

ساشا ، بە چاوانێکی نەفرەتیەوە دەیڕوانیە ژنەکەی و دەیگوت: سندانتان لێدا! هاتون ببنە میوانی تۆ!

ڤاریاش – کە ڕەنگی بە ڕوەوە نەمابو – بەڕق و توڕەییەوە ، وەڵامی دایەوە: نەخێر ، ئەمانە میوانی تۆن ، خزم و کەس و کاری تۆن ، نەك هی من! ئەمجار ڕوی کردە میوانەکان و زەردەخەنەیەکی هێنایە سەر لێوەکانی و گوتی: فەرمون فەرمون ، تکا دەکەم فەرمون!

نیوە مانگەکە ،جارێکی تر خۆی لەنێو پەڵە هەورەکان هێنایە دەرێ ، دەتگوت لەخۆشی ئەوەی کە هیچ خزمێکی نیە ، پێدەکەنێ.

ساشاش ڕوی خۆی وەرسوڕاند بۆ ئەوەی ڕوی ترش و تاڵی خۆی لەنیگای میوانەکان بدزێتەوە و هەوڵیدەدا بەدەنگێکی بەسۆز وپڕ لە خۆشەویستیەوە قسە بکات ، بۆیە گوتی: فەرمون ، میوانەخۆشەویستەکان فەرمون.

# ناکامی

(ئیلیا سێرگیۆڤیچ پیپلۆڤ) و ( کلیۆپاتراپترۆڤنا ) ی ژنی ، لەودیو دەرگای ژورەکەوە گوێیان ڕاگرتبو ، دیاربو لە ژورە بچوکەکەدا ، دو کەس لەبارەی عیشق و خۆشەویستیەوە دەدوان ، ئەو دو کەسە ، یەکیان (ناتاشا) ی کچیان و ئەویتر (شچۆپکین ) ی مامۆستای فێرگەی شارەکە بو.

پیپلۆڤی باوکی کچە ، لەخۆشیان هەمو جەستەی دەلەرزی ، دەستەکانی لێك دەسوی و لەژێر لێوەوە بەسرتە گوتی: خەریکە دەم بۆ قولابەکە دەبا ، ژنەکە تۆ دەبێ هەمو هۆش و بیرت کۆکەیتەوە و هەرکە قسەکانیان گەیشتە سەر باسی عیشق و خۆشەویستی ، دەبێ بێ دواکەوتن ( شەمایلی قەدیسان *) لەدیوارەکە داگریە خوارێ و بەڕاکردن بچین پیرۆزباییان لێ بکەین ... دەبێ خافلگیریان بکەین ... دەبێ دروست لەو ساتەدا بگەینە سەریان ... نزای بەخێریان بۆ بکەین ... نزای بەخێر، بەشێکە لە کارە پیرۆزەکان ، کەسێك نزای بەخێری بۆ بکرێ ئیدی هەرگیز ناتوانێ خۆی لەژێر باری هاوسەرگیری دەربێنی ... کاتێکیش بیەوێ برو بیانو بێنێتەوە ، ئەوا دەبێ لەدادگا ئامادە بێ.

لەم کاتەدا ، لەژورە بچوکەکەدا شچۆپکین خەریکبو دەنکە شقارتەیەکی بەپانتۆڵەکەیدا دەهێنا بۆئەوەی دایگیرسێنێ ، قسەی بۆ



ناتاشا دەکرد و دەیگوت: واز لەم ڕەفتارەت بێنە ، من هیچ کاتێك نامەم بۆ تۆ نەنوسیوە !

ناتاشاش کە بەدەم قسەکردنەوە جار جار لە ئاوێنەکەدا سەیرێکی خۆی دەکرد ، وەڵامی دایەوە: تۆ وات گوت و منیش باوەڕم پێکردی! یەکسەر خەتی تۆم ناسیەوە! تۆ مرۆڤێکی سەیری! مامۆستی فێرگەی خۆشنوسیت و ئەمەش خەتەکەتە؟ چۆن دەکرێ بەو خەتە جوانەوە خەڵکی فێری خۆشنوسی بکەی؟

: هم ... جا ئەمە چ شتێکی گرینگی تێدایە؟ لە فێرکردنی خۆشنوسیدا ، خۆشنوسین گرینگ نیە ، گرینگ ئەوەیە فێرخوازەکان لەکاتی وانەدا نەیکەنە ڕۆژی خۆیان ، کاتێ دەبینم فێرخوازەکان لەکاتی وانەدا خەریکی قسەکردنن ، ڕاستەکە هەڵدەگرم و دەکەومە وێزەیان ... ئیدی خەت جوان بێ یان ناشیرن ، چ جیاوازیەکی هەیە؟ من دڵنیام خەتی جوان واتا قسەی قۆڕ و بەلاش! بۆنمونە (نیکراسۆف) تا خواحەزکا خەتی ناخۆش بو ، بەڵام نوسەرێکی باش بو. من بۆ خۆم نمونەی خەتی ئەوم لە کۆبەرهەمە چاپ کراوەکەیدا بینیوە.

: بەڵام جیاوازی تۆ و نیکراسۆف ئاسمان و ڕێسمانە ...

دواتر درێژەی دایە: ئەگەر نوسەرێك بێتە داخوازیم ، ئەوا بێ دودڵی شوی پێ دەکەم ، بۆ ئەوەی وەك یادگاریەك ، بەچەپ و ڕاستدا شیعرم بۆ بنوسێ.

: ئنجا خۆ ئەوە هێندە قورس نیە؟ منیش دەتوانم شیعرت بۆ بنوسم.

: لەبارەی چیەوە؟

: لەبارەی عیشق و ... هەستەکان و . چاوەکانت و ... شیعری وات بۆ بنوسم! سەرسامت بکا ... فرمێسك بە چاوەکانتدا بێنە خوارێ!
ئەرێ بەڕاست ئەگەر شیعرت بۆ بنوسم ڕێگام پێ دەدەیت دەستت ماچ بکەم؟

: گوتم دەبێ خودایە چ بڵێت؟ بێ شیعر و ئێستاکەش دەتوانیت.

شچۆپکین ، لەجێی خۆی جولا و بەچاوانی لەخۆشیان دەرپەڕیوەوە ، لێوەکانی بەدەستەکانی ناتاشاوە نوساند ، کە بۆنی سابونی زەردێنەی هێلکەی لێ دەهات.

لەم کاتەدا پیپلۆڤ ، کەڕەنگی وەك بەفر سپی ببو ، ئانیشکێکی کوتایە کەلەکەی کلیۆ پاترای ژنی و بەپەلە دوگمەی چاکەتەکەی داخست و گوتی: خێرابە ، شەمایل ، شەمایلەکە لە دیوارەکە بکەرەوە ، ڕاکە ، دەی خێراکە. بۆخۆشیی بێ ئەوەی کات بەفیڕۆ بدا ، دەرگاکەی کردەوە و دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردنەوە و لەکاتێکدا بەچاوانی پڕ فرمێسکەوە لێکدا لێکدا برژانگی دەپرکاند ، گوتی: پیرۆزتان بێت گەنجەکان! ... نزای بەخێرتان بۆ دەکەم ... گەنجە خۆشەویستەکان ... خودای گەورە خۆشبەختتان بکا ... وەچەی زۆر بخەنەوە ...



کلیۆپاترای ژنیشی – کە لەخۆشیان دەگریا – گوتی: من ... منیش نزای بەخێرتان بۆ دەکەم ... بەئومێدی خودا شاد و خۆشبەخت دەبن و پێکەوە پیر وخەرۆ دەبن!

دواتر ڕویکردە شچۆپکین و گوتی: تۆ ، تاکە سەرمایەی ژیانم ، واتا کچە خۆشەویستەکەم لێ دەستێنی ... توخوا ئاگات لێ بێت و لەگەڵیدا میهرەبان بە ...

شچۆپکینیش کە لەترسان و لە سەرسامیدا حەپەسابو و دەمی داچەقاندبو ، شەبەیخونەکەی دایك و باوکی کچە ، هێندە لەپڕ و چاوەڕوان نەکراو بو ، نەیتوانی هیچ قسە بکا.

لەحاڵێکدا لەترسان هەڵدەلەرزی ، لەمێشکی خۆیدا لە بیرکردنەوەدا بو: ( ئەی هاوار چۆن کەوتمە تەڵەوە! چۆن خافڵگیریان کردم! کارم تەواوە! مەحاڵە بتوانم لەم کێشەیە خۆم دەربازکەم!).

ناچار سەری بۆ هەل و مەرجەکە دانواند ، تا شەمایلەکەی بەسەردابێنن ،

دەیویست بڵێت: (باشە ڕازیم).

باوکی ناتاشاش بەدەم گریانەوە گوتی: نزا ...نزای بەخێرتان بۆ دەکەم . ناتاشا کچم بڕۆ لەتەنیشتیەوە ڕاوەستە... پترۆڤنا ئەو شەمایلە بدەرە من ...

بەڵام لەم کاتەدا باوکە لەگریان کەوت و لەڕقان سور هەڵگەڕا ، بەوپەڕی ڕق و تورەییەوە ڕوی کردە پترۆڤنا و گوتی: هەی گەمژە! کەللەپوچ! سەیرکە لەجیاتی شەمایل چیت داوەتە دەستم!

: ئەی هاوار خودایە ئەمە چیە !

شـــچۆپکین ، بەنیگایـــەکی پڕلـــە ترســـەوە ، ڕوانیـــە شـــەمایلەکە و تێگەیـــشت ڕزگـــاری بـــوە. دایـــك و بـــاوکی ناتاشـــا ، لەپەلەپـــەلی و هەڵەداوانی خۆیان ، لە بری (شەمایلی پیرۆز) ، وێنەی ( لاژیچینکۆف) ی نوسەریان لە دیوارەکە کردبۆوە و هێنابویان .

پیپلۆڤی پـیر و کلیۆپاتراپترۆڤنـای ژنـی ، بەوێنەکـەی دەسـتیانەوە ، شەرمەندە و خەجاڵەت ، ڕاوەستابون و تاسابون.

لـــەم نێـــوەدا کـــاکی مامۆســـتا کـــەزانی هەڵـــەیان کـــردوە و هـــەل و مەرجەکەش لەبارە ، بەدەرفەتی زانی و بێ دواکەوتن قوچاندی.

(شەمایل*) ئەوپارچە تەختەیەیە کە قەدیسەکان بەهـەڵکۆڵین نـەخش و نیگار و وێنەی لەسەر دروست دەکەن و دواتر بە هۆی کاغـەز ، یـان ئاوریشمەوە وێنەکەی لێوەردەگرنەوە.

# نەزانی

گەنجێکی قژکاڵ ، کەڕوخسارێکی لاواز و ڕەق و وشکی هەبو و ئێسکەکانی گۆنای دەرپەڕیبون و باڵتۆیەکی چەرمی درێژی لەچەند لاوە دڕاوی لەبەردابو و پێڵاوێکی لبادی ڕەشی گەورەی لەپێدابو ، ڕاوەستا تا دکتۆری نەخۆشخانەکە کارەکانی خۆی تەواو کرد و بەرەو ئاپارتمانەکەی خۆی وەڕێ کەوت ، بەهەستێکی تێکەڵ بەترس و شەرمەوە ، لە دکتۆر نزیك بۆەوە و گوتی: تکایەکم هەیە قوربان!

: چیت دەوێ؟

گەنجەکە ناولەپی دەستی لەسەرەوە بۆ خوارێ بە لوتیدا هێنا و چاوی لە ئاسمان بڕی و گوتی: داواکاریەکم هەیە ... دکتۆری بەڕێز! برایەکەم نێوی (ڤاسیا) یە مەبەستم ئەو ئاسنگەرەی گوندی (ڤارڤارنی) یە ، لە نەخۆشخانەکەی ئێوەدا ، لەژوری تایبەت بە چارەسەرکردنی زیندایە نەخۆشەکاندا ، خەواندویانە ...

: ئێ باشە ، مەبەستت چیە؟

: ئاخر من برای ڤاسکام ... باوکم دو کوڕی هەیە یەکیان ئەو ڤاسکایەیە ، دوەمیشیان منم ، من ناوم ( کێریلا ) یە ... سێ خوشکمان هەن ، ڤاسکا خاوەن ژن و ماڵە ... منداڵێکی بچوکی هەیە ... هەمویان نانخۆری کارنەکەرن ... دو سێ ساڵ دەبێ کورەی



ئاسنگەریەکەمان بە کەڵکی کارکردن نایەت ، من بۆخۆم لە کارگەیەکی دروماندا کار دەکەم ... باوکیشم ئیدی توانای کارکردنی نەماوە ، هیچی بۆ ناکرێ ، تەنانەت ناتوانێ کەوچکە چێشتێکیش بەجوانی بۆ دەمی خۆی بەرێ ...

: ئێستا تۆ چیت لەمن دەوێ؟

: وەرە ئەو چاکەیە بکەو ڤاسکا ئازادکە.

دکتۆر ، بەسەرسوڕمانەوە سەیرێکی کێریلای کرد و بێ ئەوەی یەك قسە بکات ، لێیدا ڕۆیشت.

گەنجەکە خێرا ڕۆیشت وپێشی پێگرت و وەك نیشانەی ڕێز – کە ئەوەندەی نەمابو سەری لە پێڵاوەکانی دکتۆر بدا – خۆی نوشتاندەوە و بەبرژانگ پروکاندن و دەست هێنان بەلوتیدا ، تکای لە دکتۆر کرد: دکتۆرە باش و میهرەبانەکەم! توخودا واز لەو ڤاسکایە بێنە و لێی گەڕێ با بێتەوە ماڵێ ، تاماوم نزای خێرت بۆ دەکەم! توخودا کاکی دکتۆر لێی گەڕێ با بێتەوە ماڵێ! ئاوا بڕوا هێندەی پێ ناچێ هەمومان لە برسان دەمرین! دایکم لەبەیانیەوە تا ئێوارێ دەگری! ژنەکەی ڤاسکاش بەردەوام شین و گریانیەتی ... گوزەرانمان زۆر نالەبارە! ... خودابمکوژێ ئەگەر درۆ بکەم! ... دکتۆرە میهرەبانەکەم ، توخوا ئازادیکە!

دکتۆر بەڕقەوە سەیرێکی کرد وپرسی: ئەرێ تۆ شێتی یان گەمژەی؟

ئاخر من چۆن دەتوانم ئازادیکەم! مەگەر نازانی ئەو زیندانیە؟

کیریلا لەپڕمەی گریانیدا و بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە گوتی: وازی لێ بێنە بابچێتەوە ماڵێ.

: تف لە تۆ هەتیوی گەمژە ! من کوا مافی ئەوەم هەیە ئازادیکەم؟ بۆ پێت وایە من بەرپرسی زیندانم؟ هێناویانەتە نەخۆشخانە بۆ ئەوەی چارەسەری بکەم ، منیش ئەوە خەریکی چارەسەرکردنیم ، وەك چۆن ناتوانم تۆ بخەمە زیندانەوە ، ئاواش مافی ئەوەم نیە ئەو ئازاد بکەم ، تۆ زۆر گەمژەی ها !

: ئاخر ئەو برایەی منیان هەر لەخۆڕا خستوتە زیندانەوە ! جگە لەم جارە پێشتریش ساڵێك لە زینداندا بو ! ئەدی ئەمەی ئێستا چیە ! بۆچی دەبێ زیندانی بکەن؟ ئەگەر کەسێکی کوشتوە یان ئەسپی خەڵکی دزیوە بەهەرحاڵ! بەڵام چۆن دەبێت لەسەر شتی پڕ وپوچ خەڵك بخەنە زیندانەوە !

: قسەکەتم قبوڵە ، بەڵام پێم گوتی من هیچم لەدەست نایە.

: ڤاسکا منداڵە لادێیەکی سادەیە ، خۆشی نازانێ لە سەر چی خستویانەتە زیندانەوە ، جەنابی دکتۆر! ئەو ڕۆژە ڤاسکا سەرخۆش بو ، هیچ ئاگای لەخۆی نەبو ، تەنانەت لەبیرمە زلەیەکی کێشا بەبناگوێی باوکمدا و دەموچاوی خۆشی کێشا بە لقە دارێکدا و خوێنی پێدا هاتە خوارێ. دو منداڵی گەڕەکەکەمان چونە بندەستی و هەواو ئارەزوی توتنی تورکی لە کەللەی دابون ، چون لەبن گوێیان خوێند و ڕازیانکرد لەگەڵیاندا بچێتە دوکانی کابرای ئەرمەنی و دزی لێ بکەن. ئەو ڤاسکا گێژەش – کە سەرخۆش بو – ڕازی ببو و لەگەڵیاندا چوبو



قفڵی دوکانەکەیان شکاندبو و وەژورکەوتبون و چی کەل و پەلی دوکانەکە هەبو هەموویان تێك وپێك دابو ، هیچ شتێکی ساغیان تێدا نەهێشتبو. چی بتڵ و شوشە هەبو شکاندبویان ، چی ئارد و خوێ هەبو ڕشتبویان ، سەرخۆش بون ئیدی! خۆ ئاگایان لە خۆیان نەبوە ! ئیدی لەوکاتەدا سەروکەللەی سەرپاسەوان پەیدا دەبێ ... سەرەتا زۆریان هێنان و بردن ، دواتر ڕەوانەی لای لێکۆڵەریان کردن ، بێ ئەوەی لێیان بپرسنەوە ، ساڵێکی ڕەبەق لە زینداندا بون ، تا هەفتەی ڕابردو ، واتا هەر ئەو چوارشەممەیەی ڕابرد ، هەرسێکیان بردنە شار و دادگاییان کردن ... بەردەوام سەربازێکی تفەنگ بەدەستیشیان لەگەڵدابو ، خەڵکێکی زۆریش هاتنە دادگا و شاهیدیان لەسەردان ، گەرچی ڤاسکا تاوانەکەشی لەوانی تر سوکتر بو ، کەچی سزای سێ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاند ، دوانەکەی تریش یەکی دوساڵ . ئاخر لەبەرچی؟ توخودا ئەمە لەبەرچی؟

: جارێکی تریش دوبارەی دەکەمەوە: ئەم کێشانە هیچ پەیوەندیەکیان بەمنەوە نیە و من هیچم پێ ناکرێ ، بۆ خۆت بڕۆ بۆ لای سەرۆکی ...

: چومە لای ئەویش! چومە دادگا و داواشم پێشکەش کرد ، هەر لێشیان وەرنەگرتم! دوای ئەوە چومەلای سەرۆکی کەلانتەری و دوای ئەویش چومە لای لێکۆڵەر ...

هەمویان دەڵێن: (پەیوەندی بە ئێمەوە نیە). ئەدی پێم ناڵێی پەیوەندی بە کێ وە هەیە؟ بەڵام لەم نەخۆشخانەیەدا ، تۆ پلە وپایەت لە هەموان بەرزترە ، ئەوەی حەزت لێبێ دەتوانی بیکەت.

دکتۆر ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی: بەخوا گەمژەی! کاکە! با پێت بڵێم ، هەرکاتێ دەستەی دادوەری ، تاوانباری کەسێکی سەلماند ، ئیدی نەك سەرۆکی کەلانتەری ، پارێزگار و تەنانەت وەزیریش هیچی پێناکرێ ، ئیدی لەخۆڕایی خۆت ماندو مەکە! چیتر ئەم دەرگا و ئەو دەرگا مەکە و هیچ سودێکی نیە!

: بۆ تۆ وادەزانی کێ سزای زیندانی بەسەر ڤاسکادا داوە؟

: بەرێزانی دەستەی دادوەری ...

: کام بەرێزان؟ ئەو لادێییانەی لێرە بون؟ ئەندرێ گۆریوۆڤ و ئەلیوۆشکای بەراز؟

: باشە بەسە ، ئیدی من توانام نەما ، کاتم نەما ... ئەمەی گوت و بە دەست هەڵشەقاندنەوە بەرەو ئاپارتمانەکەی خۆی ، کەوتەڕێ.

کێریلا ، حەزی لێبو دوای بکەوێ ، بەڵام لەم کاتەدا دەرگای ئاپارتمانەکە بەتوندی داخرا و فریا نەکەوت.

چەند خولەکێك ، بێ جوڵە ، بەسەری ڕوتەوە لەناوەڕاستی حەوشەی نەخۆشخانەکەدا ڕاوەستا. چاوانی برینە دەرگای ئاپارتمانەکەی دکتۆر و ئاهێکی قوڵی هەڵکێشا و پشت ملی خوراند و بەرەو دەرگای دەرەوەی نەخۆشخانەکە ، کەوتەڕێ.



کاتێ گەیشتە کۆڵانەکە ، لەبەرخۆیەوە و بە ناڕازیبونەوە ، گوتی: ئەدی بچمە لای کێ؟ دەچمە لای هەرچیەك دەڵێ: (پەیوەندی بەمنەوە نیە) ، ئەدی پەیوەندی بە کێوە هەیە؟ ئەدی خۆ لە خۆڕایی نەیانگوتوە: ( بۆ ئەوەی کارەکانت بچنەپێش دەبێ سمێڵەکانت چەور کەیت) ، ئەو کاتەی دکتۆر قسەی دەکرد چاوی هەر لە نێو دەستم بو ، وایدەزانی پێنجییەکم بۆ ئامادە کردوە. نا برا! ئەگەر پێویست بکا دەچمە لای پارێزگار و لەویش دەپاڕێمەوە.

لەحاڵێکدا ، بێ ئەوەی پێویست بکا ، جارجار ئاوڕێکی لە دواوەی خۆی دەدایەوە ، شل و شەکەت و بێ توانا ، ملی شەقامەکەی گرت. دیاربو بیری لەوە دەکردەوە کە دوای ئەمە چی بکا؟.

گەرچی بەفر هێشتا بە شەقامەکانەوە مابو ، کەچی کەش و هەواکەی زۆر سارد نەبو ، بەفرەکە لەژێر قاچیدا کرتەکرتی دەکرد.

لەبەرامبەریدا شارێکی بچوك دیاربو ، هەرپێنسەد مەترێك لێیەوە دوربو ، براکەیان لەوێ زیندانی کردبو ، شارەکە لەسەر گردێك دروست کرابو.

لەلای ڕاستی شارەوە ، بینای زیندانەکە ، بەسەربانە شێروانیە سورەکەی و بورجی چاودێریەکەیەوە ، ڕەش دەچوەوە. لەلای چەپیشەوە دارستانێك ، کەبەفر گەڵاکانی داپۆشیبو ، دەهاتە بەرچاو.

بێدەنگی هەمو شوێنێك و هەمو شتێکی گرتبۆوە ، تەنیا پیرەمێردێك بە نیو باڵتۆیەکی ژنانە و کاسکێتێکی گەورەوە ، لەپێشیەوە

هەنگاوی دەنان و بەردەوام دەکۆخی و وەحەی لە مانگایەك دەکرد کە دابویەپێش خۆی و بەرەوە شار دەیبرد.

هەرکە گەیشتە پیرەمێردەکە ، گوتی: سڵاو باوکە.

: سەرچاو ...

: ئەوە ئەو مانگایە دەبەیتە شار بیفرۆشی؟

پیرەمێردەکە بە بێ تواناییەوە وەڵامی دایەوە: نا ، هەروا ...

: خەڵکی ئەم شارەی؟

ئیدی پێکەوە کەوتنە قسە.

کێریلا ، بەسەرهاتی خۆی ، تا ئەو شوێنەی چۆن چۆتە نەخۆشخانەکە و چ قسەیەکی لەگەڵ دکتۆردا کردوە ، هەموی بۆ پیرەمێردەکە گێڕایەوە.

کاتێ گەیشتنە شار ، پیرەمێردەکە گوتی: ئاخر کێ گوتی ئەم شتانە پەیوەندیان بە دکتۆرەوە هەیە؟ ڕاستە هەمویان دەوڵەمەندن ، بەڵام ئەو زانیاریانەی هەیانە تەنیا بەکەڵکی نەخۆشەکان دێت! دەنا داوایان لێ بکەی لەکارێکدا ڕێنماییت بکەن ، دۆش دادەمێنن. دەبێ بۆ ئەم جۆرە کارانە ، بچیتە لای ئەو بەرپرسانەی پەیوەندیان بەم کێشانەوە هەیە ، تۆ گوتت چومەتە لای دادوەر و سەرۆکی کەڵانتەری ... ئەوانیش دەردی تۆیان پێ دەوا ناکرێ.

: ئەدی بچمە لای کێ؟

: بۆ کێشە و گرفتەکانی خەڵکی گوند ، بەرپرسێکی زۆر گرینگ هەیە ، دادوەری دایمی ، نێوی (سینۆکۆڤ) ە .



: ئەوە دەڵێی کە لە (زۆلۆتۆڤ) ە .

: ئای دەم خۆش ، ئەو بۆ تۆ لەهەمویان باشترە ، ئەگەر کێشەکە پەیوەندی بە کاروباری دێهاتیەکانەوە هەبێ ، ئەوا دڵنیابە سەرۆکی کەڵانتەریش ناتوانێ قسە لە قسەیدا بکا.

: زۆر دورە برا ... ئەگەر بمەوێ بچم دەبێ سێ فرسەخ ڕێگا ببڕم.

: ئەوکەسەی ناچار بێت ، ئامادەیە نەك سێ فرسەخ بەڵکو سەد فرسەخیش ببڕێ.

: ڕاست دەکەی قسەکەت دروستە ... داواکاری بۆ بنوسم؟

: لەوێ پێت دەڵێن چی بکەی ، ئەگەر پێویستی بە داواکاری بێت ، لەوێ پێت دەڵێن و داوا نوسەکان خێرا بۆت دەنوسن ، ئەم جۆرە دادوەرانە هەمیشە داوانوسی خۆیان هەیە.

کێریلا لەپیرەمێردەکە جیابۆوە ، چەند خولەکێك لە ناوەڕاستی مەیدانەکەدا ، ڕاوەستا. لە فکران ڕاچو ، دواتر شاری بەجێهێشت و بڕیاریدا بچێتە زۆلۆتۆڤ.

دوای پێنج ڕۆژ ، کاتێ دکتۆر لەسەردانی ڕۆژانەی نەخۆشەکانی بۆوە و ویستی بچێتەوە ئاپارتمانەکەی خۆی ، جارێکی تر لەناوەڕاستی حەوشەی نەخۆشخانەکەدا لەگەڵ کێریلا دا ڕوبەڕو بۆوە.ئەمجارەیان گەنجەکە بەتەنیا نەبو ، پیرەمێردێکی لاواز و ڕەنگ پەڕیوی لەگەڵدا بو – کەجار جار سەرێکی بادەدا و بێ ئەوەی خۆی مەبەستی بێت مڵچە مڵچی دەکرد.

: دکتۆری بەڕێز ئەمجارەش داوات لیّ دەکەم! ... ئەمجارەیان لەگەڵ باوکمدا هاتوینەتە خزمەتت ، وەرە مەردی خوابەو ڤاسکا ئازادکە ، چومە لای دادوەری دایمی بەڵام هەر ئامادە نەبو قسەشم لەگەڵدا بکات و گوتی: ( برۆ لاچۆ لەبەرچاوم).

پیرەمێردیش ، لەحاڵێکدا کە بە لەرزە لەرز برۆکانی دەبردنە سەریّ ، بە بڵمە بڵمێکەوە ، گوتی: بەزەیت هەبیّ جەنابی دکتۆر ، ئێمە خەڵکێکی هەژار و بەدبەختین ، بۆمان ناکریّ چاکەی تۆ بدەینەوە ، بەڵام ئەگەر حەزت لێبیّ ، ئەوا چ ڤاسکا چ کێریلا ، ئامادەن کارت بۆ بکەن ، بۆ نۆکەری دەیاننێرمە خزمەتت.

کێریلاش بەشێوەیەك دەستی خۆی بەرز کردەوە دەتگوت دەیەویّ سوێند بخوات ، گوتی: ئەرەوەڵا ئامادەم کارت بۆ بکەم توخوا ئازادیکە ، خوشکەکەمان و خێزانەکەی ڤاسکاش خەریکن لەبرسا دەمرن! بیّ پسانەوە دەگرین. گەنجەکە ، بەحەپەساویەوە سەیرێکی باوکی کرد و دواتر قۆڵی گرت و هەردوکیان بەیەکەوە خۆیاندا بەسەر قاچەکانی دکتۆردا و پاڕانەوە. دکتۆر هەندێك دەستی ڕاوەشاند و دواتر بیّ ئەوەی ئاوڕ لە دواوەی خۆی بداتەوە ، بەخێرایی خۆی کرد بە ئاپارتمانەکەیدا.

# دزەکان

(یۆگۆنۆڤ) ی یاریدەدەری دکتۆر – کەپیاوێکی دنیا بە هەند نەگر و بێباك بو و لەسەرانسەری ویلایەتەکەدا ناوبانگی بە مەیخۆری و قسەی بێ سەر و بەر دەرکردبو – لە ڕۆژێکی پشوی ئاییینیدا ، بۆ کڕینی هێندێك پێداویستی نەخۆشخانە ، چوبوە گوندی ( ڕیپینۆ) و دەمەو ئێوارەش خەریکی گەڕانەوە بو بەرەو نەخۆشحانەکە.

دکتۆری نەخۆشخانەکە ، بۆئەوەی زو بگەڕێتەوە ماڵ ، باشترین ئەسپی خۆی دابویە.

ئەودەمەی بەرەو ڕیپینۆ وەڕێکەوت ، کەش و هەواکەی خراپ نەبو ، بەڵام دەوروبەری کاتژمێر هەشت ، زریانێکی توند دەستی پێکرد ، لەحاڵێکدا ئەوپەڕی هەشت ڤرستی زیاتر نەمابو بگاتەوە ماڵێ ، ڕێگاکەی ون کرد.

نەیدەزانی نەجڵەو بۆ ئەسپەکەی شل کا و بڕوا ، نەخۆیشی ڕێگاکەی دەدۆزیەوە. ئەڵڵاخوایی ملی ڕێگاکەی گرتبو ، بەم شێوەیە دو کاتژمێر بەردەوام بو ، ئەسپەکەشی ماندو و شەکەت ببو و خەریکبو سەرما ڕەقی دەکردەوە. ملی ڕێی نەدەگرت و حەزی لێبو ، بەرەو ڕیپینۆ بگەڕێتەوە.

بەڵام سەرەنجام لەنێو ئەم بەفرو باران و بایە بەهێزەدا ، گوێی لەدەنگی وەڕینی سەگ بو و هەندێك دورتریش ، پەڵەیەکی سوری



تۆخی بەرچاو کەوت ، وردە وردە دەرگا و دیوارێکی حەوشەی بەرزی – کە بەڕیز بزماری نوك تیژیان لەسەری چەقاندبو – بەرچاو کەوت. بایەکی بەهێز ، تەم و مژەکەی لەبەرچاوی ڕامالّی و لەجێگای پەڵە سورەکە ، خانویەکی بچوك – کەسەربانەکەی بە زەل و قامیش داپۆشرابو – وەدەرکەوت.

لەیەکێك لەو سێ پەنجەرانەی خانوەکە ، یەکێکیان پەردەیەکی سوری پێدا هەڵواسرابو ، گڕی چرایەکی لێوە دەبینرا. ئەمە چ ژیانێکە ؟

یاریدەدەری دکتۆر وەبیری هاتەوە لەلای ڕاستی جادەکە ، لەدوری حەوت هەشت ڤرستێك دور لەنەخۆشخانەکەوە ، دەبێ کاروانسەراکەی (ئەندرێ چیریکۆڤ) بێت.

هەروەها بیری کەوتەوە: دوای کوژرانی چیریکۆڤ لەلایەن گاریەچیەکانەوە ، کاروانسەراکە ، پیرەژن وکچەکەی واتا (لیۆبکا) ، بەڕێوەیان دەبرد ، کە جارێکیان ساڵ و نیوێك لەوەبەر ، بۆ چارەسەری نەخۆشی ، پێکەوە هاتبونە نەخۆشخانە.

کاروانسەرای چیریکۆڤ ، ناوبانگێکی زۆر خراپی هەبو لە ناوچەکەدا. تێپەڕین بەم ناوچەیەدا ، بەو درەنگی شەوە ، چ بە سواری چ بەپیادەیی ، زۆر جێگای مەترسی بو ، بەڵام چارەیەکی تر نەبو.

یاریدەدەری دکتۆر ، دەستێکی بە دەمانچەکەی ناو جانتاکەیدا هێنا و چەند جارێك دەسکی قەمچیەکەی کێشا بەپەنجەرەکەدا ...

کۆخەیەکی توندی کرد و بانگی کرد: کێ لێرەیە؟ پیرەژن دەرگام لێ بکەنەوە ، بابێمە ژورێ هەندێك خۆم گەرم کەمەوە.

نزیکەی دە سەگ – کە هەمویان ڕەش یان سپی بون – بەوەڕینەوە هێرشیان بۆ ئەسپەکە هێنا ، یاریدەدەر بە ڕوانینێك ، گەورەترین سەگی دیاری کرد و قامچیەکەی هەڵسوڕاند و تا هێزی تێدابو کێشای بەپشتیدا ، سەگەکە هەردو قاچەکانی دواوەی نایە سەر زەوی و لوتی کردە ئاسمان و دەستیکردە قروسکاندن.

یاریدەدەر ماوەیەکی باش لەودیوی پەنجەرەکەوە مایەوە ، چەند جارێك بەدەسکی قامچیەکەی کێشای بەپەنجەرەکەدا ، سەرەنجام لەدیوی حەوشەکە و ئەو بەفرەی لەبەردەرگاکەدا کەڵەك ببو ، قەدو قیافەی ژنێك ، کەخۆی لەشاڵێکەوە پێچابو و فانۆسێکی بەدەستەوە بو ، وەدەرکەوت.

یاریدەدەری دکتۆر ، گوتی: نەنە گیان لێم گەڕێ بابێمە ژورەوە ، هەندێك گەرم ببمەوە ، نیازی ئەوەم هەبو بچمەوە نەخۆشخانە ، کەچی ڕێگاکەم هەڵەکرد. کەشوهەواکەی زۆر نالەبارە ، مەترسێ نەنە ، کەسێکی نامۆ نیم. خۆمانەم .

ژنەکە ، بە ڕقەوە وەڵامی دایەوە: ئەوەی خۆمانەن وا لەژورێن ، بانگێشتی هیچ نەناسێکیشمان نەکردوە ، نازانم بۆچی کەوتویە کوتانی ئەو دەرگایە! خۆدانەخراوە!



یاریدەدەری دکتۆر هاتە ناو حەوشەکە و لەبەردەم دەرگای ژورەوەدا ڕاوەستا و گوتی: نەنە! بەپیاوەکەت بڵێ با بێت ئەسپەکەم بۆ ببەستێتەوە.

: نەنەی چی؟ کوا من نەنەم!

لەڕاستیدا ، نەنە نەبو ، ئەو کاتەی خەریکی کوژاندنەوەی فانۆسەکە بو ، بۆ ساتێکی کەم ڕوخساری ڕوناك بۆوە و یاریدەدەر چاوی بە برۆ ڕەشەکانی کەوت و لیۆبکای ناسیەوە.

ژنە گەنجەکە ، ئەو کاتەی دەیەویست بێتەوە ژورێ ، گوتی: پیاوی چی؟ هەندێکیان مەست و سەرخۆشن و ئەوانی تریش لەبەیانیەوە چونەتە ڕیپینۆ و هێشتا نەگەڕاونەتەوە. ڕۆژانی پشو ...

کاتێ یاریدەدەر ، لەژێر ساپیتەی بەردەم ژورەکەدا ، خەریکی بەستنەوەی ئەسپەکەی بو ، گوێی لەدەنگی حیلەی ئەسپێك بو. لەو تاریکیەدا ، ئەسپێکی بینی کە زینێکی قەوزاقیانەی پێوەبو ، بۆیە تێگەیشت جگە لە لیۆبکا و دایکی ، دەبێ کەسێکی تریش لەژورەوەبێ.

دواتر زۆر بەهێواشی زینەکەی لەسەر پشتی ئەسپەکە هێنایە خوارێ و لەگەڵ ئەو کەل و پەلانەی لەڕیپینۆ کڕیبونی ، لەگەڵ خۆیدا بردنیە ژورێ.

ئەو ژورەی چوە ناوی ، زۆر پان و بەرین بو. هالاوێك پەنگی دابۆوە. ئەوەش نیشانەی ئەوە بو ، ماوەیەك لەوەوبەر ، زەویە دارینەکەی ژورەکەیان شوشتبو.

لە پشت مێزەکەوە ، لەبەردەم شەمایلی قەدیسەکان ، پیاوێکی لادێیی ڕەقەڵەی باڵا مامناوەندی – کەڕیشێکی کەمی هەبو و کراسێکی سوری لەبەردابو – دانیشتبو. ئەمە (کالاشنیکۆڤ) ی کەڵەکەباز و ئەسپ دزی بەناوبانگ بو. باوکی و مامی لە ( بوگالیۆکا) مەیخانەیان هەبو و هەرکاتێکیش بە دەرفەتیان زانیبا و بۆیان هەڵکەوتبا سڵیان لە کڕین و فرۆشتنی ئەسپی دزراو نەدەکردەوە.

کالاشنیکۆڤیش تا ئەودەمانە ، چەند جارێك هاتبوە نەخۆشخانە ، ئەڵبەتە نەك لەبەر نەخۆشی ، بەڵکو دەهات لەبارەی ئەسپەوە قسەی لەگەڵ دکتۆردا دەکرد ، دەیویست بزانێ ئایا دکتۆر ئەسپی فرۆشتنی هەیە ! یان ئاخۆ حەزی لێیە ئەسپە شێیەکەی لەگەڵ ماینێکی زەردا بخاتەپێشبڕکێوە ؟

بەڵام ئێستا لێرە ، بەبۆنەی جەژنەوە ڕۆنی لەسمێڵەکانی هەڵسوبیو و گوارەیەکی زیوی کردبوە گوێ و نێوچاوانی بۆیەك هێنابۆوە و دەمی داچەقاندبو و سەیری کتێبێکی پەڕپوتی وێنەداری گەورەی دەکرد.

لەتەنیشت سۆبەکە ، پیاوێکی تری لادێیی ، لەسەر زەوی ژورەکە ڕاکشاوە و ڕوخسارو شانەکانی خۆی بەپارچەیەکی چەرمین ، داپۆشیوە و پێدەچێ خەوتبێ. بەفرپێڵاوە نوێیەکانی – کەپاژنەکانی دەدرەوشانەوە – تەڕکردبو و لەسەر زەوی ژورەکە کەوتبو و ڕەش دەچۆوە.

کالاَ شنیکۆڤیش هەرکە یاریدەدەری دکتۆری بینی ، سڵاوی لێکرد.



یاریدەدەر ، لە کاتێکدا ناولەپی خۆی لەئەژنۆکانی دەخشاند ، گوتی: چ کەش و هەوایەکە ؟ ناوملم پڕبوە لەبەفر ... تەنانەت ناو ئێسکەکانیشم تەڕبونە ، دەمانچەکەشم ئەوە هەر هیچ ...

دەمانچەکەی دەرهێنا ، هەندێك هەڵیسوڕاند و دوبارە خستیەوە نێو جانتاکەی.

دەرهێنانی دەمانچەکە ، هیچ سەرنجی کالاشنیکۆڤی ڕانەکێشا و هەروا بەردەوام بو لەسەر سەیرکردنی کتێبە وێنەدارەکەی دەستی.

: چ کەش و هەوایەکی سەختە ! ... ڕێگاکەم ون کرد ! هاتبا و گوێم لە وەڕینی سەگەکان نەبوایا ، هەر ڕەق دەبومەوە و دەمردم. ئەرێ پێتان نەگوتم خاوەنماڵ لە کوێیە ؟

کالاشنیکۆڤ وەڵامی دایەوە: پیرەژن چۆتە ڕیپینۆ و کچەکەشی لێرەیە و خەریکی سازکردنی نانی ئێوارەیە ...

بێدەنگییەك هەمویانی گرتەوە.

یاریدەدەری دکتۆر ، کە لەسەرما هەڵدەلەرزی ، فوی دەکردە نێو دەستەکانیەوە و ئاوی لوتی هەڵدەکێشایەوە و باسی ئەوەی دەکرد بە چ حاڵێك خۆی گەیاندۆتە ئەوێ و تین و توانای تێدا نەماوە و خەریکبوە ڕەق بێتەوە.

لەنێو حەوشەکەدا ، دەنگی وەڕینی سەگە تۆتکە نەگرتوەکان ، هەروا درێژەی هەبو.

بێدەنگی ژورەکەی گرتبۆوە.

یاریدەدەر ، خۆی خستەحاڵەتێکی جدیەوە وپرسی: ئەرێ پێموابێ
تۆ خەڵکی کالیوگا نیت ! وایە ؟
: بۆچی ! خەڵکی ئەوێم.
یاریدەدەر لەبەر ئەوەی هیچ شتێکی تر نەبو خۆی پێوە بخافڵێنێ ، کەوتە بیرکردنەوە لەبارەی ئەو ئاواییەوە: (بوکالیوگا کەوتوتە نێو دۆڵێکی قوڵەوە ، کاتی مرۆڤ لەشەوێکی مانگەشەودا بە جادە سەرەکیەکەدا تێپەڕدەبێ ، سەرەتا سەیرێکی بەر پێی خۆی و دواتر سەیرێکی نێو دۆڵەکە و دواتر سەیرێکی ئاسمان دەکا و واهەست دەکا مانگی چواردە بەلێواری کەندەڵانێکی هەزار بەهەزارەوە هەڵواسراوە و ئەوێ ئەوسەری دونیایە. ئەو جادەیەی دەچێتە بوکالیۆگا ، زۆر تەسك و تروسك و پڕ لە پێچ و بادانەوەیە. هەرکاتێ نەخۆشیەك – کەخەڵك لەیەکترەوە بیانگرتایەتەوە – سەری هەڵدابا ، یان بۆ کوتان هاتبایە بوکالیوگا ، بەدرێژایی ڕێگا ، لەترسی گرتنەوەی نەخۆشیەکە ، دەبو پڕ بەقوڕگی هاوار بکا.
خەڵکی گوندی بوکالیوگا لەکاری باخەوانی و دزینی ئەسپدا ناوبانگێکی زۆریان هەیە.باخەکانیان زۆر پڕ بەرهەمە. لەوەرزی بەهاردا ، سەرتاپای درەختەکانی گوندەکە ، لەبەر شکۆفەی دارهەڵوژەکان سپی دەچنەوە. هاوینانیش ئەوە ستڵێك هەڵوژە بە سێ کۆبیك دەفرۆشن! سێ کۆبیك بدە و ستڵێك هەڵوژە بچنە. ژنەکانیشیان نازدار و تێرن. حەزیان لەخۆ ڕازاندنەوەیە و تەنانەت لە



ڕۆژە ئاساییەکانی ژیانیشیاندا ، هیچ کارێك ناکەن و لەبن دیوارێك کۆدەبنەوە و سەری یەکتر دەنۆڕن).
سەرەنجام دەنگی پێ هاتە بەرگوێ ، لیۆبکا ، کچێکی تەمەن نزیکەی بیست ساڵە ، کە کراسێکی سوری لەبەردابو ، بەپێخواسی هاتە ژورەوە ...
سەیرێکی یاریدەدەری دکتۆری کرد و یەك دوجار بەمسەر و ئەوسەری ژورەکەدا هاتوچۆی کرد و هەنگاوی درێژی دەنان. ڕۆیشتنەکەی ئاسایی نەبو ، بەڵکو سینگی دەرپەڕاندبو و هەنگاوی درێژی دەنان. پێدەچو حەزی لەوەبێ بەپێخواسی بەسەر زەویە تازە شۆراوەکەدا شلپەشلپ بکا ، بۆیەپێڵاوەکانی دانابێ.
کالاشنیکۆڤ لەژێر لێوەوە – کەدیار نەبو بەچی؟ – پێکەنی و بە ئاماژەی پەنجە ، لیۆبکای بانگ کردە لای خۆی و هەرکە لەمێزەکە نزیك بوەوە ، وێنەی (ئیلیا*) پێغەمبەری ، نیشانی لیوبکا دا ، کە سواری خێشکەیەك بوە و سێ ئەسپ ڕایدەکێشن و هەوساری ئەسپەکانی گرتوە و ئەسپەکانیش لە حاڵەتی چوار ناڵەدا ، خەریکن بەرەو ئاسمان دەفڕن.
لیوبکاش ئانیشکی خستە سەر مێزەکە و قژەکاڵ و هۆنراوەکەی کە لە کۆتاییەکەیدا بە پارچەپەڕۆیەکی سوری بچوك ، بەسترابو ، بەسەر پشتەملیدا هاتە خوارێ و خەریکبو لەزەوی دەخشا.
لیۆبکا لەژێر لێوەوە پێکەنی و کالاشنیکۆڤیش گوتی: وێنەیەکی جوانە ! دواتر دەستەکانی بەشێوەیەك گرت ، کەدەتگوت دەیەوێ

لەبری ئیلیاپێغەمبەر ، هەوساری ئەسپەکان بگرێ. جارێکی تر دوبارەی کردەوە: وێنەیەکی زۆر جوانە!

بایەکە ، تەنانەت لەنێو سۆبەکەشدا گڤەی دەهات! لەدەرەوەش دەنگی هاشەیەك هات و پاشان زیقەیەك بەرزبۆوە ، دەتگوت یەکێك لەسەگەکان مشکێکی گرتوە.

لیوبکا گوتی: ئای خودایە دیسان جنۆکەکان پەیدا بونەوە!

کالاشنیکۆڤ گوتی: جنۆکەی چی بابە! دەنگی بایە. دوای ماوەیەك بێدەنگی ، ڕویکردە یاریدەدەری دکتۆر و پرسی: ئەرێ ئۆسیپ ڤاسیلیچ! لەڕوانگەی کەسانی وەك ئێوە دانا و زاناوە ، ئەم جنۆکە و شتانە ، ڕاستیان تێدایە؟

یاریدەدەری دکتۆر ، شانێکی هەڵتەکاند و وەڵامی دایەوە: (چیت پێبڵێم برا! ئەگەر لەڕوانگەی زانستەوە لێی بڕوانین ، بونی جنۆکە و ئەم شتانە جگە لە خەیاڵ و ئەفسانە ، هیچی ترنین. بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسایی ، وەك ئەوەی کە من و تۆ لێرە دانیشتوین ، قسەی لەبارەوە دەکەین ، دەبێ بڵێم بەڵێ جنۆکە هەیە. بەکورتی ... ئەمن یەکەباری خۆم ئەزمونێکی زۆرم لەژیاندا هەیە ... هەرکە خوێندنم تەواو کرد وەك یاریدەدەری دکتۆر ڕەوانەی لەشکری سوارەیان کردم و چەند شەڕ و شۆڕم دیت و مەدالیای خاچی سورم وەرگرت و بەڵام ئیدی ئەوەبو دوای ڕێکەوتننامەی ( سان ستیڤانۆ*) ، گەڕامەوە ڕوسیا و بەهۆی ئەو گەڕان و سوڕانە زۆرەوە دەتوانم بڵێم شتی وام بەرچاو کەوتوە کەخەڵکی ئاسایی لەخەونیشدا نەیانبینیوە!



جاری واهەبوە جنۆکەشم بینیوە! ئەڵبەتە نەك ئەو جنۆکەیەی قۆچ و ئەمانەی هەیە – خۆی لەبنەڕەتدا بونی ئەم جۆرە جنۆکەیە قسەی قۆڕە – بەڵکو شتێکی لەشێوەی جنۆکە.

کالاشنیکۆڤ پرسی: لەکوێ؟

: لەزۆر شوێن! ئەگەر زۆر دور نەکەوینەوە ، گوێی شەیتان کەڕ بێ ، هەر لێرە دیتم ، لەبەر ئەم دەرگایە! لەبیرمە دەمویست بۆ کوتانی منداڵان بچمە (گوڵیشینۆ) ، وەك هەمیشە درێشکەیەکی سوکم هەبو ، ئەسپێکی چاك و هەندێك کەل و پەلی پێویست و کاتژمێر وهەندێك شتی تر ... بەڕێدا دەڕۆیشتم بەڵام ڕۆحم هاتبوە کونە لوتم ... زۆر دەترسام لەوەی توشی دز و چەتە بم.

خۆت دەزانی لەم ناوچانەدا خوێڕی و تۆڕی چەندە زۆرە!

بەرلەوەی بگەمە (تەلانەمار) ، خوا بەنەفرەتی کا ، بەرلەوەی شۆڕببمەوە خوارێ ، سەیرمکرد کەسێك بەرەوڕوم دێ ، چاوەکانی ڕەش! پرچی ڕەش! سەروچاویشی ڕەش دەتگوت غەڵۆزە ... هاتو لەلای چەپەوە ڕێشمەی ئەسپەکەمی گرت و گوتی: (ڕاوەستە). دوای ئەوەی سەیرێکی ئەسپەکە و دواتر سەیرێکی خۆمی کرد ، ڕێشمەی ئەسپەکەی بەردا و بێ ئەوەی قسەیەکی ناخۆش بکات ، پرسی: (دەچیە کوێ؟).

ددانەکانی دیاربون ، ڕق و توڕەیی لەچاوەکانی دەباری ... لەدڵی خۆمدا گوتم: (ئەم گاڵتەجارە چیە؟). دواتر ڕوم تێکرد و وەڵامم

دایەوە: (دکتۆرم دەچم گەمژەکان دەکوتم! بەڵام ئەمە چ پەیوەندیەکی بە تۆوە هەیە؟).
لەوەڵامدا گوتی: (دەکەوایە منیش گەمژەم ،بمکوتە).
دواتر یەکسەر قۆڵی هەڵکرد و تا بەر لوتم درێژی کرد.
منیش بەباشم نەزانی لەگەڵیدا بکەومە حەوت و هەشت ، بۆ ئەوەی لەکۆڵ خۆمی بکەمەوە ،کوتام .
دواتر کاتێ سەیری دەرزیەکەم کرد بینیم ژەنگی گرتوە.
لەم کاتەدا ، ئەو لادێییەی لەتەنیشت سندوقەکەوە خەوتبو ، هەندێك ئەملا و ئەولای کرد وپەلاسە چەرمینەکەی لەسەر خۆی لادا .
یارمەتیدەری دکتۆر کاتێ چاوی بەڕوخساری کەوت ، تێگەیشت کە لەگەڵ هەمان ئەو ڕوخسارەی لە تەلانەمار بینیبوی ، ڕوبەڕو بۆتەوە.
حەپەسا !
کابرا ، سەر و ڕیش و چاوەکانیی ڕەش دەچونەوە ، دەتگوت غەڵوزن. جگە لەمانەش ، پەڵەیەکی ڕەش ، بەئەندازەی دەنکە نۆکێك ، بەسەر گۆنای ڕەشی تاوەسوتیەوە ، بەدی دەکرا.
کابرا نیگایەکی گاڵتەجارانەو پڕ لە تەوسی گرتە یارمەتیدەری دکتۆر و گوتی: ڕێشمەی ئەسپەکەم لەلای چەپەوە گرت ، تا ئێرە قسەکانت ڕاستن ، بەڵام سەبارەت بە کوتانەکە درۆ دەکەی کاکی بەڕێز! جگە لەوەش ئەو ڕۆژە بە هیچ شێوەیەك باسی کوتان ئەو شتانە لە نێوان من و تۆدا نەکرا.



یارمەتیدەری دکتۆر سور هەڵگەڕا و دەست وپێی خۆی ون کرد و وەڵامی دایەوە: ئی خۆ من قسەم لەبارەی تۆوە نەکردوە! مرۆڤی خەوتو کوا قسەدەکا؟
یارمەتیدەری دکتۆر ، پێشتر هەرگیز ئەم لادێییە ڕوخسار تاوەسوتەی لە نەخۆشخانە نەبینیبو ، نەیدەزانی کێیە و چ کارەیە؟ ئێستاش کە سەیری دەکرد ، لەمێشکی خۆیدا بە قەرەجی شوبهاند.
کابرای لادێیی ، لەجێگای خۆی هەستا و بەدەم باوێشك دانێکی بەرزەوە ، چوە لای لیۆبکا و کالاشنیکۆڤ و دانیشت و لەگەڵیاندا کەوتە سەیرکردنی وێنەکانی نێو کتێبەکە. هۆکارەکانی بەزەیی و شەڕخوازی ، لەڕوخسارە خەواڵوەکەیدا بەدی دەکران.
لیۆبکا ڕوی تێکرد و گوتی: گوێ بگرە (میریك)! ئەگەر ئەسپێکی ئاوام بۆ بێنی سواری دەبم و دەچمە ئاسمان.
کالاشنیکۆڤیش گوتی: ڕێگا بە مرۆڤە گوناهکارەکان نادرێ بچنە ئاسمان ... ئەوێ جێگای قەدیسەکانە.
دواتر لیۆبکا مێزی نانی ئێوارەی ئامادەکرد ، پارچەیەکی گەورەی قاورمەی بەراز ، هەندێك خەیارشۆر ، قاپێکی دارینی پڕ لە گۆشتی جنراو ، تاوەیەکی پڕ لە گۆشتی گا و کەلەم – کە هێشتا چزەچزی لێ دەهات – دەبەیەکی پڕ لە ڤۆدکاش لەسەر مێزەکە دانرا ، کاتێ پەرداخەکانیان پڕدەکرد ، ژورەکەپڕ دەبو لە بۆنی توێکڵی پرتەقاڵ.
کاتێ یاریدەدەر بینی کالاشنیکۆڤ و میریکی تاوەسوت ، پێکەوە کەوتونە قسە و لای لێناکەنەوە و بایەخی پێنادەن ، وەك ئەوەی ئەو

هەر لەو ژورەش نەبێ ، زۆر دڵتەنگ بو. حەزی لێبو لە گەڵیاندا بکەوێتە قسە و بخواتەوە. ئەگەر دەرفەتیش هەبێت هەندێك لەگەڵ لیۆبکادا سەربزێوی بکا.– کە لە کاتی نانخواردنەکەدا چەند جارێك هاتبوە تەنیشتی و بە ڕێکەوتیش چەند جارێك شانەجوانەکانی لێ خشاندبو و دەستی کێشابو بە ڕانە پڕ و تورتەکەی خۆیدا.

لیۆبکا ، کچێکی تەندروست و دەم بەخەندە و بزێو و بێ ئارام بو. جارێ دادەنیشت ، جارێ هەڵدەستا ، ئەو کاتانەی کە داشنیشتبو ، وەك مارمێلکە بۆ ئەملا و ئەولای خۆی دەسوڕا و لەمەشدا هەمو جارێ ، چۆکی یان ئانیشکی ، لە دکتۆر دەدا.

یاریدەدەری دکتۆر ، دڵگیر بو لەوەی کە لادێییەکان دوای خواردنەوەی پەرداخێك ڤۆدکا ، ئیدی دەستیان بۆ درێژ نەکردبۆوە ، ئەویش لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا ڕانەهاتبو و فێر نەبو بەتەنیابخواتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی خۆی ڕاگرێ و پەرداخی دوەم و سێیەمیشی خواردەوە ، هەمو گۆشت گایەکەشی خوارد.

بۆئەوەی ئەوان خۆی لێ تەریك نەگرن و بتوانێ جێگای خۆی لەناویاندا بکاتەوە ، بیری کردەوە پێیاندا هەڵبدات و ستایشیان بکات ، بەو مەبەستە گوتی: ئافەرین کوڕانی بوگالیۆکا ! ئەمەی گوت و سەری لەقاند.

کالاشنیکۆڤ پرسی: بۆچی ئافەرین؟

: لەبەر ئەسپ ! لەبەر ئەوەی لە دزینی ئەسپدا لێهاتو و بەتوانان.

: جا ئەمە ئافەرینی بۆچیە ؟ کۆمەڵێك دز و ئارەقخۆرن ...



میریك ، کە تا ئەو ساتە هیچ قسەیەکی نەکردبو ، گوتی: ئەو سەردەمە ڕۆیشت ، لەو ئەسپ دزە لێهاتوانە تەنیا (فیلیا) لەژیاندا ماوە ، ئەویش پیربوە و چاوی هیچ نابینێ.

کالاشنیکۆڤیش بەئاخ هەڵکێشانەوە گوتی: بەڵێ ، تەنیا فیلیا لەژیاندا ماوە ، تەمەنی حەفتا ساڵ دەبێ ،پەنابەرە ئەڵمانیەکان چاوێکیان کوێر کرد ، چاوەکەی تریشی تین و سۆمای نەماوە. کاتی خۆی هەرکە سەرۆکی پۆلیس چاوی بە فیلیا بکەوتایە ، هاواری دەکرد: (شامیل*).ئیدی لەمەوە لادێییەکانیش بە شامیل بانگیان دەکرد. بەلام ئێستا لە (فیلیا کوێرە) بترازێ ، هیچ ناوێکی تری نیە. بەڵام هەرچیەك بێت مرۆڤێکی زرینگ و وریا بو.

شەوێکیان لەگەڵ خوالێخۆشبو (ئەندرێ گریگۆریچ) ی باوکی (لیۆباشین) ، چوبونە نێو لەشکرێکی سوارەوە ، کە لە (ڕۆژ نۆ ڤۆ) خێوەتیان هەڵدابو ، بێ ترس و سڵکردنەوە لە سەربازەکان ، نۆ دانە لە باشترین ئەسپەکانی لێ دزیبون.

ڕۆژی دواتر، ئەو ماڵە دزیاریەی بە نرخی بیست ڕۆبڵ بە (ناخونکا) ی قەرەج فرۆشتەوە. بەڵام ئەم دزانەی ئێستا تەنیا توانای دزینی ئەو ئەسپانەیان هەیە کە خاوەنەکانیان سەرخۆشن یان خەوتون. ئیدی بەجارێك شوڵی لێ هەڵدەکێشن و پێڵاوەکانیش لەپێی کابرای سەرخۆش و داماو ، دەردێنن. ئیدی هەڵپە و تەماح دەیانگرێ و هەر بەو ئەسپە دوسەد ڤرستێك ، لەو شوێنە دور دەکەونەوە و بەمەبەستی فرۆشتن ، دەیبەنە مەیدانێك و لەوێش ئاگایان لەخۆیان

نامێنی ، وەك كابرای یەهودی ، هێندە چەنەبازی دەكەن ، كاتێك بە خۆیان دەزانن پۆلیس دەگاتە سەریان و ئیدی ئەمانیش دەیكەنە هات و هاوار و هۆسە. زۆر پیسن.

: ئەدی میریك؟

: ئێ خۆ میریك خەڵكی گوندەكەی ئێمە نیە! خەڵكی لای (خاركێڤ) ە ، خەڵكی (میژیرچیم) ە ! بەڵام لەڕوی وریایی و زرینگیەوە ،پێویست بە قسە ناكا و مرۆڤێكی باشیشە.

لیۆبكا ، نیگایەكی شاد و شەیتانانەی گرتە میریك و گوتی: ئەدی! خۆ لەخۆڕایی نەبو كە مرۆڤە باشەكان گرتیان و سەهۆڵی سەر دەریاچەكەیان شكاند و خستیانە ناوی.

یاریدەدەری دكتۆر گوتی: چۆن؟

میریك ، زەردەیەكی كرد و وەڵامی دایەوە: هەروا ... فیلیا ، سێ ئەسپی لەكرێچیەكانی (سامۆلۆ ێڤكا) – كەهەمویان لەسەرمەزهەبی (مۆلۆكان) ن – دزی. بیست كرێكاریشیان هەبو... یەكێكیان لە بازاڕ منی بینی و گوتی: ( میریك وەرە بزانە لە مەیدانێ چ ئەسپێكیان كڕیوە!). منیش زۆرم پێ سەیر بو! چومە لایان ، ئیدی هەر ئەوەندەم خۆشبو گەیشتمە ئەوێ! بەسێ كەس دەوریان لێدام و دەستیان بەستم و بردیانمە سەر دەریاچەكە و گوتیان: (ئێستا نیشانت دەدەین ئەسپ دزین چۆنە).

كونێك لەسەر سەهۆڵی دەریاچەكە هەبو ، ئەوانیش دو مەتر ئەولا تر ، كونێكی تریان تێكرد و دوایی حەبلێكیان هێنا و لەبن باڵیان بەستم



و سەرەكەی تریشیان لە دارێكی خوار بەستەوە بۆ ئەوەی لە كونێكی بهاون و لەكونەكەی ترەوە دەری بێننەوە ، دواتر دارەكەیان خستە نێو كونەكە و ڕایانكێشا. ئیدی بەخۆم و باڵتۆی چەرم و پێڵاوەوە كەوتمە نێو كونەكە ، ئەوانیش بە سەر سەرمەوە ڕاوەستابون و بەشەق و كلكە تەور ، سەریان خستمە ناو ئاوەكەوە و دواتر دارەكەیان ڕاكێشا و لەكونەكەی ترەوە دەریان هێنام.

لیۆبكا ، وەك ئەوەی زۆر سەرمای بێت ، هەڵلەرزی و خۆی كزكرد.

میریك ، درێژەی دایە: یەكەمجار خەریك بو لەسەرما شێت بم ، كاتێ دەریان هێنام ، جگە لەوەی لەسەر شەختەكە درێژبم ، هیچی ترم پێنەدەكرا.

مۆلۆیەكان ، بەدار و تێڵا كەوتنە داركاری كردنم ، لەسەر چۆك و ئانیشكەكانیان دەدام! ئای خودایە چ ئازار و بەدبەختیەكم بینی! تا شل و كوت بون ، تێیانهەڵدام و پاشان لێیاندا ڕۆیشتن ... هەمو ئازای جەستەم لەتاو ئازاری تێهەڵدان و سەرما ، دەیتریواند. سەرما جل و بەرگە تەڕەكانی بەرمی بەستبو ، دەتگوت پارچەیەك شەختەن. هەرچۆنێك بو لەجێگای خۆم هەستام ، بەڵام تین و توانای ڕۆیشتنم نەمابو. باش بو لەو كاتەدا ، ژنێك – خوا خێری بنوسێ – بەخۆی گاریەكەیەوە ، بەوێدا هات و فریام كەوت و هەڵی گرتمەوە.

یاریدەدەری دكتۆر ، لەماوەی ئەم قسانەدا ، چوار تا پێنج پەرداخ ڤۆدكای خواردەوە. دڵی خۆشبو كەئیدی ئەویش دەتوانی وەك ئەوان

ڕوداوێکی سەیر و نائاسایی بگێڕێتەوە و بیسەلمێنێ کەئەویش بوێر نەترسە و سڵ لەهیچ شتێك ناکاتەوە ، گوتی: بەڵام لای ئێمە لە ویلایەتی (پێنزا) ...

بەڵام لەبەرئەوەی زۆری خواردبۆوە ، یان بۆی هەیە لەبەرئەوەی کە یەك دوجار بەدرۆیان خستبۆوە ، میریك و کالاشنیکۆڤ ، هیچ گرینگیەکیان بەقسەکانی نەدا و تەنانەت وەڵامی پرسیارەکانیشیان نەدەدایەوە و پێکەوە بەقوڵی چوبونە نێو گفتوگۆوە ، وەك ئەوەی ئەو هەر لەو ژورەش نەبێت.

یاریدەدەر ، زۆر نیگەران بو بەم ڕەفتارەیان و دەترسا.

ڕەفتاری جدی و ژیرانەی کالاشنیکۆڤ ، مرۆڤی دەخستە یادی کەسانی ژیر و تێگەیشتوەوە ، زۆر لەسەرخۆ و هێدی قسەی دەکرد و هەرجارێکیش بەدەم قسەکردنەوە باوێشکی دابا ، خاچێکی لەسەر دەمی خۆی دەکێشا ، بەو حاڵەشەوە کەس نەیدەتوانی بزانێ کە چ دزێکی بێبەزەییە و چۆن خەڵکانی هەژار و داماو ڕوت دەکاتەوە و چەند جارێکیش لەسەر ئەم کردەوانەی خراوەتە زیندانەوە و کۆمەڵگاش داواخوازی ئەوەیە ڕەوانەی سیبریای بکەن. بەڵام باوکی و مامی – کە ئەوانیش وەك خۆی دز و چەتەن – بەزەبری ڕیشوە و بەرتیل ، نەیانهێشتوە دوربخرێتەوە.

میریك ، هەوڵی دەدا خۆی بە ئازا و چەلەنگ نیشان بدات و هەرکە بینی کالاشنیکۆڤ و لیۆبکا ستایشی دەکەن ، بۆیە ئەویش خۆی وا نمایش دەکرد و جارجار دەستی دەخستە کەمەری و جارجار سینگی



خۆی دەردەپەڕاند و هەندێك جاریش بەشێوەیەکی وا خۆی دێنا و دەبرد ، کورسیەکەی ژێری دەکەوتە قرچە قرچ ...

دوای نان خواردن ، کالاشنیکۆڤ ڕویکردە شەمایلی قەدیسەکان و دەستی کرد بەنزا وپاڕانەوە و دەستی خۆی دایەدەستی میریك و ئەویش کەوتە نزاکردن و دەستی کالاشنیکۆڤی گوشی.

لیۆبکاش دەفر و شتەکانی کۆکردەوە و مێزەکەی سڕیەوە و دواتر هەندێك نانی شیرنی نەعنایی و کاکڵە گوێز و دوبتڵ شەڕابی شیرنی هێنا و لەسەر مێزەکەی دانان.

کالاشنیکۆڤ بەدەم لێدانی پێکەکانەوە ، گوتی: ئەو سەردەمەی کە (ئەندرێ گریگۆریچ) – خوا لێی خۆشبێ – لەژیاندا مابو ، جاری وابو لێرە ، یان لای برایەکەی ، مارتین ، کۆدەبوینەوە ، ئای خودایە ئەوانە چ مرۆڤێك بون! چەندە قسەخۆش بون! هەمومان کۆدەبوینەوە! مارتین ، فیلیا ، فیۆدۆر ستۆکۆتی ، هەمو شتێك بە ڕێکوپێکی دەچوەپێش ، چەند خۆشمان ڕادەبوارد! چەندە خۆشبو.

لیوبکا چوەدەرێ و دوای ماوەیەکی کەم گەڕایەوە ژورێ ، سەرپۆشێکی سوری لەسەر کردبو و ملوانکەیەکی کردبوە ملی ، گوتی: بڕوانە میریك! بزانە ئەمڕۆ کالاشنیکۆڤ چی بۆهێناوم!

دواتر ، لەئاوێنەکەدا سەیرێکی خۆی کرد و بۆ ئەوەی ملوانکەکەی ملی بزرینگێتەوە ، یەك دوجار سەری وەرسوڕاند و دواتر دەرگای سندوقەکەی کردەوە و کراسێکی سوری بەگوڵی سور و شین نەخشاوی – کە چەشنی کاغەز خشەخشی دەهات و ورینجەی

دەدایەوە – هێنایە دەرێ و دواتریش سەرپۆشێکی سورمەیی دەرهێنا. بەدەم پێکەنینەوە شتەکانی نیشاندەدان و لەخۆشی هەبونی گەنجینەیەکی لەو شێوەیە ، نەیدەزانی چی بکات و مات و حەیران ببو.

دواتر کالاشنیکۆڤ (بالالایکا*) یەکەی ڕێکخست و دەستیکرد بە ئاواز ژەنین.

یاریدەدەری دکتۆر ، حەپەسابو و نەیدەزانی ئەو ئاوازەی کالاشنیکۆڤ دەیژەنێ ، ئاوازێکی شادە یاخود خەمبارانەیە ! بەڵام خەمێکی زۆری لێنیشت و بوغزی گریان لەگەروی گیر بو ، جاری واش هەبو شادی دایدەگرت.

لەناکاو میریك لەجێگای خۆی بڵندبۆوە و چەند جارێك پاژنەی پێیەکانی لەزەوی کوتا و دواتر دەستەکانی لێك بڵاوکردن و لەسەرپاژنەی پێیەکانی هەتا لای سۆبەکە و لەوێوە تا لای سندوقەکە ڕۆیشت و سەرەنجام وەك سوێسکە خۆی هەڵدا بۆ ئاسمان و پاژنەی پێیەکانی لەهەوادا لەیەکدا و سەمایەکی لەچەشنی سەمای قەوزاقەکانی دەستپێکرد.

لیوبکاش هەندێك دەستەکانی خۆی تەکاندا و قیژەیەکی بێباکانەی کرد و لەگەڵ میریکدا کەوتە سەماکردن. سەرەتا وەك چۆن دزێك لەکەسێك نزیك دەبێتەوە و دەیەوێ لەپشتەوە تێیسرەوێنی و دواتر چەشنی دوپشکەیەك بەرەو لای میریك ڕۆیشت و پاژنەکانی وەك



میریك ، لێکدا لێکدا دەکوتا بەزەویدا ، دواتر وەك فرفرۆکە بەدەوری خۆیدا سوڕا و هەوا چوە نێو کراسەکەیەوە و بڵاوی کردەوە.

میریك ، لە حاڵێکدا نیگایەکی تژی لە ڕق و قینی گرتبوە ئەو و ددانەکانی وەدەرکەوتبون ، لە سەر چۆك ، بەرەو لای ڕۆیشت و دەتگوت نیازی هەیە بە قاچە ترسناکەکانی پان و پلیشی کاتەوە ، بەڵام لیوبکا هەستایە سەر پێیان و سەری بۆ دواوە چەماندەوە و دەستەکانی وەك باڵی باڵندەیەك لێکدەدا و قاچەکانیشی بە ئاستەم بەر زەوی دەکەوتن.

یاریدەدەری دکتۆر ، هەستا و چوە سەر سندوقێك دانیشت و بەدەم سەیرکردنی سەمای ئەو دوانەوە ، بەخۆی گوت: ( ئاه ... ئەم کچە دەڵێی یەك پارچە ئاگرە ! چەندە بەجۆش و خرۆشە ! ئەگەر مرۆڤ هەمو دارونەداری خۆی بخاتە بەرپێی هێشتا کەمە ...).

هەستی بە خەم و خەفەتێکی زۆر دەکرد کەدەیبینی یاریدەدەری دکتۆرە و کەسێکی سادەنیە ، چاکەتی لەبەردایە و زنجیرێکی پێدا هەڵواسراوە و سەرێکی زنجیرەکە کلیلێکی ئاڵتونی پێوەبەستراوە. نەدەکرا لەجێگای ئەمانە کراسێکی سورمەیی و لەجیاتی قایشی کەمەربەندیش ، حەبلێك بەپانتۆڵەکەیەوە بێ؟

ئەگەر یاریدەدەری دکتۆر نەبایە ، ئەوا دەیتوانی بێ هەستکردن بەشەرم ، گۆرانی بڵێت و سەما بکات و بخواتەوە و وەك میریك دەستەکانی لەکەمەری لیوبکا بئاڵێنێ ...

بەهۆی سەمای ئەمانەوە ، کەلوپەلەکانی نێو ڕەفەکە زرینگە زرینگیان لێوە دەهات و گڕی مۆمەکەش بەرز و نزمی دەکرد.

سەرپۆشەکەی لیۆبکا کەوتە سەر زەوی و ملوانکەکەشی پسا و دەنکەکانی بەسەر زەوی ژورەکەداپەرش و بڵاو بونەوە. دەکرا بڵێی لەو شوێنەدا لەبری لیۆبکا ، هەورێکی ڕەنگ سور سەمای دەکرد و پێچی دەدا و جوتە چاوێکی ڕەش دەبینرا کە دەدرەوشانەوە.

میریکیش ئەوەندە بەگەرمی سەمای دەکرد ، مرۆڤ وایدەزانی ئێستا نا ئێستا دەست و قاچەکانی لێدەبنەوە.

سەرەنجام میریك ، بۆدواجار قاچەکانی کێشا بەزەویدا و بێجوڵە لەجێگای خۆی چەقی ...

لیۆبکاش ، شل و شەکەت ، بەهەناسەبڕکێوە ، وەك ئەوەی پاڵی بە ستونێکەوە دابێ ، سەری خستە سەرسینەی میریك و میریکیش لەباوەشی گرت و چاوی بڕینە چاوانیی و بەدەنگێکی پڕ لەسۆز و خۆشەویستیەوە ، بەگاڵتە گوتی: ئیدی ئێستا دەزانم ئەو پیرەژنەی دایکت پارەکانی لەکوێ شاردۆتەوە ! دەیکوژم ! گۆشاوگۆش سەری تۆش دەبڕم ! دواتر کاروانسەراکەشتان دەسوتێنم ... خەڵکیش وادەزانن لەئاگرەکەدا سوتاوی ، منیش پارەکانتان دەبەم و بۆخۆم دەچمە (کۆبان) و لەوێ بۆخۆم ڕەوە ئەسپ و مێگەلە مەڕ و بزن بەخێو دەکەم ...

لیۆبکا وەڵامی نەدایەوە ، تەنیا بە بەزەییەوە ڕوانیە ئەو وپرسی:

ئەرێ میریك ! ژیان خۆش دەگوزەری لەکۆبان؟



میریك وەڵامی نەدایەوە ، بەڵکو بەرەو لای سندوقەکە چو و لەسەری دانیشت و کەوتە بیرکردنەوە ، پێدەچو بیر لەکۆبان بکاتەوە.

کالاشنیکۆڤیش ، لەجێگای خۆی هەستا و گوتی: ئیدی من دەبێ بڕۆم ! ئێستا فیلیا چاوەڕوانمە ، خودا حافیز لیۆبکا.

یاریدەدەری دکتۆر چوە حەوشەکە ، ترسی ئەوەی هەبو کالاشنیکۆڤ لەبری ئەسپەکەی خۆی سواری ئەسپەکەی ئەو بێت.

کڕێوە هەروا بەردەوام بو.

هەورە سپیەکان ، کەڵبە درێژەکانیان لە بنە بنچك و گیایەکان گیر کردبو ، لەئاسمانەوە بەخێرایی نزم دەبونەوە. لەودیوی حەوشەکە ، لە دەشتەکەدا ، کفنپۆشە سپیەکان لەهەوادا دەسوڕان و دەهاتنە خوارێ و دوبارە هەڵدەستانەوە بۆوەی دەستەکانیان ڕاوەشێنن و مل لەبەر ملی یەکتر بنێن. چ بایەکی بەهێزی دەهات! بنەدارە بچوکەکانی وەك توس و هەڵوژە ، توانای لاواندنەوەی ئەم بایەیان نەبو .لار دەبونەوە و سەریان دەگەیشتەوە زەوی و دەگریان و دەیانگوت: ( خودایە ! ئێمە چ تاوانێکمان هەیە کە بەم شێوەیە ئێمەت بە زەویەوە بەستۆتەوە و ئازادمان ناکەی؟).

دەرگاکە ، تاکێکی کرابۆوە ، کۆمایەکی گەورەی بەفر لەبەر دەرگاکەدا دیار بو.

کالاشنیکۆڤ ، سواری ئەسپەکەی بو و بە دەنگێکی توندەوە هاواری کرد: هەیها ... بکەوە ڕێ حەیوان.

ئەسپە گچکە و قاچ کورتەکەی ، کەوتەڕێ ، تابەر زگی لەزەوی دەخشا. کالاشنیکۆڤ خۆیشی لەبەفردا سپی دەچۆوە ، ڕۆیشت و هەر زوو لەبەرچاوان بزر بو.

یاریدەدەری دکتۆر گەڕایەوە ژورێ و لیۆبکای بینی خەریکی کۆکردنەوەی دەنکەکانی ملوانکەکەی بو.

میریك لەژورەوە نەمابو.

لەسەر نیمکێتەکە ڕاکشا و باڵتۆ چەرمە کورتەکەی خستە بن سەری خۆی و بەخۆی

گوت: ( خودایە ئەمە چ کچێکە؟ یەك پارچە ئاگرە! ئاخ! ئەی خۆگە میریك لێرە نەدەبو!).

لیۆبکا ، بەتەنیشت نیمکێتەکەوە ، هەروا خەریکی کۆکردنەوەی دەنکەکانی ملوانکەکەی بو ، هەستی یاریدەدەری دەبزواند .

یاریدەدەریش لەمێشکی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر هاتبا و میریك لەوێ نەبا هەڵدەستا و لیۆبکای لەئامێز دەگرت و دوایی چ دەبو بابێ! کچە و پێ ناچێ بێوەژن بێ! خۆ ئەگەر بێوەژنیش بێت ، ئەم مەکۆ و پەناگەی دزی وچەتەییە ، شوێنێکی ئەوەندە شایستەیە؟

لیۆبکا دەنکەکانی کۆکردنەوە و چوە دەرێ.

مۆمەکە ، بەرەو کۆتایی دەچو وخەریکبو کاغەزی ژێر مۆمدانەکە بسوتێنێ.

یاریدەدەری دکتۆر ، بەخێرایی شقارتە و دەمانچەکەی لەبەردەم خۆی دانان و خۆی بۆکوژانەوەی مۆمەکە ئامادەکرد.



گرەکەی چاوی مرۆڤی ئازار دەدا و و ئەو تارمایی و سێبەرانەی بەهۆی ئەم پتەپتەوە لەسەر ڕەفەو ساپیتە و زەوی ژورەکەدا دروست ببون ، لەشێوەی چەندپەڵەیەکدا دەهاتن و دەچون ، کەتیایدا وادەهاتە بەرچاو: لیۆبکای پتەو و سینگ بەرز ، جارجار وەك فرفرۆکە خۆی دەسوڕاندەوە و جارجاریش لە ئەنجامی ماندوێتیدا هەناسەبڕکێی پێدەکەوت ...

یاریدەدەر بەخۆی گوت: ( ئەی خۆزگە لەم ساتەدا ئیزرائیل پەیدادەبو و ڕۆحی میریکی دەکێشا!).

سەرەنجام مۆمەکە ، دوایین پتەپتی خۆی کرد و کوژایەوە. کەسێك – کەپێدەچو میریك بێ –هاتە ژورەوە و لەسەرکورسیەکە دانیشت و مژێکی لەپایپەکەی دا و ڕوخساره لەبەرخۆر سوتاوەکەی و خاڵەڕەشەکەی گۆنای بۆ ساتێکی کەم ڕوناك بونەوە.

یاریدەدەر ، لەبەر بۆنی ناخۆشی توتنەکەی میریك ، گەروی بەخورشت هات و گوتی: بەڕاستی توتنێکی خراپت هەیە! نەفرەت لەم توتنە! حاڵی مرۆڤ دەشێوێنێ.

میریکیش دوای ماوەیەك بێدەنگی ، وەڵامی دایەوە: گوڵەجۆی کێویم تێکەڵ کردوە ، بۆ سینگ زۆر باشترە.

پاشان پایپەکەی لەدەمی کردەوە و چەند جارێك فتی کرد و چۆوە دەرێ.

نزیکەی نیو کاژێر تێپەڕی ، لەناکاو لەدالآنەکەدا ڕوناکیەك درەوشایەوە و ساتێك دواتر ، میریك بەکڵاوێك و باڵتۆیەکی چەرمی کورتەوە ، بەدوای لیۆبکادا هاتە ژورێ.

لیۆبکا بەپاڕانەوەوە دەیگوت: میریك لێرەبە ! مەڕۆ!

: نا ! لیۆبکا دەبێ بڕۆم ، وازم لێبێنە.

لیۆبکا ، بەدەنگێکی نەرم وپڕسۆزەوە گوتی: میریك! گوێ بگرە ! من دەزانم پارەکانی دایکم دەدۆزیتەوە ، دەزانم هەردوکیشمان دەکوژیت و دەچیتە کۆبان و لەگەڵ کچانی تردا دەکەویتە دڵداری ، بەڵام گرینگ نیە ! خوداپشت وپەنات بێ ، من تەنیا تکایەکم لەتۆ هەیە: مەڕۆ و لێرە بمێنەوە.

میریکیش بەدەم توندکردنەوەی کەمەر بەندەکەیەوە ، وەڵامی دایەوە: نا ! حەزم لەڕۆیشتنە ، پێم خۆشە بڕۆم بگەڕێم ...

: ئێ خۆ هیچت نیە پێی بگەڕێی ... بەپێیان هاتیە ئێرە ! دەتەوێ بەچی بگەڕێی؟

میریك ، خۆی چەماندەوە و شتێکی بەگوێی لیۆبکادا چرپاند و ئەویش سەیرێکی دەرگای ژورەکەی کرد و بە گریانەوە گوتی: شەیتانی چەپەڵ! نوستوە.

میریك ، لیۆبکای گرتە ئامێز و ماچێکی گەرمی کرد و ڕۆیشتە دەرەوە.

یاریدەدەر ، بەپەلە دەمانچەکەی خستە گیرفانی و بەدەوای ئەودا چوە دەرێ.



لیۆبکا لەڕاڕەوەکە بو و لەپڕ دەرگای داخست و خۆشی لەبەردەگاکەدا ڕاوەستا. یاریدەدەری دکتۆر گوتی: ڕێگام بەردە بڕۆم! بۆچی دەرگاکەت داخستوە؟

: دەڕۆی چ دەکەی؟

: دەمەوێ بڕۆم سەیرێکی ئەسپەکەم بکەم.

لیۆبکا ویستی هەندێك ئارامی بکاتەوە ، سەیرێکی سەرتاپای باڵای یاریدەدەری کرد و ، بەمەکرەوە گوتی: ئەسپەکەت؟ تۆ سەیری من بکە نەك ئەسپەکەت ...

دواتر چەمایەوە و دەستێکی بە کلیلە زێڕاو کراوە بەزنجیر بەستراوەکەی چاکەتەکەی دکتۆردا هێنا.

یاریدەدەر گوتی: لێم گەڕێ بڕۆم! گەرنا سواری ئەسپەکەم دەبێ و دەڕوا.

دواتر هاواری کرد: ڕێگەم بەردە شەیتان. دواتر بەوپەڕی ڕق و تورەییەوە مستێکی کێشا بەشانیدا و بەهەمو هێز و تواناییەوە پەلاماری لیۆبکای داو ویستی لەبەر دەم دەرگایەکە لایدا ، بەڵام ژنە دەتگوت جەستەیەکی ئاسنینە و قورس و قایم خۆی بەدەرگاکەوە چەسپاندبو.

یاریدەدەر ، شەکەت و ماندو ، هاواری کرد: ڕێگەم بەردە ! واپێت دەڵێم دەڕوا.

: بۆ کوێ دەڕوا؟ مەترسە ناڕوا.

لەکاتێکدا کەهەناسـەبڕکێیەکی تونـدی پێکـەوتبو ، دەسـتی بەشـانی خۆیدا دەهێنا ، دیاربو ئازاری هەبو.

جارێکی تریش سـەیرێکی سـەرتاپای بـاڵای یاریـدەدەری کـرد و سـور هەڵگەڕا و ێکەنی و

گوتی: مەڕۆ دڵەکەم ... بەتەنیایی دڵتەنگ دەبم.

یاریـدەدەر ، سـەیرێکی چـاوەکانی لیۆبکـای کـرد و دوای ماوەیـەك ڕاوەستان ، باوەشی پێداکرد ، لیۆبکاش هیچ ناڕەزایەتیەکی نەنواند.

: دەبەسە واز لەم کارە شەیتانانەیە بێنە ! ڕێگام بەردە بابڕۆم.

لیۆبکا هەروا بەبێدەنگی لە جێگای خۆی ڕاوەستابو.

: بەڵام گوێم لێبو بەمیریکت دەگوت خۆشمدەوێی.

: ئنجاچـیە ! باواشـم گـوتبێ ...دڵ شـەرتە و دڵ دەزانـێ کـێم خۆشدەوێ.

دواتر جارێکی تر دەسـتی بـۆ کلیلـە زێڕاوکراوەکـە درێـژکرد و گـوتی:

ئەمەم بدەرێ ...

یاریدەدەر ، کلیلەکەی لەزنجیرەکە کردەوە و دایە دەستی.

لـەپڕ کـچە سـەرێکی هەڵکێـشا و گـوێی ڕاگـرت ، ئەمـە بـە تێـڕوانینی دکتۆر ئەم نیگایە زۆر سارد وسڕ و بێ گیان بو.

لەناکاو ئەسپەکەی وەبیرهاتـەوە و زۆر بەئاسـانی لیۆبکـای لەبـەردەم دەرگاکـەلادا و دەرگاکـەی کـردەوە و ڕایکـردە نـاو حەوشـەکە. لـەژێر سـایەبانی دەرگاکـە ، بـەرازێك نوسـتبو و مشەمـشی دەهـات ، مانگایەکیش قۆچەکانی لە دیوارەکە دەکوتا. یاریدەدەر شقارتەیەکی



داگیرساند و بەرازەکە و مانگایەکە و ئەو سەگانەشی بینی کە ، لەگەڵ داگیرسـانی شـقارتەکەدا ، بەوەڕینـەوە هێرشـیان بـۆ هێنـابو. بـەڵام ئەسپەکە شوێنەواری دیار نەبو.

لەحاڵێکدا هاواری دەکرد و دەستەکانی هەڵدەشەقاندن و هـەوڵی دەدا سەگەکان لەخۆی دورخاتەوە ، جاری وابو ، تـا سەرچـۆکی دەکەوتـە ناو قوڵتێك ، کە پڕببو لەبەفر و بـەخێرای خـۆی دەردێنایـەوە ، خێـرا بەرەو دەرگای دەرەوە ڕایکرد.

لەو تاریکیەدا هەڵیڕوانی ، زۆر بەجوانی سەیری کـرد ، جگـە لەبـەفر ، هیچ شتێکی تری بەرچاو نەکەوت .

پەڕە بەفرەکان ، لەهەوادا دەسوڕان و شـکڵ و شـێوەی زۆر شـتیان نمـایش دەکـرد ، جارێـك لەشـێوەی دەم و لێـوی سـپی هەڵگـەڕاوی مردویەك ، کەزەردەخەنەیـەك بەسـەر لێوەکانیـەوە مـەیبێ ، جارێك وەك ژنێـك دەهاتـە بەرچـاو ، بـە جـل و بـەرگێکی مەلمەلـەوە سـوار ئەسپێکی سپی بوە و لەتاریکایی شەودا خستویەتیە چوارناڵە. جارێك لـە شـێوەی ڕەوە قـوڵینگێکی سـپیدا بـون کـە بـەباڵ لێکدانـەوە بەسەرسەریدا لە فڕیندا بن.

یاریدەدەری دکتۆر ، لەتاو سەرما و لە ڕقان هەڵدەلەرزی.

لەخەفەتی ئەوەی کە نەیدەزانی چی بکات و چارەنوسی چیە ، چـەند فیـشەکێکی بەسـەگەکانەوە نـا ، بـەڵام بـەریان نەکـەوت. پاشـان بەخێرایی بەرەو ژورەوە گەڕایەوە.

کاتێ گەیشتە داڵانەکە ، گوێی لەدەنگی پێیەك بو کەخێرا لەژورەوە هاتە دەرێ و بە توندی دەرگاکەی پێوەدا.

ژورەکە تاریك بو ، بەسپایی پاڵێکی بە دەرگاکەوە نا ، بەڵام داخرابو ، دواتر لەحاڵێکدا کە لێکدا لێکدا شقارتەی دادەگیرساند ، گەڕایەوە داڵانەکە ، لەوێوە چوە چێشتخانەکە و لەوێشەوە چوە ژورێکی بچوکەوە – کە ئەمسەر و ئەوسەری دیوارەکانی جل و بەرگی ژنانەیان پێدا هەڵواسرابو – و بۆنی گوڵە گەنم و شوید لەژورەکە دەهات. لە گۆشەیەکدا ، بەتەنیشت سۆبەکەوە ، جێگا خەوێك دیاربو ، پێدەچو ئەمە ژوری پیرەژنەکەی دایکی لیۆبکا بێت.

لەوێڕا چوە نێو ژورێکی ترو لەگەڵ لیۆبکادا بەرەوڕو بۆوە کەلەسەر سندوقێك درێژ ببو و بەتانیەکی لە چل پارچە دروستکراوی ڕەنگاوڕەنگی بەخۆیدا دابو و خۆی کردبوە خەو.

یاریدەدەر بەدەنگێکی توندەوە پرسی: کوا ئەسپەکەم لە کوێیە؟

لیۆبکا لەجێگای خۆی جوڵەی نەکرد. یاریدەدەر ، بەتانیەکەی لەسەر لابرد و بەدەنگێکی توندترەوە پرسی: لەگەڵ تۆمە! دەڵێم کوا ئەسپەکەم؟

دواتر جارێکی تر هاواری کرد: وەڵامم بدەرەوە شەیتانی نەفرەتی!

لیۆبکا لەجێگاکەی ڕاستبۆوە و لەسەر چۆك دانیشت ، بەدەستێکی دەیویست یەخەی کراسەکەی بگرێت و بەدەستەکەی تریشی دەیویست بەتانیەکە بگرێت ، پاڵی بەدیوارەکەوە دا ... ترس و تۆقین



بە ڕوخسارییەوە دیاربو ، چاوەکانیشی چەشنی گیانلەبەرێك کە کەوتبێتە تەڵەوە ، چاودێری هەمو جوڵەیەکی یاریدەدەری دەکرد.

یاریدەدەر هاواری کرد: پێم بڵێ ئەسپەکەم لەکوێیە! دەنا بەخودا دەتکوژم.

لیۆبکا ، بەدەنگێکی گیراوەوە ، وەڵامی دایەوە: بڕۆدەرێ سەگەپیس.

یاریدەدەر ، دەستی لە یەخەی گیرکرد و دواتر نەیتوانی دان بەخۆیدا بگرێت و توند ئامێزی تێوەرێنا. لیۆبکاش لەڕقا نەیدەزانی چی بکا و هەرچۆنێك بو خۆی لە باوەشی هێنایە دەرێ و دەستی خۆی لەدەستی ڕاپسکاند و مستێکی کێشا بە تەپڵی سەریدا.

یاریدەدەر لە تاو ئازاری مستەکە ، گێژ و وڕ بو ، هاشەهاشێکی هەراسانکەر بە نێو مێشکیدا دەگەڕا ، هەنگاوێك کشایە دواوە و لەو ساتەدا مستی دوەمیش سرەوێنرا بە ناوچەوانیدا.

بەلەتردانەوە ، گەیشتە دەرگاکە و لەحاڵێکدا بۆئەوەی بەرنەبێتەوە ، چنگی لەشیپانەی دەرگاکە گیر کردبو ، بەرەو ئەو ژورە ڕۆیشت کە کەلوپەلەکانی لێدانابون. خۆی هاویشتە سەر نیمکێتەکە و چەند خولەکێك ڕاکشا ، دواتر قتوی شقارتەکەی لەگیرفانی هێنایە دەرێ و کەوتە داگیرساندنیان. بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی لەم کارە هەبێت ، دەنکەکانی یەك بە دوای یەکدا دادەگیرساند و فڕێی دەدانە ژێر مێزەکە ، تا هەر هەموی تەواو کرد.

ئاسمان ، لەودیوی پەنجەرەکەوە دیار بوو ، وردە وردە شین هەڵدەگەڕا و دەنگی کەڵەشێرەکانیش دەبیستران. بەڵام یاریدەدەر هێشتا سەری دێشا ، دەنگی هات و هاوار و خشەخش هێشتا لە نێو مێشکیدا پێچی دەخوارد. وەك ئەوەی لە تەنیشت هێڵی شەمەندەفەرەوە دانیشتبێ.

هەرچی چۆنێك بو توانی باڵتۆ چەرمە کورتەکەی بکاتە بەری و کڵاوەکەی بکاتە سەری. بەڵام هەرچەندی کرد نەیتوانی زینی ئەسپەکە و ئەو بەستە کەل وپەلەی ، لە ڕیپینۆ کڕیبونی ، بدۆزێتەوە.

جانتاکەی بەتاڵ کرابو ، دیاربو لەخۆڕا نەبو ئەوکاتەی خەریك بو دەهاتەوە ژورێ ، دەنگی پێی کەسێکی بیست لەژورەکە دەهاتە دەرێ.

بەمەبەستی خۆپاراستن لە سەگەکان ، مەقاشی سۆبەکەی لە ژوری چێشتخانەکە هەڵگرت و دەرگاکەی بەکراوەی بەجێهێشت و چوە ناو حەوشەکە. باران لێی کردبۆوە و ئارامی باڵی بەسەر حەوشەکەدا کێشابو ...

هەرکە لە دەرگاکە ئاوابو ، سەرتاسەری دەشتەکەی وەك مردویەك ، هاتە بەرچاو. لەو سەرلەبەیانیەدا ، هیچ باڵندەیەك بە ئاسمانەوە بەدی نەدەکرا. لەخاڵێکی زۆر دور دا ، لەم بەر و ئەوبەری جادەکە ، جەنگەڵەکە سەز دەچۆوە.



یاریدەدەری دکتۆر کەوتە بیرکردنەوە لەوەی کاتێ دەگەڕێتەوە نەخۆشخانە ئاخۆ بەچ شێوازێك مامڵەی لەگەڵدا دەکەن و چی پێدەڵێن؟ حەتمەن دەبو بیر لەم شتانە بکاتەوە و لەپێشدا وەڵام بۆ پرسیارەکانیان بدۆزێتەوە.

بەڵام ئەم بیرکردنەوانە هەرزو لێی تەرە بون و ئەوەی بەبیرهاتەوە کەچۆن لیۆبکا دوای دوەمین مست کەکێشابوی بەناوچەوانیدا ، چۆن داهاتبۆوە بەتانیەکەی سەر زەویەکە هەڵگرێتەوە و چۆن لەو کاتەدا پرچە هۆنراوەکەی لەزەوی خشا بو.

بیروهۆشی شلۆق ببو و بەخۆی گوت: ( نازانم لەبەرچی دەبێ لەجیاتی مرۆڤێکی ئازاد و سەربەست ، دکتۆر و یاریدەدەر و بازرگان و کارمەند و لادێیی بونیان هەبێ؟ ئەدی ئەوە نیە لەم دنیایەدا باڵندەی ئازاد و گیانلەبەری ئازاد و میریکی ئازاد هەن ، نە لەکەس دەترسێن و نەپێویستیشیان بەکەسە ! کێ ئەمەی داهێناوە کاتی لەخەو هەستان بەیانیانە و کاتی نانخواردن نیوەڕۆیانە و کاتی خەوتنیش شەوە ؟ کێ گوتویەتی دکتۆر لەسەروی یاریدەدەرەوەیە و مرۆڤ دەبێ لەناو خانودا بژی و تەنیا مافی ئەوەی هەیە ژنەکەی خۆی خۆش بوێ؟ ئەدی بۆچی پێچەوانەکەیان ڕاست نەبێ؟ لەبەرچی ناکرێ بەڕۆژەوە بخەوی و شەوانە نان بخۆی؟ خۆزگە دەمتوانی خۆم هەڵدەمە سەر پشتی ئەسپێك و بێ ئەوەی بپرسم ئێرە کوێیە دەشت و جەنگەڵ و کێوەکانم تەی کردبا و حەزم لە کچان کردبا و گاڵتەم بە هەمو شتێك بهاتایە ...).

مقاشی سۆبەکەی چەقاندە ناو بەفرەکە و تەوێڵی نوساند بەقەدی سارد و سپی دارغانێکەوە و کەوتە بیرکردنەوە لەو ژیانە یەك ڕیتم و پڕوپوچ و ئەو بڕەپارە پڕوپوچەی کە مانگانە وەری دەگرێ و ئەو ژێردەستیەیی و دەرمانخانەی نەخۆشخانەکە ، بەتەواوی حەب و ئەمپول و پاودەر و قوتوەکانیەوە ،لەبەرچاویدا بونە مایەی هێڵنج و ڕشانەوە و نەفرەت.

بەدلگرانیەوە لەخۆی پرسی: ( ئەمە کێیە دەڵێ خۆشگوزەرانی گوناهە؟ ئەوانەی ئەم قسانە دەکەن ، نە وەك میریك و کالاشنیکۆڤ ژیاون نە لیۆبکاشیان خۆشویستوە ، ئەوجۆرە کەسانە هەر خەریکی سواڵکردن بونە و هیچ تاموچێژێکیان لەژیان وەرنەگرتوە و تەنیا ڕاهاتون لەسەر ئەوەی ژنە بۆق ئاساکانی خۆیان خۆشبوێ).

یاریدەدەر ، لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە ئەگەر تا ئێستا نەبۆتە دز و ساختەچی و تەنانەت ڕێگریش ، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئەم کارانە لە توانای ئەودا نین و بۆی نەڕەخساوە.

* * *

نزیکەی هەژدە مانگ بەسەر ئەم ڕوداوەدا تێپەڕی ، هەفتەیەك دوای جەژنی پاك ، شەوێکی بەهاری ، یاریدەدەری دکتۆر – کەدەمێك بو لە نەخۆشخانە دەرکرابو – بێ کار و کاسبی دەگەڕا و دەسوڕا ، درەنگانێکی شەو لەمەیخانەی ( ڕیپینۆ) ، هاتەدەرێ.

بێ ئامانج بێ ئەوەی بزانێ بۆکوێ دەچێ ، بەناو کۆڵاناندا پیاسەی دەکرد و دەگەڕا. کاتێك بەخۆی زانی گەیشتبوە دەشتەکە ، بۆنی



بەهار ، دەهاتە بەر لوتی و نەسیمێکی خۆش هەڵیکردبو ، شەویش ئارام و پڕ ئەستێرە بو.

نیگای لەئاسمانەوە بۆ زەوی گواستەوە ، ئای خودایە ئاسمان چەندە دور و قوڵە ! چەندە بەپانی و بەربڵاوی ڕەشماڵی بە سەر دنیادا هەڵداوە ! .

بیری دەکردەوە: ( دنیا دنیایەکی باشە ، بەڵام چۆن و بە چ هۆیەکەوە مرۆڤەکان جیاوازی و هەڵاواردنی لەشێوەی مەست و وشیار ، کارکەر و بێکار ، لەناو خۆیاندا دروست دەکەن؟ بۆچی دەبێ وشیار و تێروپڕەکان بەئاسودەیی لەناوماڵەکانیاندا خەوتبن و مەست و برسیەکانیش بەکەساسی لەدەشت و بیابانەکاندا سەرگەردان بن؟ بۆچی دەبێ ئەوەی کار نەکا ، هیچ وەرنەگرێ و ڕوت و ڕەجاڵ بێ؟ کێ بناغەی ئەمانەی داناوە و چەسپاندویەتی؟ ئەدی بۆچی گیانلەبەر و باڵندەکانی دارستان نە کار دەکەن و نەپوڵ وپارەش وەردەگرن و کەچی بەدڵی خۆیان دەژین و ئازادن ؟).

لەدورەوە بڵێسەیەکی سوری جوان ، لە ئاسۆگەدا دەبینرا.

یاریدەدەر ، ماوەیەکی زۆر لەجێگای خۆی ڕاوەستا و بیری کردەوە: ( دوێنێکە سەماوەری خەڵکم بردە مەیخانەکە و بەهەدەرمدا ، گوناهی ئەم کارە لە کوێدایە؟).

دو گاریە ، لەجادەکەدا وەدەرکەوتن و بە تەنیشتیدا تێپەڕین ، لە گاریەی یەکەمدا ، ژنێکی لادێیی لێی خەوتبو و لەگاریەکەی تریشدا پیرەمێردێك بەسەری ڕوتەوە دانیشتبو ...

ياريـدەدەری دکتـۆر لێـی پرسـی: ئـەرێ بابـە ئـەوە کوێیـە ئـاگری تێبەربوە؟

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە: ئەوە خانوەکەی ئەندرێ چیریکۆڤە ...

یاریدەدەر ، کەوتەوە یادی ساڵ و نیوێك لەوەبەر و قسەکانی میریکی وەبیر هاتنـەوە و سـوتانی جەسـتەی بـێ گیـانی پـیرەژن و لیۆبکـای هێنانە بەر چاوی خۆی و ئێرەیی بە میریك برد.

دواتر کاتێ دەگەڕایەوە بـۆ مەیخانەکـە ، بـەدەم سـەیرکردنی خـانوی خـاوەن مەیخانـە و دارفرۆشـەکان و ئاسـنگەرە دەوڵەمەندەکانـەوە ، بەخۆی گوت: ( کارێکی خراپ نیە پیاو بتوانێ شـەوێك بەسـەر یـەکێك لەم دەوڵەمەندانەدا بدات).

(سـان سـتیڤانۆ*) شـارێکی نزیـك لـە ئیـسلامبول ، کـە سـاڵی ١٨٧٨ڕێکەوتننامەی ئاشـتی لـە نێـوان دەوڵـەتی عوسـانی و ڕوسـیای تزاری تێدا واژۆ کرا و کۆتایی بەجەنگی یەك ساڵەیان نێوانیان هێنا.

(ئیلیا پێغەمبەر*) یەکێگ لەپێغەمبەرانی کۆن.

(شامیل*) ڕێبەری سیاسی و ئاینی موسـڵمانە کێونـشینەکانی قـەفقاز بو ، کە چەند

شۆڕشێکی چەکداری لە دژی دەوڵەتی ڕوسیا هەڵگیرساند.

(مۆلۆکان*) پەیڕەوانی یەکێك لەباڵەکانی ئاینی کلیسای ئەرتۆدۆکسی ڕوسی.

(بالالایکا*) ئامێرێکی لەشێوەی سازە و سێ ژێی هەیە.

# لێکۆڵەر

دکتۆری شارۆچکە و لێکۆڵەری دادگا ، لەڕۆژێکی جوانی بەهاریدا ، بۆ تویکاری جەستەیەك دەهاتنە ناوەندی شارۆچکەکە.

لێکۆڵەر ، کەپیاوێکی تەمەن نزیکەی سی وپێنج ساڵێك دەبو ، سەیرێکی پشتی ئەسپەکانی ژێرگالیسکەکەی کرد و گوتی: سروشت پڕیەتی لە دیاردەی سەیر و ناڕۆشن و تەم و مژاوی ، کە تائێستا مرۆڤ نەیتوانیوە پەی پێببا و بیناسێ . مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەگەڵ دیاردەی وادا بەرەوڕو دەبێتەوە ، سەری سوڕدەمێنێ و لەئاستیدا دەستەپاچە و کۆڵەوارە. بۆ نمونە تائێستا بۆخۆم چەندین جار بینەری چەندین مەرگ و مردنی تەمومژاوی و ناڕون بومەتەوە و هۆکاری ئەم جۆرە مردنانەش مەگەر تەنیا خواناسان بتوانن سەری لێ دەربێنن ، دەنا مرۆڤی ئاسایی هەرچەندە زیرەکیش بێت ، درك بە هۆکارەکانی ئەم جۆرە مردنانە ناکات. گوێ بگرە ، ئەمن بۆخۆم خاتونێکی ڕۆشنبیرم دەناسی پێشبینی مەرگی خۆی کرد و دروست ئەو ڕۆژەی پێشبینی کردبو ، بێ هیچ هۆکار و نەخۆشیەك ، سەری خستە سەر سەرین و مرد.

دکتۆر لەوەڵامدا گوتی: هیچ ڕوداوێك بێ هۆکار نابێ ، ئەگەر مەرگێك هەبێ دەبێ هۆکارێکیش هەبێ ، بەڵام من لە ئاست پێشبینی ئەو



جۆرە ژنانەدا هیچ سەرم سوڕنامێنێ و بەلامەوە سەیر نین ، لەبەر ئەوەی دەبینم تەواوی ژنان توانا و بەهرەیەکی سەیری پێشبینی کردنیان هەیە.

: ڕاستە ، بەڵام کاکی دکتۆر ئەو خاتونەی من باسی دەکەم ، شتێکی جیاواز بو ، ئەو توانا و بەهرە و ئامادەییەی تۆ باسی دەکەی لەودا بونی نەبو ، ژنێکی گەنج و ڕوخۆش و پڕهەست بو ، خاڵیی بو لەوەهم. هەست و ڕوناکی و زانایی و داوێنپاکی ، لەچاوانیدا بریسکەیان دەدایەوە. ، ڕوخسارێکی جوان و لەبەردڵان ، هەمیشە زەردەیەکی جوانی ڕوسیانە بەسەر لێو و نیگاکانیەوە ، نەخشی بەستبو.

تایبەتمەندیە دیار و بەرچاوەکانی ژنان هەمیشە هەر یەك شتە: (جوانی) . باڵایەکی ڕێك و لەبار ، وەك ئەو درەختە توسەی بەرامبەرمان. چ قژێکی جوانی هەبو؟ ئەوەی ڕاستی بێ من نامەوێ وەك بونەوەرێکی نائاسایی و ئەفسانەیی بەتۆی بناسێنم ، بەڵام ئیدی ئەمانە ڕاستین و ناکرێ نکولیان لێ بکەم ، سەرەڕای ئەمانەش ژنێك بو ژیانی زۆر بە قورسی نەدەگرت ، هێند ڕوخۆش و بزێو بو ، لەگەڵ هەرکەسێك دانیشتبا ، ئەم دڵخۆشی و شادیەی ، بۆ ئەویش دەگواستەوە. بونەوەرێکی لێوانلێو بو لەهەستی شادی و بەختەوەری ، کەئەم هەستە ، تەنیا مرۆڤە تێگەیشتو و شاد و سادەکان ، لێی بەهرەمەندن. سەرەڕای ئەمانەش ئایا ئەو هەستی پێشبینیکردن و

بەهرەیەی کە تۆ باست کرد ، دەکرێ لەناخی مرۆڤێکی لەو چەشنەدا بونی هەبێ؟ ئەوپێکەنینی بەم قسانە دەهات.

گالیسکەکەی دکتۆر لە بەردەم چاڵە ئاوێکدا ڕاوەستا.

هەردوکیان دابەزین و تێر ئاویان خواردەوە ، جەستە ڕەقیتە بوەکانی خۆیان برێك هێنا و برد و چاوەڕوان بون تا گالیسکەڕانەکە ئەسپەکان ئاوبدا ، کاتێ دیسان گالیسکەکە کەوتەوە ڕێ ، دکتۆر پرسی: ئێ باشە ئەدی هۆکاری مردنەکەی چی بو؟

: مردنێکی زۆر سەیر بو! ڕۆژێك پیاوەکەی چوە ژورەکەی ئەو و گوتی: (پێمخۆشە ئەم بەهارەی کە دێتەوە ئەو گالیسکە کۆنەیەمان بفرۆشین و گالیسکەیەکی نوێتر و سوکتر بکڕین ، ئەو ئەسپەی کەئێستا لەلای چەپی گالیسکەکەی دەبەستین ، بیگۆڕین و بۆبچینسکی – ئەسپێکیان بەو ناوەوە هەبو – بخەینە ناوڕاستەوە). ژنەگوێی لەقسەکانی مێردەکەی گرت و دواتر گوتی: ( ئەوەی پێت خۆشە بیکە ، ئیدی بۆ من هیچ جیاوازیەکی نیە ، ئەم هاوینە جێگای من گۆڕستانە).

مێردەکەی شانێکی هەڵتەکاند و پێکەنی ، بەڵام ژنە بەردەوام بو لەقسەکانی: ( باوەڕم پێبکە! خۆ گاڵتە ناکەم ، هەر بەڕاستی دەمەوێ پێت بڵێم بەم زوانە دەمرم).

مێردەکەی پرسی: مانای چی! بەم زوانە دەمرم!

ژنەوەڵامی دایەوە: ( واتا دوای ئەوەی لە منداڵبون ڕزگارم بو ، ئیدی دەمرم).



کابرا قسەکانی ژنەی بە هێند نەگرت ، باوەڕی بەم پێشبینی و شتانە نەبو ، جگە لەوەش دەیزانی ئەو ژنانەی کە ژیانێکی خۆشیان هەیە ، زۆر حەز لەمەکر و ناز دەکەن وپێیان خۆشە خۆیان بدەنە دەستی فکر وخەیاڵاتی خەمناك و ناخۆشەوە.

ڕۆژێکی تر بەسەر ئەم ڕوداوەدا تێپەڕی و جارێکی تر ژنە ، مردنی خۆی لەدوای منداڵبونەکەی ، لە گەڵ مێردەکەیدا هێنایەوە بەر باس. بەڵام پیاوەکە تەنیا بزەیەکی کرد و وایدانا کە هیچ نیەو تەنیا کێشەکە ئەوەیە لە دڵەڕاوکێدایە و زۆر هەست لەجەستەو دەرونی خۆی ڕادەگرێ و باوەڕی بە فاڵ و پێشبینی و ئەمانە هەیە.

ئیدی ئەم ژنە ، بابەتی مردنە چاوەڕوانکراوەکەی ببوە( *idée fixe* *)، هەرجارێ مێردەکەی گوێی بەقسەکانی نەدابا ، دەچوە چێشتخانەکە و ناخی خۆی بۆ خزمەتکارەکەیان هەڵدەڕشت: ( نەنە گیان من ئەوەندەم نەماوە بمرم ، هەر منداڵەکەم ببێ دەمرم ، حەز ناکەم بەم زوانەبمرم ، بەڵام چیبکەم ، ئەمە چارەنوسمە!).

هەندێك جاریش کەژنی کەشیش یان ژنی یەکێك لە ئاغاکان دەهاتنە لای ، دەچو دەستی میوانەکەی دەگرت و دەیبردە گۆشەیەك و بەحاڵەتێکی جدی و تەنانەت برێك تورەیی ، تێکەڵ بەزەردەخەنەیەکی تاڵەوە ، لەبارەی مردنە چاوەڕوان کراوەکەیەوە قسەی بۆ دەکرد.

بواری ڕەخنە و نارەزایشی بۆ هیچ کەس نەدەهێشتەوە.

ژنێکی جوان بو ، بەڵام لەوساتەوەی کەپێشبینی مەرگی خۆی کردبو ، دەستی لە دنیا شوشتبو و بەلای خۆرازندنەوەدا نەدەچو ، ئیدی نە کتێبی دەخوێندەوە نەپێدەکەنی و نە قسەیەکی لەبارەی هیوا و ئارەزوەکانی خۆیەوە دەکرد ... جگە لەمانەش ، ڕۆژێکیان لەگەڵ پورێکیداپێکەوە چوبونە گۆڕستان وپارچە زەویەکی بۆ گۆڕەکەی خۆی دەسنیشان کردبو. دوای پێنج ڕۆژیش وەسیەتنامەی خۆی نوسی.

کاکی دکتۆر! دەبێ ئەوەشت پێبڵێم ، تەواوی ئەو ماوەیەی کەلەبارەی مەرگی وەنزیک کەوتوی خۆیەوە قسەی دەکرد ، تەندروستیەکی باشی هەبو و هەستی بە هیچ ئازارێك نەدەکرد و نەخۆشیش نەکەوت. خۆت دەزانی منداڵبون کارێکی ئەوەندە سادە و سانا نیە ، جاری واهەیە ژنە بەسەر منداڵەوە دەمرێ ، بەڵام ئەو ژنەی من دەیڵێم لەکاتی منداڵبونەکەیدا ، هیچ گرفتێکی ئەوتۆی نەهاتە پێش. هیچ مەترسیەکی لەسەر نەبو.

سەرەنجام ، ڕۆژێکیان مێردەکەی چیدی لەتوانایدا نەما و لەکاتی نانخواردندا توڕە بو و گوتی: ئەرێ بەسە ناتاشا ! نیازت هەیە تاکەی درێژە بەم گەمژەییەت بدەی؟

ژنە لەوەلامدا گوتی: ( گەمژەیی)؟ ئەم قسانە لەناخی دڵمەوە دەکەم و تۆش بەجدی وەریانگرە.



پیاوەکەشی گوتی: ( تۆ هەر خەریکی قسەی پڕوپوچ و بێهودەی! پێمباشە واز لەم فکرە منداڵانە و گەمژانەیە بێنی ، گەرنا زۆر دەترسێم لە دواییدا خەجاڵەت وپەشیمان بیەوە).

سەرەنجام ئەو ڕۆژە ژنەکە ژان گرتی.

مێردەکەی باشترین مامانی شاری بۆ هێنا. هەرچەندە یەکەم زگیشی بو ، بەڵام زۆر بەئاسانی منداڵەکەی بو ، دوای کاژێرێك ، کەهەندێك هاتبۆوە سەر خۆی ، داوای کرد منداڵەکەی بۆ بێنن ، بۆ ئەوەی بیبینێ.

دواتر منداڵەکەیان هێنا و سەیرێکی کردو گوتی: ( ئیدی ئێستا دەتوانم بە دڵنیاییەوە بمرم). دوای ئەمە خوداحافیزی لە هەموان کرد و چاوەکانی لێنان و دوای نیو کاژێر ، ڕۆحی بەرەو ئاسمان لەشەقەی باڵیدا. تا دویین ساتەکانی ژیانیشی بیرو هۆشی لای خۆی بو. بۆنمونە کاتێك لەبری ئاو شیریان دایە ، لەژێر لێوەوە گوتی : ( بۆچی لەبری ئاو شیرم دەدەنێ؟) .

بەڵی دکتۆر! دروست خۆی چۆن پێشبینی کردبو ، بەو شێوەیە چاوی لێکناو مرد.

لێکۆڵەر ، دوای گێڕانەوەی ئەم ڕوداوە ، ئاهێکی هەڵکێشا و پرسی: دەفەرمو دکتۆر! پێم بڵێ ئەو ژنە لەبەرچی مرد؟ دڵنیاشت دەکەمەوە ، حەزدەکەی سوێندیشت بۆدەخۆم ، ئەمە چیرۆکێکی هەڵبەستراوی زادەی خەیاڵی خۆم نیە و لەڕاستی ڕاست ترە و ڕویداوە.

دکتۆر ، هەندێك بیریکردەوە و چاوی لە ئاسمان بڕی و گوتی: دەبو تەرمەکەی ببەنەپزیشکی دادوەری و توێکاری بۆکرابا.

: لەبەرچی؟

: بۆئەوەی بزانن چ شتێك بۆتە هۆکاری مردنی! سەرەنجامەکەشی ئەوەیە ، ئەو ژنە بەهۆی ئەوپێشبینیانەوە نەمردوە! پێدەچێ نیازی خۆکوشتنی هەبوبێ و ژەهری خواردبێ!

لێکۆڵەر بەخێرایی بەرەو لای دکتۆر خۆی وەرچەرخاند و گوتی: لەسەر چ بنەمایەك گەیشتیتە ئەم ئەنجامە؟

: نەگەیشتمە ئەم ئەنجامە! بەڵکو وای بۆ دەچم. ئەدی پەیوەندی لەگەڵ مێردەکەیدا چۆن بو؟

: هم ... بەتەواوی نا! بەڵام ماوەیەك لە دوای زەماوەندەکەیانەوە هەندێك ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە ، کە دەکرێ بەوحاڵەتە بگوترێ هاوڕێیەتی پێشهاتە ناخۆشەکان. ئەوەش لەوە وە سەرچاوەی گرتبو ڕۆژێکیان ژنێك لەگەڵ مێردەکەیدا دەبینێ ... بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لەگوناهی مێردەکەی دەبورێ .

: پێمبڵێ ، ئەم ڕوداوە چ کاتێك بو؟ بەر لەپێشبینی مردنەکەی بو ؟

لێکۆڵەر ، سەیرێکی سەرتاپای جەستەی دکتۆری کرد و دەیویست لەهۆکارەکانی ئەم پرسیارە تێبگات.

دوای ماوەیەك بێدەنگی ، وەڵامی دایەوە: لە ڕاستیدا باشم لەبیر نەماوە. ئەگەر ڕوخسەتم بدەی هەندێك بیر بکەمەوە ...



دوای ماوەیەك ، کڵاوەکەی لەسەری داگرتە خوارێ و ئارەقەی تەوێڵی سڕیەوە و درێژەی دایە: بەڵێ ، بیرم کەوتەوە ... ماوەیەك لەدوای بینینی خیانەتی مێردەکەی ، دەستی کرد بەپێشبینی کردنی مردنی خۆی.

: باش ، دەبینی کە ... دوای ئەوەی مێردەکەی خیانەتی لێ کردوە ، ئەم ژنە بڕیاری خۆکوشتنی داوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیویستوە ، کۆرپەیەك کە هێشتا نەهاتۆتە نێو دنیاوە لەگەڵ خۆیدا بکوژێ ، ئەم خۆکوشتنەی هەڵگرتوە بۆ دوای منداڵ بونەکەی.

: پیموانیە وابێت! ... نابێ ، ئەو لەگوناهی مێردەکەی خۆشببو و بەخشیبوی.

: هەر ژنێك ئاوا زو لەخیانەتی مێردەکەی خۆشببێ ، دەبێ حەتمەن مەبەستێکی هەبێت و بیرۆکەیەکی لەمێشکدا بێت ، ئەگینا ئەو ژنەگەنجانە ، هێندە بە سانایی لەگوناهی مێردەکانیان خۆشنابن.

لێکۆڵەر ، زۆری لەخۆی کرد بۆئەوەی پێبکەنێ وحەپەسان و سەرسامی خۆی ، لەبەرچاوی دکتۆر بشارێتەوە ، بەدەم سیغارپێچانەوە ، گوتی: پێموانیە ... جگە لەمانەش مێردەکەی ... بە پێچەوانەی ئەوەی دەبینرا ، زۆر بێ کەم و کوڕی نەبو ... لەڕاستیدا ... ئەو خیانەتەی کردبوی ڕوداوێکی سەیر و نەویستراو بو . ئەو شەوە مێردەکەی بەسەرخۆشی دەگەڕێتەوە ماڵێ و حەز و ئارەزو تینی بۆ دێنێ و ژنەکەشی تین و توانای ئەوەی نابێت ... ئیدی ئەویش پەلاماری ژنێکی گەمژە و ناشیرنی میوانیان – کەبڕیارە

چەند شەوێك لایان بمێنێتەوە – دەدا و كاری خۆی لەگەڵدا دەكا. گەرچی ناكرێ بەمەی كە لەنێوان ژنەی میوان و كابرای خاوەنماڵدا ڕویدا ، بڵێی خیانەتی هاوسەری! . ئەڵبەتە ناتاشاش ئەم ڕوداوەی بەهەند نەگرت و ماوەیەك دوای ئەوە لەگوناهی مێردەكەی خۆشبو. ئیدی هیچیان لەم بارەیەوە هیچ قسەیەكیان نەكرد.

دكتۆر گوتی: كەس لەخۆڕا نامرێ.

: ئەڵبەتە قسەكەت جوانە ... بەڵام ناتوانم باوەڕبكەم ئەو ژنە خۆی كوشتبێ. ڕاستیەكەی فكری لەم شێوەیە هەرگیز بە مێشكمدا نەهاتبو! ... نەك من! بەڵكو بە بیری كەسدا نەهاتبو ، ئەوخەڵكە كاتێ بینیان پێشبینیەكەی وەڕاست گەڕا ، هەمویان تاسان. كەس بیری بۆ ئەوە نەدەچو خۆی كوشتبێ! نا نەدەكرا خۆی كوشتبێ!

كاتێ گەیشتنە جێ و تەنانەت لەكاتی توێكاری تەرمەكەی بەردەستیشیاندا ، لێكۆڵەر ، بیری هەرلای ئەومردنە سەیرە بو. بەدەم یادداشت كردنی بۆچونەكانی دكتۆرەوە ، برۆكانی وێكدێنێتەوە و دەست بە نێوچاوانی خۆیدا دەهێنێ.

دكتۆر سەرگەرمی توێكاری كاسەسەرێك بو ، لێكۆڵەر لێی پرسی: ئەرێ بەڕاست دكتۆر ژەهری وا هەیە لەماوەی پانزە خولەكدا بێ هیچ ئازارێك مرۆڤ بكوژێ؟

: بەڵێ هەیە ... بۆنمونە مۆرفین.



: هم ... زۆر سەیرە ... بیرمە هەمیشە شتێكی لەو بابەتەی بەدەستەوە بو ... ئیدی گومانم نەما.

كاتێ گەڕانەوە ، لێكۆڵەر زۆر مات و خەمبار بو ، سەری تاڵە موەكانی سمێڵی بەددانەكانی دەگرت و لە بێتواناییدا دەكەوتە قسەكردن: وەرە با دابەزین! هەندێك پیاسە بكەین ... بێزاربوم لەدانیشتن.

هەركە مەترێك لەگالیسكەكە دوركەوتنەوە ، لێكۆڵەر ئەوەندە ماندو و بێ هێز بو ، دەتگوت نیازی هەیە لەبنارەكەوە بچێتە سەر لوتكەی چیاكە.

دوای ماوەیەك ، ڕاوەستا و نیگا حەپەساوەكانی ، كە بەنیگای سەرخۆشان دەچو ، بڕیە دكتۆر و گوتی: ئای خودایە! ئەگەر ئەم شتە ڕاستبێ ... نا ، ئەمە كارێكی بێبەزەییانە و دور لە ویژدانە ، بۆیە خۆی كوشت ، بۆئەوەی كەسێكی تر تەمێ بكات! مەگەر خیانەتی مێرەكەی هێندە گەورە بو نەدەكرا بیبەخشێ؟ ئای خودایە! نازانم ئەم فكرە نەفرەتیە چی بو خستتە مێشكی منەوە دكتۆر؟

دواتر لەئەنجامی خەم و نیگەرانیدا ، سەری خۆی خستە نێو هەردو دەستیەوە و درێژەی دایە: دكتۆر! ئەوەی بۆ تۆم گێڕایەوە ، بەسەرهاتی نێوان خۆم و ژنەكەم بو. ئای خودایە! باشە دامنا كەموكوڕیم هەبو! دامنا سوكایەتیم پێكردبو! پێم سەیرە ، دەبێ مەرگ لە بەخشین و لێخۆشبون ئاسانتر بێت؟ ئەم تەرزە بڕیاردانەپێی

دەڵـێن ( ئـەقڵ و ئـاوەزی ژنانـە) ! ئـەقڵ و ئـاوەزی بێبـەزەیی و ستەمکارانە ! ئەو بەردەوام دڵڕەق بو ! وا ئێستا بـیرم دەکەوێتـەوە ! ئێستا هەمو شتەکانم بۆ ڕون بونەوە.

بێ پسانەوە قسەی دەکرد ، جارجار شانێکی هەڵدەتەکاند و جارجـار سەری خۆی دەخستە نێو دەستەکانی و ڕایدەگوشی ، جارێك سـواری گالیسکە دەبو ، جارێك دادەبەزی وپیاسەی دەکرد.

پێدەچـو ئـەو فکـرەی کـە تـازە کـەوتبوە مێـشکیەوە ، گێـژ و وڕ و ژەهراویی کردبـێ. دەسـت وپێـی خـۆی ون کردبـو ، ڕۆح و جەسـتەی داهەزابو.

کاتێ گەڕانەوە شار ، گەرچـی بـەڵێنی بـە دکتـۆر دابـو نـانی ئێـوارێی لەگەڵدا بخوات ، بەڵام خوداحافیزی لێکرد و ڕۆیشت.

( *idée fixe**) بیرکردنەوە و لێکدانەوەی بەردەوام. وەرگێڕ

## لاوازی

چـەند ڕۆژێـك لەمەوبـەر ، خـاتو (یۆلیـا ڤاسـیلیۆڤنا) ی مامۆسـتای تایبەتی منداڵەکانم بانگ کردە ژوری کارەکەی خۆم.

بڕیاربو پارەی ئەوماوەیەی بدەمێ کە وانەی بەمنداڵەکانم گوتبۆوە.

: فەرمو دانیشە یۆلیا ڤاسیلیۆڤنا ! وەرە بـا هـەق و حیـسابێك بکـەین ... لەوانەیـە تـۆش پێویـستت بـەپارەبێ ، بـەڵام ماشـەڵا ئەوەنـدە ئاشـنایەتیت بـەلاوە گرینگـە لـەڕوت هەڵنایـە داوای پـارە بکـەیت ... باشە ... مانگانە لەسەر ٣٠ ڕۆبڵ ڕێکەوتبوین ...

: نەخێر ٤٠ ڕۆبڵ ...

: دروسـت ٣٠ ڕۆبڵـی ڕێـك ... مـن نوسـیومە ... هەمیـشە هـەر ٣٠ ڕۆبڵیشم داوەتە مامۆستای منداڵەکان ... باشـە ... دومـانگیش کـارت کردوە ...

: دو مانگ و پێنج ڕۆژ ...

: دو مانگی ڕێك ... نوسـیومە ... دو مـانگ! کەواتـە ٦٠ ڕۆژ دەکاتـە ٦٠ ڕۆبڵ. لەو ٦٠ ڕۆژەشدا ٩ ڕۆژی دەکەوێتە بەر پشوی یەکشەممان و ... خۆ ڕۆژانی یـەك شـەممە خـۆت لەگـەڵ کۆلیـادا مانـدو نـەکردوە



...جگـە لـە پـشودان و گەشـت و گـەڕان هیـچی تـرت نـەکردوە ... ٣ ڕۆژیش پشوی جەژن ...

ڕوخـساری یۆلیـا ڤاسـیلیۆڤنا لـەناکاو سـور هەڵگـەڕا و دەسـتێکی بـۆ پەڕپەڕەی کراسەکەی بـرد و چـەند جارێـك ڕایوەشـاند ...بـەڵام هـیچ قسەی نەکرد.

: بەڵێ سێ ڕۆژیش پشوی جەژن ... واتا لـەو دو مانگـە ١٢ ڕۆژی لـێ دەرکە ...چوار ڕۆژیش کۆلیا نەخۆش بو و لەجێداکەوت ...لـەو چـوار ڕۆژەدا تەنیا بە (ڤاریا) وە خەریکبویت ... سێ ڕۆژیش ددانت دێشا و مۆڵەتت لـە ژنەکـەم وەرگرتبـو و تاقێـك واتـا بـەس پـاش نیوەڕۆیـان وانەت بەمنداڵـەکان دەدا ... ١٢ و٧ دەکاتـە ١٩ ڕۆژ ... ١٩ کـەم ٦٠ دەمێنێتەوە ٤١ ڕۆژ واتا ٤١ ڕۆبڵ ... ڕاستە؟

چـاوی چـەپی یۆلیـا ڤاسـیلیۆڤنا فرمێـسکی تێـزا و سـور هەڵگـەڕا و چەناگەی لەرزی ، نێو چاوانی تێکنا و کۆخەیـەکی کـرد و ئـاوی لـوتی هەڵکێشایەوە ... بەڵام متەقی نەکرد ...

: شەوی سەری سـاڵیش ، فنجانێکـت بـە ژێرەکەیـەوە لـێ بـەربۆوە و شـکا ... ئـەوەش ٢ ڕۆبـڵ ، هەرچـەندە نرخەکـەی لـەوە زیـاتر بـو – یادگاریـەکی خێزانەکـەمان بـو – بـەڵام قـەیناکا وازی لێبێنـە ! جگـە لـەوەش ئـەو ڕۆژەی چـاودێری کۆلیـات دەکـرد چـوە سـەر دارێـك و چاکەتەکەی دڕا ... ئەویش ١٠ ڕۆبلی تر ... جارێکی تریش بەهۆی بێ موبالاتی تۆوە کارەکەرەکەی پێـشومان پێڵاوەکـانی ڤاریـای دزی ... دەبـێ وریـا بیـت و ئاگـات لەهـەمو شـتێك هـەبێ! خـۆی لەبـەر ئـەو

شتانەیە کە تۆ مانگانەپارە وەردەگری. لەویش گەڕێ ... ئەویش ٥ ڕۆبڵ ... ڕۆژی ١٠ ی کانونی دوەمیش ١٠ ڕۆبڵم دایتێ ...

یۆلیا بەناڕەزاییەوە گوتی: من هیچ پارەم لەتۆ وەرنەگرتوە ...

: ئەی خۆ لەخۆمەوە ئەمەم نەنوسیوە؟

: باشە باوابێ.

: ٢٧ لە٤١ دەرکە ، مایەوە ١٤ ...

ئەمجارەیان هەردو چاوی یۆلیا پڕبون لە فرمێسك ... چەند دڵۆپە ئارەقەیەکی درشت سەر لوتە راکشاو و ڕێکەکەی ، داپۆشی.

کچۆڵەی لانەواز ، بەدەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: تەنیا یەکجار پارەم لە ژنەکەت وەرگرتوە ... ئەوەندە و تەواو ... هیچ پارەی ترم وەرنەگرتوە ...

: ئەها! ... باشبو وەبیرت هێنامەوە ئەوەم هەر نەنوسیبو ... ئەویش ٣ ڕۆبڵ! ... ٣ کەم ١٤ دەمێنێتەوە ١١ ڕۆبڵ . هابگرە ئەوە ٣ ڕۆبڵ ئەوش دودانە ٣ ڕۆبڵی ، ئەوەش ٢ ی ڕۆبڵی تر هەموی دەکاتە ١١ ڕۆبڵ ... فەرمو هەڵیگرە.

پارەکەم بۆ درێژ کرد.

پارەکەی لێوەرگرتم و بە پەنجە لەرزۆکەکانی خستیە گیرفانی کراسەکەیەوە و لەژێر لێوەوە گوتی: سوپاس.

لەجێگاکەم هەستام و بەنێو ژورەکەدا کەوتمە هاتوچۆکردن ، ڕق و تورەیی سەراپای گرتبومەوە. پرسیم: لەبەرچی سوپاس ؟

: لەبەر پارەکە ...



: ئێ خۆ من کڵاوم کردوێتە سەرت! نەفرەت لە شەیتان! تاڵانم کردوی! بەئاشکرا دزیم لێکردی! لەبەرچی سوپاسم دەکەی؟

: بەرلە ئێستا لەهەر شوێنێك کارم کردبێ ئاستەنگیان بۆ دروست دەکردم.

: ئاستەنگیان بۆ دروست دەکردی؟ هیچ پێم سەیر نیە! ئاستەنگیت بۆ دروست بکەن! سەیرکە یۆلیا! گاڵتەم لەگەڵ کردی! حەزمکرد وانەیەکی تاڵت بدەمێ ... هەر ٨٠ ڕۆبڵەکەی خۆت دەدەمێ ... هەموی لەوپاکەتەدایە! بەڵام حەیف مرۆڤ نابێ ئەوەندە لاواز و بێ توانا بێت! بۆچی هیچ ناڕەزاییەکت نەنواند؟ بۆ ئاوا بێدەنگ بویت؟ چۆن دەکری مرۆڤ لەم دونیایەی ئێمەدا زمانی زبر نەزانێ؟ چۆن دەبێ مرۆڤ ئەوەندە داماو و بێ توانا بێ؟

یۆلیا ، زەردەیەکی تاڵی هێنایە سەر لێوانی و منیش توانیم لە سیمایدا ( بەڵێ دەبێ) بخوێنمەوە ... بەهۆی ئەو وانە تاڵەوە ، داوای لێبوردنم لێکرد و ٨٠ ڕۆبڵەکەم دایە دەستی. بەشەرمەوە سوپاسێکی کردم و چوە دەرەوە ...

کاتێ ڕۆیشت ، لەدواوە سەیرێکیم کرد و بەخۆم گوت: ( سەیرکە لەم دونیایەی ئێمەدا بەهێزی و زۆرداری چەندە کارێکی ئاسانن! ) .

## ڕیشۆڵەکە لەسەر دارەکە فڕی

(ڕوداوێکی شێوە کۆمیدی)

حەزم لێیە بگریم!

پێموایە ئەگەر بگریم بڕێك دڵم ئاسودە دەبێ.

شەوێکی خۆش بو . خۆم ڕێك خستبو ، پرچم شانە کردبو ، گوڵاوم لەخۆم دابو ، وەك دۆن جوانێك دەمویست بچمە جێژوان. ئەو لە یەکێك لە ڤێللا هاوینیەکانی ( سۆکۆلنیکی) دا دەژیا. جوانە ، سەرنج ڕاکێشە ، گەنجە ، سی هەزار ڕۆبڵ جیازی بوکێنیەتی ، ئاستی خوێندنی بەرزە و شێتانە خۆشی دەوێم.

هەرکە گەیشتمە سۆکۆلنیکی ، بینیم لەسەر ئەو کورسیەی کە زۆری حەز لێو ، لەژێر دار سنەوبەرێکدا ، دانیشتبو و چاوەڕوانی منی دەکرد. هەرکە چاوی بەمن کەوت لەسەر کورسیەکەی هەستا و بەشادی و پێکەنینەوە بەرەوپیریم هات.

: بەڕاستی زۆر دڵڕەقی! چۆن توانیت ئەوەندە درەنگ بێی؟ نازانی چەند نیگەران بوم؟ ئاخ لەدەس تۆ!

دەستە جوانەکەیم ماچ کرد و بە دڵێکی پڕ لە کوتەکوتەوە ، لەگەڵ ئەودا بەرەو کورسیەکە چوم.



ئەم هەڵچونە دەرونیەم لە خۆڕا نەبو. ئەم دیدارە بۆ من زۆر چارەنوسساز و یەکلاکەرەوە بو ، وەك دەڵێن پەیوەندی بە مەرگ و ژیانەوە بو! ... ئایندەم بەم دیدارەوە بەسترابۆوە.

کەش و هەوایەکی خۆشی هەبو ، بەڵام من حەوسەلەی ئەو جۆرە شتانەم نەبو.

گەرچی مرۆڤ دەبێ لەم جۆرە ژوانانەدا ، گوێ لەچەهچەهە وچریکەی باڵندەکان بگرێ ، بەڵام من هیچ بایەخێکم بەدەنگی ئەو بولبولە نەدا کە لەسەر ئەو دارەی لەژێریدا دانیشتبوین ، دەیخوێند.

سەیرێکی کردم و پرسی: چیە! بۆ ئاوا بێدەنگی؟

: چ شەوێکی جوانە! ... دایکت تەندروستی چۆنە؟

: خراپ نیە.

: هم ... بەڵێ ... ڤارڤارا پترۆڤنا ! لەڕاستیدا حەزم لێیە هەندێك قسەت لەگەڵدا بکەم ... هەر بەو مەبەستەش هاتومەتە خزمەتت ... گەرچی تائێستا بێدەنگیم هەڵبژاردبو! بەڵام چیتر نەمتوانی دان بەخومدا بگرم و بێدەنگ بم.

ڤاریا ، چاوی بڕیە زەویەکە و بەپەنجە جوانەکانیشی ، خەریکی پەڕپەڕ کردنی گوڵێك بو. دیاربو ، پێشوەخت دەیزانی لەبارەی چیەوە دەدوێم.

دواى بڕێك بێدەنگی ، گوتم: باشە ئێمە بۆچی بێدەنگین؟ خۆ مرۆڤ هەرچەندێکیش شەرم بکا سەرەنجام ناچارە ... بەهەست یان بەزمان

... لەوانەیە لێشم دڵگیربی ... بەڵام ڕێگا چارەیەکی تر نیە ، دەبێ بکەوێتە قسەکردن.

دیسان بێدەنگ بومەوە. دەبو ڕستەیەکی گونجاو بدۆزمەوە. چاوە گەورەکانی ڤاریاش دەیانگوت: (داماو ، دەقسەبکە ، بۆچی ئازارم دەدەیت؟).

دوای بڕێك بیرکردنەوە ، دوبارە درێژەم دایە: ئەڵبەتە دەبێ ، دەمێك بێ هەستت بەوە کردبێ بۆچی هەمو ڕۆژێ دێمە ئێرە و چاوەکانت ئازار دەدەم ، ئاخر چۆن دەشێ هەستت پێنەکردبێ؟ تۆ بەو زرینگیەی خۆتەوە دەبێ لەمێژبێ درکت بەناخی من ...

بێدەنگی ...

ڤارڤارا ، دیسان چاوەکانی بڕیبونەوە زەویەکە. پەنجەکانی دەلەرزین.

: ڤارڤارا پترۆڤنا !

: قسەبکە گوێم لێتە.

: من ... ئاخر چی بڵێم؟ دەڵێن ڕەنگی ڕوخسار ، نیشاندەری ناخی مرۆڤە ... خۆشم دەوێیی و تەواو! ...( دوای ماوەیەك بێدەنگی) ... دیسان هەر قسە بکەم؟ زۆرم خۆشدەوێی! ئەگەر بچی هەرچی چیرۆك و ڕۆمانی ئاشقانەی دونیا هەیە کۆیکەیتەوە و هەمو سوێند و فیداکاری و ئاشقێتی پاڵەوانەکانیان هەیە ، بیخوێنیتەوە ... ئەمجار درك بە کڵپەی دەرونی من دەکەیت ... چیە ڤارڤارا پترۆڤنا ! بۆ ئاوا بێدەنگ بویت؟



: ئەی چی بڵێم؟

: ناکا نیازی ئەوەت هەبێ ، وەڵامی نەخێرم بدەیتەوە؟

ڤارڤارا ، چاوی لەسەر زەویەکە هەڵگرت و پێکەنی.

لەدڵی خۆمدا گوتم: ( نەفرەت لە شەیتان)

زەردەخەنەیەکی تری کرد و لێوەکانی جوڵان و بەدەنگێکی کە بەئاستەم دەبیسترا ،

گوتی: جا لەبەرچی نەخێر؟ زۆر بە بێ شەرمی و شێتانە دەستیم گرت و ماچم کرد. دواتریش دەستەکەی تری ... ئافەرین بۆ ڤارڤارا ! چونکە ئەوکاتەی دەستیم ماچکرد ، ئەویش سەری خۆی بە سینگمەوە نوساند.

لەوساتەدا بۆ یەکەمین جار هەستم بە جوانی و درەوشاوەییی موەکانی قژی کرد.

سەریم ماچ کرد. گڕم گرتبو ، دەتگوت سەماوەرێکیان هێناوە و لە ناو دڵی منیان داناوە. سەری هەڵبڕی و چاوەکانی تێبڕیم. نەمدەزانی چیبکەم ، جگە لەوەی لێوەکانی ماچکەم.

بەڵام دروست لەوساتەی کە ڤاریا ، لەنێو دەستەکانمدا بو ، دروست لەوساتەی سی هەزار ڕۆبڵ ئامادەی ئیمزایەکی من بو ، بەکورتی لەو کاتەی لە هاوسەرێکی جوان و پارەیەکی خەیاڵی و ئایندەیەکی ڕون بەتەواوی دڵنیا بوم ، شەیتانی نەفرەتی لغاوی لەدەمم کردەوە و زمانی خستمە جوڵە...

حەزمکرد لەبەرچاوی هاوسەری ئایندەمدا خۆم گران بکەم و نیشانی بدەم کە مرۆڤێکی چۆنم وخاوەنی چ تێڕوانیین و بیرکردنەوەکم ، بەکورتی خۆشم نازانم ئەمە چ بیرکردنەوەیەك بو بەمێشکمدا هات ...

هەرکە یەکەمین ماچی لێویم کرد ، گوتم: ڤارڤارا پترۆڤنا ! ...پێم باشە بەرلەوەی بەڵێنی هاوسەریم بدەیتێ ، بەئەرکێکی ڕەوشتیی و ئاکاری خۆمی دەزانم لەبارەی هەندێك شتەوە قسەت لەگەڵدا بکەم ، مەبەستیشم ئەوەیە سبەی ڕۆژ بتوانین ... بتوانین بەر بگرین بەهەندێك کێشە و حاڵەتی لەیەك نەگەیشتن ... ڤارڤارا! تۆ دەزانی من کێم و چ کارەم؟ من مرۆڤێکی خۆپارێز و ئابڕومەند و زەحمەتکێشم! ... کەسێکی خاوەن سەنگ و قورساییم! ... جگەلەوەش ئایندەیەکی ڕون وپرشنگدار چاوەڕوانمە ... بەڵام دەوڵەمەند نیم ... هەژارم ... نان نیە بیخۆم.

: من ئەوە دەزانم! بەڵام خۆ مەرج نیەپارە و سامان خۆشبەختی بۆ مرۆڤ بێنێ.

: ڕاست دەکەی ... بەڵام خۆ من باسی پارەم نەکردوە! من شانازی بە هەژاری و دەسکورتی خۆمەوە دەکەم ، ئەو بڕە پارە ناچیزەی لەپاداشی نوسینەکانمدا وەری دەگرم ، لەبەرابەر ئەو پارە قەبەیەی ... ئەو پارە قەبەیەی لە ...

: تێدەگەم ... واز لەو بابەتە بێنە ...

: من خوم بەهەژاری خۆمەوە گرتوە و لەو بارەیەوە هیچ هەست بە نیگەرانی ناکەم ، دەتوانم هەفتەیەکی ڕەبەق نان نەخۆم ... بەڵام



تۆ! ... تۆ! ناتوانی دو هەنگاو بەپێ بڕۆی ، دەبێ گالیسکەکەت ئامادەبێ. تۆیەك! کەهەمو ڕۆژێ جل و بەرگێکی نوێ لەبەر دەکەیت ، تۆیەك! کە بە ڕاست و چەپدا پارە تەخشان وپەخشان دەکەی ، تۆیەك کە لەژیانتدا تامی نەبونی و نەدارییت نەچێشتوە ، تۆیەك کە گوڵیکی لەمۆدێل کەوتوی یەخە وپرچ ، بەکارەساتێکی گەورە دەزانی ، تێناگەم چۆن دەتوانی ، لەبەر من ، دەس لەو هەمو ناز و نیعمەتانە هەڵگری؟ ... هم ...

: ئاخر من خۆم پارەم هەیە ... جیازیم هەیە !

: بێ سودە ! بەچەند ساڵێك ئەم پارەیە دەخورێت و دەبڕێتەوە ، دواتر: هەژاری! چاولەدەستی خەڵکی! ڕێژنەی فرمێسك و گریان. من خۆم باش دەزانم دەڵێم چی؟ چونکە دەزانم بەربەرەکانی لەگەڵ هەژاری ، پێویستی بە ورەیەکی پۆلایین هەیە !

هەرئەوکاتە بەخۆمم گوت: ( باشە من ئەم قسە بێسەرە و بەرانە چین دەیانکەم؟!).

بەڵام وا مەستی قسەکانی خۆم ببوم ، درێژەم دایە: ڤارڤارا پترۆڤنا ! جوان بیربکەرەوە ! جوان بیربکەرەوە لەو هەنگاوانەی بەنیازی هەڵیانگری! چونکە ئەو هەنگاوانە جارێکی تر گەڕانەوەیان نیە. ئەگەر باوەڕت بەخۆتە و متمانەی تەواوت بەتوانای خۆت هەیە ، ئەوە پێکەوە هەنگاو هەڵدەگرین و ئەگەرنا ، لێمگەڕێ ، بەم کارەش لەوانەیە تۆم لەدەس بچێ ، بەڵام ئامادەنیم ببمە هۆکاری لەدەسچونی ئاسودەیی و خۆشگوزەرانیت. ئەو سەد ڕۆبڵەی مانگانە

بەهۆی پێنوسەکەمەوە دەستم دەکەوێ ، دەردێکی پێ دەوا ناکرێ ، بەنرخی نەبونە.

ئەمجار هەستامە سەرپێ و درێژەم دایە: بیربکەرەوە ... فرمێسکی پەشیمانی و تانە و سەرکۆنەکردن و زووپیربون ، هۆکارەکانیان لەهەژاری و نەداریەوە سەرچاوە دەگرێ ... من لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی بەشەرەفم ، بۆیە ئەم باسانەت لەگەڵدا دێنمە گۆڕێ. ئایا تۆ ئەو هێز و توانایە لەخۆتدا بەدی دەکەیت؟ ئایا ئامادەی ژیانێك بژیت کەلەگەڵیدا ڕانەهاتوی و بەتەواوی لەگەڵیدا نامۆییت و لەزۆر ڕووەوە بچوکترین وێکچونی لەگەڵ ئەو شێوە ژیانەی تۆدا ، نیە؟

(یەك دو خولەك بێدەنگی) .

: بەڵام ئاخر من جیازیم هەیە.

: چەندت هەیە؟ بیست هەزار! سی هەزار!.. ها ... ها ... ها... یەك ملیۆن؟ جگە لەوەش من هەرگیز مۆڵەتی ئەوە بەخۆم نادەم دەست بۆ ماڵی کەسێکی تر درێژ بکەم ... نا! هەرگیز! من کەسێکم خاوەنی عیزەتی نەفسم!

بەو قسانەوە ، چەند جارێك بەدەوری ئەو کورسیەدا سوڕامەوە کەئەوی لەسەر دانیشتبو.

ڤارڤارا ، کەوتبوە نێو دەریای بیرکردنەوە.

منیش هەستم بەسەرکەوتن دەکرد.

بەخۆمم گوت: ( ئەگەر ڕێزی نەگرتبام ، بەم شێوەیە نەدەکەوتە بیرکردنەوە).



: لەبەر ئەوە دەبێ بەجوانی بیربکەیتەوە! یان ژیان لەگەڵ من و توانای بەسەربردنی ژیانێکی هەژارانە! یان پارە و سامان! ... هەڵبژێرە! ئایا دەتەوێ بیربکەیتەوە و بڕیار بدەی؟ ئایا ڤاریای من ئەو هێز و توانایە لەخۆیدا شك دەبا؟.

ماوەیەکی زۆر ، بەو شێوەیە قسەم بۆ کرد.

بێئەوەی بەخۆم بزانم چێژم لە قسەکانی خۆم وەردەگرت. قسەم دەکرد و لە هەمان کاتیشدا توشی دوفاقیەك ببوم ، نیوەی بونم شەیدای قسەکانی خۆم بو و لە ناویدا توابوۆوە و نیوەکەی تریشم کەوتبوە نێو دەریای خەیاڵاتەوە: ( پەلە مەکە کچە جوان! پەلەمەکە! بەو سی هەزار ڕۆبڵەی جیازیەکەت ، دەبێ بۆ خۆمان بەشێوەیەك بژین ، لەچیرۆکاندا بینوسنەوە ، بەزیادبێ ، پارەیەکی کەم نیە!).

ڤاریا دانیشتبو و گوێی دابوە قسەکانم ... سەرەنجام هەستا و دەستی بۆ درێژ کردم و بەدەنگێکەوە کە بەبیستنی یەکسەر ڕاچڵەکیم و چاوم بڕیە چاوەکانی ، گوتی: سوپاس! دڵۆپە فرمێسکەکان ، بەسەر گۆنایەوە دەدرەوشانەوە.

: زۆر سوپاسی ئەو ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەت دەکەم ... کارێکی باشت کرد ... دەزانی ... من مرۆڤێکی بەناز پەروەردەکراوم ... ناتوانم ... ناتوانم ببمە هاوسەری تۆ ... ئەمەی گوت و لە پرمەی گریانیدا.

هەمیشە بە بینینی گریانی ژنان دەپەشۆکێم. دوای ئەوە ، ویستم هەرچۆنێك بێ ، بە ڕێگایەك لە ڕێگاکان ، ئەو بارودۆخە – کە

بەدەستی خۆم دروستم کرد – ئاسایی بکەمەوە و قەرەبوی ئەو قسە قۆڕانەم بکەمەوە.

ڤاریا لەگریان کەوت ، فرمێسکەکانی سڕینەوە و گوتی: ڕاست دەکەی ئەگەر لەگەڵ تۆدا زەماوەند بکەم ، وەك ئەوەیە فێڵم لێکردبی و فریوم دابی! ناگونجێ لەگەڵ تۆدا زەماوەند بکەم ، من گالیسکەی تایبەتی خۆم هەیە ، جگە لە نانی شیرن و ماسی گرانبەها ، هیچی ترم پێناخورێ ، دەم لە شۆربا و ئەو خواردنە فۆلکۆرییانە نادەم ، تەنانەت دایکیشم لەسەر ئەو شتانە سەرکۆنەم دەکا ... بەڵام چی بکەم خۆ بەدەس خۆم نیە! ... ناتوانم دەسبەرداری خواردنی باش بم ، ناتوانم بەپێ بڕۆم ... زوو هیلاك دەبم ... جل و بەرگیش ئەوە هیچ! ئەوسا تۆش ناچار نابییت بەشێکی دەرامەتەکەت بۆ کڕینی جل و بەرگی من تەرخان بکەیت ... نا! خوداحافیز ...

بەجوڵەیەکی خەمبارانە ، دەستی ڕاوەشاند و درێژەی دایە: بۆ تۆ ناشێم! خوداحافیز ...

ئەمەی گوت و پشتی تێکردم و ڕۆیشت! ...

بەڵام من چی؟

بەوپەڕی گەمژەییەوە لەجێگای خۆم چەقیبوم! نەمدەتوانی بیر لەشتێکی دیاریکراو بکەمەوە. لەدواوە دەمڕوانیە ڤاریا و زەوی لەژێر پێمدا دەلەرزی.



کاتێ بەهۆش هاتمەوە ، زانیم چ کەتنێکم کردوە! ئەو زمانە نەفرەتیەم چ پەندێکی پێدام! بێ ئەوەی مەبەستم بێ ، وەك گورگ لوراندم. دەمویست بانگی بکەم: (بگەڕێوە).

بەڵام وردە وردە لەبەر چاوم ون بو.

بە ڕیسواییەوە بەرەو ماڵ گەڕامەوە ، کاتەکەی درەنگ بو ، هیچ هۆکارێکی گواستنەوەم وەگیر نەکەوت. بایی ئەوەش پارەم لەگیرفاندا نەبو درێشکەیەکی پێبگرم و بمگەیەنێتەوە ماڵ ، ناچار هەمو تینی خۆم دایە قاچەکانم.

سێ ڕۆژ بەسەر ئەم ڕوداوەدا ڕابرد ، جارێکی تر چومەوە سۆکۆلنیکی و گوتیان ڤاریا نەخۆشە و بڕیار وایە لەگەڵ باوکیدا بچێتە پترۆسبۆرگ بۆ لای نەنکی.

چیم پێدەکرا؟

ئێستا لەسەر چارپاکەم ڕاکشاوم ، قەپ لەسەرینەکەم دەدەم و مست دەکێشم بەسەری خۆمدا ، دڵم پڕە ...

خوێنەری خۆشەویست ، هیچ نەبێ تۆ وەرە ڕێنماییم بکە! چۆن بتوانم ئەم قسانەی خۆم وەرگرمەوە؟ چی بە ڤاریا بڵێم و چی بۆ بنوسم؟

خۆم هیچم بە مێشکدا نایە! ڕیشۆڵەکە فڕی ، ئەویش چەند بەگەمژانە.

# خەسوو

ئەم ڕوداوە ، لە بەیانیەکی جوانی مانگێك دوای زەماوەندی ( میشێل پۆزیرۆف ) و (لیزا مامۆنیا) دا ، ڕویدا.

میشێل پۆزیرۆف ، دوای ئەوەی قاوەکەی خواردەوە ، بەدوای کڵاوەکەیدا دەگەڕا ، بۆئەوەی هەرچی زوە بەرەو شوێنی کارەکەی بکەوێتەڕێ.

خەسوی هاتە ژورەوە و گوتی: میشێل! دەمەوێ پێنج خولەکێك لەکاتت بگرم. نیگەران مەبە خۆشەویستم ... دەزانم زاواکان حەزناکەن قسە لەگەڵ خەسویاندا بکەن ، بەڵام من پێموایە ئێمە لەم ڕوەوە ... هیچ گرفتێکمان نیە. پەیوەندی من و تۆ ،پەیوەندی نێوان زاوا و خەسو نیە ، بەڵکو ئێمە هەردوکمان مرۆڤێکی ژیر و تێگەیشتوین ... چەند شتێکی هاوبەشیش کۆماندەکاتەوە ... وایە؟

: فەرمو چ فەرمایشتێکت هەیە دایەگیان؟

: تۆ پیاوێکی ژیر و تێگەیشتوی میشێل! زۆر تێگەیشتوی ، منیش ئەوەندە ناتێگەیشتو نیم ... هیوادارم بتوانین درك بە یەکتر بکەین. ماوەیەکە بەنیازی ئەوەم قسەت لەگەڵدا بکەم ... بێ پێچ وپەنا ... تۆ تەواوی پیرۆزیەکانی دونیا ، بێ پێچ و پەنا ، پێمبڵێ بەنیازی چ بەڵایەك بەسەر کچەکەمدا بێنی؟

زاوا ، لەم قسەیە حەپەسا و چاوەکانی دەرپەڕین.



خەسو ، درێژەی دایە: ڕاستیەکەی دژی ئەوە نیم کە ... هەمو ئەوانە ڕاستن! بەڵام نازانم چۆن! زانست و زانیاری شتێکی باشە ، ئەدەبیات ، شتێکی باشە ، شیعر شتێکی باشە ، لەنرخ و بایەخی ئەمانە تێدەگەم ، ڕاستە مرۆڤ حەزی لە ژنێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیرە ، لەم شتانەش تێدەگەم ... بەڵام زیادڕەوی بۆچی؟

: گوتت چی؟ تێناگەم مەبەسست چیە؟

: سەر لەم ڕەفتارانەت دەرناکەم کە لەگەڵ لیزای کچمدا دەیکەی؟ ڕاستە زەماوەندتان کردوە ، بەڵام ئایا دەتوانی بەڕاستی بڵێی ئەو هاوسەر و خۆشەویستی تۆیە؟ نا! ئەو هاوسەری تۆ نیە ، بەڵکو قوربانیی تۆیە! بۆتە قوربانی زانست و کتێب و بیر و بۆچونە جۆراوجۆرەکانت ... هەمو ئەوانە بەجێی خۆیان ، بەڵام بیرت نەچێ! لیزا کچمە! لێناگەڕێم کچەکەم نابود بکەی! هێشتا مانگێك بەسەر ژیانی هاوسەریتاندا تێپەڕ نەبوە ، وەك داری لێهاتوە! گۆشتی پێوە نەماوە! لەبەیانیەوە تا ئێواریّ کتێب و گۆڤاری گەمژانە دەخوێنێتەوە و شتیان لێوە دەنوسێتەوە! خۆشەویستم ئەمە کاری ژن نیە! نایبەیتە هیچ شوێنێك! خەریکە ژیانی لەبەین دەبەی. نە هاتوچۆی کەس دەکا! نەدەچێتە کۆڕێکی سەما! بەڕاستی ئەم شتانە جێگای باوەڕ نین! هەمو ئەو ماوەیە نەتبردۆتە ئاهەنگێکی سەما! تەنانەت یەك جاریش!.

: بەڵێ ڕاستە نەمبردۆتە کۆڕی سەما ، لەبەرئەوەی خۆی حەزی بەم شتانە نیە. ئەگەر باوەڕیش ناکەیت لەخۆی بپرسە! ... بۆ ئەوەی

تێڕوانینی خۆیت لەبارەی داوەت و سەما و ئەم شتانەوە بۆ دەرکەوێ ... لیزا زۆر ڕقی لەم جۆرە کات بەسەربردنە بێ سودانە دەبێتەوە. ئەگەر دەیبینی لە بەیانیەوە تا ئێواری دەنوسێ و دەخوێنێتەوە ، ئەوە ئارەزوییەکی تایبەتی خۆیەتی و کەس ناچاری نەکردوە ئەمانە بکا ... بەڕاستی منیش هەر لەبەر ئەو بیر و تێڕوانینە جوانانەی خۆشمویست. ئێستاش بەوپەڕی ڕێزەوە تکات لێدەکەم لەمەولا خۆت لەکارەکانی ئێمە هەڵمەقورتێنە ... ئەگەر قسەیەك هەبێ بۆگوتن ، ئەوا لیزا خۆی دەیڵێ...

: ئەوە بەڕاستتە؟ ئەو داماوە نابینی چەندە هەژار و بەستەزمانە؟ عیشق زمانی قفڵ کردوە! کاکی بەڕێز ئەگەر من نەبوایام ، ئەوە تا ئێستا ، بەزنجیر دەتبەستەوە. تۆ ستەمکاری ، تکات لێدەکەم لەمەولا ڕەفتارت بگۆڕە.

: ئەو قسانە مەکە ...

: ئەو قسانە نەکەم؟ پێتوایە قسەکردن لەگەڵ تۆدا مایەی شانازیە؟ ئەگەر شتەکە پەیوەندی بەکچەکەمەوە نەبێ ، هیچ کاتێك ئامادە نیم قسە لەگەڵ کەسێکی وەك تۆدا بکەم! بەڵام چی بکەم بەزەیم بەکچەکەمدا دێتەوە. داماوە ، بۆخۆی پێی گوتم لەوبارەیەوە قسەت لەگەڵدا بکەم.

: ئیدی ئەم قسەیەت درۆیە ... دانی پێدا بنێ کە درۆیەکی ڕون و ئاشکرایە ...

: درۆیە؟ ئێستا پێت دەڵێم! هەی بێبەزەیی!



ئەمەی گوت و بەپەلە هەستایە سەرپێ و بەتوندی دەسکی دەرگاکەی بادا ، دەرگاکە کرایەوە و میشێل چاوی بە لیزاکەی خۆی کەوت کە لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستابوو و دەستەکانی لێك دەسوی و دەگریا و فرمێسکی بەچاواندا دەهاتنە خوارێ.

میشێل بەرەو لای لیزا ڕایکرد و گوتی: خۆ بۆ خۆت گوێت لەقسەکانمان بو! دەی وەڵامی دایکت بدەوە ، با کچەکەی خۆی بناسێ.

لیزا ، لەژێر لێوەوە و بەگریانەوە ، وەڵامی دایەوە: دایکم ... دایکم ڕاستدەکا ... من توانای ئەم جۆرە ژیانەم نیە ... لەئازاردام ...

: هم ... ئاوا! ... زۆر سەیرە! ئەی بۆچی خۆت ئەم شتانەت لەگەڵدا باس نەدەکردم؟

: من ... من ... ئاخر دەترسام توڕەبی ...

: بەڵام ئەدی هەر تۆ نەبوی لە دژی کات بەفیڕۆ دان بەشتی بێ بایەخەوە ، قسەت بۆ دەکردم و دەتگوت گوایا منت بەهۆی بیر و بۆچونەکانمەوە خۆشدەوێ؟ بێزاری خۆت لەو کەشوهەوا یەی کەپێشتر تێیدا دەژیای ، دەردەبڕی؟ خۆ منیش لەو ڕوانگەیەوە تۆم خۆشویست! بەر لە هاوسەریمان ئەوجۆرە ژیانەپڕوپوچ و بێهودەیەت بەنەفرەت دەکرد! چ پاساوێکت هەیە بۆ گۆڕینی ئەو بیر و بۆچونانەت؟

: ئاخر ... دەترسام نەمخوازی ... میشێل خۆشەویستم ... ئەمڕۆ بمبە بۆ ماڵی ( ماریا پترۆڤنا) ... ئەمڕۆ ڕۆژی بەخێرهاتنیانە.

ئەمەی گوت و خۆی بەسینگی میشێلەوە نوساند.

خەسوی بەدەنگێکی سەرکەوتوانەوە ، گوتی: خۆ بینیت؟ وایە؟

دوای ئەم قسەیە ، لەژورەکە چوە دەرەوە.

میشێل ، بەناڵەناڵەوە گوتی: ئای کە گەمژەی!.

لیزا ،پرسی: کێ گەمژەیە؟

: ئەوەی کە بەهەڵەدا چو.

# بەداواکاری ڕۆژگار

کـچ و کـوڕێکی گـەنج ، لـە ژورێکـی میوانانـدا ، کـە دیوارەکـەیان بەکاغەزی شینی ئاسمانی داپۆشیبو ، خەریکی ڕاز و نیاز بون.

کوڕەکە ، لەبەردەم کچەکەدا چۆکی دادابو و سوێندی دەخوارد.

: ئازیزەکەم! بێ تۆ! بێ تۆ ناتوانم بژیم! سوێند دەخۆم بەڕاستیمە.

بەدەم هەناسەبڕکێوە ، درێژەی دایـە: لەوسـاتەوە کـە تـۆم دیـوە ، ئارامم لـێ هـەڵگیراوە! دەقـسەبکە! ... وەڵامـم بـدەرەوە ، بـەڵێ یـا نەخێر؟

کچە گەنجەکە ، دەمە بچکۆلانەکەی کردەوە قسەبکا.

لەوساتەدا دەرگای ژورەکە کرایەوە و براکەی لەناو دەرگاکەوە بانگی کرد: ( لیلی) ! تاوێك وەرە دەرێ کارم پێتە.

لیلی چوە دەرێ وپرسی: چ کارێکت هەبو؟

: خۆشەویستم ببـورە کـە لـێم تێکـدان ، بـەڵام ... مـن بـراتم ئـەرکی پیرۆزی برایەتیش وادەخوازێ وریات کەمەوە ... ئاگات لەو کـوڕەبێ! ... وریابە ... ئاگات لە قسەکانت بێ ... پێویست بەوە ناکا لـەبارەی هەمو شتێکەوە قسەی لەگەڵدا بکەی.

: ئاخر بەنیازەبمهێنێ!



: من کارم بەوە نیە ... ئەوە خۆتی کـە بڕیـار دەدەی ، نـەك مـن ... تەنانەت لەبیرت نەچێ ئەگەر بڕیاربێ بشتهێنێ ، دیسان دەبـێ ئاگـات لە خۆت بێ ... من باشی دەناسـم ... لـەو سـیخوڕە بەدفەسـاڵانەیە! هێندە بەسە قسەیەکی پێبڵێی ، یەکسەر دەچێ ڕاپۆرتت لێدەدا ...

: سـوپاس (مـاکس)! کـارێکی باشـت کـرد پێتگـوتم ... مـن ئەمـەم نەدەزانی.

کچەگەنجەکە ، گەڕایەوە ژوری میوان.

وەڵامی کوڕەکەی بە(بەڵێ) دایەوە.

کازێرێك پێکەوە دانیشتن ، ماچیان گۆڕیەوە ، یەکتریان لـەئامێز گـرت و سوێندیان خوارد ... کـچەگەنجەکەش ، بـاش ئاگـاداری خـۆی بـو ، جگە لەباسی عیـشق و خۆشـەویستی ، هـیچ قـسەیەکی تـری لەگەڵـدا نەکرد.

# یەك لە سێیان

(چیرۆکێکی کۆن و هەمیشە تازە)

(ئیڤان گاڤریلۆڤیج) ، کوڕی یەکێك لەبازرگانە بەناوبانگەکانی مۆسکۆ ، لەگەڵ (نادیا) ی کچی (ماریا ئیڤانۆڤنا لانگەر) ی بێوەژن ، لەباڵکۆنی یەکێك لە ڤێلا هاوینیەکانی هاوینەوارێکدا ، پێکەوە ڕاوەستابون.

شەوێکی خۆش بو ، حەیف ومخابن کەزمانم لەئاست دەربڕینی جوانیەکانی سروشتدا کۆڵەوارە ! ئەگینا دەمتوانی دیمەنی ئەو مانگەی کە تریفەی بەسۆزی خۆی لەودیو هەورە پچڕپچڕو تاریکەکانەوە ، بەسەر جەنگەڵ و ڤێللاکە و ڕوخساری نادیا دا پڕژاندبو ، بەجوانی وێنا بکەم.

هەروەها دەمتوانی وێنایەکی جوانی خشەخشی هێدی و لەسەرخۆی گەڵای دارەکان و چریکەی بولبولەکان و شوڕەشوڕی نافورە ئاوەکانی ناو حەوشەکە ، بکەم.

نادیا ،چۆکی بەلێواری کورسیەکە و ئانیشکی دادابوە سەر دیواری باڵکۆنەکە و ڕاوەستابو. نیگای چاوە شەهلاییەکانی بڕیبونە جەنگەڵە سەرسەوزەکەی بەرامبەریان.



ڕوخساریشی ، لەبەر تیشکی مانگەشەوەکەدا پەشۆکاوی پێوە دیاربو ، ڕەنگی سوری گۆناکانیشی ، لەشێوەی سەمای پەڵە کاڵەکان ، خۆی دەنواند ...

ئیڤان گاڤریلۆڤیج ، لەدوایەوە ڕاوەستاوە و بەتوڕەییەوە دەست بە ریشە تەنکەکەیدا دێنێ.

ئیڤان جوان نەبو ، شێوەی بەدایکی دەچو ، مرۆڤ کاتێ دایکی دەبینی ، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ ، کارەکەرە لادێییەکانی وەبیر دەهاتەوە. ناوچەوانی پان و کورت و تەخت بو ، سەر و پرچێکی ناشیرن و لوتێکی لەبری ئەوەی تۆزێك قیت بێ ، قوڵیەکی پێوە دەبینرا ، دەتگوت بەشتێك لێیانداوە. چاوە گچکە و تەسکەکانی – کە بەچاوی بەچکەپشیلە دەچون – بڕیبونە نادیا و بەدەم ئاخ هەڵکێشانەوە ، دەلەرزی و وشەکانی دوبارە دەکردنەوە ، گوتی:

دەبێ بمبوری! دەمەوێ هەستی خۆم ... بۆ بەڕێزت دەربڕم ... بمبورە ... بەڵام هێندە دڵبەستەت بوم ، نازانم ئاخۆ ئەقڵ و ئاوەزم لەجێگای خۆی ماوە یان نا ... هەستێك لەناخمدایە بەرامبەر تۆ ، هەرچی دەکەم بۆم دەرنابڕدرێ. نادێژداپترۆڤنا ! بەتەواوی ئاشقت بوم ... ئەڵبەتە دەبێ بمبوری ... بەڵام ... ( ماوەیەك بێدەنگی) ... ئەمشەو سروشت کەشێکی زۆر دڵگیر و خۆشی هەیە ...

: بەڵێ زیاد لە ئەندازە ...

: چەند خۆشە مرۆڤ لەکەش و هەوایەکی ئاوا دڵگیر وخۆشدا ، کچێکی وەك تۆی خۆشبوێ ... بەڵام من مرۆڤێکی بەدبەختم.

لێرەدا ئاهێکی هەڵکێشا و هەندێك دەستی لە ڕیشی وەردا و درێژەی دایە: زۆریش بەدبەختم! تۆم خۆش دەوێ! زۆر خەفەت دەخۆم ، بەڵام ... بەڵام نازانم تۆ! نازانم تۆ چ هەستێکت هەیە بەرامبەرم! تۆ کچێکی خوێندەواری ، لەخانەدانەکانی ، هەمو شتێکت خانەدانانەیە ... بەڵام من چی؟ کوڕی بازرگانێك و برایەوە! واتا هیچ! سفر! ڕاستە دەوڵەمەندین و خاوەن پارەیەکی زۆرین ، بەڵام کە مرۆڤ خۆشبەخت نەبێ ، پارە چ سودێکی هەیە؟ پارە لەبەرامبەر خۆشبەختی مرۆڤدا شتێکی هیچە... وەك درەختێکی زڕە ... من کەموکورتی لەخۆراکمدا نیە! گالیسکەی تایبەتی خۆمم هەیە! بەڵام هەست بە بۆشایی دەکەم لەژیاندا ، هەست دەکەم ژیانم شتێکی نوقسانە ... نادێژداپترۆڤنا!.

: چیت گوت؟

: هیچ ... هیچ شتێك! ئەگەر مۆڵەتم بدەی حەزدەکەم هەندێك شتت بۆ باسکەم.

: فەرمو.

: ئایا دەتوانی منت خۆش بوێ؟ ، ( ماوەیەك بێدەنگی) ، لای دایکە بەڕێزەکەت خوازبێنیم کردی! ... بەڵام پێی گوتم بڕیاری شوکردن لە دەستی خۆتدایە ... ئێستا دەڵێی چی؟

نادیا بێدەنگ بو. تیشکی سەرنجی گرتبوە خاڵێکی چڕ و تاریك ، کە تارمایی درەختە زل و گەڵا جوانەکانی ، بەئاستەم لەیەکتر جیا دەکرانەوە.



دیمەنی سێبەری ڕەشی لق و چڵی درەختەکان – کە شنەبایەك چڵەبەرزەکانی سەرەوەی بەهێواشی دەهەژاند – ئەوی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبو.

بێدەنگی کچە گەنجەکە ، ئارامیی لە ئیڤان گاڤریلۆڤیچ هەڵگرتبو.

چاوەکانی فرمێسکیان تێزابو ، دیاربو زۆر خەفەتی دەخوارد.

کەوتە بیرکردنەوە: ( ئەگەر پێشنیارەکەم ڕەتکاتەوە چی بکەم؟).

ئەم بیرکردنەوە بەئازارە ، وەك زریانێك ، تەزویەکی ساردی دەهێنا بەپشتەپانەکەیدا ...

: نادێژدا پترۆڤنا! وەرە ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکە ... چیتر ڕۆحم ئازار مەدە ... ئەگەر دەمبینی ئەوەندە پێ لەسەر ئەم داواکاریەی خۆم دادەگرم ، هۆیەکەی ئەوەیە زۆر زۆرم

خۆشدەوێی ... لەبەر ئەوەی (ماوەیەك بێدەنگی) ئەگەر ... (دیسان بێدەنگی) ... ئەگەر وەڵامم نەدەیتەوە ، دەمرم.

نادیا ، ڕوی خۆی بەرەو لای ئەو وەرسوڕاند و زەردەخەنەیەکی کرد ... ئەمجار دەستی بەرەو لای ئەو درێژ کرد و بەدەنگێکەوە ، کە کوڕە بازرگانی مۆسکۆیی دەخستەوە یادی خشەخشی گەڵاکانی گوڵەیاسەوە ،گوتی: زۆر سوپاست دەکەم ئیڤان گاڤریلۆڤیچ ... ماوەیەکە ئاگاداری ئەو عیشقەی تۆم و دەزانم کە زۆرت خۆشدەوێم ... بەڵام من ... منیش خۆشمدەوێی ... کاتێ ئەو دڵەپڕ سۆز و وەفا و میهرەبانەی تۆ دەبینم! ناتوانم خۆشم نەوێی ...

ئیڤان گاڤریلۆڤیج ، دەمی کردەوە بۆئەوەی زەردەیەك بکات ، بەخۆشحاڵیەوە دەستی بەڕوخساری خۆیدا دێنا ، نەکا ئەوەی دەیبینێ ، خەون و خەیاڵ بێت.

نادیا درێژەی دایە: ئەگەر پێشنیارەکەت قبوڵ بکەم ، دەزانم دەبمە خۆشبەختترین ژنی دونیا ... بەڵام ئیڤان گاڤریلۆڤیج پەلەمەکە ... ناتوانم هەر ئێستا وەڵامت بدەمەوە ... چونکە بەرلەوەی بڕیار بدەم ، دەبێ بەباشی ڕەوشەکە هەڵسەنگێنم و بیری لێبکەمەوە ، بۆیە واباشترە هەندێك چاوەڕوان بی.

: دەبێ چەند ڕۆژ چاوەڕوان بم؟

: زۆرنا ... ڕۆژێك ، ئەوپەڕی دو ڕۆژ ....

: ئەگەر هەر یەك دو ڕۆژ بێت ، هیچ نیە ...

: ئیستا فەرمو بڕۆرەوە بۆ ماڵ ، دواتر بە بون و نەبون ، بەنامەیەك ئاگادارت دەکەمەوە ... فەرمو ئێستا بڕۆ ، بامنیش دەرفەتێکم هەبێ بۆ بیرکردنەوە ... تا بەیانی خودا حافیز ... ئەمەی گوت و دەستی خۆی بۆ لای پیاوە گەنجەکە درێژ کرد و ئیڤان گاڤریلیۆڤیجیش ماچی کرد.

نادیاش سەری جوڵاند و هەوای ماچ کرد و وەك باڵندەیەك باڵەکانی لێکدا و لەنێو مانگەشەوەکەدا ون بو ...

ئیڤان گاڤریلۆڤیج ، دوای ڕۆیشتنی ئەو ، دوسێ خولەك لەشوێنەکەی خۆیدا مایەوە و کەوتە بیرکردنەوە. دواتر بەتەنیشت باخچە



پڕلەگوڵەکەدا ، بەرەو لای ئەو گالیسکەیەی لە باریکەڕێیەکەی نێو جەنگەڵەکەدا ، چاوەڕوانی بو ، کەوتەڕێ.

سەرباری ئەو شادی و خۆشیە ، جەستەی هێندە شل و خاو ببۆوە ، دەتگوت تەواوی ئەو ڕۆژە ناچاریان کردوە لەنێو مەنجەڵێك ئاوی گەرمدا دانیشێ ...

لەخۆشیان ، بەدەم ڕێگاوە ،پێدەکەنی.

هەرکە گەیشتە باریکە ڕێیەکە ، گالیسکەڕانەکەی لەخەوهەستاند و گوتی: هەستە (ترۆفیم )! دەڕۆین! پێنج سکەت حاسڵ کرد! تیگەیشتی؟ ها... ها... ها...

* * *

بەڵام نادیا ، هەرکە لەئیڤان گاڤریلۆڤیج جودابۆوە ، یەك بەدوای یەکدا ، ژورەکانی جێهێشت و لەڕێگایەکی تری ڤێللاکەوە ، چوە نێو باخچەکە و لەکاتێکدا بەنێو درەخت و بنچکەکاندا دەڕۆیشت ، خۆی گەیاندە سەر کوێرە ڕێگایەکی تر.

لەوێ ، هاوڕێی سەردەمی منداڵی ، بارۆن (ڤلادمیر شتراڵ) ، لاوێکی بیست و شەش ساڵە ، چاوەڕوانی بو.

ئەم بارۆنە ئەڵمانیە ، لاوە ، خڕکەڵە ، خوێن شیرینە ، تاڕادەیەك قژڕوتاوەیە ، ئەمساڵ زانکۆی تەواو کردوە و بەنیازی گەڕانەوەیە بۆ

ناوچەکەی خۆیان ،کە کەوتۆتە دەوروبەری خارکێفەوە و ئێستاش هاتوە خوداحافیزی لە نادیا بکا ...

باڕۆن ، هەندێکی خواردبوۆوە و لەسەر نیمکێتێك درێژ ببو و تێیهەڵکردبو گۆرانیەکی باوی ئەو سەردەمەی دەگوت.

نادیا بەرەولای ڕۆیشت و بەهەناسەبرکێوە خۆی بەگەردەنیەوە هەڵواسی و بەدەنگە تیژەکەیەوە پێدەکەنی و دەستی بە یەخە و گەردن و سەر وپرچی باڕۆندا دەهێنا و دەموچاوە ئارەقاوی و چەورەکەی دابوە بەرماچ

باڕۆن ، دەستی لەکەمەری نادیا ئالآند و گوتی: کاژێرێکە چاوەڕوانتم.

: باشە ئێستا چۆنی؟

: باشم ...

: بەنیازی بەیانی بڕۆی؟

: بەڵی بەیانی ...

: ئەی نەفرەتی ... زۆرت پێدەچێ؟

: نازانم ...

باڕۆن ، ماچێکی گۆنای نادیای کرد و لەسەر چۆکەکانی هەڵیستاند و لەسەر نیمکێتەکە داینیشاند.

نادیا گوتی: دەبەسە ... ئەم ماچانە هەڵگرە بۆ دوایی ... کاتێکی زۆرمان لەبەردەستە ... دەبێ سەبارەت بەکرۆکی بابەتەکە قسەبکەین (ماوەیەك بێدەنگی) ڤالودیای ئازیزم پێت نەگوتم! بیرت کردەوە یان نا؟



: ئەی چۆن ...

: ئەی چی بو؟ کەی زەماوەندەکەمان دەکەین؟

باڕۆن ، ڕوی خۆی گرژ کرد و وەڵامی دایەوە: چیە؟ دیسان باسی قەوانە کۆنەکەیە؟ هەرنەبڕایەوە؟ خۆ دوێنی باسی هەمو ئەو شتانەم بۆکردی! ... واژەی (زەماوەند) فڕێدە ئەولاوە ... خۆ دوێنێش ئەوەم پێگوتی ... چ پێویست بەوە دەکا ئەو شتەی کە هەزاران جار لەبارەیەوە دواوین ، دیسان قسەی لەسەر بکەینەوە؟

: ئاخر خۆشەویستم ... دەبێ ئەو پەیوەندیەی ئێمە ، لەکۆتاییدا ئاکامێکی هەبێ! بۆچی ناتەوێ لەمە بگەیت! وایە یان نا؟

: وایە! بەڵام نەك بەهاوسەری ... ئەو شتەی کە سەدان جارپێم گوتوی ، جارێکی تریش دەیڵێمەوە: تۆ زۆر سادەی! دەڵێی کچۆڵەیەکی سێ ساڵیت! ... سادەیی لە قەد و باڵای ژنان دەوەشێتەوە ، نەك لەو حاڵەتانە ، ئازیزەکەم ...

: کەوابێ ناتەوێ زەماوەند بکەین! ناتەوێ بمهێنی! بێ ویژدان! لەگەڵمدا ڕاستگۆبە و ڕك و ڕاست پێمبڵێ: دەمهێنی یان نا؟

: نا ... چ پێویست دەکا بەدەستی خۆم ئاگر لەئاینەدەی خۆم بەردەم! بڕوانە ئازیزەکەم! من تۆم خۆشدەوێ ، بەڵام دەزانم سەرەنجامی زەماوەندەکەمان ، جگە لە وێرانکردنی ئایندەی خۆم ، هیچ ئاکامێکی تری نابێ ... لەپەیوەندیەکی وادا نەپارە وپولم دەسدەکەوێ! نەپلەوپایە! نەخانو و کێڵگە!... من پێموایە زەماوەند دەبێ نیوەی داهاتوی مرۆڤ بنیاد بنێ ، ئێستا تۆ ... ئێ

دەبەسە! خۆ ئەمە پێویست بەگریان ناکا! ... ئەم بابەتە دەبێ بەشێوەیەکی ژیرانە هەڵسەنگێنرێ ... هاوسەرگیرییەك ، بناغەکەی لەسەر بنەمای عیشق و خۆشەویستی بێ ، هەرگیز خۆشبەختی بەخۆیەوە نابینێ ...

: ئیدی ئەمە درۆیە! درۆدەکەی!

: مرۆڤ بچێ ژن بێنێ و دوایی لەبرسا بمرێ! کۆڵێك نەوە و نەتیژەی سواڵکەر و لەبرسا مردو بخاتەوە!... ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ دەبێ ئەم شتانە بەجوانی بیریان لێبکرێتەوە ...

: ئەدی بۆ ئەوکاتەی سوێندی شەرەفت بۆ دەخواردم ، بەجوانی بیرت لێ نەدەکردەوە؟ سوێنت خوارد یان نا؟

: بەڵێ سوێندم خوارد ... بەڵام ئێستا تێڕوانینێکی ترم هەیە بۆ ژیان! ... یەك پرسیارت لێ دەکەم: خۆت ڕازیت شو بکەی بەپیاوێکی لەبرسامردو و لات ویوت؟ دڵنیام ڕازی نابی! ئەدی کەوایە لەبەرچی من ژنێك بێنم کە خاوەنی هیچ شتێك نیە؟ ئەمە تاوانە ، ڕەفتارێکی نامرۆڤانەیە ، ناتوانم ڕەفتارێکی نامرۆڤانە لەگەڵ خۆمدا بکەم ... ئایندەم لەبەردەمدایە و دەبێ وەڵامی ویژدانی خۆم بدەمەوە. یان بەواتایەکی تر: ناتوانم کارێك بکەم پێچەوانەی ویژدانم بێ.

نادیا ، فرمێسکەکانی بەسەرڕوشەکەی سڕینەوە و لەناکاو خۆی بەگەردەنی کابرای ئەڵمانی ئەرتۆدۆکسەوە هەڵواسی و سینگی



بەسینگیەوە نوساند و ڕوخساری بەماچ تەڕکرد و بە ناز و ناڕازیبونەوە ، بەچرپە گوتی: کەوایە ناتەوێ زەماوەند بکەین؟

: بەڵێ ... نامەوێ ...

: ناتەوێ؟ هەربەڕاستی؟

: ناتوانم نادیا!

: بەدفەساڵ ، بێشەرەف ، ساختەچی ، ئەڵمانی پیس ، بەدکار ، هەی بەنەفرەتبی ، لێت بێزارم ، من هیچ کاتێك تۆم خۆشنەویستوە ، ئەوشەوەی خۆم دایە دەس تۆوە ، بەمرۆڤێکی بەشەرەف و باشم زانیت ، وامزانی دەمهێنی ... ئەوکاتەش هەر بێزار بوم لێت ، تەنیا لەبەر ناو و ناوبانگ و سامانەکەت دەمویست شوت پێبکەم .

لە ئەنجامی داماوی و بێتواناییدا ، دەستەکانی ڕادەوەشاندن.

چەند هەنگاوێك لەئەڵمانیەکە دورکەوتەوە و چەند جنێوێکی مزری پێدا و پاشان بەرەو ڤێللاکە ، گەڕایەوە.

بەدەم ڕێگاوە بیری دەکردەوە: ( هەر بەلاش هاتم بۆلای! بۆ مەگەر پێشتر نەمدەزانی نیازی هێنانی منی نیە؟ مرۆڤێکی چەندە بەدفەڕ و بێشەرەفە! ئاخ! ئەوشەوە چ گەمژەییەکم کرد! ئەگەر ئەوشەوە خۆم نەدایەتە دەستیەوە ، بۆچی ئێستا ئاوا ناچار دەبوم لەبەرامبەریدا ئەوەندە خۆم زەلیل و داماو بکەم! ).

بەرلەوەی قاچی بخاتە نێو ڤێللاکەوە ، چەند خولەکێك بەنێو حەوشەکەدا کەوتە هات و چۆکردن ، دواتر لەبەرامبەر پەنجەرەیەکدا – کەڕوناکیەکی کزی لێوە دەڕژایە دەرێ – ڕاوەستا.

ئەمە ،پەنجەرەی ژوری (میتیا گۆسێڤ) ی ڤیۆلۆنژەنی یەکەمی ئۆرکێسترا بو ، کەتازە کۆلێژی هونەری تەواو کردبو و بۆ بەسەربردنی پشوی هاوین ، ژورێکی لەدایکی نادیا بەکرێ گرتبو.

میتیای قۆز و چوارشانە و خاوەن قژێکی کاڵ و جوان ، بەتوێی کراسێکەوە ، لەسەر جێخەوەکەی ڕاکشابو و سەرگەرمی خوێندنەوەی ڕۆمانێك بو.

دوای برێك دودڵی و ڕاڕایی ، چەند جارێك بەسەری پەنجەی کێشای بەپەنجەرەکەدا.

ڤیۆلۆنژەن ، سەرەتا سەرێکی بڵند کرد و پاشان پرسی: کێیە ؟

: منم دیمتری ئیڤانۆڤیج ، پەنجەرەکە بکەرەوە ... کارم پێتە.

: وەرە ژورێ ... لەدەرەوە نا ! هەر لەپەنجەرەکەوە وەرە ژورێ ...

میتیا ، لەپەنجەرەکەوە وەدەرکەوت وپاش کەمێك لەتەنیشت نادیاوە ڕاوەستا.

: فەرمو ! چیت دەویست؟

نادیا ، گرتی بەقۆڵی ڤیۆلۆنژەندا و گوتی: وەرە لەگەڵم !

دوای تاوێك بێدەنگی ، درێژەی دایە: دیمیتری ئیڤانۆڤیج ! خۆشەویستم ! لەمەولا چیتر نامەی عاشقانەم بۆ مەنوسە ! تکات لێدەکەم بۆم مەنوسە ! منت خۆشنەوێ ! لەمەولا پێم مەڵێ خۆشم دەوێی !

چەند دڵۆپە فرمێسکێکی درشت ، بەچاوەکانی نادیادا هاتنە خوارێ و تکانە سەر گۆناکانی و دواتریش بەسەر دەستیدا شۆڕبونەوە ...



: دیمیتری ! ئیدی منت خۆشنەوێ ! لەمەولا ڤیۆلۆنم بۆ مەژەنە ، من بونەوەرێکی پیس و چەپەڵم ... دەبێ کەسانی لەچەشنی من بدرێنە بەر شەق و مست و بەنەفرەت کرێن ...

دەستی بەگریان کرد و سەری بە سینگی دیمیتریەوە نوساند.

: من بونەوەرێکی پیس و نەفرەتیم ! بیرۆکەی چەپەڵ و پیسم هەن ...

میتیا ، کەنەیدەزانی چی بکات ، سەرسام و حەپەساو ، لەژێر لێوەوە ، هەندێك قسەی لێڵ و ناڕۆشنی کرد و سەری نادیای ماچ کرد ...

: نا دیمیتری ... تۆ کەسێکی باش و میهرەبانی ... سوێندم بۆ دەخورێ ! خۆشم دەوێی ... بەڵام تۆ منت خۆشنەوێ ! چونکە من جل و بەرگی جوان و گالیسکەی تایبەتی و ئەو جۆرە شتانەم لەهەموشتێك خۆشتردەوێ ... هەرکاتێ هەژاری و بێ پارەیی خۆم بیردەکەوێتەوە ، خۆزگە بەمەرگ دەخوازم ... من بونەوەرێکی چەپەڵ و خۆپەرستم ... دیمیتری ئیڤانۆڤیج خۆشەویستم ! منت خۆشنەوێ ، نامەم بۆ مەنوسە ... بڕیارمداوە لەگەڵ ... لەگەڵ گاڤریلۆڤیجدا زەماوەند بکەم ... خۆ دەبینی چ بونەوەرێکم؟! تۆش عاشقی کچێکی وەك من بویتە ! ... خوداحافیز ! دوای شوکردنیش تۆم هەر خۆش دەوێ ... خوداحافیز میتیا !

ئەمەی گوت و ڤیۆلۆنژەنی گرتە ئامێز و بەخێرایی گەردەنی ماچ کرد و ڕۆیشت.

هەرکە گەیشتەوە ژورەکەی خۆی ، چوە سەر مێزی نوسینەکەی و بەدەم گریانەوە نامەیەکی بەم شێوەیەی نوسی: ( ئیڤان گاڤریلیۆڤیجی خۆشەویست! من وابەستەی تۆم و خۆشمدەوێی ، دەمەوێ ببمە هاوسەرێکی باش و میهرەبان بۆ تۆ ... (ن) ی خۆت.).

ئەمەی نوسی و دایە دەستی کارەکەرەکەیان ، بۆئەوەی بەناونیشانی گاڤریلیۆڤیج ڕەوانەی کا.

ئەمجار کەوتە بیرکردنەوە: ( دڵنیام بەیانی بەدەستی بەتاڵەوە نایەتە دیدەنیم ...).

دواتر هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.

ئەم هەناسە قوڵە ، بەمانای کۆتایی گریان و ڕەنج و مەینەتیەکانی بو.

چەند خولەکێك لەتەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشت و ئارامی خۆی وەدەسهێنایەوە و خێرا خۆی ڕوت کردەوە و کاتژمێر دوانزەی شەو ، لێفە گوڵدۆزی کراو و گرانبەهاکەی ، جەستەی ئەم کچەبەدخو و بۆگەن و مەکراویەی گەرم کردەوە.

*    *    *

دروست لەو کاتەشدا ، ئیڤان گاڤریلیۆڤیج ، لەنێو ژورەکەی خۆیدا دەهات و دەچو و بەدەنگێکی بەرزەوە ، لەبارەی ئایندەوە قسەی دەکرد.



دایك و باوکیشی لەوێ دانیشتبون و گوێیان دابوە قسە بەئاو و تاوەکانی کوڕەکەیان.

کاتێ دەیانبینی کوڕەکەیان ئەوەندە شاد و بەکەیفە ، هەستیان بەشادی و دڵنیاییەکی زۆر دەکرد.

باوکە ، ڕویکردە کوڕەکەیی و گوتی: دەزانم! کچێکی باشە ... خانەدانە ... نازدارە ... بنەماڵەیەکی ناسراون ... باوکی خاوەن پلەیەکی بەرز بو ... تەنیا حەیف ناوەکەی ئەڵمانیە ... لەوانەیە خەڵك وا بزانن ژنێکی ئەڵمانیت هێناوە ...

# لەدەفتەری بیرەوەریەکانی کچێکەوە

١٣ ی تشرینی یەکەم: سەرەنجام بەخت لەدەرگای منیشی دا ، باوەڕ بە چاوەکانی خۆم ناکەم. لەپەنجەرەکەوە ،لاوێکی بالاَبەرز و قۆزی گەنم ڕەنگ و چاوڕەشم لێ دیارە – کە بەمڕۆوە پێنج ڕۆژە – بەشەقامەکەی بەردەم ماڵماندا دێت و دەچێ. لەبەیانیەوە تا ئێوارێ لەوێ پیاسەدەکا و چاوی لەسەرپەنجەرەکانی ماڵەکەمان هەڵناگرێ. منیش وا خۆم دەرخست کە بایەخی پێنادەم.

١٥ی تشرینی یەکەم: ئەمڕۆ لەبەیانیەوە باران بەلێزمە دێتەخوارێ ، ئەو کوڕە هەر لەوێ خەریکی پیاسەکردنە ، منیش لەپاداشتی ئەو لەخۆبوردوییەیدا ، چاوێکم لێداگرت و ماچێکم بۆ هەڵدا. ئەویش زەردەخەنەیەکی دڵڕفێنی بۆکردم . نازانم دەبێ کێ بێت؟ ڤاریای خوشکم دەڵێ گوایا لەبەر ئەو بەوێدا دێت و دەچێ ، بەڕاستی خوشکێکی داماوو بەستەزمانم هەیە! ئاخر لەکوێ بینراوە! کوڕێکی گەنمڕەنگ عاشقی کچێکی گەنمڕەنگ بێ؟
دایکم ئامۆژگاری کردین جوانترین جل و بەرگ لەبەرکەین و لەبەردەم پەنجەرەکان دانیشین. هەروەها گوتی: (لەوانەیە کەسێکی حۆقەباز و



ساختەچیش بێت! بەڵام کێ دەزانێ ، بۆی هەیە کەسێکی باشیش بێ).
ساختەچی! توخودا ئەمەش بوە قسە؟ دایەگیان بەخودا تۆش نەفامی!

* * *

١٦ی تشرینی یەکەم: ڤاریا بەردەوام پێمدەڵێ ژیانم لێ تێکداوە! وادەزانێ تاوانی منە ئەوی خۆشناوێ؟ ئەمڕۆ بەهێواشی کاغەزێکم لەپەنجەرەکەوە بۆ فڕێدایە دەرێ. لەوەڵامدا بە پارچە گەچێك لەسەر قوڵی خۆی نوسی: (ئێستا نا).
دواتر هەر دەهات و دەچو و لەسەر دیوارەکەی بەرامبەرمانی نوسی: (پێمخۆشە بەڵام با بۆکاتێکی تر بێت). دوایی یەکسەر نوسینەکەی سڕیەوە.
نازانم هۆی چیە دڵم ئاوا کەوتۆتە کوتەکوت؟

* * *

١٧ی تشرینی یەکەم: ئەمڕۆ ڤاریای خوشکم ئانیشکێکی کوتا بەسینگمدا ، زۆر بەخیل و بەدفەڕە! هەروەها ئەو کوڕە ، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ پاسەوانێکدا ڕاوەستا و چەند جارێك بەدەست ئاماژەی بۆ ماڵی ئێمە کرد! پێدەچێ خەریکی پیلانێك بێت! ماڵەکەمان

دەسنیشان دەکا بۆ پۆلیس!...  بەڕاستی پیاوان چەندە ستەمکارن!
لەهەمان کاتیشدا چەندە مەکرۆ و دڵڕفێنن!

*   *   *

١٨ی تشرینی یەکەم:  (سریۆژا) ی برام ، دوای ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر بو لەماڵ نەبو ، درەنگانێکی شەو ، خۆی کردەوە بەماڵدا. بەرلەوەی بچێتە نێو نوێنەکەی ، هەواڵیان دایە کەلانتەری و هاتن و قۆڵبەستیان کرد.

*   *   *

١٩ ی تشرینی یەکەم:  بەدفەساڵ ! نەفرەتی! ئەم بونەوەرە بێ چاو و ڕوە ، تەواوی ئەو دوانزە ڕۆژە ، خەریکی چاودێری کردنی ماڵی ئێمە بوە و نەمانزانیوە ، بۆئەوەی هەرکە براکەم هاتەوە – کەهەندێك پارەی دزیبو – یەکسەر دەسگیری بکەن.
(ئەو) ، ئەمڕۆش هات ، لەسەر دیوارەکەی بەرامبەرمانی نوسی: ( مـن دەتوانم و ئازادم) . حەیوانی پیس! منیش لەڕقا زمانێکم لێدەرهێنا.

# فرمێسکە شاراوەکان

فەرماندەی بنکەی شار (ڕۆبەرتسۆڤ) ، کە پیاوێکی لەڕ ولاوازی باریک بو و هەرکاتێ مرۆڤ چاوی پێ بکەوتایە ، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ ، عەمودی تەلەفونی بیر دەکەوتەوە ، لەشەوێکی هاویندا ، لەگەڵ هاوڕێکانیدا ، لەیانەیەك هاتە دەرێ و گوتی: ئێستا لە هەمو شتێك خۆشتر ئەوەیە نانێکی باش بخۆین. لەشارە خۆشەکان ، بۆنمونە لە (ساراتۆڤ ) ، یانەکان نانی ئێواریێ ئامادە دەکەن ، بەڵام لەم ( چرویانسك) ە بۆگەنەی ئێمەدا ، مرۆڤ جگە لە ڤۆدکا و چای مێشاوی ، هیچ شتێکی تری دەسناکەوێ ، بەڕای من خواردنەوەیەك نانی ئێوارە و مەزەی لەگەڵدا نەبێ ، بەنەفرەت بێ.

(ئیڤان ئیڤانۆڤیچ) ی پشکنەری فێرگەی وابەستە بەکلیسا ، بۆئەوەی سەرما کاری تێنەکا ، باڵتۆ پەڕپوتەکەی لەخۆیەوە پێچا و بەتۆنی دەنگێکی سەلماندنەوە ، گوتی: ئەرەوەڵا ! خراپ نەبو ئەگەر ئێستا ، نانێکی باشمان لێدابا ! ... بەڵام کوا ! لە کاژێر دوی شەو بەدواوە چ ڕیستۆرانێك کراوەیە؟ ... دەنا خراپ نەبو جێگایەك ماسی سوێر ... خارچکێکی زۆری بەسەرەوە بێ ... یان شتێکی وەك ...

توانی بەیارمەتی جوڵەی دەم و لچ وپەنجەکانی ، وێنەی خواردنێکی بەلەزەت لەمێشکی هاوڕێکانیدا بەرجەستەکا ، بەشێوەیەك ئەوانەی کە سەیری ڕوخساریان دەکرد ، دەم و لێوی خۆیان لستەوە.



هەمویان لەڕۆیشتن کەوتن ، ڕاوەستان و کەوتنە بیرکردنەوە.

بیریان کردەوە ، بیریان کردەوە ، بیریان کردەوە ، بەڵام نەیانتوانی هیچ ڕێگاچارەیەك بۆ تێرکردنی زگە برسیەکانیان بدۆزنەوە.

ناچار تەنیا بەبیرکردنەوە ڕازی بون.

لەم کاتەدا ، (پرۆژینا پرۆژینسکی) ، جێگری شارەوانی ، ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی: دوێنێ لەماڵی (گۆلۆپسۆڤ) گۆشت قەلێکم خوارد ! چ تامێکی هەبو ! کامتان چونەتە وارشۆ؟ لەوێ سورە ماسی ئاسایی دێنن بەزیندویی دەیخەنە ناو شیرەوە ... لامەزەبانە یەك ڕۆژی ڕێك لەناو ئەو شیرەدا درێژە بەژیانی خۆیان دەدەن ، دوایی دەریان دێنن و دەیخەنە خامەوە و لەنێو ڕۆندا سوری دەکەنەوە ... ئەوەندە خۆشە مرۆڤ پەنجەکەکانی خۆی پێوە دەخوا. ئەوەندە خۆشە یەکسەر مرۆڤ تامی ئاناناسی بیردەکەوێتەوە ! بەخودا ئەگەر ... دو سێ پەرداخیشی خواردبێتەوە .. لەڕاستیدا کە ... مرۆڤ ئەقڵی لەکەللەدا نامێنێ ... بۆن و بەرامەی مرۆڤ شێت دەکا ...

ڕۆبەرتسۆڤ ، بەدەنگێکی تێکەڵ بەهاودەردیەوە ، گوتی: بەتایبەتی ئەگەر چەند دانە خەیار شۆری کەم خوێشی لەگەڵدابێ ... بیرمە ئەو کاتەی لەپۆڵەندا ئۆردومان خستبو ، لەیەك دانیشتندا دوسەد دانەمان لوشدەدا ... قاپەکانمان پڕپڕ دەکرد و بیبەری ڕەشمان بەسەردا دەکرد ، دواتریش شویت و جەعفەری و بەکورتی زمان لە ئاستی ستایش کردنیدا کوڵەوارە !

لەناکاو ، بێدەنگ بو و کەوتە بیرکردنەوە. کەوتەوە یادی ئەو شۆربای ماسیەی لە ساڵی ١٨٥٦ لە دێرەکەی (ترۆیتسکی) خواردی. یادگاریەکی هێندە شیرن بو ، کە لەپڕ بۆن و هاڵاوی نەوس بزوێنی شۆربای ماسی ، بەلوتدا هات. بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ لێوەکانی لستنەوە و قاچی کەوتە چاڵێکەوە.

: نا! کاکینە ، بەخودا من چیتر لەتوانامدا نەما! دەچمەوە ماڵ و نانێك دەخۆم ، ئێوەش وەرن! بۆنایەن؟ دەچین سەروپەرداخێك ڤۆدکا هەڵدەدەین و دواتریش ،چی خوا دابێتی ، پێکەوە دەیخۆین. خەیارشۆر ، گۆشت گا ... سەماوەرەکە دادەگیرسێنین ... خراپ نیە ، ها! بۆخۆمان هەندێك قسە دەکەین و باسی ڕابردوی خۆمان دەکەین ... ژنەکەم نوستوە ... هەر هەڵیشی ناستێنین ... بەهێواشی ... یالاّ بابڕۆین.

ڕۆبەرتسۆڤی فەرماندەی بنکە ، بەدەم ڕێگا چوڵکردنەوە بۆ میوانەکان ، بۆئەوەی بە ڕاڕەوە تاریکەکەدا بڕۆن ، ڕویکردە نۆکەرەکەی و گوتی: بابت لەگۆڕ دەردێنم! بۆن بۆگەنی ئەو توتنەی تۆ خنکاندمی! هەزار جارپێم گوتی ، ئەوکاتەی لەهاڵەکە دەنوی ، توتنەکەت لە پەڕە سیگارێکی بۆن خۆش بپێچەوە! بڕۆ ئێستا خێرا سەماوەرەکە ئامادەکە ، بە ئێریناش بڵێ هەندێك خەیارشۆر بێنێ و هەندێك توریش لەزەویەکە هەڵکەنێ و بیهێنێتە سەرێ ... خۆشت هەندێك ماسی سوێرکراو خاوێن کەرەوە و یەك دو سەلکە پیازی بۆ وردکە و شویتی پێداکە و خۆ دەزانی؟ دواتر چەند دانە پەتاتەی



کوڵاو ئەڵقە ئەڵقە ببڕە و لەسەری داینێ ... چەوەندەریشت لەبیر نەچێ ... ڕۆن زەیتون و خۆ دەزانی؟ ببیەر و بەکورتی شتەکان بەپوختی ئامادەکە ... خۆ حاڵی بوی؟ لێرەدا ، وەك چۆن شتێك تێکەڵ دەکرێ و لێك دەدرێ ، پەنجەکانی بەو شێوەیە سوڕاند و بەجوڵەی دەم ولێویشی ، وەك چۆن شتێك لەتوانادا نەبێ بەزمان دەربڕدرێ ، هەوڵیدا تێی بگەیەنێ ... میوانەکان پێڵاوەکانیان دانان و چونە ژوری میوانەوە.

خاوەن ماڵ ، شقارتەیەکی داگیرساند و هەوای نێو ژورەکەی پڕکرد لە بۆن بۆگەنی کبریت و گۆگرد. دیواری ژورەکەی – کە بەوێنە و تابلۆی هونەری وەك ڕوباری نیڤا و شاری ڤینیسیا و لاژیچینکۆڤی نوسەر و پۆرترێتی ژەنەڕاڵێك ، ڕازێنرابۆوە – ڕوناك کردەوە.

دواتر کە چەکمەجەی مێزەکەی ڕادەکێشا ، بەسرتە گوتی: هەر ئێستا سفرە ئامادە دەبێ و دادەنیشین ... ماشای هاوسەرم زۆر تەندروستی باش نیە ... دەبێ ببورن ... نەخۆشیەکی ژنانەیە ... بەقسەی دکتۆر (گۆسێن) هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆر خۆی لە خواردنی گۆشت و چەوری دەپارێزێ ... کێ دەڵی هۆی ئەوەشە؟ منیش پێمگوت: (ئازیزم ئەم نەخۆشیەی تۆ هیچ پەیوەندیەکی بە جۆری خۆراکەوە نیە! ئەوەی کە بەدەمدا دەچێتە خوارێ هیچ نیە ، ئەوەی لەدەمەوە دەردەچێ گرینگە! ... ڕاستە خۆت لەخواردنی گۆشت و چەوری بە دور دەگری بەلاّم ئێستاش ، وەك جاران ، بەبچوکترین شت دنیات لێ وێك دێتەوە ... لەبری ئەوەی زوڵم

لەجەستەی خۆت بکەی ، هەولّدە کەمتر قسە بکەی ...) . بەلاّم کوا؟
کوا گوێ تا بیبیستێ؟ لەوەلاّمدا بەمن دەلّێ: ( لەمنداڵیەوە ڕایان هێناوم گۆشت و چەوری کەم بخۆم).

لەم کاتەدا ، نۆکەرەکە وەژورکەوت و شتێکی چرپاندە بناگوێی خاوەن مالّ.

ڕۆبەرتسۆڤ ، برۆکانی هەلّتەکاندن و لەژێر لێوەوە گوتی: هم ... بەلّێ ... ئاوا! دەی هەرچیەکە کێشە نیە ... برایان ببورن ئێستا دەگەڕێمەوە ... ئەوە ژنەکەم لەداخی نۆکەر و کارەکەرەکان دەرگای گەنجینەکەی داخستوە و کلیلەکەی بردوّتە ژورەکەی خۆی ... دەچم کلیلەکانیان دەدەمێ و دێمەوە ... لەسەر پەنجەی پێیەکانی هەستا و بەرەو ئەو ژورەی کە هاوسەرەکەی لێی نوستبو ، ڕۆیشت.

نیوەی دەرگاکەی کردەوە و بەرەو جێخەوەکەی ماشا ڕۆیشت ، ماشا خەوتبو.

ڕۆبەرتسۆڤ بەهێواشی لێی نزیك بۆوە و بەنەرمی پرسی: ماشا گیان! ئەو کلیلانەی گەنجینەکەم بدەرێ ... نیگەران مەبە ... بۆخۆت بنو ... میوانم هەیە و بۆخۆم بە کاروبارەکان ڕادەگەم ... یەکی خەیارشۆرێك و تەواو ... سوێند بەخوا هیچی تریان نادەمێ ... (دویتیچۆڤ) دەناسی خۆ؟ ( پرۆژینا) و چەند کەسی ترن ... کۆمەلّێك پیاوی بەڕێز ... ئەوە پرۆژینا نیشانەی ژمارە چواری ( فلادیمیر) ی وەرگرتوە ... ئەوەندە ڕێزی تۆی لایە! هەر سەیرە! ...



: سەرەتا پێم بلّێ تا ئەم درەنگی شەوە لەکوێ بوی؟ ئەم هەمو خواردنەوەیەت لەکوێ قوزەلّەقورت کردوە؟

: دەفەرمو! خۆ هێشتا هیچ نەبوە تورە دەبێ! ڕاستیەکەی ... من گوتم یەکی خەیار شۆرێك و تەواو ... دواتر هەرکەسە و دەچێتەوە مالّی خۆی ... بۆخۆم هەمو کارەکان جێبەجێ دەکەم ... تۆ ئەزیەت مەکێشە ... بۆخۆت بخەوە ئازیزەکەم ... ئەرێ بەڕاست تەندروستیت چۆنە؟ دکتۆر گۆسێڤ هاتە سەردانت؟ بێنە با ئەو دەستەنازدارەت ماچکەم ... لەڕاستیدا ، تۆ جێگای ڕێزی هەمو ئەو برادەرانەی! ... دویتیچۆڤ ، پیاوێکی تابلّێی باش و بەدینە ،پرۆژینا و سندوقدارەکەش بەهەمان شێوەن ... بەردەوام ستایشت دەکەن و دەلّێن: ( ماریاپترۆڤنا ژنێکی ئاسایی نیە ... دەلّێی فریشتەیە ... دەسکە گولّی شارەکەیە).

: بڕۆ بۆ خۆت بنو پیاو! ئەم هەمو قسەپڕوپوچانە چین دەیانکەی؟ بەخۆت و پێڕێکەوە ، دەچی تا ورگت هەلّدەگرێ ژەقنەبوت دەخۆیەوە و دوایی دێیتەوە سەرو گوێلاکی من و وڕێنە و قسەی پڕوپوچم بۆدەکەی؟ ئابڕوت هەبێ! شەرم ناکەی؟ دەزانی چەند منداڵت هەیە؟

: هەمە! باهەمبێ! ڕاستە ژن ومنداڵم هەیە ، بەلاّم تۆ تورە مەبە! ئازیزەکەم! مێشکی خۆت بەو قسانە ئازار مەدە! تۆ خۆشەویستی منی و ئامادەی هەمو شتێکم لە پێناو تۆدا! تۆ لەهەمو شتێك بەنرختری لای من ... ئەگەر خودا پشت و پەنابێ! منداڵەکانیش

دەگەیەنمە پلە وپایەیەك ... میتیا دەنێرمە ئامادەیی ... بڕوانە ئازیزم خۆ ناکرێ میوانەکان بەوشێوەیە چاوەڕوان بن ... کارێکی جوان نیە ... ئەم میوانە باشانە هاتونە ماڵمان و ... دویتیچۆڤ ویروژیناپروژینسکی ... مرۆڤێکی باشن ... دەزانی چەندە ڕێزی تۆیان لایە! بەردەوام ستایشت دەکەن ... یەکی خەیارشۆرێك پەرداخێك ڤۆدکا و ... خواحافیز ... بۆخۆم ئامادەیان دەکەم ...

: چۆن گێرم خواردوەبەدەستتەوە! ئەوە چیتە شێت بوی؟ ئاخر بەم نیوەشەوە و میوان؟ ئەمانە هیچ شەرم لەخۆیان ناکەن؟ لەکوێ بینراوە مرۆڤێکی دروست ، ئەم کاتانە بچێتە میوانی؟ بۆ ئێرە مەیخانەیە؟ ئەگەر کلیلەکانت بدەمێ ، دیارە گەمژەم! بڕۆ پێیان بڵێ بائێستا بچنەوە ماڵی خۆیان و بنون و بەیانی بێنەوە.

: ئەی بۆ سەرەتا ئەم قسانەت نەکرد؟ ئەگینا لەبەردەم شتێکی وەك تۆدا ئەوەندە خۆم زەلیل نەدەکرد ... تۆ نە هاوڕێی ژیانم بوی! نە ئارامی گیانم بوی! ... شەیتان بەنەفرەت بی ، خۆ ناکرێ هەمو شتێك بڵێی! ... تۆ ماربوی! ... ئێستاش هەر ماری.

: وەڵا بابە جوانە! قەرزاریشم بکەوە! وات لێهاتوە جنێویشم پێبدەی؟ هەی مار ڕەفتار.

ماشا هەستا و ... فەرماندەی بنکە ، لاجانگی خۆی خوراند و درێژەی دایە: سوپاست دەکەم ... بیرتە لەگۆڤارێکدا نوسرابو: (ژن لەدەرەوەی ماڵ فریشتەیە و لەماڵەوەش لەگەڵ پیاوەکەیدا



شەیتانە؟) ، بەڕاستی وتەیەکی جوانە! تۆ شەیتان بوی! ئێستاش هەر شەیتانی ...

: دەکەوایە بگرە.

: لێمەدە! دارکاریمکە! بڕوانە ماشا گیان ... تکات لێدەکەم ... بمبەخشە! کلیلی گەنجینەکەم بدەرێ! ماشای ئازیزم! بەزەییت هەبێ با ئابڕوم نەچێ لەلای ئەو میوانانەوە! ئاخر ژنەکە تاکەی دەتەوێ ئازارم بدەی؟ لێمەدە! دارکاریمکە ... گوێبگرە ژنەکە! تکات لێدەکەم! .

ژن و مێرد ، تا ماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە بەردەوام بون.

لەو ماوەیەدا ، ڕۆبەرتسۆڤ جارێك لەبەردەم ژنەکەیدا چۆکی دادا و دو جار گریا و چەند جارێك جنێوی دا و چەند جارێکیش کێشای بەڕوخساری خۆیدا ...

سەرەنجام ماشا لەجێگاکەی هەستا و تفێکی کردە سەرزەویەکە و گوتی: چۆن بویتە بەڵای گیانم! ئەو کراسەی سەر ئەو کورسیەم بدەرێ ، هەی دڵڕەق.

ڕۆبەرتسۆڤ ، بەڕێزەوە کراسەکەی دایە دەستی و دەستێکی بەسەر و پرچی خۆیدا هێنا و گەڕایەوە لای میوانەکان.

میوانەکان ، لەژورەکەدا هەستابونە سەر پێ و بەسەرسامیەوە دەیانڕوانیە وێنە هەڵواسراوەکەی ژەنەڕاڵ ڕۆبەرتسۆڤ و بەراوردیان لە نێوان بایەخ و گرینگی پلە و پایەی نوسەر و ژەنەراڵدا ، دەکرد.

دویتیچۆڤ ، داکۆکی لە بەرهەم و ناوی نەمری نوسران دەکرد و پلە وپایەی لاژیچینکۆڤی نوسەری بەلاوە بالاّ تر بو لەپلە وپایەی سەربازیی ژەنەڕالێك.
هەرچی پرۆژینسکی بو ، تێڕوانینێکی پێچەوانەی ئەوی هەبو: گومان لەوەدا نیە کە لاژیچینکۆف ، نوسەرێکی بەتوانایە و بەرهەمەکانیشی هەم مرۆڤ دێننە پێکەنین هەم دەیگرێنین ، بەلاّم تۆ وەرە لاژیچینکۆف بنێرە بۆ مەیدانی شەڕ ... فەرماندەیی دەستەیەکیشی پێناکرێ. بەلاّم ژەنەڕاڵ ، زۆر بەئاسانی دەتوانێ فەرماندەیی سوپایەك بگرێتە ئەستۆ و زۆر بەباشی ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێ ...
لەوکاتەدا ، خاوەن ماڵ قسەی بەمیوانەکان بڕی و گوتی: ئەوە ماشاش هات ... هاکا گەیشت.
: بەڕاستی خەجاڵەتین ... بوینە مایەی زەحمەتی بۆتان ... چیە ئەوە ڕوخسارت بۆ وای لێهاتوە ڕۆبەرتسوۆڤ؟ بەرچاوت بۆ وا شین بۆتەوە؟
ڕۆبەرتسوۆڤ ، بەشەرم دەستەپاچەییەوە ، وەلاّمی دایەوە: ڕوخسارم؟ کوا کوێ؟ ... ئەها! ئەوە ویستم بەدزیەوە بچمە ژورەکەی ماشا و بیترسێنم ، ژورەکە زۆر تاریك بو ، ڕوخسارم بەر گۆشەیەکی چارپاکە کەوت ها ... ها ... ها ... ئەوەش ماشای من ... ئازیزم ئەوە قژت بۆ وا ئالۆسکاوە؟ دەڵێی (ئانالیزا میشێل) ی!
ماریا پترۆڤنای قژ ئالۆسکاو و خەواڵو ، بەشادیەوە وەژور کەوت و گوتی: بەخێربێن بەڕێزان ، خۆشیتان هێنا ، دەبێ سوپاسی



مێردەکەم بکەم کە شەوانەش دەتانهێنێتەوە ماڵێ ... خەوتبوم ، گوێم لەدەنگێك بو ، گوتم خوایە دەبێ چیبێ؟ فیدیا داوای لێکردم بنومەوە ، بەلاّم چەندی کردم نەمتوانی ئۆقرەبگرم ...
ئەمەی گوت و گەڕایەوە چێشتخانەکە ، نان ئامادەکرا ...

* * *

کاژێرێك دواتر ، دوای ئەوەی میوانەکان ماڵی فەرماندەی بنکەیان جێهێشت ، پرۆژینا پرۆژینسکی ، ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی: چەند خۆشە مرۆڤ خاوەنی ژن و ماڵ بێ! هەرکاتێ حەزکا نان ئامادەیە ... جگە لەوەی کە بەتەنیا نابیت و کەسێك هەیە خۆشی دەوێی و ئەوکاتانەی دڵت تونددە پیانۆت بۆ لێدەدا و ... خۆزگەم بە ڕۆبەرتسوۆڤ! بەڕاستی مرۆڤێکی خۆشبەختە!
دویتیچۆڤ ، متەقی نەکرد ، تەنیا ئاهێکی هەڵکێشا و کەوتە بیرکردنەوە ، دوای چەند خولەکێك گەیشتەوە ماڵ و لیباسەکانی دانا و ویستی بخەوێ. ئاهێکی وای هەڵکێشا ، ژنەکەی لەخەو هەستاند.
ژنە بەبوڵە بوڵەوە گوتی: بەم چەکمانەتەوە ئەوەندە تەقەتەق مەکە! خۆ بەردی ئاسیاو نیت! لێناگەڕێی مرۆڤ تاوێك بەئاسودەیی بخەوێ! قوزەڵەقورتەکەی لە یانە دەخواتەوە و هاتوهاوار و تەقە تەقەکەشی لەماڵ! سندانت لێدا خوایە!

: تۆ جگە لەشەڕ و هات وهاوار هیچ شتێکی تر نازانی! بڕۆ سەیری ژنەکەی ڕوبەرتسۆڤ کە! ئای خودایە! چ ژیانێکی خۆشی هەیە! مرۆڤ بەختەوەر دەکا. تەنیا منم کە لەم دنیا بۆگەنەدا ، کەوتمە داوی پیرەژنێکی وەك تۆوە! هەندێك برۆ ئەولاوە با منیش بخەوم.

دویتیچۆڤی پشکێنەری فێرگا ، لەکاتێکدا کە نەفرەتی لە ژیانی خۆی دەکرد ، سەری خستە ژێر بەتانیەکە و خەوی لێکەوت.

# ئەلبوم

(کراتۆف) ی کارمەندی پلە چواری دەوڵەت ، کەپیاوێکی لەڕ ولاوازی قامیش ئاسا بو ، خۆی لە کارمەندەکانی تر جیاکردەوە و ڕویکردە (ژیمیخۆف) و گوتی: گەورەی بەڕێزم! ئێمە هاتوین تا بەهۆی ئەو سەرۆکایەتیە چەندین ساڵەیە و ئەو ڕێنمایی و سەرپەرشتیە باوکانەیەی بەڕێزتانەوە ، کە بەدرێژایی چەندین ساڵ ...

(زاکۆسین) – کارمەندێکی تر– کەهەر لەوێ لەگەڵ ئەوانی تردا ڕاوەستابو ، بەدەنگێکی هێواش وەبیری هێنایەوە: بەدرێژایی زیاتر لە دە ساڵ ...

: بەڵێ بەدرێژایی زیاتر لە دە ساڵ ، هاتوین لەناخی دڵمانەوە ڕێز و سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ بەڕێزت دەربڕین. ئێستاش لە ڕۆژێکی ئاوا پیرۆزدا ، هاتوینە خزمەتت و ئەم ئەلبومە ناشایستەیە ، کە بریتیە لە وێنەی هەمو ئەم کارمەندانە ، وەکو بیرەوەریەك ، وەکو ڕێزوپێزانینی ئەم کارمەندانەی ژێر دەستی خۆت ، پێشکەش بە بەڕێزت بکەین ، هیوادارین بەدرێژایی تەمەنی پڕ لەشانازیت ، تا ئەو ڕۆژەی لەژیاندا دەمێنی ، ئێمەت لەبیر نەچێتەوە ...

لێرەدا زاکۆسین ، کە دەتگوت دەمێکە خۆی ئامادە کردوە و چاوەڕوانە قسە بکا ، ئارەقەی ڕوخساری سڕیەوە و دەستی پێکرد:



ئامۆژگاری و ڕێنماییە باوکانەکانت ، لەپێناو ڕاستی و ڕاستگۆیی و پێشکەوتن ... هەر شەکاوەبێ ئاڵای بەڕێزتان ، لەمەیدانی کار و بلیمەتی و وشیاری کۆمەڵایەتی!

دڵۆپە فرمێسکێك ، بەچاوی چەپی ژیمۆخیندا هاتەخوارێ و بەسەر گۆنا چرچ و لۆچەکەیدا شۆڕبۆوە. دواتر بەدەنگێکی لەرزۆکەوە ، گوتی: بەڕێزان! هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد ، جەژنی ساڵڕۆژێکی ئاوا سادە بگێڕن ... بەڕاستی دڵخۆشتان کردم! بەڕاستی کاری تێکردم! ... تەنانەت ... تا ماوم ، ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆم لەیاد ناچێ ، باوەڕتان هەبێ ... باوەڕتان هەبێ هاوڕێیان ، هیچ کەس هێندەی من چاکەی ئێوەی ناوێ ... دڵنیابن ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ، کاری فەرمانگەم بەتوندی گرتبێ و سەختگیریم کردبێ ، دڵنیابن کە هەمیشە چاکەی ئێوەم ویستوە و هەرچیەك بوبێ ، لەبەرژەوەندی خۆتاندا بوە ...

لەم کاتەدا ژیمیخۆڤ بەڕێوەبەر ، لەگەڵ کراتۆڤ کارمەندی پلە چواری ژێردەستی خۆی ، یەکتر ماچ دەکەن. کراتۆف کە خۆیشی چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد شانازیەکی لەوچەشنەی پێببڕێ ، لەخۆشیان خەریکبو باڵی دەگرت.

کاکی بەڕێوەبەریش هێند بەتوندی دەستی ڕادەتەکاند ، دەتگوت زمانی بەستراوە و ناچارە خۆشحاڵیەکەی بەم شێوەیە دەربڕێ. دواتر فرمێسك بەچاوانیدا هاتنەخوارێ – بەشێوەیەك دەگریا ، دەتگوت ئەلبومەکەیان نەداوەتێ ، بەڵکو لێیان ستاندوە .

دوای ئەوەی برێك هێور بوّوە ، چەند قسەی گەرمی تری بوّ کارمەندەکان کرد ، دواتر چانسی ئەوەی دانیّ تەوقەی لەگەڵدا بکەن و دەستی بگوشن.

سەرەنجام ، لەنێو هەڵهەڵە و هاتوهاواری شادی کارمەندەکاندا ، بەپلیکانەکاندا هاتە خواریّ و سواری گالیسکەکەی بو و بەدەم نزای خێری کارمەندەکانەوە ، فەرمانگەی جێهێشت و تەنانەت جارێکی تریش لەنێو گالیسکەکەدا کەوتەوە ژێر کاریگەری هەستەکانی و گریا.

* * *

لەماڵەوە ، مەراسیمێکی خوّش چاوەڕوانی دەکرد.

لەماڵیش ، ئەندامانی خێزانەکەیی و دوّستان و ئاشنایان بەشادی و هەڵهەڵە لێدانەوە پێشوازیان لێکرد.

هاتوهاوارێکی وایان وەڕێخست ، خوّی لیّ ببوە پاڵەوانێکی نەتەوەیی و وایدەزانی ئەگەر ئەو نەبوایا ، ئەوا خاکی نیشتیمان کوێر دەبوّوە.

لەکاتی نان خواردنی نیوەڕوّدا – ئەو نانەی کەبەو بوّنەیەوە ئامادە کرابو – هەر پەرداخ بو و بەسلامەتی ئەو هەڵدەدران وپڕ دەکرانەوە ، ماچکردن وپیروّزبایی ، بازاڕێکی گەرمیان هەبو.

ژیمیخوّف ، کەخوّیشی چاوەڕوانی سازکردنی مەراسیمێکی لەو شێوەیەی نەدەکرد ، ڕویکردە ئامادەبوان و گوتی: براینە ، کاژێرێك بەر لەئێستا ، لەپاداشتی هەولّ و ماندوبون و هەستکردن



بەبەرپرسیارێتیدا ، هەستم بە ئارامیەکی زوّر کرد. لەماوەی چەند ساڵی خزمەتمدا بیّ شك و دودڵی کارم کردوە و هەمیشە لە سەر ئەو بڕوایە بومە کە دەبیّ ئێمە لەخزمەتی خەڵکدا بین نەك خەڵك لەخزمەت ئێمەدا بیّ. هەربوّیە ئەمڕوّ گەورەترین پاداشتم وەرگرت ! بەڵیّ ئەمڕوّ کارمەندەکانم ئەلبومێکیان بەدیاری پێشکەش کردم ... فەرمون سەیریکەن ، بەڕاستی زوّر کەوتمە ژێر کاریگەری ئەو وەفا و ئەمەکداریەیان.

میوانەکان بەشادیەوە خوّیان چەماندەوە و کەوتنە سەیرکردنی ئەلبومەکە.

(ئوّلگا) ی کچی ژمیخوّف ، ڕویکردە باوکی و گوتی: چ ئەلبومێکی جوانە ! لەوانەیە نرخەکەی لەدەوری پەنجا ڕوّبڵدا بیّ ! بەڕاستی جوانە ! بابەگیان بیدەرە من ... من هەڵیدەگرم ... زوّر جوانە ...

دوای نان خواردن ئەلبومەکەی بردە ژورەکەی خوّی و لەچەکمەجەی مێزەکەیدا شاردیەوە.

ڕوّژی دواتر ، ئوّلگا ئەلبومەکەی هێنایە دەریّ و وێنەی کارمەندەکانی دەرهێنا و فڕیّی دانە سەر زەویەکە و وێنەی هاوڕێیەکانی زانکوّی ، خستە ناوی.

بەم شێوەیە ، پوّشاکی (یەك شێوە) ی کارمەندەکان ، جێگای خوّیان دایەپوّشاکی یەك شێوەی خوێندکارانی زانکوّ.

(کوّلیا) ی کوڕی بەڕێوەبەری بەڕێزیش ، وێنەکانی کوّکردنەوە و دەستی کرد

بە وێنەکێشان: پۆشاکی یەك شێوەی کارمەندەکانی بەچەند ڕەنگێك نەخشاند. دواتر نۆرە گەیشتە ڕوخساریان ، سمێڵێکی سەوزی ، بۆ بێ سمێڵەکان دروستکرد و بۆ بێ ڕیشەکانیش ، ڕیشێکی قاوەیی ، دروست کرد. کاتێ ئەم کارانەی تەواو کرد ، چوار دەوری سەر و جەستەی کارمەندەکانی بەمەقەس بڕی و چاوەکانیانی بە سنجاق کون کردن. بەم شێوەیە ماوەیەکی زۆر سەرگەرمی یاری کردن بو.

سەرەنجام ، وێنەی سەری کراتۆڤ کارمەندی پلە چواری بەشقارتەیەکەوە لکاند و بردیە ژورەکەی باوکی و گوتی: ئەها بابە چیم دروستکردوە؟ ئەها بابە... سەیری ئەو پەیکەرە کە.

ژیمیخۆڤ ، بەبینینی ئەمە ، لەناخی دڵەوە دەستی کردەپێکەنین و لەسەر کورسیە بزۆکەکەی جوڵەیەکی کرد و بەهەستێکی باوکانەوە ، ماچێکی گەرمی گۆنای کۆلیای کرد و گوتی: هەی شەیتان! بڕۆ بەدایکت نیشانیدە ، با ئەویش بیبینێ.

# لای سەرتاش

بەیانیە.
هێشتا کاتژمێر حەوت نەبوە ، بەڵام دوکانە بچکۆلەکەی (ماکار کۆزمیچ بلستکین) ی سەرتاش کراوەیە.
خاوەنی دوکانەکە بە سەر و ڕیشێکی چڵکن و شانە نەکراوەوە ، سەرگەرمی ڕێکخستنەوە و پاککردنەوەی دوکانەکەیەتی. گەرچی شتێکی ئەوتۆ لەدوکانەکەدا نیە تا شایانی پاککردنەوە بێت ، کەچی ڕوخساری ئارەقەی پێدا دێتەخوارێ.
شتێکی کۆنە ڕادەکێشێتە ئەولاوە ، پەنجەیەك بەوێدا دێنێ.
لەگۆشەیەکی تر ، بەپەلەپیتکەیەك مێشولەیەك بەدیوارەکەوە ، بەردەداتەوە خوارێ.
دوکانەکەی بچوك و تاریك وپیسە ، پارچە پەڕۆیەك ، کە مرۆڤ دەخاتەوە یادی کراسێکی لەبەن چنراو و ڕەنگی تاوەسوتی گالیسکەڕانەکان ، دیوارە دارینەکەی داپۆشیوە.
لەنێوان هەردو پەنجەرە تاریك و گریان هێنەرەکەدا ، زەنگوڵێك ، بەسەر دەرگایەکی باریك و بچوکی شەق و شڕەوە هەڵواسراوە ، کەجارجار هەر لەخۆڕا دەکەوێتە جوڵە و زرینگە زرینگ.



هێندە بەسە تیلەی چاوێك بدەیتە ئەو ئاوێنەیەی بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە ، بۆ ئەوەی زگت بەخۆت بسوتێ و قەد و باڵای خۆت ، بەخوار و خێچی ببینی.
لەبەرامبەر ئەم ئاوێنەیەدا سەرو ڕیشی مشتەریەکانی دەتاشێ.
لەسەر ئەو مێزە بچوکەی ، کەهێندەی ماکار کۆزمیچی خاوەن دوکان پیس و پۆخڵە ، هەمو شتێکت دەسدەکەوێ: جۆرەها شانە ! چەند دانە مەقەسێك و موس و ئاوپرژێن و دیتوڵ و قتویەك بۆدرەی برژانەوە و کۆڵۆنیایەکی بێ بۆن.
زەنگوڵی سەر دیوارەکە ، دەنگێکی بێزارکەری لێوە بڵند دەبێ و پیاوێکی بەساڵاچو ، بەباڵتۆیەکی کورت و چەکمەیەکی لبادەوە ، شاڵێکی ژنانەی لە سەر و ملی خۆی ئاڵاندوە ، وەژوردەکەوێ. ئەم پیاوە (ئاراست ئیڤانۆڤیج یاگۆدۆڤ) ی باوکی تعمیدیی ماکار کۆزمیچە. سەروەختێك دەرگەوانی کلیسا بو ، بەڵام ئێستا لەدەور و بەری گەڕەکی ( دەریاچەی سور) نیشتەجێیە و خەریکی ئاسنگەریە.
ئاراست ئیڤانۆڤیج ، ڕودەکاتە ماکار کۆزمیچ – کە هێشتا سەرقاڵی خاوێن کردنەوەی دوکانەیەکە – و دەڵێ: سڵاو ماکار گیان ! ڕوناکی چاوان !
یەکتر ماچ دەکەن.
باوکی تعمیدی ، شاڵەکە لەسەروگەردنی خۆی دەکاتەوە و خاچێك لەسەر سینگی خۆی دەکێشێ و دادەنیشێ و بەکۆخەکۆخەوە دەڵێ: دوکانەکەت زۆر دورە کوڕم ! لەدەریاچەی سورەوە تا دەروازەی (کالوژسکایا) ، گاڵتەیە !

: بەخێربێی! تەندروستیت چۆنە؟
: نەخۆشم برا! تایەکی قورس دایگرتبوم.
: چاك دەبی ئینشالاّ.
: بەڵێ تایەکی قورسم هەبو! یەك مانگی ڕەبەق لەسەرجێ کەوتم! پێم وابو کەئیدی ژیانم کۆتایی پێهاتوە و دەبێ مالاّوایی لە ژیان بکەم. ئەوەندە هیلاك بوم ، کەشیشیان هێنایە دیارم! بەلاّم سوپاس بۆخوا ئێستا هەندێك باشترم ، پرچم دەڕوتێتەوە! چومە لای دکتۆر و گوتی دەبێ سەرت بتاشی! گوتی ئەو تاڵە موانەی بەتازەیی دێنەوە ، ڕەگەکانیان بەهێزترن.
بۆیە بیرم کردەوە و گوتم واباشە بچمە لای ماکار کۆزمیچی خۆمان. هەرچۆنێك بێ خزم لەبێگانە باشترە ، هەم جوانتر سەرت دەتاشێ و هەم پارەشت لێ وەرناگرێ. هەرچەندە دوکانەکەت دورە! بەلاّم ئەمە کەی کێشەیە؟ هەر بۆخۆی پیاسەیەکیشە!
: لەخزمەتتدام فەرمو!
ماکار ، خشەخشێك بەقاچەکانی دەکات و بەدەستیش ئاماژە بۆ کورسیەکە دەکات.
یاگۆدۆڤ ، دەچێتە سەر کورسیەکە دادەنیشێ و لەئاوێنەکەدا سەیرێکی خۆی دەکات و ئەو دیمەنەی لەئاوێنەکەدا دێتەبەرچاوی ،خۆشحاڵی دەکات: دەم و چەناگەیەکی خوار و خێچ ، دەم و لێوێکی دەرپەڕیو و لوتێکی پان و چاوانی بە تەوێڵەوە نوساو.



ماکار کۆزمیچ ، سەرشانیەکی چڵکنی پڕ لەپەڵەی زەرد زەرد ، دەداتە سەر شانی کابرادا و چرك چرك ، مەقەسەکەی دەستی ، دەکەوێتە کار و دەڵێ: تەواو کورتی دەکەمەوە.
: ئەرەوەلاّ! وەك پرچی تاتارەکان کورتی کەرەوە ، با بەپڕی بێتەوە.
: ئەرێ پورێ گیانم تەندروستی چۆنە؟
: باشە ، سوپاس بۆ خوا ، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر چوبوە خزمەت خانمی ئەفسەر و ئەویش ڕۆبڵێکی دابویە.
: ئەها ... هەر ڕۆبڵێك ... زەحمەت نەبێ گوێچکەت ئاوا بگرە و ئاگادار بە.
: خەمت نەبێ ... تۆش ئاگاداربە شوێنێکم بریندار نەکەی! برێك لەسەرخۆ! ئاوا ئازاری هەیە! دەڵێی موەکان ڕادەکێشی.
: گرینگ نیە! وارێدەکەوێ! ئەرێ بەڕاست (ئانا ئاراستۆڤنا) چۆنە؟
: ئانای کچم دەڵێی؟ خراپ نیە ، چوارشەمەی ڕابردو نیشانەیان کرد ، ئەرێ بۆ نەهاتی؟
دەنگی مەقەسەکە نامێنێ.
ماکار کۆزمیچ ، دەستی دەنێتە کەلەکەی و بەشپرزەییەوە دەپرسێ: کێیان نیشانە کرد؟
: ئێ خۆ ڕونە ... ئانای کچم!
: ئەمە مانای چیە؟ شتی وا چۆن دەبێ؟ دەزگیرانەکەی کێیە؟
: (پرۆکۆڤی پترۆڤیچ شیکین) ، ئەوەی کە پورێکی لەکۆلاّنی (زلاتوستنسکی) ، بەرپرسی کابانەکانە ، ژنێکی زۆر باشە! هەمومان

لەم دەزگیرانداریەی ئانا خۆشحاڵین ... هەفتەی داهاتو زەماوەندیان بۆ سازدەکەین ، تۆش وەرە ! زۆر خۆش دەبێ ! .
ماکار کۆزمیچ ، مات و سەرسام ، شانەکانی هەڵدەتەکێنێ و دەڵێ: چۆن شتی وات کردوە ؟ لەبەرچی؟ ئەمە ... شتی وا نابێ ، ئاراست ئیڤانۆڤیچ! چونکە من خۆم ... ئانا ئاراستۆڤنا ... خۆم ... خۆم دەمویست بیخوازم ... چۆن شتی وادەبێ؟
: چەند و چۆنی ناوێ! کردمان و بڕایەوە ! کاکی زاوا تابلێی کوڕێکی باشە.

چەند دڵۆپە ئارەقەی سارد ، ڕوخساری ماکار کۆزمیچ تەڕ دەکەن. مەقەسەکە فڕێدەداتە ئەولاوە و دەستێك بەلوتیدا دێنێ و دەڵێ: من خۆم بەنیاز بوم بیخوازم ... شتی وا چۆن دەبێ؟ من ... من خۆشمدەویست ... بەڵێنم پێدابو بیهێنم ...پورێ گیانیش ڕازی بو ... تۆش هەمیشە وەك باوك بویتە بۆ من ... بەئەندازەی مامە ڕەحمەتیەکەم ڕێزم دەگرتی ... هەمیشە بەخۆڕایی سەرم چاکردوی ... چەندین جار پارەت لێ وەرگرتوم ... دوای ڕەحمەتی ، قەنەفەکەمانت برد و دە ڕۆبڵێشت بەقەرز لێوەرگرتم و هەرگیز نەتدامەوە ، لەبیرتە؟
: ئەی چۆن لەبیرم نیە؟ زۆرباشم لەبیرە ! بەڵام ماکار گیان ، توخوا ! ئێستا هەر خۆم و خۆتین و کەسمان لانیە ، کوا تۆ بەکەڵکی زاوایی دێی؟ نەپارەیەکی وات هەیە ، نە ناو و ناوبانگێك ! ئەوە پیشەکەشت هەر هیچ و ...



: کەوابێ شیکین دەوڵەمەندە؟
: لەکۆمپانیایەکدا کاردەکا ... هەزار وپێنسەد ڕۆبڵی دانراوی هەیە... بەڵێ برا ... ئیدی ئەم قسانە هیچ سودێکیان نیە ... تازە کار لەکار ترازاوە ... خۆ ئاوی ڕۆیشتو جارێکی تر ناگەڕێتەوە ناو جۆگەکەی! ماکار گیان! واباشترە بۆخۆت بەدوای ژنێکی تردا بگەڕێی ... خۆ ئانا لەئاسمانەوە نەهاتۆتە خوارێ! چیە بۆ وا حەپەساوی؟ بۆ سەرم ناتاشی؟
ماکار کۆزمیچ ، وەڵام ناداتەوە. بێ جوڵە ڕاوەستاوە ، دوای کەمێك دەسڕەکەی لەگیرفانی دێنێتە دەرێ و لەپرمەی گریان دەدا.
ئاراست ئیڤانۆڤیچ ، هەوڵدەدا هێوری کاتەوە: بەسە کوڕم! بەسە! ئەم گریانەچیە؟ خۆ تۆ ژن نیت! گوتم بەسە ئارامبەوە! دوای ئەوەی سەری منت تاشی ، چەندی پێتخۆشە بگری. دەی کوڕم! ئەوە مەقەسەکەیە هەڵیگرە و کارەکەت تەواوکە.
ماکار کۆزمیچ مەقەسەکە هەڵدەگرێ و نیگایەکی خاڵی لەڕێز و نەزاکەت ، دەبڕێتە ئاراست ئیڤانۆڤیچ و مەقەسەکە فڕێدەداتەوە سەر مێزەکە ، دەستەکانی دەلەرزن و دەڵێ: ناتوانم! دەستم ناچێتە هیچ کارێك! من مرۆڤێکی بەدبەختم! ئاناش بەدبەختە! ئێمە یەکترمان خۆشدەویست ، بەڵێنمان بەیەکتر دابو ... بەڵام چەند مرۆڤێکی دڵڕەق و بێ بەزەیی لێکیان کردین ... فەرمو بۆ دەرەوە ئاراست ئیڤانۆڤیچ! چاوم بەرایی نادا بتبینم.

مـرۆڤ ، بـەبینینی سـەروکەللەی نیوەتاشـراوی ئاراسـت ئیڤـانۆڤیج ، دورخراوەکانی وەبیر دێتەوە. بۆخۆیشی هەست بەخەجاڵـەتی دەکا ، بەڵام ئیدی ، جگـە لـە دان بـەخۆداگرتن ، هـیچ ڕێگەچـارەیەکی تـری نیـە. شـاڵە ژنانەکـەی لـە سـەر و ملـی خـۆی دەئـاڵێنی و لـەدوکانی سەرتاشەکە دەچێتە دەرەوە.

ماکاریش لەتەنیایی خۆیدا هەروا دەگری.

ڕۆژی دواتر ، ئاراست ئیڤـانۆڤیج بـەیانی زو بـەرەو دوکانەکـەی ماکـار کۆزمیچ ، دەکەوێتەڕێ.

ماکار ، بەساردیەوە لێی دەپرسی: چیت دەوێ؟

: ماکار گیان هاتوم کارەکەم بۆ تەواوکەیت ، نیوەی سەرم ماوە ...

: سەرەتا پارەی خـۆم وەردەگـرم ، ئنجـا کارەکـەم تـەواو دەکـەم. بەخۆڕایی سەری کەس ناتاشم.

ئاراسـت ئیڤـانۆڤیج ، بـێ ئـەوەی یـەك قـسەبکا ، ملـی ڕێگـای خـۆی دەگرێ و دەڕوا.

تا ئەمڕۆش ، نیوەی قژی سەری کورتە و نیوەکەی تری درێژە. پـارە دان بە هەقی سەرچاکردن ، بە هەپڵەخەرجی دەزانێ و دانی بەخۆیدا گرتـوە و چـاوەڕوانە تـا لایەکورتەکـەی قـژی ، درێـژ بێتـەوە و وەك لایەکەی تری لێبێت .

بەم سەر و شکڵەوە ، لە ئاهەنگی گواسـتنەوەی کـچەکەیدا بەشـداری کرد و کاتێکی خۆشی بەسەر برد.

# تۆڵەی ژن

زەنگی دەرگا لێدرا ، (نادێژدا پترۆڤنا) ی خاوەنی ئەو ئاپارتمانەی کە شوێنی ڕودانی چیرۆکەکەمانە ، بەپەلە لەسەر قەنەفەکە هەستا و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت.

بەخۆی گوت: ( دەبێ مێردەکەم بێت ...).

بەڵام کاتێ دەرگای کردەوە ، لەگەڵ پیاوێکی نەناسدا بەرەوڕو بۆوە ، پیاوێکی باڵابەرزی قۆز ، بەباڵتۆیەکی چەرمی گرانبەها و چاویلکەیەکی چوارچێوە زێڕینەوە ، لەبەرامبەری ڕاوەستابو.

دەموچاوی چرچ ولۆچی تێکەوتبو و چاوەکانیشی بەجۆرێك لە بێبایەخی و بەکەمزانینەوە ، دەیانڕوانیە دنیاکەی ئێمە.

نادێژدا پترۆڤنا ،پرسی: چیت دەویست فەرمو؟

: من دکتۆرم خانمی بەڕێز. لەلایەن خێزانێکەوە بەنێوی ... بەنێوی ( چلوبیتێڤ) ەوە بانگ کراوم ... تۆ خاتونی چلوبیتێڤی؟

: بەڵێ ... خۆمم ... بەڵام بەخودا کاکی دکتۆر ... داوای لێبوردن دەکەم ، پیاوەکەم جگەلەوەی تایەکی قورسی هەبو ، ددانیشی هەوی کردبو ، ئەو بۆ خۆی نامەی بۆت نوسی بێیتە ئێرە ، بەڵام تۆ ... هەر نەهاتی ، ئەویش چیتر بەرگەی ئەو ئازارەی نەگرت ، چوە لای ددانساز.



: هەم ... دەبوایا بچێتەلای دکتۆری ددان ، ئەوسا نەدەبوە هۆی ماندوکردنی من ...

ئەمەی گوت و ماوەی خولەکێك بێدەنگ بو .

: کاکی دکتۆر داوای لێبوردنت لێ دەکەم ، بوینە هۆکاری ماندوکردنی بەڕێزت... باوەڕت هەبێ ئەگەر لەهاتنی تۆ دڵنیا بوایا ، نەدەچوە لای ددانساز و چاوەڕوانی تۆی دەکرد ... داوای لێبوردن دەکەم ...

خولەکێکی تر بە بێدەنگی تێپەڕی.

نادێژدا پترۆڤنا ،پشت ملی خۆی خوراند.

دکتۆر ، لەژێر لێوەوە بە بلمەبلمەوە گوتی: خانمی بەڕێز تکایە بەڕێمکە ، با لەمە زیاتر دوانەکەوم ، کاتی دکتۆران ئەوەندە نرخەی هەیە کە ...

: ئێ خۆ من ... ڕامنەگرتوی ...

: بەڵام خانمی بەڕێز ناتوانم بەبێ وەرگرتنی (هەقی هاتن) کەم ، لێرە بڕۆم!

نادێژداپترۆڤنا سور هەڵگەڕا و بەپەتەپەت گوتی: هەقی هاتن؟ ئەها! بەڵێ ، هەقی خۆتە ، دەبێ هەقی خۆت وەرگری ... تۆش ئەزیەتت کێشاوە و هاتویە ئێرە .... بەڵام کاکی دکتۆر ... باوەڕکە خەجاڵەتم ... پیاوەکەم جزدانی پارەکەمانی لەگەڵ خۆیدا بردوە .... باوەڕکە پاپاسێك شك نابەم لەماڵەوە ...

: هم ... سەیرە! ئەدی کەوایە من دەبێ چی بکەم؟ خۆ پێم ناکرێ لێرە دانیشم و چاوەڕوانی هاتنەوەی مێردەکەت بم؟ بڕۆ جوان بگەڕێ

بزانە ، بەڵکو هەندێك پارە بدۆزیەوە ... خۆ هەقەکەی من ئەوەندە پارەیەکی زۆر نیە ...
: باوەڕکە کاکی دکتۆر ئەوپارەییەی هەمانە ، لای مێردەکەمە ... بەڕاستی خەجاڵەتم ... ئەگەر پارەم لابوایە ... تۆبڵێی لەبەر ڕۆبڵێك ... لەبەر ڕۆبڵێك ئەم دۆخە گەمژانەیە قبوڵکەم ...
: ئەم خەڵکە زۆر بەسەیری پارەی دکتۆرەکان دەدەن ... بەڕاستی ئەمە جێگای سەرسوڕمانە؟ بەشێوەیەك ڕەفتارمان لەگەڵ دەکەن وەك ئەوەی هەر مرۆڤیش نەبین ، کار و ماندوێتی ئێمە بەهەند ناگرن ... ئەم هەمو ڕێگایەم کوتاوەتەوە و هاتومەتە ئێرە و ... کاتی خۆم بەفیڕۆ داوە و ...
: لێت تێدەگەم دکتۆر ، بەڵام ئەوەش بزانە ، هەندێك جار مرۆڤ پارەی وردەش لەماڵەکەیدا شك نابا.
: من چ کارم بە (هەندێك جار) ە ؟ بەڕاستی تۆ زۆر سادە و خەیاڵیت ... نەدانی هەقی هاتنی دکتۆر ... کارێکی – ناکرێ پیاو هەمو شتێك بڵێ – تا ئەوپەڕی دژی ویژدانە ... وا هەست دەکەم ، دەزانی نامەوێ پاسەوانی سەری کۆڵانەکە بێنم بۆیە دەتەوێ پارەکەم نەدەیتێ ... بەڕاستی سەیرە !
نادێژدا ، هەندێك خۆی هێنا و برد ... هێندەی دنیایەك هەستی بەشەرم و خەجاڵەتی دەکرد ... ڕوخساری سور هەڵگەڕا ، لێوەکانی دەتگوت ئاگریان تێبەربوە ، پێستی ڕوخساری لەئەنجامی ڕق و تورەیی و شەرمدا کورژ ببوەوە و سور هەڵگەڕابو ، دوای کەمێك



بێدەنگی ، گوتی: زۆر باشە ، یەك خولەك مۆڵەتم بدەرێ تا کەسێك دەنێرمە لای ئەو دوکاندارەی سەری کۆڵانەکە ، بەڵکو هەندێك پارەی بەقەرز لێوەرگرم و هەقی هاتنەکەت دەدەمێ ، نیگەران مەبە.
دواتر چوە ژورەوە و شتێکی بۆ کابرای دوکاندار نوسی .
دکتۆریش بەدوایدا ملینا و چوە ژوری میوانەوە و باڵتۆ چەرمەکەی دانا و خۆی هاویشتە سەر قەنەفەیەك و دانیشت.
هەردوکیان بێ دەنگ و چاوەڕوان بون.
دوای پێنج خولەکێك ، وەڵامەکەی هاتەوە. نادێژدا سەری زەرفەکەی کردەوە و جگە لە وەڵامەکەی کابرای دوکاندار ، یەك ڕۆبڵێیەکی کاغەزی دەرهێنا و بەرەو لای دکتۆر درێژی کرد.
چاوەکانی دکتۆر لەئەنجامی تورەییدا پڕیشکیان داویشت. ڕۆبڵەکەی لەسەر مێزەکە دانا و گوتی: ئەمە چیە خانمی بەڕێز؟ ... لەوانەیە نۆکەرەکەم ڕۆبڵێك وەرگرێ! بەڵام خۆم نەخێر ... هەرگیز! ببورە ...
: ئەدی چەندت دەوێ؟
: خۆی دە ڕۆبڵ وەردەگرم ...بەڵام قەیناکا تۆ پێنج ڕۆبڵم بدەرێ.
: پێنج ڕۆبڵ لەکوێ بێنم؟ خۆ هەر لەسەرەتاوە پێمگوتی پارەم نیە !
: نامەیەکی تر بۆ دوکاندارەکە بنوسە ، ئەوەی بتوانێ ڕۆبڵێکت بەقەرز بداتێ ، دەتوانێ پێنج ڕۆبڵیشت بداتێ! جیاوازی چیە؟ خانمی بەڕێز تکایە لەمە زیاتر ڕام مەگرە ، کارم زۆرە ! بێکار نیم ...

: گوێ بگرە کاکی دکتۆر! ئەگەر پێت نەڵێم: کەسێکی بێ چاو و ڕووی! ئەوە پێتدەڵێم کەسێکی بێبەزەیی و بێ سۆز و نامیهرەبانی! وایە! زۆر ڕقن و بێ بەزەییت ، تێگەیشتی؟

نادێژدا پترۆڤنا ، بەرەو لای پەنجەرەکە وەرسوڕا و لێوی خۆی گەست و چەند دڵۆپە فرمێسکی درشت بەچاوەکانیدا هاتنە خوارێ و کەوتە بیرکردنەوە: ( بەدفەسالێ ، بێشەرەف ، ڕەفتار ئاژەڵ ، مۆڵەتی ئەوە بەخۆی دەدا ... ئازایەتی ئەوەی تێدایە ... ئاخر چۆن دەبێ درك بەو هەلومەرجە نالەبارەی ژیانی ئێمە نەکا؟ نەفرەتی! ڕاوەستە بزانە چیت لێدەکەم!).

لەم ساتەدا ، بەرەو لای دکتۆر خۆی وەرچەرخاند ، شوێنەواری خەفەت و نیگەرانی بەڕوخساریەوە دیار بو. بەدەنگێکی نەرمی تێکەڵ بەپاڕانەوە ، گوتی: کاکی دکتۆر! خۆزگە لەبەر پارە ئەوەندە منت ئازار نەدەدا! ... پێتوایە بۆخۆم خەفەتی ترم کەمە؟ لەم ساتەدا هەردو دەستی بەهەردو لاسەری خۆیەوە گرت وگوشی. لەچاوتروکانێکدا خەرمانی قژە جوانەکەی – کەدەتگوت سپرینگێکی گوشیوە نەك ئەملاو لای سەری – بەسەر شانەکانیدا هاتنە خوارێ ...

: ئای خودایە! من چ ئازارێك بەدەست ئەو مێردە گەمژەیەمەوە دەچێژم! ... لەم وێرانەیەدا دانم بەخۆدا گرتوە ... کەچی ئەوە ئێستا پیاوێکی خوێندەوار ، مولەتی ئەوەی داوەتە خۆی بێزار و سەرکۆنەم بکا! ئای خودایە تاکەی ئەم کوێرەوەریە! .



: بەڵام خانمی بەڕێز ، بزانە کە پلە وپایەی کەسانی وەك ئێمە ...

بەڵام دکتۆر نەیتوانی قسەکانی تەواو بکا کە نادێژدا پترۆڤنا بەلەتردان و لارەلار بەرەو لای دکتۆر هات و دکتۆریش خێرا هەردو دەستی بەرو لای ئەو درێژ کرد و نادێژداش خۆی بەدەستەکانی دکتۆرەوە گرتەوە و بورایەوە و ... سەری بەسەر شانی دکتۆردا لار بۆوە.

دوای خولەکێك بەنەرمی گوتی: وەرە ئەملاتر ... بەردەم کوانوەکە دکتۆر ... ئەملاتر ... هەموشتێکت بۆ دەگێڕمەوە ... هەمو شتێك ...

کاتژمێرێك دواتر ، کاتێ دکتۆر ماڵی نادێژدا پترۆڤنای بەجێهێشت ، هەم مەست بو ، هەم پەست بو ، هەم شەرمەزار ... لەکاتێکدا کەدەیویست سەرکەوێتە سەرخێشکەکەی ، لەبەر خۆیەوە گوتی: ( مرۆڤ ، کاتێ بەیانیان لەماڵ دێتە دەرێ ، نابێ پارەیەکی زۆر هەڵگرێ ، چونکە جاری واهەیە ناچارە دایچێنی).

## سەدەف

بێ ئەوەی تێن بۆ مێشکم بێنم ، سەرلەئێوارانێکی باراناوی وەرزی پایز ، بەتەواوی وردەکاریەکانیەوە ، دێنمەوە یادی خۆم: لەگەڵ باوکمدا ، لەیەکێك لەشەقامە بەئاپۆراکانی مۆسکۆدا ڕاوەستابوم و هەستم دەکرد نەخۆشیەکی سەیر ، وردە وردە خەریکە تینم بۆ دێنێ. هەستم بەهیچ ئازارێك نەدەکرد ، بەڵام وردە وردە چۆکەکانم شل دەبون و خەریکبون دەنوشتانەوە و قاچەکانم سڕ دەبون و قسەم بۆنەدەکرا و سەرم بەلایەکدا لار دەبۆوە ... هەستم دەکرد ئێستا نا ئێستا ، بەردەبمەوە و دەبورێمەوە.

لەم کات و ساتانەدا بو ، گەیاندمیانە نەخۆشخانە. دکتۆرەکان ، لەسەر تابلۆ بچوکەکەی سەر سەرم ، نوسیان: ( fames* ) ، جۆرێك نەخۆشی کە لەکتێبەپزیشکیەکاندا ئاماژەی بۆنەکراوە و ناوی نەهاتوە.

باوکم ، بەباڵتۆیەکی هاوینە و کڵاوێکی تریکۆیی – کە چەند پارچە لۆکە لە کونێکەوە سەریان دەرهێنابو – لەتەنیشتمەوە ، لەسەر پیادەڕۆیەکە ڕاوەستابو. پێڵاوێکی گەورە و قورسی لەپێدابو ، ئەم مرۆڤە بەشەرم و شکۆیە ، لەترسی ئەوەی نەکا خەڵك بزانن گۆرەوی



لەپێدا نیە ، ملەپۆتینێکی کۆنەی بەدەوری گوێزینگی قاچیەوە بەستبو.

ئەم بونەوەرە گەمژە و دەبەنگە ، کەهەتا باڵتۆ هاوینیە دەسدورەکەی کۆنتر و پیستر دەبێ ، منیش زیاتر خۆشمدەوێ و هۆگری دەبم ، لەپێنج مانگ لەوەوبەرەوە بۆ وەدەسکەوتنی کارێکی وەك سکرتێری ، یان کاتبی ، هاتبوەپایتەخت ، سەری بەزۆر شوێندا کردبو و لەزۆر دەرگای دابو بەڵکو کارێکی دەستکەوێ. بەڵام هەمو هەوڵەکانی بێ سود بون.

ناچار ئەو ڕۆژە هاتبوە سەر شەقامەکان بۆ ئەوەی دەس لەخەڵك پانکاتەوە و شتێکی دەسکەوێ.

بەرامبەر ئەو شوێنەی من و باوکم لێی ڕاوەستابوین ، باڵەخانەیەکی گەورەی سێ نهۆمی ، کە تابلۆیەکی شینی پێوەبو و لێی نوسرابو: ( ڕیستۆران) ، دەبینرا.

سەری خۆمم بۆ ڕاناگیر نەدەکرا و بێ ئەوەی بەخۆم بزانم چاوم بڕیبوە پەنجەرە ڕوناکەکانی ڕیستۆرانەکە و هاتوچۆی خەڵکم لێوە دەبینی.

لەوێ ، لەلای ڕاستی شوێنی ئۆرکسترا ، دو تابلۆی دەسکردی سەر دیوارەکە و چرای هەڵواسراوی ڕیستۆرانەکەم دەبینی.

ڕوانیمە یەکێك لەوپەنجەرانە و سەیری پەڵە مەیلەو سپیەکانم کرد ، پەڵەیەکی بێ جوڵە ، کە شێوەیەکە لە تێکەڵ کردنی ڕشتەیەك لە

هێڵەکانی بەرامبەر ، لەسەر پانتایی گشتیی ، ڕەنگی قاوەیی دیوارەکە ، بەشێوەیەکی بەرچاو هەست پێدەکرێ.
بەڵام سەرەنجام دوای هەوڵێکی زۆر بۆم دەرکەوت ئەوە تابلۆیە ، بەڵام هەرچەندی کردم نەمتوانی نوسینەکەی سەری بخوێنمەوە ... ڕەنگە سپیەکەی ، سەرنجی ڕاکێشام و خەریکبو ئەفسونی لەمێشکم دەکرد ، هەوڵمدا نوسینەکە بخوێنمەوە ، بەڵام هەمو هەوڵەکانم بێ سود بون.
سەرەنجام نەخۆشیە سەیر و سەمەرەکە کاری خۆی کرد.
هات و هاواری گالیسکەکان ، لەمێشکمدا وەك گرمەی هەوریان لێدێ و لەنێو بۆنی بۆگەنی شەقامەکەدا ، سەدان بۆنم لە یەکتر جیا دەکردەوە. چاوەکانیشم چرای ڕیستۆران و شەقامەکە و گالیسکەکانی لێ دەبوە بروسکەی هەور.
هەر پێنج هەستەکەم وەگەڕ کەوتون و وردە وردە ئەوەی کە چەند خولەکێك لەمەوبەر نەمدەتوانی بیبینم بەڕونی دەمبینی و نوسینی سەر تابلۆکەم خوێندەوە: ( سەدەف ...)
وشەیەکی سەیرە؟ تەمەنم هەشت ساڵ و چەند مانگە! کەچی تا ئێستا وشەی ئاوام بەرگوێ نەکەوتوە؟ سەدەف! دەبێ چی بێ؟ ناوی خاوەنی ڕیستۆرانەکە نەبو! چونکە دڵنیام ناوی خاوەنی شوێنەکان ، هەمیشە لەسەر تابلۆی دەرەوە دەنوسن ، نەك لە ژورەوە.



بەزەحمەت سەرم بەرەو لای باوکم سوڕاند و بەدەنگێکی گیراوەوە ، پرسیم: (بابە! سەدەف واتا چی؟ ).
باوکم دانیشت ، چاوی بڕیبوە هات و چۆی خەڵکەکە و بەچاو ڕێبوارەکانی بەڕێدەکرد... لەنیگایدا هەستمکرد دەیەوێ شتێك بە ڕێبوارەکان بڵێ ، بەڵام وشەکان ، وەك شتێکی زۆر قورس بن ، بەدەم و زمانە لەرزۆکەکەیەوە بەسترابون و نەیدەتوانی دەمی بکاتەوە. تەنانەت چەند هەنگاوێکیش کەوتە دوای ڕێبوارێك و قۆڵی گرت ، بەڵام هەرکە کابرا ئاوڕی دایەوە ، گوتی : ( داوای لێبوردن دەکەم). سەری بەگێژەوە هات و بە لارەلار هاتەوە شوێنی خۆی و دانیشتەوە.
جارێکی تر پرسیمەوە: (بابە! سەدەف واتا چی)؟
: (جۆرە گیانەوەرێکە ... لەدەریادا دەژی ...).
لەچرکە ساتێکدا ، ئەو گیانلەبەرە دەرياییە نەناسراوەم هێنایە بەرچاوی خۆم ، بیرمکردەوە و گوتم حەتمەن دەبێ شتێك بێ لەنێوان ماسی و قرژاڵ ، لەبەرئەوەی گیانلەبەرێکی دەریاییە ، بە بیبەری تیژ و گەڵای بۆندار ، شۆربای گەرم و بەتامی ماسی لێ دروست دەکەن ، یان سرکەی پێدا دەکەن و کەلەمی تێدەکەن و شێوێکی ماسی خۆشی لێ ساز دەکەن. یان سۆسی قرژاڵی لێ دروست دەکەن ...
هێنامە بەرچاوی خۆم: هەرکە سەدەفەکان لە بازاڕەوە دێنن ، زۆر بەخێرایی پاکی دەکەنەوە و خێرا دەیخەنە مەنجەڵەوە ، ئەم کارانە

زۆر بەخێرایی دەکەن. خێرا خێرا خێرا زۆر برسیانە... بۆنی ماسی و شۆربای قرژاڵ ، لەچێشتخانەکەوە دێتە بەرلوت....

هەستمکرد ئەم بۆنە ، کونە لوت و ناودەمم دەوروژێنێ و وردە وردە بێ حاڵم دەکا. ڕیستۆرانەکە و باوکم و تابلۆ سپیەکە و قۆڵی کراسەکەم و هەمو شوێنێك ئەو بۆنەی گرتوە ، بۆنەکە ، تادێ بڵاو دەبێتەوە و زیاتر دەبێ ، بەشێوەیەك کە بێئەوەی بەخۆم بزانم ، دەستم کرد بە جوین. شەویلاگەکانم وەکار کەوتن ، وەك ئەوەی هەر بەڕاستی پارچەیەك لە گۆشتی ئەو گیانلەبەرەم لەدەمدا بێ ...

ئەوەندە بەلەزەت بو ، چۆکەکانم نوشتانەوە و خەریکبو بەربمەوە ، لەتاوان پەلاماری قۆڵی باوکم دا و خۆم بەباڵتۆ هاوینیە تەڕەکەیەوە گرتەوە.

باوکم دەلەرزی ، زۆر سەرمای بو ...

: ( بابە ! سەدەف لە ڕۆژانی ڕۆژو گرتندا دەخورێ؟) .

: (سەدەف بە زیندویی دەخۆن ... سەدەف وەك کیسەڵ قاوغی هەیە ، قاوغەکەی لەناوەڕاستەوە لەت دەکرێ ).

لە چاولێکنانێکدا ، بۆنی خۆشی شۆربای ماسی ، دەس لە ختوکەدانی نەوسم هەڵدەگرێ و ئەو دیمەنەی لەزەینمدا نەخشی بەستبو ، ئاداری بەسەر پاداریەوە نەما. ئیدی لێرەوە هەمو شتێکم بۆ ڕون بۆوە ، لەژێر لێوەوە گوتم: ( ئاه چەندە پیسە ! چەندە پیسە ! ).



کەوایە ئەمە سەدەفە؟ گیانلەبەرێکی لەچەشنی بۆق هاتەبەرچاوم کەلەناو قاوغەکەیدا دانیشتوە و بەچاوە گەورە و بریسکەدارەکانی ، زەق زەق سەیری دەرێ دەکا و شەویلاگە نەفرەتیەکانی بادەدا. ئەم بونەوەرە ، بەوپێستە لینج و چاوە گەورە و چنگە تیژانەیەوە ، لە بازاڕەوە دەیهێنن و هەرچی منداڵە لە ترسان خۆی دەشاریتەوە. چێشتلێنەری ڕیستۆرانەکەش ، بە بێزەوە دەگرێ بەقاچەکانیدا و دەیخاتە دەفرێکەوە و دەیباتە سالۆنی ڕیستۆرانەکە و دەیخاتە بەردەم میوانەکان ، ئەوانیش بەو چاوانە و بەو چنگ و ددانانەیەوە و بەزیندویی ، لەناو دەفرەکە هەڵیدەگرن و دەیخۆن. گیانلەبەرەکەش زیرەی لێ هەڵدەستێ و هەوڵدەدا گاز لەدەم و لێویان بگرێ ...

بێزم دەبێتەوە ! بەڵام نازانم بۆچی شەویلاگەکانم وەك ئەوەی شتێك بخۆم ، کەوتونە جوڵە؟ ئەوەی دەیجوم ، گیانلەبەرێکی نەفرەتی و هێڵنج هێنەر و مەترسیدارە ، کەچی زۆر بە تامەزرۆییەوە خەریك بوم دەمخوارد ، بەڵام هەر دەترسام پەی بە تام و بۆنەکەی بەرم.

هەرکە یەکێکم دەخوارد ، چاوانی دوەم و سێیەمم دەهاتنە بەرچاو ... ئەوانیش دەخۆم ... دواتر نۆرە دەگاتە سەر پەڕۆی سفرەکە و دەفرەکان وپیلاوەکانی باوکم و تابلۆ سپیەکە ... ئەوانیش دەخۆم ... ئەوەی بەرچاوم کەوێ دەیخۆم ، چونکە پێموایە جگە لە خواردن ، هیچ دەوا و دەرمانێك ، دەردی منی پێ چارەسەر ناکرێ.

سەدەفە نەفرەتیەکان ، بەچاوە بریسکەدار و ترسناکەکانیانەوە لێم دەڕوانن ، ترسم لێدەنیشێ ، بەڵام پێمخۆشە هەر بەردەوام بم لەسەر

خواردن. دەستەکانم بەرەو پێشەوە درێژکرد و لەناخەوە هاوارمکرد:
(سەدەفم دەنێ ! من سەدەفم دەوێ!)
لەوکاتەدا ، گوێم لەدەنگی گیراوی باوکم بو: ( براینە یارمەتیمان بدەن! لەڕوم نایە سواڵ بکەم ، بەڵام چی بکەم ئیدی خۆم بەپێوە ناگرم).
داوێنی باڵتۆکەی باوکم گرت و ڕامکێشا و گوتم: ( سەدەفم دەوێ ) .
گوێم لەدەنگی کەسێك بو لەتەنیشتمەوە ، بەپێکەنینەوە گوتی: ( تۆ دەتەوێ سەدەف بخۆی؟ فسقە گولەیەکی وەك تۆ دەیەوێ سەدەف بخوا؟).
دوپیاو ، بەکڵاوی سیلندەرەوە لەبەرامبەرمان ڕاوەستابون و سەیری ناوچاوی منیان دەکرد و پێدەکەنین.
: ( ها گچکەل!  دەتەوێ سەدەف بخۆی! چۆن چۆنی دەیخۆی گچکەل؟).
لەبیرمە دەستێك بە ڕاکێش ڕاکێش بردمیە ناو ڕیستۆرانە ڕوناکەکە و هێندەی نەبرد خەڵکێکی زۆرم لێ کۆبوەوە و بەپێکەنینەوە سەیریان دەکردم. شتێکی لینج و سوێرم – کە بۆن بۆگەنی لێدەهات – خوارد.  بێ ئەوەی سەیری بکەم و بپرسم و بزانم ئەوەی دەیخۆم چیە ، بەتامەزرۆییەوە کەوتمەسەری.  بێ ئەوەی بیجوم ، قوتم دەدا. دەترسام لەوەی چاوەکانم بکەمەوە و چاوە بریسکەدار و چنگ و ددانە تیژەکانی ببینم.



لەناکاو هەستمکرد خەریکی جوینی شتێکی ڕەقم ، دەنگی قرچە قرچ بەرز بۆوە ، ئەوانەی دەوریان لێدابوم ، دەستیان کرد بەپێکەنین: ( ها ... ها... ها... قاوغەکەشی دەخوا ، گەمژە پێتوایە ئەویش دەخورێ؟).
لەبیرمە دوای ئەوە ، هەستم بەتینوێتیەکی زۆر کرد. لەنێو جێگاکەم ڕاکشام و لەتاو برژانەوەی ناودەم و ئەو تامە سەیرەی سەرزمانم و لێوی وشك هەڵگەڕاوم ، خەوم لێ نەدەکەوت.
باوکم بە ژورەکەدا دەهات و دەچو ، وەك ئەوەی قسە لەگەڵ خۆیدا بکا ، دەستەکانی ڕادەوەشاندن.
لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد: (لەوانەیە سەرمام بوبێ! واهەست دەکەم یەکێك بەنێو مێشکمدا دێت و دەچێ ... لەوانەیە هۆیەکەی ئەوەبێ کە ... ئەمڕۆ هیچم نەخواردوە ... بەڕاستی کەسێکی گەمژە و فەقیرحاڵم ... ئەو کابرایانە ، دە ڕۆبڵی پارەی سەدەفەکەیان دا ... تۆزێك لێیان نەچومەپێش و نەمکرد داوای هەندێك پارەیان لێبکەم! دەمتوانی شتێکیان لێوەرگرم).
لای بەرەبەیان خەوم لێکەوت ، لەخەونمدا بۆقێکم بینی لەنێو قاوغەکەیدا دانیشتبو و سەیری دەرەوەی دەکرد ، سبەی ، لەتینوان لەخەو هەستام ، سەیرم کرد بزانم باوکم لەکوێیە ، بینیم هەروا بە نێو ژورەکەدا دەهات و دەچو و دەستەکانی ڕادەوەشاندن.

( fames* ) : برسێتی

# قەڵەو و لاواز

دو ئاشنای کۆن ، لەوێستگەی شەمەندەفەری ( نیکۆلا یۆڤسکایا) ، گەیشتنە یەك. یەکیان قەڵەو و ئەوەی ترلاواز.

بەلێوە چەورەکانی کابرای قەڵەوەوە – کە وەك هەڵۆژە سور دەچونەوە – دیار بو هێندە نەبو نانێکی باشی لەڕیستۆرانی وێستگەکە خواردبو و بۆنی شەرابی نارنجی لێدەهات.

بەڵام بەدەستە پڕلە زەرف و جانتاکانی کابرای لاوازەوە دیاربو کە هێندە نابێ لەشەمەندەفەرەکە دابەزیوە و بۆنی قاوە و قاورمەی لێدەهات. لەدوایەوە ، ژنێکی لاواز

چەناکە درێژی هاوسەری و قوتابیەکی باڵابەرزی چاوگچکەی کوڕی ، ڕاوەستابون.

پیاوە قەڵەوەکە ، هەرکە چاوی بەپیاوە لاوازەکە دەکەوێ ، هاوار دەکا: هێی پۆرفیری ئەوە تۆی؟

پیاوە لاوازەکەش سەرسام دەبێ و هاوار دەکا: ئای خودایە ! میشا ! هاوڕێی خوێندنگە ! ئەوە چی دەکەی لێرە ؟

ئاشناکان یەکتریان ماچ کرد و چاوەپڕ لە فرمێسکەکانیان بڕینە یەکتر ، هەردوکیان حەپەساو و شاد و خۆشحاڵ بون.



دوای یەکتر ماچ کردن ، پیاوە لاوازەکە گوتی: بەڕاستی هاوڕێی خۆشەویستم چاوەڕوانی ئەم دیدارەم نەدەکرد ! دەزانی ئەم دیدارە هەر لە دیاریەکی چاوەڕوان نەکراو دەچێ ! لێمگەڕێ با بەجوانی سەیرتکەم ! ئەها ... بەڵێ ... خۆیەتی ! هەمان ئەو ڕێکپۆشەی جارانی ! ئای خودایە ! دەی لەبارەی خۆتەوە قسەم بۆ بکە ! چی دەکەی؟ بە چیەوە خەریکی؟ دەوڵەمەندی؟ ژنت هێناوە ؟ وەك دەمبینی من تێوەگلاوم ... ئەمەش هاوسەرەکەم (لویزا) یە ... خزمی

( وانزینباخ) ە ، ئەڵمانیە ... ئەوەش (نافانائێل) ی کوڕمە ... خوێندکاری سێی ناوەندیە ، نافا گیان ، کوڕم ! ئەم بەڕێزەی دەیبینی ، هاوڕێی خوێندنمە ! لە قۆناغی ناوەندی بەیەکەوە بوین.

نافانائێلیش دوای بڕێك ڕاوەستان و بیرکردنەوە ، کڵاوەکەی سەری داگرت.

پیاوە لاوازەکە ، هەروا بەردەوام بو: بەڵێ کوڕم ، لەناوەندی بەیەکەوە بوین ! ئەری بیرتە چۆن سەرمان دەخستە سەر یەکتر؟ لەبیرمە دوای ئەوەی کتێبەکانی خوێندنگەت بەجگەرە کون کون کرد ، ناوم لێنای (هیرۆسترات). تۆش بە هۆی ئەوەی کە حەزم لە قسە و هەواڵ بو ، ناوت لێنابوم ( ئافیالت). ها ... ها ... ها ...چ ڕۆژگارێکی خۆشبو !

مندالْ بوين خەممان نەبو! نافاگيان وەرەپێشتر کورِم! شەرم مەکە!
... ئەمەش هاوسەرەکەمە خزمی وانزێنباخە ... لەپەيرِەوانی لۆسەرە
...

نافاناێل ، دوای هەندێك بير کردنەوە ، جوڵەيەکی کرد و چوە پشت باوکيەوە.

پياوە قەڵەوەکە ، بەحەزێکی زۆرە دەيروانيە هاورِێ دێرينەکەی و گوتی: ئێ گوزەرانت چۆنە؟ گەيشتويە کوێ؟

: خزمەت دەکەم برا! دو ساڵێکە کارمەندی پلە پێنجم ، نيشانەی (ستانيسلاڤ) م وەرگرتوە ، گەرچی موچەکەم بەو شێوەيە نيە ... لەگەڵ ئەوەشدا سوپاس بۆ خوا ... ژنەکەشم مامۆستای تايبەتی موزيکە ، خۆشم دوای تەواوبونی کاری فەرمانگە ، قتوی داريني جگەرە دروست دەکەم – قتوی دانسقە! دانەی بە رِۆبڵێك دەفرۆشم. ئەڵبەتە بۆ ئەوانەی کە زۆرم لێدەکرِن ، دە دانە يان زياتر ، برِێك هەرزانتريان دەدەمێ ... بەرِێوە دەچين ... لە رِێکخراوێکی باڵا کارم دەکرد ، ئێستاش لەلايەن ئەو رِێکخراوەوە ، لەژێر ناوی کارمەندی تايبەتدا گواستراومەتەوە ئێرە ... برِيارە لێرە دەسبەکار بم ، ئەی تۆ؟ لەوانەيە گەيشتبيتە کارمەندی پلە هەشت؟

: نا! هاورِێ برِۆ سەرتر ، بەرِێوەبەری گشتيم ... هاوپلەی ژەنەرِاڵی دو ئەستێرە ...

لەچاولێکنانێکدا رِەنگ بەرِوخساری کابرای لاوازەوە نەما. لەجێگای خۆی وشك بو ، بەزەردەخەنەيەك ، گنج و لۆچەکانی رِوخساری خوار



و خێچ کرد و حاڵەتێکی بەخۆوە گرت کە دەتگوت رِوخسار و چاوەکانی پرِشنگ داوێژن. لەچاو تروکانێکدا خۆی کۆکردەوە و هەندێك پشتی چەماندەوە ، لەجاران لاوازتر هاتەبەرچاوان ... تەنانەت جانتا و بوخچەکانی دەستيشی خۆيان کۆکردەوە و چرچ و لۆچييان تێکەوت ... چەنەگەی درێژی ژنەکەشی درێژ تر بو و نافاناێليش پشتی رِاست کردەوە و وەك سەربازان ، ئامادە ، رِاوەستا و دوگمەکانی چاکەتەکەی داخست ...

: من ... گەورەم ... زۆر خۆشحاڵم! سوپاس بۆ خودا کە هاورِێيەکی سەردەمی خوێندنی بەندە گەيشتونەتە ئەو پلە وپايەيە!

پياوە قەڵەوەکە رِوخساری خۆی گرژکرد و گوتی: بەسە برا! ئەمە چيە؟ بۆ تۆنی دەنگت گۆرِی؟ بابە! ئاشنا چۆن بەو شێوەيە بەيەکەوە قسەدەکەن! واز لەو قسە فەرمیانە بێنە!

کابرای لاواز ، کە خەريك بو دەست و قاچەکانی خۆی رِێکدەخست ، گوتی: فەرمايشتەکەت رِاستە قوربان ... لوتف و بايەخی بەرِێزت ... لەرِاستيدا ئاوی ژيان بەخشە ... ئەگەر مۆڵەت هەبێ نافاناێلی کورِم بە بەرِێزت دەناسێنم ... ئەمەش هاوسەرەکەم ... لويزايە ... لۆسەريە ...

پياوە قەڵەوەکە ، جارێکی تر ويستی نارِەزايی لەبەرامبەر ئەم هەڵسوکەوتانەی هاورِێکەيدا نيشانبدا ، بەڵام پياوە لاوازەکە شوێنەواری رِێزێکی ئەوەندە گەورە بەرِوخساريەوە دياربو ، کە بەرِێز

بەڕێوەبەری گشتی ڕەنجاند و ساتێك دواتر ڕوی وەرگێڕا و بەنیشانەی خودا حافیزی دەستی بۆ درێژ کرد.

پیاوە لاوازەکە ، سێ پەنجەی بەڕێوەبەری گشتی بەنەرمی گوشی. تا ئـەو شـوێنەی کـەدەیتوانی خـۆی چـەماندەوە و وەك چـینیەکان بزەیەکی ڕیاکارانەی کرد و هاوسەرەکەشی بزەیەکی کرد. نافانـاێلیش ، وەك سەربازان ، هێندە بەتوندی قاچی کوتـا بەزەویـدا ، کڵاوەکـەی دەستی کەوتە خوارەوە.

بەگشتی ، هەرسێکیان مات و سەرسام و خۆشحاڵ بون.

# مندالّی ساختەچی

(ئیڤان ئیڤانۆڤیج لاپکین) ، لاوێکی بالاّبەرز و (ئانا سیمیۆ نۆڤنا زامبلێسکایا) ، کچێکی جوانی خاوەن لوتێکی ڕێك ، پێکەوە بە تەلانەکەدا سەرەوژێر بونەوە و چونەکەنار ڕوبارەکە و لەسەر نیمکێتێك دانیشتن.

نیمکێتەکە ، بەچڵ و گەلاّی چەند شوڕەبیەك – کە شوڕابەی کردبو بەسەر نیمکێتەکەدا – داپۆشرابو. چەندە جێگایەکی چەپەك و ئارام! هێندە بەسە مرۆڤ لەسەر ئەم نیمکێتە دانیشێ بۆ ئەوەی بەتەواوی ، خۆی لەچاوی خەڵکی بشارێتەوە. جگە لە ماسی و جالّجالۆکە ئاویەکان – کەبەسەر ئاوی ڕوبارەکەوە دێن و دەچن – کەسی تر نایانبینێ.

کچ و کوڕە گەنجەکە ، بەدار و قولاب و قتوی پڕ لەکرم و چەند کەل و پەلێکی تری پێویستی ماسیگرتنەوە ، هاتبون.

هەردوکیان دانیشتن و بێ ئەوەی کات بە فیڕۆ بدەن ، دەستیانکرد بە ماسی گرتن. دوای خولەکێك ، لاپکین سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و گوتی: زۆرم پێخۆشە کە بەتەنیاین ... زۆر قسەم هەیە پێتی بڵێم ... زۆر قسەم هەیە ... لەوساتەی کە تۆم دیوە ... وریابە ماسیەك خەریکە دەم بۆ قولابەکە دەبا ... توانیومە پەی بە واتای ڕاستەقینەی ژیان ببەم ... بتەکەی خۆم ... ئەو بتەم ناسی کە دەبێ بەوپەڕی شەرافەتەوە ، دار و نەداری خۆم بخەمە ژێرپێی ... بە



لێدانەکەیدا دیارە دەبێ ماسیەکی گەورە بێ ... هەرکە چاوم پێتکەوت ئاشقت بوم ... دڵت بردم ... پەلە مەکە ، ئاوا دارەکە ڕامەکێشە ، وازی لێبێنە با جارێکیتر دەمی بۆ بەرێ ... ئازیزەکەم ، بەخودا سوێندت دەدەم ، ڕك و ڕاست پێمبڵێ ئایا دەتوانم ... وامەزانە کەمن هیوا و ئومێدم بەم عیشقەوە گرێداوە ، نا! من خۆم بە شایانی ئەم عیشقەی تۆ نازانم ، تەنانەت ناتوانم بیریشی لێبکەمەوە ... بەلاّم ئایا دەکرێ ئومێدەوار بم بەوەی ... ڕایکێشە دەرێ!

ئانا سیمیۆ نۆڤنا ، دەستی بەرز کرد و بەتەکانێکی خێرا ، قولابەکەی ڕاکێشایە دەرێ و بە شادیەوە قیژەیەکی کرد.

ماسیەکی زیوی مەیلەوسوری بچوك ، خۆی بەملاولادا فڕێ دەدا.

: ئای خوایە ماسی سوف! خێرابە ... حەیف ڕۆیشت!

ماسیە بچوکەکە ، خۆی لەقولابەکە پچڕاند و لەسەر سەوزە گیایەکەی کەنارەوە بەرەو جیهانە دڵخوازەکەی خۆی ، فرتەی لێکرد و ... شڵپ ، کەوتەوە ناو ئاوەکە.

لاپکین ، بەرلەوەی ماسیەکە خۆی هەڵداتەوە ناو ئاوەکە ، دەیویست پەلاماریدا و بیگرێ ، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ ، دەستی کچەکەی گرت و بەلێوی خۆیەوە نوساند ... ئانا سیمیۆ نۆڤناش دەستی خۆی کێشایە دواوە ، بەلاّم تازە کار لە کار ترازابو ، لێوەکانیان بۆ ماچێك بەیەکەوە نوسابون. ئەم ڕوداوە شتێکی خۆکردی نەبو ، دوای یەکەم ماچ ، کار گەیشتە ماچی دوەم و سێیەم و سوێند و پەیمان و ...

چ ساتەوەختێکی دلڕفێنە! بەڵام لەژیانی فانی مرۆڤدا ، شتێك نیە بەناوی خۆشبەختی ڕەها. زۆربەی جاران یان خودی خۆشبەختی بۆخۆی ژەهراویە ، یان شتێکی دەرەکی ژەهراوی دەکا.

ئەم وتەیە ، بەسەر کەش و هەوای ئەوڕۆژەدا چەسپا. ئەو کاتەی کە کوڕ و کچە گەنجەکە ، سەرگەرمی ماچکردنی یەکتر بون ، لەناکاو دەنگی پێکەنینێك بەرز بۆوە.

هەردوکیان چاویان بڕیە ڕوبارەکە و لەجیگای خۆیان وشك بون. براکەی ئانا سیمیۆ نۆڤنا ، واتا (کۆلیا) ی قوتابی ، هەتا ناوقەدی چو بوە ناو ئاوی ڕوبارەکە و ڕاوەستابو و سەیری دەکردن و پێدەکەنی.

: ئەها! ... ماچ! ماچ! دەچم بەدایکم دەڵێم!

لاپکین سور هەڵگەڕابو و لەسەرخۆ و بەپتەپت ، گوتی: هیوادارم تۆ وەك کەسێکی باش ... بزانی کەپاراستنی نهێنی کەسانی تر چەندە کارێکی پیرۆز و گەورەیە و گێڕانەوە و درکاندنیشی ئەوپەڕی پیسی و چەپەڵی و دو ڕوییە! پێموایە تۆ منداڵێکی باش و ڕەسەن و ...

بەڵام لەم قسانەدا ، منداڵە باش و ڕەسەنەکە ، قسەکانی پێبڕی و گوتی: ڕۆبڵێکم بدەنێ نایدرکێنم.

لاپکین ، یەك ڕۆبڵیەکی کاغەزی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە کۆلیا.

کوڕێژگە ،پارەکەی لەناو دەستە تەڕەکانیدا لولدا و فیکەیەکی لێدا و بە مەلە کردن دور کەوتەوە.

گەرچی دڵدارەکان بەتەنیا مانەوە ، بەڵام کەش و هەوای عیشق و دەسبازی لە کەللەیاندا باری کرد.



بۆبەیانی ڕۆژی دواتر ، لاپکین لەشارەوە جانتایەکی ڕەساسی و تۆپێکی بەدیاری بۆ کۆلیا ، هێنا. ئاناش ، قدوە بەتاڵە جوانەکەی خۆی دابویە. دواتریش دو دانە قۆچپەی سەرمەچەکی – کە وێنەی سەگێکی بەسەرەوە بو – بەدیاری دایە.

پێدەچو ئەو ڕەوشە زۆر بەدڵی ئەو منداڵە ساختەچیە بێت. چونکە لەو ڕۆژەوە بۆ بەدەسهێنانی دەسکەوتی زیاتر ، هەمو هەڵسوکەوتێکی ئەو دو دڵدارەی خستبوە ژێر چاودێریەوە.

چوبانە هەر جێگایەك ، کۆلیاش لەوێ قوت دەبۆوە و کارەکانی لێ هەڵدەوەشاندنەوە. بەکورتی ساتێك چیە نەیدەهێشت بەئاسودەیی پێکەوە بن.

لاپکینیش لەخەفەتان دانی چیڕ دەکردنەوە و دەیگوت: ئەی بەدفەساڵ! بەم منداڵیە ئاوا ساختەچیە ، ئەدی ئەگەر گەورەبێ چ شەیتانێکی لێدەردەچێ!

کۆلیا ، لە تەواوی مانگی حوزەیراندا ، بۆساتێکیش نەیهێشت ئەو دو دڵدارە ئاسودەبن. وەك سێبەر بەدوایانەوە بو و بەردەوام دەیویست دیاری بدەنێ.

هەرچیەکیان دەدایە ، هێشتا زیاتری دەویست. ڕۆژێکیان داوای کاتژمێری دەستی کرد! چار چیە؟ ناچاربون بەڵێنی کڕینی کاتژمێری پێبدەن. ڕۆژێکیان کە لەماڵی ئانا سیمیۆ نۆڤنا ، لەدەوری مێزێك دانیشتبون و خەریکی خواردنی عەسرانە بون ، لەناکاو کۆلیا دەستی کرد بەپێکەنین و چاوێکی داگرت و لە لاپکینی پرسی: بیلێم؟ ها؟

لاپكين ، سور هەڵگەڕا و لەجياتى كوليچە ، پەڕۆى سفرەكەى كردە دەميەوە. ئاناسيميۆ نۆڤناش هەستا و وردە وردە بەرەو ژورەكەى خۆى ڕۆيشت.

ئەم ڕەوشە ، بەم شێوازە هەتا كۆتاييەكانى مانگى ئاب ، درێژەى كێشا. واتا هەتا ئەو كاتەى كە لاپكين هاتە داخوازى ئانا.

لاپكين ، دواى ئەوەى ڕەزامەندى دايك و باوكى ئاناى لەسەر زەماوەندەكەيان بەدەسهێنا ، بەر لەهەمو شتێك ، چوە ناو باخچەكە و كەوتە گەڕان بەدواى كۆليادا.

هەركە كۆلياى بينى ، خەريك بو لەخۆشيان شاگەشكە بێ ، گرتى و توند گوێيى ڕاكێشا.

ئاناش كە لەو كاتەدا بەدواى كۆليادا دەگەڕا ، هەركە ئەمانى بينى گەيشتەلايان و ئەويش توند گوێيەكەى ترى ڕاكێشا.

خۆزگە لەوێ دەبويت و بەچاوى خۆت ، ئەو شادى و خۆشيەت دەبينى ، كە هەردوكيانى گرتبۆوە! كۆلياش دەگريا و دەپاڕايەوە: بەقوربانتان بم! هەڵەم كرد! بمبورن! جارێكى تر واناكەم! ...

چەند ساڵ دواى ئەم ڕوداوە ، لاپكين و ئانا سيميۆنۆڤنا ، هەركاتێ باسى شتێكى لەم شێوەيە كرابا ، دەيانگوت: خۆشترين كاتى دڵداريەكەيان ئەوكاتە بوە كەگوێى ئەو منداڵە ساختەچيەيان ڕاكێشاوە.




ئەنتۆن چیخۆف





ئەنتۆن پاڤلۆڤیج چیخۆف ١٨٩٣



لەگەڵ ماکسیم گۆرکی





لەگەڵ لیۆ تۆلستۆی (١٩٠١)



لەگەڵ ئۆلگا کنێپەری هاوسەری





پەیکەری ئەنتۆن چیخۆف لە ملیخۆڤا

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت**

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٨ | خوێندنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی و فیکری | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | ٢٠١٠ |
| ١٠٩ | هەرمێییەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | ٢٠١٠ |
| ١١٠ | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١١١ | ١١١ نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم سالەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٤ | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | ٢٠١١ |
| ١١٥ | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٦ | بزووتنەوەی روانگە و شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | ٢٠١١ |
| ١١٧ | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | ٢٠١١ |
| ١١٨ | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | ٢٠١١ |
| ١١٩ | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٢٠ | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و ناصح محمد | |
| ١٢١ | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | ٢٠١١ |
| ١٢٢ | وازیەکانی رەشە گۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | ٢٠١١ |
| ١٢٣ | شاری لەغەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین | | ٢٠١١ |
| ١٢٤ | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | ٢٠١١ |
| ١٢٥ | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١٢٦ | عامُ الصِّفْرْ | شعر | صباح رەنجدەر | ترجمة: المهندس محمد حسين رسول | ٢٠١١ |
| ١٢٧ | ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێکی شانۆیی | عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١١ |
| ١٢٨ | لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة | مجموعة حوارات | سردار زنكنه | | ٢٠١١ |
| ١٢٩ | دزەکان | کۆمەڵە چیرۆك | | ئازاد نەجم | ٢٠١١ |